

ئەو ئەرمەنانەی دوای ساڵی ١٩١٥ لە تورکیا مانەوە



بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەو دڕێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

ڕوبینا پێڕومیان

ئەو ئەرمەنانەی دوای ساڵی ١٩١٥ لە تورکیا مانەوە

گۆڕانکارییەکانی ناسنامەی ئەرمەن لە دوای جینۆساید وەک لە ئەدەبیات و هونەردا ڕەنگدەداتەوە


لە ئینگلیزییەوە
محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

سلێمانی ٢٠٢٦

- ناوی کتێب: ئەو ئەرمەنانەی دوای ساڵی ١٩١٥ لە تورکیا مانەوە
- ناوی نووسەر: ڕوبینا پێرومیان
- بابەت: جینۆسایدی ئەرمەن
- لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق
- دیزاین: هەڕێم عوسمان
- چاپ: چاپخانەی کارۆ - سلێمانی
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٦ سلێمانی
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- زنجیرە: ١١٢

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٤٦٢)ی ساڵی ٢٠٢٦ ی پێ دراوە.

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان



وێنەی بەرگی چاپە ئینگلیزییەکەی کتێبەکە

پێڕست

بەرایی ٩
پێشەکی ١٥
دەستپێک و چڕبوونەوە ٣٠
١- بەزاندنی دیواری بێدەنگی ٤٦
٢- تراومای بـەردەوام..... ٧١
٣- ئەرمەنە موسڵمانەکان، پارادۆکسێک؟..... ٨٩
٤- نهێنیەکی خەفەکراو..... ١٠٤
٥- یادەوەریی مێژوویی سەرکوتکراو، دەربڕینی کپ و بێدەنگ ١٣١
٦- گواستنەوەی یادەوەریی بەکۆمەڵ بۆ نەوەکان ١٧٠
٧- کاردانەوەی ڕزگاربووانی نەوەی سێیەم..... ١٩٩
ئەنجام ٢٣٩
سەرچاوەکان(بیبلۆگرافی)..... ٢٥٤
کورتە ژیاننامەیەکی نووسەر..... ٢٧٢

سوپاس و پێزانین

پێش هەموو شتێک سوپاسێکی زۆرم بۆ مۆزەخانە و ئینستیتیوتی جینۆسایدی ئەرمەن و بەڕێوەبەرەکەی، دکتۆر هایک دیمۆیان، بۆ پشتگیرییان لە دەستنووسەکەم و ئەنجامدانی چاپ و بڵاوکردنەوەی. هەروەها سوپاسی دەکەم کە لە نزیکەوە بەدواداچوونی کردووە بۆ هەموو هەنگاوێکی پرۆسەی چاپ و بڵاوکردنەوەی.

من قەرزاری خاتوو دایان جەیمسی ئێدیتەری دەقەکانم، کە سەرۆکی تەحریرە لە سەنتەری زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس UCLA بۆ توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و کۆششێکی تایبەتی کردووە بۆ زەمانەتی وردی بەبەڵگەکردنی سەرچاوە وەرگیراوەکان و ئاماژەکان بێ کەموکوڕی. هەروەها شارەزایی ئەو لە زمانی تورکیدا یارمەتیدەرێکی گەورە بوو بۆ من. لە نێو ئەوانی تردا کە یارمەتیدەرم بوون لە چارەسەرکردنی ئەوەی کە توانای خوێندنەوەی زمانی تورکیم نییە بە وەرگێڕانی بڕگەکانی بۆ من – کە لە ڕاستیدا، زمانی تورکیی عوسمانی بۆ من ئاسانترە بە هۆی نزیکییەوە لە فارسی و ئەو زمانە تورکییەی کە لە ئازەربایجانی ئێرانی قسەی پێدەکرێت، بەراورد بە زمانی تورکیی نوێ – دکتۆر ڕوبێن میلکۆنیان بوو لە زانکۆی حکوومیی یەریڤان و لە بەشی خوێندنی تورکی و خوێندکارەکانی و د. ئۆهانێس ئاڤێدیکیان لە ڕێکخراوی ئەرمەنەکانی ئیستانبوڵ لە لۆس ئەنجلس.

سوپاسی بەڕێز کەمال یالّچین دەکەم بۆ کارەکەی "*سەنیلە گویلەر* یورەغیم – *ئێوە دڵی منتان خۆشکرد*"، کە ئیلهامبەخش بوو بۆ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکانم لە سەر بوارێکی نامۆ و نەناسراو تا ئێستا (بۆ من)، کە ئەویش بواری کاردانەوەی ئەرمەنە ڕزگاربووەکانی جینۆسایدە، لەوانەی کە بە هەر شێوەیەک بوو لە تورکیا مانەوە، بۆ ئەزموونی زەبربەخشی ڕابردوو و ڕۆڵی یادەوەریی میٚژوویی لە پێکهێنانەوە و داڕشتنەوەی ناسنامەی ئەو بەشەی ڕزگاربووانی ئەرمەن کە لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە.

لەم هەوڵە درێژخایەن و قورس و چالاکەدا، کوڕەکەم، دکتۆر ڤاهێ پیٚرومیان، کە وەک پیشە پسپۆڕێکی فیزیکی بۆشایی ئاسمانە و فۆتۆگرافەرێکی ڕۆژنامەوانە لە کاتی پشووەکانیدا، هەنگاو بە هەنگاو بەدواداچوونی بۆ نووسینەکانم دەکرد و سەرنج و پێشنیازی بەنرخی دەخستە ڕوو. هەروەها پێزانینی زۆرم بۆ نێشانی هاوسەرم، کە بەهێزترین پاڵپشتمە لە هەموو چالاکییە ئەکادیمییەکانمدا و خۆشحاڵە بە سەرکەوتنەکانم و بەردەوام یارمەتیی داوم بۆ زاڵبوون بە سەر زۆرێک لەو بەربەستانەدا کە دەهاتنە ڕێگەم. سوپاسی دەکەم بۆ پشتگیریکردنم لە ڕووی مۆراڵ و داراییەوە و هاوکار بوو لە سەرخستنی ئەم پرۆژەیەدا.

لە چاپی دووەمی ئەم کتێبەشدا، پرۆفیسۆر ڕیچارد جی. هۆڤانیسیان، کە یەکەم کەسە بیٚتە بەرپرسی میٚژووی نوێی ئەرمەنی سەر بە دامەزراوەی خوێندنی ئەرمەنی لە زانکۆی کالیفۆرنیای لە لۆس ئەنجلس، بە دڵفراوانییەوە ڕەزامەندیی دەربڕی بەرایی و دەسپێکی بۆ بنووسێت و سوپاسگوزاری بێپایانیم.

بەرایی

ڕیچارد جی. هۆڤانیسیان

ڕوبینا پیڕومیان ئێستا لە پرۆسەی دروستکردنی پانۆرامایەکی فراوانی فرە بەرگ و بەرهەمدایە سەبارەت بە جینۆسایدی ئەرمەن وەک لە ژانری ئەدەبیی جۆراوجۆردا ڕەنگدەداتەوە. کارەکانی سەرەتای بە ناوی کاردانەوە ئەدەبییەکان بەرانبەر بە کارەسات، لە سەر چۆنێتیی مامەڵەکردنی نووسەرانی ئەرمەن بوو بە دریژایی سەدەکان لەگەڵ کارەسات و مەینەتییەکاندا و هەوڵدانیان بۆ دۆزینەوە و لێکدانەوەی نەهامەتییەکانی میللەت و پێشکەشکردنی وانە مۆرالییەکان بۆیان. ئەم لێکۆڵینەوە بەنرخە بە دوای ئاسۆی نوێدا دەگەڕێت بۆ دۆزینەوەی دەنگی کپکراوی ئەو کەمینە ئەرمەنییە بچووکەی کە لە تورکیادا بەجێماوە و بە دیاریکراوی لە ئیستانبوڵدا، لە پاش ساڵانی جینۆساید. تەنانەت سەرنج دەخاتە سەر ئەرمەنە بێدەنگەکان یان شاراوەکانیش. بەگشتی ئەوە سەلمێنراوە کە ڕێبازە ئەدەبییەکان بەقەد لێکۆڵینەوەی مێژوویی ورد کاریگەرن، ئەگەر زیاتریش نەبن، لە دەستنیشانکردنی ساتەوەختە یەکلاکەرەوەکان و ئەزموونە دەگمەن و هەڵاواردووەکانی مرۆڤ و ڕەنگە ئەوانەش کە تێگەیشتنیان ئاسان نەبێت و مۆرکی کەسییان بە سەرەوە بێت. ئەمەش بە تەواوی ئەدەبیاتی ئەرمەنی دوای جینۆسایدەوە دەرکەوتووە.

ڕاستەوخۆ دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، لە کات و ساتێکی ئازادی و دەرفەتدا لە قوستەنتینیە یان ئیستانبوڵ، ئەو ڕۆشنبیرانەی ئەرمەن کە لە ژیاندا مابوون، دەستیان کرد بە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چی ڕوویداوە، چ لە سەر ئاستی کەسی و چ لە سەر ئاستی بەکۆمەڵ. نووسینەکانیان یەکەم هەنگاوی هەوڵدانی پێکهێنا بۆ بەستنەوەی زنجیرەی کولتووری تێکچووی ئەرمەنی. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵی ١٩٢٢دا وەستا، کاتێ زۆرێک لە ڕووناکبیران هاوشان لەگەڵ پاتریارکی ئەرمەنی قوستەنتینیە، لە بەرانبەر نزیکبوونەوەی داگیرکردنی شارەکەدا لەلایەن هێزە سەرکەوتووەکانی ناسیۆنالیستی تورکییەوە بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمال پاشا، ناچاربوون بە پەلە کۆچ بکەن بۆ وڵاتانی دەرەوە.

کۆمەڵگەی ئەرمەنی کە لە پشت دیوارە قەدەغە لە سەرەکانی تورکیای کۆماریدا بەجێمابوو، تەنیا پەیوەندییەکی سنووردارییان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی ئەرمەنی تاراوگەدا مابوو. بەڵکو لە ڕاستیشدا جۆرێک گومان هەبوو لە نێو ئەو ڕزگاربووە بێبەشبووانەی میراتدا کە لە دەرەوەی وڵات پەرش و بڵاو بووبوونەوە سەبارەت بەو ئەرمەنانەی کە لە ئیستانبوڵ مابوونەوە، کە بەشێکی بە هۆی بێدەنگییان و خۆسانسۆرکردنی ناچارییانەوە بوو، هەندێ جاریش وەک دەردەکەوت کە ئامادەییان تێدا بێت بۆ بەرگریکردن یان پاساوهێنانەوە بۆ ڕەفتار و سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا. چونکە دواجار ئەوان بەردەوامی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بوون لەگەڵ تورکەکان و ئەوەیشیان بە سروشتی و ئاسایی وەرگرتبوو، بەپێچەوانەی ئەو دیاسپۆرا دەربەدەرەیان کە ڕووبەڕووی پەردەیەکی ئاسنین بووبوونەوە و هیچ ئەگەرێکی پاراستنی پەیوەندییەکی فیزیکیی لەگەڵ ماڵ و گوند و شارەکانی پێشوودا نەمابووەوە.

جیاکاری و توندوتیژیی ئاشکرای ساڵانی ١٩٤٠کان و ١٩٥٠کان بووە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی جێگیر و هێشتا ئەرمەنیزمان لە ئیستانبوڵ کۆچ

بکەن و شوێنەکەیان بەو ئەرمەنە شاردراوانەی کورد زمان و تورک زمان پڕ ببێتەوە کە لە ویلایەت یان پارێزگاکانی ناوەوە هاتبوون و لە دەوری پاتریارکییەتی ئەرمەن کۆبووبوونەوە بۆ گەڕان بە دوای ناسنامەی ونبووی خۆیان و زۆرجار بە دوای هاوکاریی ماددیدا دەگەڕان. من لە یەکەم گەشتمدا بۆ تورکیا، لە ئەیلوولی ١٩٥٥ و ماوەیەکی کورت دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، بووم بە شایەتحاڵێکی کەسیی ئەو وێرانکارییەی کە باند و تاقمە ڕێکخراوەکانی ئاژاوەگێڕی بەرپایان کردبوو لە گەڕەکە کریستیان نشینەکانی ئیستانبوڵدا و تا نووکی بۆسفۆر دریژبووەوە. پێدەچوو کارەکانی ئەو تاقمە هەرچی و پەرچییە ڕێکخراوەی بیردەخستەوە کە لە کاتی کۆمەڵکوژییە بەربڵاوەکانی سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید لە ساڵانی ١٨٩٥ – ١٨٩٦دا هەڵیاندەکوتایە سەر گەڕەک و گوندەکانی ئەرمەن. کارە پڕ ترس و تۆقینەکانی ئەیلوولی ١٩٥٥یش زۆرێک لە ئەرمەنەکانی ناچار کرد شارە خۆشەویستەکەیان بەجێبهێڵن بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لە خاک و وڵاتە دوورەکاندا دەست بە ژیان بکەنەوە و لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییە خێزانی و سۆزدارییە تایبەتەکانیان بە تورکیا و زمانی تورکی و کولتووری تورکییەوە بهێڵنەوە.

ڕوبینا پێرومیان بە وردی شوێن کاریگەریی هەموو ئەم پەرەسەندنانە دەکەوێت لە سەر بەرهەمی ئەدەبی و شوناس و کولتووری ئەرمەنی لە تورکیادا. ئەو بۆی دەردەکەوێت کە بە تێپەڕبوونی کات وردە وردە ئەو دەنگانە بەرز دەبنەوە کە پێشتر تەنیا بە چرپەچرپ دەبیستران. بەڵکو ڕۆژنامەگەری لە هەوڵیدا بۆ ستراتیجێکی بەرگریکردن لە خۆپاراستنی خوێنەرانی بەردەوام بەئاگا بهێڵێتەوە لە ڕێگەی وەرگێڕانی ئەو بەش و بڕگانەی میدیای تورکییەوە کە پەیوەندیدار بوون بە ئەرمەنەوە بەبێ هیچ سەرنج و لێدوانێک لە سەریان. ئەم ڕێبازە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە گۆڕانکاریی بە سەردا هات و نەوەیەکی نوێی ئەرمەنەکانی زۆر تێکەڵ بە تورکیا دەرکەوتن و بوێرانەتر و

ڕاشکاوانەتر دەدوان و دەیاننووسی و لە بزووتنەوە مەدەنی و سیاسییەکانی تورکیادا بەشدار بوون و ئاوێتەی ڕۆشنبیرە تورکەکان بوون و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەی نوێیان دەدا بۆ پەیوەندی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گەنجە ئەرمەنانەی تورکیادا کە تا دەهات زیاتر دەتوانەوە و ئاسیمیلەی کۆمەڵگە دەبوون. هرانت دینک و ڕۆژنامە جووت زمانییەکەی، ئاگۆس *Agos*، باشترین نوێنەرایەتیی ئەم نەوەیە دەکەن.

بێگومان دووبارە دۆزینەوەی ئەرمەن بۆ دەنگی خۆیان بە گۆشەگیری بەدینەهات بەڵکو بەشێکی دانەبڕاو بوو لە دیاردەیەکی زۆر فراوانتر لە تورکیا، کە گومان خستنەسەر و پرسیارکردن بوو لە نۆرم و گێڕانەوە باوەکان. بەشێک لەو نووسەرانەی ئەرمەن کە چالاکتر بوون پرکێشیی تووڕدانی ئەو بابەتە گشتگیر و تەمومژاوییانەیان کرد و ڕوویانکردە ناوەڕۆکی ئەو پرسانەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەبوو بە ئەزموونە پڕ ئێش و ئازارەکانی گەلی ئەرمەنەوە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر قەدەغە و تابوو بوون و بە وریاییەوە چوونە ناو کایە گشتییەکەوە و بوون بە هاندەری بووژانەوەی هۆشیارانەی ناسنامەی ئەرمەنی.

هەروەها یادەوەریی مێژوویی وردە وردە هەم لە لایەن قوربانییەکان و هەم لە لایەنی تاوانبارانی سالّی ١٩١٥وە سەریهەڵدایەوە. ئەم پێشهات و پەرەسەندنە درێژبووەوە بۆ ئەرمەنە شاراوەکان و هەروەها ئەرمەنە بەئیسلامکراوەکان و زۆرجاریش سەری دەکێشایەوە بۆ ئەو ئەرمەنانەی کە بە تەواوی بێئاگا بوون و کاتێ دەیانزانی خوێنی ئەرمەنی لە دەمارەکانیاندا دەگەڕێت و بەئاگا دەهاتنەوە لە ڕەچەڵەکی خۆیان و دەبوو زاڵ ببن بە سەر هێدمە و شۆکی ئەو ڕاستییە تاڵەدا و ئەو پەڵەیەی کە نەوەی گەورەتری پێشوو نەیانویستووە بیدرکێنن و وەک ڕاز و نهێنییەک لای خۆیان هێشتوویانەتەوە. فەتحیە چەتین، بە چیرۆکی هێرانوش لە کتێبی داپیرەم لە دایکمەوە، ڕەنگە باشترین نموونەی پرۆسەی سەرسوڕهێنەری

خۆدۆزینەوە بێت لە لایەن نەوەیەکی گرفتار و سەرلێشێواو بەڵام بەردەوام لە گۆڕاندا.

سەرباری هەوڵی بەرفراوانی چەواشەکاری بەڵام لە دەرەوەی تونديیەکانی مێژووی فەرمیدا خەزنەیەکی هێجگار گەورەی یادەوەری لەو ناوچانەدا هەیە کە بە ڕادەیەکی زۆر ئەرمەنەکانیان تێدا لەناوبران. لە سەر ئاستی شەخسییش، من ساڵانێکی زۆر ڕەتمکردەوە گەشت بۆ ئەم ناوچانە بکەم و نەمدەویست ئەوە ببینم کە سوور دەمزانی چی ڕوویداوە تێیاندا واتە دیمەنێکی لەناوچوونی ئەرمەن و وڵاتەکەیان. بەڵام کاتێک لە سەدەی بیست و یەکەمدا گەشتەکانم لە نیوەی ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەست پێکرد، تووشی سەرسوڕمان بووم کە زانیم چەندە یادەوەری ماوەتەوە و لە ڕێگەی گواستنەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەردەوام بووە.

کوردەکان کە ئێستا لە بەشێکی زۆری ئەو خاکەدا نیشتەجێن، ئامادەبوون بە پەشیمانییەوە پێ لە ڕۆڵی خۆیان بنێن لە کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەندا و دەستنیشانی ئەو کێڵگە و دوکان و ماڵ و خانووانە بکەن کە هی ئەرمەنەکان بوون و گێڕانەوەی چیرۆککەلێک لەبارەی خزمێکیان کە بە ئەرمەنی لەدایکبووە. لە زیاتر لە جێگایەک، یاوەرییان دەکردم بۆ بینینی ژنێکی بەساڵاچووی کورد کەوا کاتی خۆی وەک کچێکی بچووکی ئەرمەنی لە ساڵی ١٩١٥دا کەوتووەتە لای خێزانێکی کورد و دواجار لەگەڵ کەسێکی سەر بەو خێزانەدا هاوسەرگیری کردووە. لە پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەک بە سەر ئەو کارەساتە گەورەیەدا، باس لە کەسانێک دەکرێت کە لەمێژە موسڵمان بوون و یەک وشەی ئەرمەنییان نەدەزانی، هێشتا وەک ئەرمەن دەناسران و ناودەبران. لە بارودۆخێکی لەبارتردا، ڕەنگە ئەم خەزنەی بیرەوەریی ناوخۆییە زۆر قوواڵتر و بەرهەمدارتر دەربکەوێت و سوودی لێوەربگیرێت.

دکتور پێرومیان ئەم تەوەرە هەمەچەشنانەی ئەدەب و یادەوەریی لەم بەرگەدا کۆدەکاتەوە، کە چاپی دووەمی پێداچوونەوەی کتێبی "ئەوانەی بەردەوام بوون لە ژیان لە تورکیای دوای ساڵی ١٩١٥دا". ڕێکەوتیش وابوو کە بڵاوبوونەوەی چاپی دووەمی ئەم کتێبە دوای ماوەیەکی کەم لە بڵاوبوونەوەی سێهەمین کتێبی لە سەر ئەو بابەتە دێت، بە ناوی "جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە ئەدەبدا". ئەم لێکۆڵینەوەیەی هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ئەدەبەی ئەرمەنی دەکات کە لە لایەن ڕزگاربووانی دەربەدەری دەستی جینۆسایدەکە و لە لایەن نەوەی منداڵانی هەتیوی سەرگەردانەوە و لە لایەن نووسەرانی ڕەشبینی دەروون ئاڵۆزەوە و خۆ بە کەمزانەوە بەرهەم هاتوون، بەڵام لە هەمان کاتدا هەست بە نۆستاڵجیای ڕۆمانسی دەکەن و ئاسیمیلە و ئاوێتەی کولتووری ئەرمەنییان بوون، وەک لە دۆخی کۆمەڵەی ڕووناکبیرانی پاریسدا دەردەکەوێت. دواتر پێرومیان هەڵسەنگاندن بۆ دیاردە ئەدەبییەکانی نەوەی دووەم و سێیەم دەکات، کە ئێستا نەک تەنیا بە زمانی ئەرمەنی بەڵکو لەوەش زیاتر بە زمانەکانی وڵاتانی لەدایکبوونیان دەنووسن. کارەکانی پێرومیان زۆر دوورن لەوەی کە بە تەنیا وەسفکەر بن، بەڵکو هەوڵدەدات قوواڵییەکانی هەست و هێدمەی دەروونیی ئاڵۆزی نەوە ڕزگاربووەکان و هەتیوەکان شرۆڤە بکات. ئەو لە ناو لاپەڕەکانی نووسینەکانیەوە گەڵێ جار وەک چاودێر و شرۆڤەکار و ڕەخنەگرێکی ڕاستەوخۆ ڕۆڵ دەگێڕێت و بەم کارەی و نووسینەکانی پێشتر و دواتری، ڕوبینا پێرومیان بەشداریەکی گشتگیر و بەردەوامی لەم بوارەدا بەرهەمهێناوە.

پێشەکی

دوو دەیە و چەند ساڵێک لەمەوبەر، کاتێ ئەدەبی جینۆسایدی ئەرمەنم هەڵبژارد وەک بواری لێکۆڵینەوە پسپۆرییەکەم و بابەتی نامەی دکتۆراکەم، هەرگیز نەمدەتوانی پێشبینیی ئەوە بکەم کە ئەم بوارە چۆن ڕەوتی ئەکادیمی و چالاکیی کۆمەڵگەیی و ژیانم داگیر دەکات. مامەڵەکردن لەگەڵ گەورەیی بابەتەکە کە مەزنییەکی داستان ئامێزی هەیە لەخۆیدا خەباتێکی ڕۆژانەیە. ئەم کتێبەی بەردەستت ئەو سێیەمیەش کە بەشێکە لێی، تەنها بەشێکی بچووکی خولیا و خەونی منە لەم بوارەدا و هێشتا بە هیوای ئەوەم ئەگەر بتوانم بگەمە کۆتایی لەم دەریا بێبنەی خەباتی گەلەکەمدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جینۆسایدەی لە ڕابردوویدا بەرپابوو و لە کۆتاییدا تێپەڕاند.

لە یەکەم مۆنۆگرافی[١] سێیەم پێشبینیکراوەکەمدا، کە تەواوکەری کتێبەکەم سەبارەت بە *"کاردانەوە ئەدەبییەکان بۆ کارەسات: بەراوردێکی نێوان ئەزموونی ئەرمەن و جووەکان*[٢] *Literary Responses to Catastrophe: A Comparison of the Armenian and the Jewish Experience"* ، سەرنج دەخەمە سەر کاردانەوە ئەدەبییەکانی نەوەکانی ڕزگاربووانی ئەرمەنی دیاسپۆرا (تاراوگە) لە بەرانبەر ڕابردووی زەبربەخشی دایک و باوک و باپیرانیان. من شوێنپێی گواستنەوەی ئازارە بەردەوامەکە هەڵدگرم، لە نەوەی یەکەمەوە بۆ نەوەکانی دواتر، لە ئازارە

دریژخایەنەکان و یادەوەرییەکانی ڕزگاربووان لە کارەساتێک کە دواتر وەک یەکەم کارەساتی گەورە ناسرا لە جینۆسایدی سەدەی بیستەمدا.[٣]

هەر لەبەر ئەوەیشە کە ناونیشانی "گۆڕانکاریم هەڵبژاردووە بۆ ئەم بەرگە، کە دووەمە لە کتێبێکی سێ بەرگیدا و سەرنجی خۆم لە سەر بەدواداچوونی ئاسەوار و کاریگەریی ئەو ئەزموونە ئازاربەخشەی ڕابردوو چڕدەکەمەوە لە سەر پێکهاتن و گۆڕانی ناسنامەی نەوەکانی ڕزگاربووانی ئەرمەن کە لە تورکیادا مانەوە و بەردەوامییان بە ژیان دا. لەبەر ئەوەش ناونیشانی "گۆڕانی ناسنامەی ئەرمەن لە پاش سەردەمی جینۆساید وەک ئەوەی لە ئەدەب و هونەردا ڕەنگدەداتەوە" وەک ناونیشانی دووەم یان لاوەکیی ئەم توێژینەوەم هەڵبژاردووە بۆ جەختکردنەوە لە سەر ئەم گۆڕانکارییە.

من بەنیازم سێیەمکە بە کتێبێک لە سەر لێکۆڵینەوە لە ڕەنگدانەوەی یادەوەریی مێژوویی جینۆسایدی ئەرمەن لە ئەدەبیاتی ئەرمەنیی سۆڤیێتدا تەواو بکەم، کە تێیدا جینۆساید بابەتێکی قەدەغەکراو بوو. من ئەوە نیشان دەدەم، سەرەڕای ئەو کەشوهەوا دوژمنکارانەی کە نەک تەنیا نووسین لە سەر ڕابردوو و دڕندەییەکانی تورکیا بەڵکو قسەکردنیش لە سەریان تاوانێک بوو کە سزای یاسایی لە سەر بوو. بۆیە یادەوەریی جینۆساید لە چیرۆکی باب و باپیران لە سنووری ماڵەکانیاندا دەستاودەستی دەکرد. ئەم یادەوەرییە بە شێوەیەکی پەنهان بەڵام بێ هەڵە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەنگی دایەوە، کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش یادەوەریی بەکۆمەڵی چەوساندنەوەکانی دواتری سەردەمی سۆڤیێتی لەخۆگرتبوو. لەم بەشە کۆتاییەی سێیەمکەدا، تیشک دەخەمە سەر سەپاندنی ئایدیۆلۆجیای سۆڤیێت و سیاسەتەکانی دەوڵەت لە سەر مامەڵەکردن لەگەڵ مێژووی ئەرمەن و یادەوەریی بەکۆمەڵی ڕابردووی زەبربەخش. بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو تێزەدا بیبەستەوە کە لەم بەشەی ئێستادا باسی دەکەم، بەراوردێک لە نێوان کەشوهەوای باوی ترس لە ئەرمینیای سۆڤیێتیی ئەوکات و

باری ئەو هەزر و بیرەی ئێستا دەکەم کە کۆمەڵگەی هاوچەرخی تورکیا بەڕێوەدەبات. ئەم کتێبە لە سەر دوو تەوەری بنەڕەتی چڕدەبێتەوە: یەکەمیان، لە خوێندنەوەکانم بۆ ئەدەبیاتی جینۆساید و لێکۆڵینەوەکانم لە کاریگەرییەکانی جینۆسایدی ئەرمەن لە سەر نەوەکانی دواتری ڕزگاربووان، گەیشتمە ئەوەی کە ئەزموونی ئازاری زەبربەخشی ڕابردووی خەڵکی ئەرمەن ڕۆڵێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوەی هەبووە لە پێکهاتنی هەستی نەتەوەیی و شوناسی ئەرمەن بە تێپەڕبوونی کات. ئەم تێگەیشتنە پێویستی بە پەیڕەویکردنی ڕێبازێکی جیاواز هەبوو، بە جەختکردنەوە لە سەر بنیاتنانی ناسنامە و بەتایبەتی ناسنامەی ئیتنیکی و نەتەوەیی، لە ئەدەبیاتی هونەریدا، وەک پێشتر. ئەم گۆڕانکارییە، یان ئەم ڕێبازە دەستکاریکراوە، لەو بابەتانەدا ڕەنگ دەداتەوە کە بڵاوم کردوونەتەوە و لەو کۆڕ و سیمینارانەشدا کە لەم ساڵانەی دواییدا پێشکەشم کردوون.

هۆکاری دووەم و گرنگتر ئەوەیە کە نەمتوانی پشت بە ئەدەبی ئەرمەنەکانی تورکیا ببەستم بۆ پیشاندانی کاردانەوەی ئەدەبیی ئەرمەنەکانی تورکیا بۆ کارەساتەکە، چونکە هیچ کاردانەوەیەکی تێدا نەبوو. ڕووناکبیرانی ئەرمەنی ڕزگاربوو کە لە ئیستانبوڵی دوای جەنگ کۆبووبونەوە هەوڵی زۆر و بەرچاویان داوە بۆ زاڵبوون بە سەر کاریگەرییە وێرانکەرەکانی تێکشکاندن و لەناوبردنی گەلی ئەرمەن و دۆزینەوەی ئامرازەکان، واتە ئاڕاستە ئەدەبییەکان، بۆ تێپەڕاندنی کارەساتەکە. بزووتنەوەی ئەدەبیی کورتخایەنی باردزەرەڤانک *Bardzravank* کە ساڵی ١٩٢٢ لە لایەن ڤاهان تەکێیان، هاگۆپ ئۆشاگان، کۆستان زاریان، شاهان بەربەریان و ئەوانی ترەوە دەستیپێکرد، هەوڵێک بوو بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە. ئەو بزووتنەوەیە و ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی کە بە دوای خۆیدا هێنابووی، بەڵێنی بووژانەوەیەکی نوێی دا لە مێژووی ئەدەبیاتی ئەرمینیای ڕۆژئاوادا.[٤] ڕێگای گەیشتن بەو بووژانەوەیە پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕابردوو، تێگەیشتن لە کارەساتەکە، ڕووبەڕووبوونەوە و وەڵامدانەوەی بۆ کارەساتەکەی هەبوو.

گـۆرانیی *"کایسـەراکان هـاغتەرگوتیون Kayserakan haghtergutiun"* (گـۆرانیی سەرکەوتنی ئیمپراتۆریی) ئۆشاگان جوانترین نموونەی ئەم ئاڕاستە نوێیەیە.[٥]

بەڵام بـزووتنەوەکە و چـالاکییە ئەدەبیـیە گەشەسـەندووەکانی قوسـتەنتینیە بە هـۆی پێشـڕەوییە مەترسـیدارەکانی هێزەکـانی مسـتەفا کەمـال بەرەو قوسـتەنتینیە لەپڕ وەستا. ڕووناکبیرانی ئەرمەن لە ترسـی دووبـارە سـتەم و چەوسـاندنەوە لە وڵات هەڵاتن. لە ڕاستیدا، قۆناخی ئاژاوە و پشێویی نێوان ئەیلوولی ١٩٢٢، لەگەڵ داگیرکـردن و سـووتاندنی سـمیرنا (ئیزمیـر) لە لایەن سـوپای کەمالیسـتەکانەوە و ئۆکتـۆبەری ١٩٢٣، لەگەڵ ڕاگەیانـدنی کۆمـاری تورکیـادا، تـاکە دەرفەت بـوو بـۆ ڕزگاربوون و هەڵاتن لە وڵات. دوای دامەزراندنی کۆمـار و تـا سـاڵی ١٩٤٦ هـیچ قیـزەی دەرچوونێـک لە وڵات نەدرا. لێـرە بەدواوە "دەرگاکـان داخـران" و ئەو ڕووناکبیرانەی کە لە قوسـتەنتینیە / ئیسـتانبوڵ مـانەوە بەزۆری بەر سـتەم و چەوسـاندنەوە دەکەوتـن. لە ئەنجـامی ئەو کەشـوهەوا بـاوەی تـرس و فشـاری سیاسیدا، دۆخی کولتووریی کەمینەکان مرد. نووسـەرانی ناسـراوی ئەرمەنیش لە سەردەمی پێش ساڵی ١٩١٥دا، نەیاندەتوانی بە ئازادی دەرد و ئازاری گەلەکەیان دەربـبڕن و بە تەواوی خۆیـان لە نووسـین بەدوور گـرت، یـان پەنایـان بـردە بەر نۆرەی بچڕبچڕی خەمۆکی و میلانخۆلیا.

سـەرەڕای کەش و دۆخـی نالەبـاریش، بەڵام ئەدەبیـاتی ئەرمەنـی تورکیـا دوای جەنگـی جیهـانیی یەکەم، یـان باشـتر بڵێـین ئەدەبـی ئەرمەنـی لە ئیسـتانبوڵ – لە دوای هـاتنە سـەرکاری مسـتەفا کەمـال لە سـاڵی ١٩٢٣ و دەسـتبەکاربوونی سەردەمی کۆمارییەکان لە تورکیادا، قوستەنتینیە/ ئیستانبوڵ تاکە ناوەند بـووە لە تورکیـا کە ئەدەبیـاتی ئەرمەنـی تێیـدا بەرهەمبێـت و پێشـکەوتنی بەرچـاو لە دەربڕینی هونەریدا بەدەست بهێنێت. لە ڕاستیدا ئەدەبیاتی ئەرمەنی ئیستانبوڵ لە چەنـد دەیەی ڕابـردوودا پـاش سـاڵانێکی دوور و درێـژ لە گەڕان بە دوای ئاڕاستەیەکی نوێدا بـازدانێکی گەورەی بـۆ پێشـەوە دا بـۆ تێپەڕاندنی ئەو حاڵەتی

چەقبەستوویی‌ەی کە بە هۆی هەڵوێستی سیاسیی توندی تورکیاوە بەرانبەر بە ئەرمەن هاتبووە کایەوە و بەتایبەتی نکۆڵیکردنی تورکیا لە ڕاستیی مێژوویی ڕووداوەکانی پێش سەردەمی کۆمارییەکان. لەبەر ڕۆشنایی ناجێگیریی ماف و توانای کەمینەکان بۆ پراکتیزەکردنی ڕێوڕەسمی ئاینییان و دامەزراندنی قوتابخانە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانی تر[٦] ڕۆشنبیرانی ئەرمەنی تورکیا بە سەر پەتێکی گرژ و توند شەتەکدراودا دەڕۆیشتن و هەمیشە لە دڵەڕاوکێی ئەوەدا بوون کە لە هێڵی سوور لانەدەن. بەم شێوەیە، نووسەران لە تەوەری ئازارە بەکۆمەڵەکانی ڕابردووی میللەت دوور کەوتنەوە. بۆ دەیان ساڵە ئەدەبیاتی ئەرمەنی ئیستانبوڵ و شیعر بەتایبەتی، بە پەیڕەویکردنی ڕێبازی ئەدەبیاتی جیهانیی مۆدێرن پەرەیسەندووە،[٧] بەبێ هیچ سنووڕێک یان بەربەستێک لە فۆرم و ناوەڕۆکدا و لەگەڵ مرۆڤدۆستی و تێڕامانە ئەبستراکتەکان بۆ خاسییەتەکانی مرۆڤ وەک بابەتگەلێکی دڵخواز. نووسەران و شاعیرانی ئەرمەنی تورکیا بە تێڕوانینێکی ناوازەوە گۆرانییان دەوت بۆ جیهان و مرۆڤایەتی، خۆشەویستی و هیوا و خەون و تامەزرۆیی و ئازار و مەینەتیی مرۆڤایەتی و خەبات بۆ یەکسانی و دادپەروەری.[٨] ئەوان بە سەرکەوتوویی زاڵبوون بە سەر هەست و سۆزی کەسیی خۆیاندا و ململانێی شەخسییان بە ململانێی دەستەجەمعی گۆڕی. زەهراد (زارێ یەڵدەجیان)[٩] یەکێک بوو لە کەسایەتییە سەرەکییەکان و ڕێچکەیەک بوو لە شیعری ئەرمەنی ئیستانبوڵ دوای جەنگی جیهانیی دووەم، کە بە دوایدا زارێ خراخونی (ئارتۆ جومبوشیان)[١٠] هات. ئەم داشکاندنە بەهێزە بە لای ئینتەرناسیۆنالیزمدا پاڵی بە نووسەرە ئەرمەنەکانی تورکیاوە نا هەوڵی نزیکبوونەوە بدەن لە نووسەران و شاعیرانی تورک و بۆنەی ئەدەبیی تایبەت بە ئەدەبی تورکییان سازکرد و ڕۆشنبیرانی تورکیان بانگهێشت کرد بۆ بەشداریکردن. بەڵام زیادبوونی ئەم چالاکییانە و میللیبوونیان ناڕەزایی لای هەندێک بەرپاکرد. ڕۆبەر هادێجیان لە زاری هاگۆپ مارتایانەوە لە یەکێک لە

کۆبوونەوەکانی دەستەی ڕێکخەردا نیگەرانیی خۆی لەم بارەیەوە دەربڕیوە و دەڵێت: "پێویستە بیر لە نانی تایبەتی خۆمان بکەینەوە". هادێجیان لە کۆمێنتێکدا دەڵێت: "نانەکەمان، واتە کولتوورەکەمان، لە دەمی شێردایە. بۆیە ناچار بووین کۆنترۆڵی بکەین."[11] لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەوە هەڵەیەک دەبێت ئەگەر بڵێین شیعری ئەرمەنی ئیستانبوڵ لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم بە تەواوی خۆی لە بابەتەکانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەرمەن بەدوور گرتووە و ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ئەرمەنی تورکیا نەبووە. لە شیکارییەکدا بۆ شیعری مۆدێرنی ئەرمەنی ئیستانبوڵ، هیلدا کالفایان ڕوونی دەکاتەوە:

وێنەکان، کە زۆرجار سوریالیستی و بەتایبەتی سیمبۆلین بە هانای شاعیری ئەرمەنی ئیستانبوڵەوە دێن بۆ دروستکردنی چەندین مانا کە بوار بڕەخسێنێت بۆ چەندین لێکدانەوە.... ڕەهەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بە نادیار و تەمومژ دەمێنێتەوە و بە زەحمەت هەست پێدەکرێت و شیعرەکە لە ڕووکەشدا بێ زیان دەمێنێتەوە، بەڵام دەگاتە زیرەکیی خوێنەر. ئەوە لە ڕێگەی هونەرەوە، لە ڕێگەی وێنەکانەوە، هەرگیز ڕاستەوخۆ گوزارشی لێنەکراوە.[12]

بە ڕاستی شیعری هەردوک زەهراد و خراخونی بە باشترین شێوە ئەم دیاردەیە بەرجەستە دەکەن. ئەوان ئازارەکانی مرۆڤ دەخەنە ڕوو لە خەبات و تێکۆشانیان بۆ دادپەروەری و پاراستنی ناسنامەی خۆیان، بەڵام بە دید و لێکدانەوەیەکی نەتەوەخوازانە، دەکرێ ئەو کۆشش و خەباتە بەرجەستەی کۆی دۆزی ئەرمەن بێت.[13] شاعیرانی ئەرمەنی ئیستانبوڵ لە ساڵانی ١٩٥٠کاندا نەیاندەتوانی بە دوای دۆزی نەتەوەی ئەرمەندا بگەڕێن و تەنانەت هەندێ جاریش ئاگاداری ئەو دۆزەش نەبوون،[14] بەو پێیە لایەنگریی دۆزی مرۆڤایەتییان دەکرد، بەتایبەتی لە وڵاتەکەی خۆیاندا کە نادادپەروەری و ستەم زاڵ و باڵادەست بوو. کارێکی گرنگ لە لایەن کۆمەڵێک نووسەر و شاعیری ئەرمەنی تورکیاوە، بە ناونیشانی *"پانۆرامایەک لە ئەدەبیاتی ئەرمەنی ئیستانبوڵ لە سەردەمی کۆماریییەکاندا A Panorama of the Istanbul Armenian Literature of the Republican Era"* (١٩٥٧)، ڕۆح و ئاڕاستەی شیعری ئەرمەنی ئیستانبوڵی ئەو

سەردەمەیان لەخۆ گرتووە و هەوڵی گەیشتنیان بە ئەرمەنەکانی دەرەوەی تورکیا داوە.[١٥] لە کۆتایی ئەم بڵاوکراوەدا، ڤاردان کۆمیکیانی هاوئێدیتەری بڵاوکراوەکە نووسیویەتی:

وەک بە پوونی دەبینرێت، بزووتنەوەی ئەدەبی- هونەریی ئەرمەنی ئیستانبوڵ هاوتەریب لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی کە ئەرمەنەکان لە تاراوگە و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بەدەستیانهێناوە لەم بوارەدا و لە سنووری بارودۆخ و هۆکارە کاریگەرەکاندا، درێژە بە پەرەسەندنی خۆی دەدات. سەرەڕای ئەوەش، ئەم بزووتنەوەیە توانیویەتی خۆی لە گرێ و ئاڵۆزیی خۆ بەکەمزانی ڕزگار بکات کە لە لایەن ڕەخنەگرانی ئیگۆسەنتریک و چەواشەکارانی ئەمڕۆ و هەروەها لە لایەن چاودێرانی بێئاگا و بەم پێیەش بێباک لە دەرەوەی تورکیادا سەپێنراون.[١٦]

ئەمە تەنها بە ئەقڵانیکردنی دۆخی هونەر و ئەدەبیاتی ئەرمەنی ئیستانبوڵ نەبوو لەو سەردەمەدا، بەڵکو لەوەش زیاتر، مانیفێستێک بوو کە بۆشایی ٣٥ ساڵ مەودای بە سەر بزووتنەوەی باردزڕاڤانکدا *Bardzravank* پڕکردەوە و بە شانازییەوە لەدایکبوونی کەسایەتییە ئەدەبییە نوێیەکانی ڕاگەیاند کە هاوبەشی ئەوانی پێش خۆیان بوون لە بەهرە و دڵگەرمیدا. دواتر لەگەڵ تووندبوونەوەی چنگی ڕژێمی سەربازی، زۆرێک لەم نووسەر و شاعیرانە، کە تەوەری دادپەروەریی مرۆڤایەتی و برایەتی و یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا سەرقاڵ دەکرد و بە سۆسیالیست (چەپگەرا) هەژمار کران و حکوومەت کەوتە چەوساندنەوە و زیندانی کردنیان.[١٧]

ئەزموونی ئەرمەنەکانی ئیستانبوڵ و تێڕوانینیان بۆ ڕابردوو تەنیا لەم دواییانەدا بە ئاشکرا گەڵاڵە بوو، بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە ڕێگەی ڕەوتێکی نوێوە بەڵام بە وریاییەوە لە ئەدەبدا کە لە لایەن نووسەرەکانی ئەرمەنی تورکیاوە بەرهەمهاتووە. هەوڵدانی ئەوان بۆ نووسینی چیرۆکەکانیان سەبارەت بە ڕابردووی ئەرمەن بە زمانی تورکی، یان وەرگێڕانی بەرهەمی ڕەسەنی ئەرمەنەکان بۆ سەر زمانی تورکی، بەتایبەتی جێگەی سەرنجە. فاتمە موگێ

گـوێچەک لە وتارێکـدا لە سـەر پرسـی بێدەنگی لە ڕابـردووی کۆمـاری تورکیـادا دەست دەخـاتە سـەر ئەم ڕەوتە نـوێیە لە ئەدەبیـاتی ئەرمەنـی تورکیـادا و بـاس لە دووداڵیی نووسـەرانی ئەو ئەدەبە دەکات بۆ شکاندنی بێدەنگی و نووسـین لە سـەر ئەزموونە زەبر و ئازاربەخشەکەیان. ئەو ئەم دووداڵییە دەگەڕێنێتەوە بۆ:

خۆ سانسۆرکردن بە هۆی ناچێگیریی پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیانەوە، وای لێکردن ئاماژە بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان بکەن کە بەشێکی نەسڕاوەی یادەوەریی باوباپیرانیانی پێکدەهێنا، لەو گێڕانەوەیەی کە ٧٥ ساڵی پێچوو تا بیدەن بە گوێی خەڵکی نەتەوەیی تورکی موسڵماندا.[١٨]

ئایا ئەوە خۆسانسۆرکردن بوو یان تەنها تـرس لە سـتەم و چەوسـاندنەوە؟ لە دۆخێکـدا کە تەنـانەت قسـەکردن بە زمـانی ئەرمەنـیش بە ئاشـکرا بە پێشـێلکردنی یاسای ڕەفتاری گونجاو دادەنا، کە بەخشـینی نەبـوو لە سـزا و چـۆن ئەرمەنەکـان دەتـوانن بیـر و بۆچـوونی خۆیـان دەربـڕن لە بـابەتی ئاوهـا هەسـتەوەردا؟ بە شـێوەیەکی تـایبەتی و جیاکـار، تـۆرۆس تۆرانیـان، کە نووسـەرێکی ئەرمەنـی سـووری بـوو و لە سـاڵی ١٩٦٣دا سـەردانی ئیستانبوڵی کـردووە، شـایەتیی ئەوە دەدا کە بەرەوڕووی گرووپێکی ڕۆشـنبیرانی ئەرمەن بـووەتەوە لە سـەر شـەقام. ئەو لە هەڵچـوونی دڵخۆشـیی خۆیـدا بە چـاوپێکەوتنی ئەوان بە دەنگـی بەرز سـڵاوی لێکـردوون و داوایکـردووە نووسـەرێکی ئەرمەنـی ببینێـت کە زۆر بەپەرۆش بـووە چـاوی پێبکەوێـت و بەڕێـکەوت ئەو نووسـەرەی کە دەیویسـت ببینێت لە ناو ئەو تاقمەدا بووە. ئەو بە خۆشـحاڵییەکی زۆرەوە بەم سەرکێشـی و بـوێرییە و بە دەنگـی بەرز ناوهێنـانی خـۆی لە شـەقامەکانی ئیسـتانبوڵدا، هەنـدێ وشەی لە دەم دەردەپەڕیوە کەوا کەس نەیدەتوانی ببیسـتێ و خانمێک کە لەگەڵ کۆمەڵەکەدا بووە و نووسـەر بـووە لە ڕۆژنـامەی مەرمەرەی ئەرمەنیدا بە تـۆنێکی سەرزەنشـتەوە ڕووی تێکـردووە و پێیگوتـووە: "ئەگەر تـۆ بە دەنگـی بەرز قسـە دەکەیـت بە تـورکی قسـە بـکە و ئەگەر بە ئەرمەنـی قسـە دەکەیـت دەنگـت نـزم بکەرەوە. بورەسـی تورکیا، ئەنلادن نو؟" (واتە ئێرە تورکیایە، تێگەیشتی؟)[١٩]

ئاڕاستەی نووسین لەبارەی ڕابردووی ئەرمەنەوە لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە ئەدەبیاتی ئەرمەنی تورکیادا هێشتا هەنگاوی پڕ لە سڵ و دڵەڕاوکێ بوون. لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکانی هەردوو ڕۆژنامەی *مەرمەرە* و *ژاماناکدا* پێویست بوو ڕوونـاکیی بخرێتە سـەر کاروبـاری ئێستای کـۆمەڵگەی ئەرمەنـی بێئەوەی زۆر ئیشـارەت بە ڕابـردوو بکرێـت. هاوکـاری کردنـی *ئـاگۆس*، کە هەفتەنـامەیەکە بە تـورکی و ئەرمەنـی دەردەچێـت، هێجگـار گەورەیە. ئەم هەفتەنـامەیە تـا ئێسـتاش بەردەوامە لە دەرچـوون لە پـاش تێرۆرکردنـی هرانـت دینـک، کە بـۆ مـاوەیەکی دوورودرێـژ سەرنووسـەری بـوو، دەگەیشـتە ئەرمەنەکـانی تورکیـا و بەتـایبەتی ئەوانەی کە لە ناوچەکـانی نـاوەوە دەهـاتنە ئەوێ بەڵام خوێنـدنیان بە زمـانی ئەرمەنـی نەبـوو. هەڵـبەت ئیسـتانبوڵ تـاکە شـوێن بـوو کە بـواری کـردنەوەی قوتابخـانەی ئەرمەنیـی تێـدا دەدرا. بەڵام لەوەش گرنگتـر، هەفتەنـامەی *ئـاگۆس* *Agos* ئامانجی بڵاوکردنەوەی زانیاریی دروست بوو سـەبارەت بە ئەرمەنەکان و کاروبـاریـان لە کـۆمەڵگەی فراوانـی تورکیـادا.[٢٠] بـێجگە لە چـاپەمەنی، ژمـارەیەکی کەم لە نووسـەرانی وەک هـاگۆپ مینتـزوری و میگیـردیچ مارگۆسـیان، خۆیـان خستووەتە ناو کایەی بیرەوەری نووسینەوە. بەڵام هێشتا نۆرمی بـاو ئەوەیە کە لە سـنووڕە پەسـەندکراوەکاندا بمێنێـتەوە. لە ڕاسـتیدا ئەم نووسـەرانە کـاتێ بە وێنەی سـادە یـادەوەرییە نۆسـتاڵجیکییەکانی شـوێنی لەدایکبوونیـان لە نـاوەوەی تورکیـادا وەسـف دەکەن، باسـیان لە یـادەوەریی کۆمەڵکـوژی و ڕاگواسـتنەکان، "دەربەدەربـووون" نەدەکـرد، کە نەدەکـرا لە مێشـکی گەورەکانـدا بمرێـت و بە ئەگەرێکـی زۆرەوە لەو چیرۆکـانەدا دەژیـا کە بـۆ منـدااڵەکانیان دەگێـڕایەوە. نووسـەران نەک هەر خۆیـان لە نووسـین لە سـەر ئازارەکـانی ئەرمەنەکـان بەدوورگـرت، بەڵکـو تەنـانەت ئەرمەنە ئاسـاییەکان کە خۆیـان ڕزگـاربووی کۆمەڵکـوژی و ڕاگواسـتنەکان بـوون، لە ئاسـت ئەزمـوونە زەبربەخشـەکان یـان تراوماکانیـان بێدەنگ بـوون و تەنـانەت لەگەڵ نزیکتـرین دۆسـتە تورکەکانیشـیاندا

بەشداریییان نەکرد. کەمال یالچین لە کۆتایی کتێبەکەیدا، *سەنینلە گویلەر یورەغیم Seninle Güler Yüreğim* (ئێوە دڵم خۆش دەکەن)،[٢١] ددان بەوەدا دەنێت کە زۆر قورس بوو متمانەی ئەرمەنە چاوپێکەوتووەکانی بەدەستبهێنێت بۆ ئەوەی بە ئازادی و بەبێ ترس قسە بکەن. لەبەر ئەوە هەمیشە پارێز و سڵکردنێک هەبوو، پاڵنەرێکی ئاگایانە یان نائاگایانە هەبوو بۆ شاردنەوەی ڕابردوویان لە کاتی قسەکردن لەگەڵ تورکێکدا.

بە لەبەرچاوگرتنی کەمیی ئەدەبیاتی ئەرمەنی تورکیا، ناچار بووم زیاتر پشت بە ئەدەبی تورکیی نوێ ببەستم و بە دیاریکراوی ئەو چەند بەرهەمە کەمانەی کە بوێرانە مامەڵە لەگەڵ بابەتی کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنی ئەرمەنەکان دەکەن لە تورکیا. هەموو ئەو بابەتانەم خوێندەوە کە لەبەردەستمدا بوون و هەوڵمدا هەستی ئەرمەنیبوون و تێگەیشتن لە ڕابردوو، یان بەردەوامبوونی یادەوەریی ڕابردوو لە نەوەکانی ڕزگاربووی ئەرمەن کە لە تورکیادا بەردەوام بوون لە ژیاندا و شوێنیان بکەوم. بێگومان بە هۆی ئەوەی کە شتێکی ئەوتۆم لە زمانی تورکی نەدەزانی پشتم بە وەرگێڕان بەست بۆ سەر زمانی ئەرمەنی و ئینگلیزی و یان فەرەنسی (لە هەندێک حاڵەتدا کارەکە لە بنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزی بوو)، یان بە لێکۆڵینەوە و شیکارییەکانی ئەدەبی تورکی بەو زمانانە.

ئایا ڕەخنەی ئەدەبی سەردەمی نوێ و شیکارییەکانی ئەدەبی تورکی دەتوانن ئەوەی کە نەگوتراوە بیخەنە ڕوو؟ ئایا ئەمە تەمومژی پەیوەندیی نێوان ئەزموونی کەسیی نووسەری تورک و ئەو ئەزموونە دەستەجەمعییە دەردەخات کە نەک هەر ئەرمەنی بەڵکو تورکییش بووە؟ هیوادارم کە وابێت. هیوادارم ژمارەیەکی زیاتر لە سەرچاوە و گێڕانەوە و شیکاریی ئەدەبی لەبەردەستی تۆێژەرانی داهاتوودا بێت کە بایەخ بەم بابەتە دەدەن. لەم نێوەندەدا با ئەم کتێبە وەک سەرەتا و هەوڵێکی ڕاستەقینە بێت بۆ کردنەوەی گرێکوێرەی ڕابردوویەکی قەدەغەکراو.

پەراوێزی پێشەکی

١ لە داهاتوودا. (ئەو مۆنۆگرافییەی کە پێشتر باسمان کرد پێش چاپی دووەمی ئێستا بڵاوکراوەتەوە و بە ناوی "*جینۆسایدی ئەرمەن لە ئەدەبدا، تێڕوانینەکانی ئەو کەسانەی کە لە ناو ساڵانی بەڵادا و مەینەتیدا ژیاون* ,*The Armenian Genocide in Literature, Perceptions of Those who Lived Through the Years of Calamity*").

٢ "*کاردانەوە ئەدەبییەکان بۆ کارەساتەکە* "*Literary Responses to Catastrophe* وەشانێکی فراوانکراوی نامەکەم بوو کە بۆ جێبەجێکردنی بەشێکی مەرجەکانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٩دا پێشکەشکرابوو. کتێبەکە لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکرایەوە، بە سەرپەرشتی سەنتەری ڤۆن گرونبام بۆ لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە UCLA زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس، لە لایەن چاپخانەی تۆیڕەران لە ئەتلەنتا، جۆرجیا.

٣ سەرەڕای ئەم پلانە بۆ یەکەم مۆنۆگرافی، کە لە چاپی ٢٠٠٨ی کتێبی ئێستادا پێشبینی کراوە، مۆنۆگرافیای بڵاوکراوە، "*جینۆسایدی ئەرمەن لە ئەدەبدا* *The Armenian Genocide in Literature*"، کاردانەوە ئەدەبییەکانی نەوەی یەکەمی ڕزگاربوو – نووسەران و نەوەی هەتیو دەگرێتەوە، هەروەها باسێکی بەرفراوان لە ژمارەیەک لە بیرەوەرییەکانی ڕزگاربووان. کاردانەوە ئەدەبییەکانی نەوەی دووەم و سێیەمی نووسەرانی ڕزگاربووی دیاسپۆرا لە بەرگێکی داهاتوودا باس دەکرێن، بەم شێوەیە سێیەنەی چاوەڕوانکراو دەگۆڕێت بۆ چوارینە.

٤ گۆڤاڕێکی دەوریی بە هەمان ناو، بارتسراڤانک *Bartsravank*، وەک ئۆرگانی ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە لە ساڵی ١٩٢٢دا بڵاوکراوەتەوە. بزووتنەوەکە و گۆڤارەکەی لە ژێر هەڕەشەی پێشڕەوییەکانی کەمالیستەکان بۆ سەر قوستەنتینیە کۆتاییان هات.

٥ ئۆشاگان، کایسەراکان هاغتەرگوتیون *Kayserakan haghtergutiun* (١٩٨٣). ئۆشاگان لە پێشەکییەکەیدا بۆ ئەم کۆمەڵە چیرۆکە پێنج چیرۆکییە لەم قۆناخەدا، لێکدانەوەی خۆی بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٥ و ڕۆڵی قەیسەر ویلهێلم وەک تەماشاکەرێکی بێباکانە بەرانبەر ڕووداوەکان دەخاتە ڕوو. لە بەرهەمێکی دواتردا بە ناوی ماناتسۆرداتس *Mnatsordats* (١٩٣٢ – ١٩٣٣) باس لە پیلانگێڕیی ئەڵمانیا دەکات. بۆ باسکردنی ئەم بەرهەمانە، بڕوانە ئەو بەشە لەبارەی ئۆشاگانەوە لە کتێبی پێرومیان، "کاردانەوە ئەدەبییەکان بۆ کارەساتەکە *Literary Responses to Catastrophe*" (١٩٩٣)، ل ١٧٣ – ٢١٥.

٦ ئەمڕۆ شتێکی کەم لە ژیانی کولتووری و ئاینی و پەروەردەیی ئەرمەنی پێش ساڵی ١٩١٥ی قوستەنتینیە ماوە. چاپەمەنی دەوریی کە ئاوێنەیەکی ژیانی کۆمەڵگەیە، پێکهاتووە لە ژامانـاک *Zhamanak*، کە لە ساڵی ١٩٠٨ دامەزراوە، مەرمەرە *Marmara*، لە ساڵی ١٩٤٠ دامەزراوە، گۆڤاری شانۆیی کولیس *Kulis*، کە لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە، لرابەر *Lraber*، هەواڵنامەی پاتریارکی، سۆرب پرکیچ *Sourb Prkich*، ئۆرگانی نەخۆشخانەی سوورب پرکیچ و ئاگۆس *Agos*، نوێترین گۆڤاری دەوریی بە زمانی ئەرمەنی و تورکی. ئەمانە هەموویان بێ بچڕان بەردەوام بوون. بێجگە لەوەش، گۆڤارەکانی دیکەی دەوریی وەک شۆغاکات *Shoghakat*، نۆر سان *Nor San* و هاندێس مشاکویتی *Handes Mshakuiti* دوای دەیان ساڵ بێدەنگی دەستیان بە بڵاوکردنەوە کردووەتەوە. پاتریارکی ئەرمەنی ئیستانبوڵ وەک پێشتر (لە سەدەی پانزەهەمەوە) سەرپەرشتیی ژیانی ئاینی و کولتووریی کۆمەڵگەی ئەرمەنی دەکات. لە ئیستانبوڵ زیاتر لە ٣٥ کەنیسە هەیە، کە تەنها نزیکەی ١٠ کەنیسەیان لەکاردان، بەراورد بە ٤٧ کەنیسە کە لە ساڵی ١٩١٥دا کارا بوون، هەندێک لەو کەنیسانە کراونەتە مزگەوت. هەروەها دوو کەنیسەی پرۆتستانتی و شەش کەنیسەی کاسۆلیکی ئەرمەنی کاردەکەن. ١٨ قوتابخانەی ئەرمەنی و هەتیوخانە و نەخۆشخانەیەکیش لە کاردایە، هەروەها حەوت گۆڕستانی ئەرمەنی، شیشلیی بەناوبانگترینیان لە نێوانیاندایە.

٧ ڕۆشنبیرانی ئەرمەن بە دابڕان لە جیهانی دەرەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی ئەدەبیاتی تورکیی مۆدێرن و گۆڤارە ئەدەبییە تورکییەکانەوە بە ڕەوتە نێودەوڵەتییەکان لە شیعر و بزووتنەوە ئەدەبییەکان ئاشنا بوون - سوریالیزم لە ڕۆژئاوا و سۆشیالیزم - ڕیالیزم لە یەکێتیی سۆڤییێت. بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەدەبیاتی ئەرمەنی لە ئیستانبوڵ کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی تورکیی هاوچەرخەوە.

٨ شیعری ئۆنیک فچجیان، "ڤاچارۆد" (فرۆشیار) بە باشترین شێوە ئەم تایبەتمەندییە لە شیعری ئەرمەنی ئیستانبوڵدا دەخاتە ڕوو:

من ڕۆن دەفرۆشم؛ هەنگوین دەفرۆشم،
ڕۆحی لێبووردن، دڵسۆزی
دڵە خۆشەویستەکان من دەیفرۆشم...
سەبەتەکانم پڕن لە بەختەوەری، برایەتی
من دەفرۆشم؛ من دەفرۆشم... فرۆشیارم!
ڕق و کینە، درۆ و فێڵم لە تۆ دەوێت.
بەداخەوە خاتوون، هیچیان نییە.

هەموویان نەماون.

چامە شیعرییەکە لە هەدێجیان، گۆڤاری هوشاتەتر *Hushatetr* – ژمارە ١٥ (١٩٩٩)، ل ١٨٨ وەرگیراوە. هەدێجیان ئەم شیعرە وەک هەنگاوی یەکەمی گرنگ و سەرنجڕاکێشی نووسەر دەهێنێتەوە کە بە هۆیەوە لە ناوەندەکانی ئەدەبیی ئیستانبوڵدا ناسرا. بە پێچەوانەوە ئاماژەیان پێنەکرێت، ئەگینا هەموو وەرگێڕانەکانی ئەم بەرهەمەی ئێستا هی خۆمن.

٩ زەهراد ساڵی ١٩٢٤ لە ئیستانبوڵ لەدایکبووە، بەرهەمی بووژانەوەی کولتووری و بەتایبەتی ئەدەبی ئەرمەنەکانی تورکیا دوای جەنگی دووەمی جیهانییە. شیعرەکانی چالاکییە کولتووری و ئاینییە بووژاوەکانی قۆناخی دوای جەنگ، گەشەسەندنی قوتابخانە، کەنیسەکان، چاپەمەنی، پێشانگە هونەرییەکان و ڕووداوە کولتوورییەکانی ئەرمەن لە کەشوهەوای بووژانەوەی ئابووری – کۆمەڵایەتی و پشوودانی سیاسی ڕێژەییدا کە بە شۆڕش و کوودەتای سەربازیی ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ کۆتایی هات، بە تێڕۆرکردنی عەدنان مەندریسی سەرۆکوەزیرانی تورکیا و لەناوچوونی حکوومەتە دیموکراتییەکەی، پاکتاوکردنی پەرلەمان و دەستگیرکردن و زیندانیکردنی سەرکردە سیاسییەکان.

١٠ زارێ خراخونی ساڵی ١٩٢٦ لە ئیستانبوڵ لەدایک بووە و بێجگە لە داهێنانە شیعرییەکانی، بە ڕەخنەگر و شرۆڤەکار و لایەنگری سەرسەختی شیعری مۆدێرنی ئەرمەنی ئیستانبوڵ ناسراوە.

١١ هەدێجیان، گۆڤاری هوشاتێتر *Hushatetr* – ژمارە ١٥ (١٩٩٩)، ل ٢٠١.

١٢ کالفایان، بۆلساهای نۆر باناستێغتسوتیون *Bolsahay nor banasteghtsutiune* (١٩٩٨)، ل ١١.

١٣ شیعری خراخونی بە ناوی "پاتموتیون Patmutiun" (میژوو)، سەبارەت بە برایانی ڕێموس و ڕۆمولوس و لەدایک بوونی ڕۆما، بەم چوار دێڕە دەست پێدەکات:

تۆتەمەکەیان گورگ بوو و
تۆتەمی ئێمە بەرخ بوو
ئەمەیە مەسەلەکە و
ئەودوای ئێتر مێژووە.

مرۆڤ ناتوانێت خۆی لەوە بپارێزێت کە شاعیر ئاماژەی بە مێژووی پەیوەندیی تورکیا و ئەرمەنەکان دەکرد.

١٤ ڕۆبەر هەدێجیان (ڕۆبەر هادەلەر) باس لەوە دەکات کە ڕۆشنبیرانی ئەرمەنی ساڵانی ١٩٥٠کان هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەرمینیا و دیاسپۆرای ئەرمەنییەوە لە دەرەوەی تورکیا نەبووە و شتێکی ئەوتۆیان لەبارەی ژیان و ئەدەب و بە گشتی دۆزی ئەرمەنەکان لە دەرەوەی تورکیا نەدەزانی. هەروەها پێداگری لە سەر ئەوە دەکات کە ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا لە بەرانبەردا ئاگاداری ئەدەبی ئەرمەنیی تورکیا نەبوون و پێیان وابوو کە لە بنەڕەتدا مردووە. پاشکۆی ئەدەبیی هەفتانە کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٥ لە مەرمەرە بڵاوکرایەوە، بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو و ببێتە دڵی ژیانی ئەدەبیی ئەرمەنەکانی ئیستانبوڵ. بڕوانە: هەدێجیان، گۆڤاری هوشاتێتر – ١٥ ژمارە (١٩٩٩)، ل٢٠ – ٢١.

١٥ بڕوانە تسۆڤاک، کۆمیکیان و هەدێجیان، *Hamaynapatker hanrapetakan shrjani Istanpulahay grakanutian.*

١٦ لە هەدێجیان، گۆڤاری هوشاتێتر – ١٥ (١٩٩٩)، ل ٢١٩ وەرگیراوە). بۆ وەسفێکی گشتگیر لەم کارە گرنگە و ڕۆڵ و شوێنی لە ئەدەبیاتی ئەرمەنی ئیستانبوڵدا، بڕوانە ل٢٢٢ – ٢٢٤. (دەقە ئینگلیزییەکە).

١٧ ستەمکاری و چەوساندنەوەکان بەتایبەتی دوای کوودەتا سەربازییەکانی ١٢ی ئازاری ١٩٧١ و ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ زیاتر بوون، کاتێک ڕاوەدوونانێکی بەرفراوان بۆ سۆشیالیستەکان (کۆمۆنیستەکان) بەرپاکرا. هێزە سەربازییەکان هەڵیاندەکوتایە سەر مااڵی بیرمەندان و ڕۆشنبیرانی تورک و ئەرمەن و دەیانگرتن ئەگەر کتێبی نازم حیکمەت و کارڵ مارکس و ئەوانیتریان لە ماڵەکانیاندا بدۆزیبایەوە.

١٨ گوێچەک، "بێدەنگییەکان لە ڕابردووی کۆمارییەکانی تورکیادا" (بێ مێژوو). گوێچەک لەم وتارەدا بە کۆنتێکستکردنی ئەزموونی ئەرمەنی لە گێڕانەوەی تورکیدا دەخاتە ڕوو و بە تایبەتی باس لە بەرهەمەکانی دوو نووسەری ئەرمەنی تورکیا دەکات، کە بریتین لە هاگۆپ مینتزوری و میگردیچ مارگۆسیان.

١٩ تۆرانیان، ئیستانبولاهایرە کە کانچێن *Istanbulahayere ke kanchen* (١٩٩٧)، ل ٢٢.

٢٠ لەدایک بوونی ئاگۆس *Agos*، یان باشتر بڵێین سەرهەڵدانی پێویستیی ڕۆژنامەیەکی جووت زمان، دیاردەیەکە. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە قەشە مەسرۆبی موتەفیانی دووەم، پاتریارکی ئەرمەنەکانی ئیستانبوڵ، داوای لە چەند ڕۆشنبیرێکی ئەرمەنی تورکیا کردووە کە لە ڕۆژنامەگەریی تورکیادا چالاکن و ئەنجومەنێکی ڕۆژنامەوانییان پێکهێنا بۆ وەاڵمدانەوەی پرسیارەکانی میدیاکانی تورکیا، یان زانیاریی دروست سەبارەت بە ئەرمەنەکان پێشکەشی میدیاکانی تورکیا بکەن کە بەزۆری هەواڵەکان دەربارەی ئەرمەنەکان شێواو و ساختە دەکران.

ئەم هەوڵە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی تورکی- ئەرمەنیی هێنایە بەرهەم و بەو پێیە *ئاگۆس* لەدایک بوو. هرانت دینک لە سەرەتاوە تا تێرۆرکردنی وەک سەرنووسەری هەفتەنامەی *ئاگۆس* کاری کردووە، دوای ئەوە ئێتیان مەحجووبیان شوێنی گرتەوە.

٢١ ئاماژەی منە بۆ وەرگێڕانی ئەرمەنی ئەم کتێبەیە *Hogis kezmov ke khayta*، لە لایەن مەتران کارەکین بەکجیانەوە (٢٠٠٣).

دەستپێك و چڕبوونەوە

نزیکـــایەتیی ئیتنیکـــی و نەتەوەیـــی، بە هەمـــوو تـــوخم و تایبەتمەنـــدییە پەیوەندیـــدارەکانیەوە، پێکهـــاتەیەکی گرنگـــی ناســـنامەی ئەرمەنیـــیە. ڕەنـــگە کۆمەڵناسەکان ئارگومێنتی ئەوە بکەن کە ناسنامەی تاک دینامیکییە و بریتیە لەو هەسـت و تێگەیشـتنەی کە دەتوانێـت لە ڕێـگەی کـات و لە بـارودۆخی جیـاوازدا گۆڕانکاریـیـان بە سـەردا بێـت. بەڵام ئەوانـیش دان بەوەدا دەنـێن کە لە بنیاتنـانی ناسـنامەی کەسـێکدا، نەتەوە تـا ڕادەیەک جێگیـرە، یـان بە لای کەمەوە، ڕەقتـر و کەمتر ئامادەیە بـۆ گۆڕانکاری. وەک ڕەوتێک لە جیهانگیریی بەردەوامـی جیهـانی مـۆدێرن لەمـڕۆدا، هەنـدێک دژی ئەوە بـوون کە نەتەوەیـی دیـاردەیەکی گشـتگیر بێـت، تەنـانەت "لە چەنـدین بارودۆخـدا ناپەیوەندیـدارە".[1] جـگە لە پێویسـتییەکانی پرۆسـەی جیهـانگیری و پاڵنـانی کۆمەڵناسـەکان بە ئارگومێنتیـان دژی ناسـنامەی ئیتنیکـی و نەتەوەیـی لە بەرژەوەنـدیی ئەو پرۆسـەیە، لە گەلـێ حـاڵەتی دەوڵەتـی نەتەوەییدا "ئەویتر"ی تێدا نییە کە بەراورد بکرێت یان بێتە نـاوییەوە بـۆ نـاکۆکی و ململانـێ لەگەڵ "مـن"دا. ئەمەش بە تـایبەتی بـۆ ئەو دەوڵەتە نەتەوەییـانە ڕاسـتە کە دانیشتووانێکی بە ڕەچەڵەکی نەتەوەیی و ئـاین و بـاوەڕ یەکسـانن، یـان زۆرینەی ئیتنیکی و ئاینیی حوکمڕانە بە سـەر کەمینەیەکـی لاواز و سـتەملێکراودا. لە دۆخـی ئەرمەنەکاندا، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە دیاسپۆراکانیاندا، چەمکی ناسـنامەی نەتەوەیـی بنیـاتێکی تێگەیشـتنی بەهێزی هەیە، ئەگەرچـی ئەو ناسـنامە نەتەوەییـەش تووشـی

پاشەکشە بووبێت لە ڕەوتی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بە تێپەڕبوونی کات، تەنانەت کاتێ نەوەکانی ئەرمەن لە ژێر ئاسیمیلەکردن و تێکەڵکردنی کولتووریشدا بووبێتن. لەم چوارچێوەیەدا و لە پەیوەندییەکەی "من" و "ئەویتر"دا ئەمی دووەمیان هەمیشە کاراکتەرێکی ناسراوە، وەک ئەو تورکەی کە لە دژی ئەرمەن جینۆسایدی ئەنجامداوە و بووە بە هۆی ئەوەی ڕزگاربووان بە جیهاندا پەرش و بڵاو ببنەوە و ببنە دیاسپۆرای نوێ.[٢] لەم حاڵەتەدا "ئەویتر" دەتوانێت ببێتە تێکەڵەیەک لە هەموو ئەو هێزانەی کە لە کاردان بۆ ڕێگریکردن لە مافی گەلی ئەرمەن بۆ بەردەوامبوون، بۆ بوون بە نەتەوەیەکی کامڵ، نەتەوەیەک کە ڕەگ و ڕیشەی لە زێد و نیشتمانی میژوویی خۆیدا هەیە.

چەمکی ئیتنیکی یان نەتەوەیی لە ناسنامەی مرۆڤدا پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە بە میژوو، زمان، ڕەگەز، ئاین، نەریت و سەربەخۆییەکی خاکی هاوبەش لە نێوان توخم و ڕەگەزەکاندا لەگەڵ زۆرترین کاریگەری لە ناوەرۆکەکەیدا. میژووی هاوبەش و بەتایبەتی یادەوەریی بەکۆمەڵ لەو میژووەدا، "هێزێکی نادیار و خەفەکراوی باوباپیرانمانە لە ناو ئێمەدا"[٣]، هەروەها وەک بەردی بناغە و خاڵی دەستپێکی ئەم تۆیژینەوەیە. من باوەڕم وایە کە "میژوو توخمێکی چارەنووسسازە لە دروستکردنی ناسنامەدا" و "گەلی بێ میژوو... گەلێکن کە ڕێگرییان لێکراوە بۆ ناسینەوەی خۆیان لە ناو گەلانی تردا"[٤]. لە کەیسی ئەرمەندا، گەلێکی کۆن و میژوویەکی دەوڵەمەندی بەرهەمی کولتووری، سەرکەوتن و شکستی سەربازی، خۆشگوزەرانی و تەنگانە، توخمی میژووی هاوبەش لە شوناسیاندا گرنگییەکی هێجگار گەورەی هەیە. بێجگە لەوەش من پێموایە کاریگەریی میژوو یان یادەوەریی بەکۆمەڵی ئەو میژووە هاوبەشە، لە سەر چەمکی نەتەوەیی و بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی زۆر قووڵتر و دراماتیکیترە کاتێ کە ڕووداوێکی کارەساتبار لە یادەوەریی دەستەجەمعییاندا کەڵەکە دەبێت.

من بەم پێشمەرجە، دەستم کردووە بە لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکارییەکانی ناسنامەی ئەرمەنی تورکیا لە قۆناخی دوای جینۆساید و تەوەری ئەم

لێکۆڵینەوەیەش ئەدەبیاتی هونەریی دوای جینۆساید بوو. ئەم ئەدەبیاتە فەزایەکە پەیوەندییەکانی نێوان خود و کۆمەڵگەی تێدا تۆمار دەکرێت و ئەو هۆکارە بەردەوام گۆڕاوانەش کە کاریگەرییان لە سەر ئەو پەیوەندییانە هەیە و نوێنەرایەتی دەکرێن. ئەدەب کۆکردنەوەی پەیوەندی یان دیالۆگی خود لەگەڵ ڕابردووی بەکۆمەڵ لە چوارچێوەی ئێستادا ئاشکرا دەکات. واقیع، بابەتی گەڕانەکەم، لە ڕێگەی هونەرەوە و لە ڕێگەی ئەدەبەوە بەتایبەتی ئاشکرا دەکات، کە پەیوەندیدارترین میدیای دەربڕینی هونەرییە. لێکۆڵینەوەکەم یارییەکانی بیرەوەریی مێژوویی و گۆڕانی هێزە سیاسی و دەروونییەکان لەخۆدەگرێت کە ئامرازن بۆ دروستکردنی ئەو ناسنامەیە. ناوەندێتیی یادەوەریی مێژوویی بەکۆمەڵ ئاشکرا دەکات، لەم حاڵەتەدا ئەزموونی هاوبەشی جینۆساید و کاریگەرییەکانی دوایی، لە هەموو قۆناخەکانی ئەم گۆڕانکارییەدا دەردەخات.

بۆ ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە مانادارتر بێت و لە چوارچێوەی بواری لێکۆڵینەوەی پێشوومدا، واتە وەڵامە ئەدەبییەکان بۆ جینۆساید، لە حاڵەتی پێویستدا بەراوردێکم لە نێوان داینامیکی ناسنامەی ئەرمەنی دیاسپۆرا و داینامیکی هەستی ئەرمەنیبوون لەو ڕزگاربووانەی جینۆسایددا کردووە کە بەردەوامی ژیان بوون لە تورکیادا. بۆیە لەم کارەدا ناچار بووم بڕگەیەک لە بەرهەمەکانی پێشووم وەربگرم و هەمیشە هەوڵمداوە ئەم ئاماژانە لە کەمترین ئاستدا بهێڵمەوە. ئەم ئامرازە ئەدەبییە، واتە ڕێبازی بەراوردکاری، یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتن لە جیاوازیی ئەو دۆخەی پرۆسەی تایبەتی هەستکردن بە ناسنامەی ئیتنیکی پێیدا تێپەڕ دەبێت.

لە دریژەی لێکۆڵینەوەکانمدا بۆم ڕوون بووەوە کە ئەو توخمە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کاردەکەن بۆ دروستکردنی دووبەرەکیی ئەم داینامیکیانە – لە ناسنامەی ئەرمەنی دیاسپۆرا و ڕزگاربووانی لە تورکیادا – لە دۆخی ئەمەی دووەمیاندا ئاڵۆزترن. ئەم توخمانە زۆر پەیوەست بوون بە پێگەی ڕزگاربووان لە

کۆمەڵگەی تورکیادا. لەم سیاقەدا، لە یەک سەری شەبەنگەکەدا تاکەکان دەبینم، کە زۆربەیان ژنی گەنج و منداڵن، لەوانەی کە ڕزگار کراون، کڕدراون، یان ڕفێنراون و بە زۆر کراون بە تورک و نوقمی کۆمەڵگەی تورکیا بوون و دریژەیان بە ژیانیان داوە و خێزانیان پێکهێناوە و منداڵیان پەروەردە کردووە. پاشان، خێزان یان کۆمەڵێک خێزان هەن کە تێکڕا بوون بە موسڵمان و خۆیان لە ڕاگواستن و کۆمەڵکوژییەکانی ساڵی ١٩١٥ بەدوور گرتووە.[٥] هەروەها خێزانەکانی تر دەستیان بە شوناسی خۆیانەوە گرتووە وەک ئەرمەنە مەسیحییەکان کە زۆربەیان لە ناوچە دوورەکاندا پەرش و بڵاو دەژیان لەو گوندە دوورەدەستانەی کە بە دانیشتووانی تورک یان کورد دەور درابوون، کە جیاکاری و تەریککردن و ستەمکاریی بەردەوام زۆرێک لەو خێزانانەی ناچار کردووە زێد و ماڵەکانیان بەجێبهێڵن و کۆچ بکەن بۆ ئیستانبوڵ یان دەرەوەی وڵات، کە ئەمەش بەدیهێنانی نەخشە و پلانی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا بووە بۆ پاکتاوکردنی کۆمەڵگەی ئەرمەنی لە ناوخۆدا. پێچەوانە بەوەش، دەبینین ئەرمەنە تورکەکان لە ئیستانبوڵ بە چاک یان خراپ وەک کۆمەڵگە و کەمینەیەکی ئایینی ددانیان پیانراوە و قوتابخانە و کەنیسە و دامەزراوە کولتوورییەکان و شتێکی ڕواڵەتیی ژێرخانی ئابووریی خۆیان هەیە. بەڵام ئەم کۆمەڵگەیە تا دێت ژمارەیان کەم دەبێتەوە، چونکە ئەرمەنەکانی ئیستانبوڵیش وڵات بەجێدەهێڵن، زۆربەیان ئەو مووڵکانە بەجێدەهێڵن کە بە یاسا نافرۆشرێن و ناگوازرێنەوە (بۆ کەمینەکان). هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کەوا کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئەرمەنی ئیستانبوڵ لە ڕزگاربووانی پێش ساڵی ١٩١٥ پێکدێن، بێجگە لە پاشماوەی ڕاگوێزراوانی ساڵی ١٩١٥ کە بە هەر شێوەیەک بووە لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا گەیشتبوونە ئەو شارەی ژێر دەستی هاوپەیمانان لەو کاتەدا و پەنایان بۆ بردبوو. هەروەها کۆچبەرانی ئەم دواییەش هەبوون، مەسیحی یان ئیسلامی ئەرمەنەکان لە ناوخۆی تورکیاوە، کە هەندێکیان

پارێزگـاری لێـدەکەن بریتیبـوون لە ئەرمەنە کریسـتیان و بەئیسـلامکراوەکانی ناوچەکانی ناوەوەی تورکیا، کە هەندێکیان پەیوەندیی بەتینی خۆیان هێشتبووەوە لەگەڵ ژێرخـانی دامەزراوی ئەرمەنیـی خۆیانـدا، لە کاتێکـدا کە ئەوانـی تریـان بە هەژاری و پەراوێزخراوی ماونەتەوە.[٦]

لێکـۆڵینەوە لە ئەدەب کە بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ مـامەڵە لەگەڵ دۆخـی نالەبـاری ئەرمەنەکـانی ئیسـتانبوڵ دەکـات، هەم لە ڕوانـگەی کـاریگەرییە بەردەوامەکـانی یـادەوەریی مێژوویـی لە سـەر ناسـنامەکەیان، هەم لە ڕوانگەی ئەزموونی ژیانیان وەک کەمینەیەک لە کۆمەڵگەیەکی تۆتالیتاریدا، دەکرا ئاشـکراکەر و ڕۆشـنگەری بێـت. بەڵام ئەدەبیـاتی هـونەری لە وەڵامـی ئەم زەبروزەنگە بەردەوامەدا کەم و نـاڕوون بـوو، ئەگەر هەر نەیشـبووبێت. بەڕاسـتی جیهـان زۆر کەمـی لەبـارەی دۆخـی سـەختی دوای جینۆسـایدەوە دەزانـی کەوا کۆمەڵگەی ئەرمەن لە ئیستانبوڵ تووشی چ ستەم و جیاکارییەک بووە. ڕاپۆرت و تکاکارییەکـان کە لە لایەنـی پاتریـارکییەتی ئەرمەنەوە لە مـاوەی دەیەکـانی ڕابردوودا بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەنێردرا و لێیان دەپارایەوە کە هەوڵی چارەسەرێک لەگەڵ حکوومەتی تورکیادا بدەن، وردەکارییەکانی ژیـانی کۆمەڵگەی ئەرمەنی ئیستانبوڵیان دەخستە ڕوو.[٧]

مرۆڤ بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی گۆڤارە دەوریيەکانی ئەرمەن لە ئیستانبوڵ و کتێبەکـانی شـیعر و شـانۆنامە و کـورتە چیرۆکـدا، تەنیـا دەربڕینـی بیرەوەریـی نۆستاڵجیی شوێنی دایکزاد، شـارۆچکەیەک یـان گوندێک لە ئەرمینیـای ڕۆژئاوای پێشـوودا دەدۆزێـتەوە. گـۆرگن تێـرێنتس (تورسەرکیسـیان، ١٨٨٨-١٩٧٢)، شاعیرێکی ئەرمەنی ئیستانبوڵە و لە شاری هاجن لەدایک بووە، بەم جۆرە هیـوای خۆی دەردەبڕێت:

ڕۆژێک وەک پەرجوو، بمبەرەوە
بۆ ڕۆژگارە شیرینەکانی خلیسکێنەی مندااڵیم و

بە قیژە و هاواری خۆشی دەربڕین
من جارێکی تر یارییە شێتەکانی منداڵیم تاقی دەکەمەوە.[٨]

یان لە وێنەیەکی ئەبستراکت و زەقتردا، ئە. شاقارش (ئارام پەهڵەڤانیان، ١٩١٧ - ١٩٧٩) ژیانی دوور لە نیشتمانی خۆی دەلاوێنێتەوە و دەناڵێنێت:

کێ بە ئازاری داڕێک دەزانێت و
تامەزرۆیی بێئەندازەیە بۆ خاکی پەسەنی خۆی.
ئەو دوور و بە تەنیا دەمرێت،
ڕەگیان هەڵکێشاوە و بۆ شوێنێکی دووریان بردووە،
دوور لە خاک و زێدی پەسەنی خۆی.[٩]

گۆرگن تێرێنتس و ئە. شاقارش هەردوکیان دەیانزانی کە ئەوان خەونی مەحاڵیان دەبینی. هیچ گەڕانەوەیەک نییە بۆ ئەرمەنەکان بۆ خاکی پیرۆزی زێدی خۆیان کە هەموو شتێک لەوێ بووبوو بە وێرانە و خانووی ئەرمەنە دەرکراوەکان لە لایەن ماڵە تورک یان کوردەوە داگیرکرابوو و تێیدا نیشتەجێ بووبوون. ئارسن جانیان[١٠] لە مووسالەر، نەوەیەکی تری ڕزگاربووانی ئەرمەنە و ناڕاستەوخۆ بیرمان دەخاتەوە کە ئەمە خاکی ئەرمینیایە، ئەرمینیای مێژوویی کە ملکی ئەرمەنەکانە. لە شیعرێکدا بە ناونیشانی "ئەغبیور" (بەهار) دەنووسێت:

بەهار، ئاوەکانت ناوی لێ بنێم چی؟
بڕوانە لێرەدا، من دۆزیومەتەوە.
بەهار، من پێیان دەڵێم میورۆنی پیرۆز
چونکە کاتێک سەیرم کرد،
بەهار، لە ئاوەکانتدا، ئارەقەی ڕاستگۆیانەم بینی
ئارەقەی باوباپیرانم.[١١]

میگیردیچ مارگۆسیان (لەدایکبووی ١٩٣٨) دیمەنێکی ئایدیاڵ لە شارەکەی و ژیانی سادە و ساکاری لە گەڕەکی *گاڤوور مەحەللەسی* (گەڕەکی گاوران - گەڕەکی کافران) لە دیاربەکر دەکێشێت، بەڵام هەرگیز دەست ناخاتە سەر هۆکارەکانی کۆچکردنی ئەرمەنەکان بۆ ئیستانبوڵ یان دەرەوەی وڵات و بۆچی

شـوێنەواری بـوونی ئەرمەن، پاشـماوەی کەمـی کـۆمەڵگە گەورەکـانی ئەرمەن لە نـاوەوەی تورکیـا، لەنـاودەبران و دەسـڕانەوە. بـۆ ئەوان جێهێشـتنی مـاڵ و کەلوپەلەکـان بـووەتە یـادەوەرییەکی تـاڵ و بێـزارکەر و ژیـان لە *گـاڤوور مەحەللەسی* چیرۆکێکی کۆنە کە داپیرەکان بـۆ منداڵە بچووکەکانیان دەگێڕنەوە: "هەبـوو نەبـوو، لەوێ مەملەکەتێک هەبـوو ...."[١٢] "بەڵـێ"، میگیـردیج مارگۆسـیان، ئەوەی بۆ زیاد دەکات:

مەملەکەتێک هەبوو... مەملەکەتی دایی ئاغاجان (خاڵۆ ئاغاجان) بوو کرێچییەکانی لە گەڕەکی خەنچەبەکی تیگراناکیرتس *گاڤور مەحەللەسی* بوون، مەملەکەتی خانووی ژمارە ٤ لە شەقامی دیرێشیباشە.

لە هەموو پاشا و شازن و بووک و زاوایانی ئەو مەملەکەتە، ئێستا کەس لەو ماڵەدا ناژی... ئێستا ئەوانی تر، خەڵکانی تر لە حەوشەکانمان و ژوورەکانماندا دەژین. دارهەنار و دارتووە ڕەشەکانمان وشک بوون ....

[ئەوان] ئێستا هیچیان لێ نەماوەتەوە و تەنها گۆڕ و کۆمەڵە خۆڵن لە لە گۆڕستانی گەڕەکی شیشلیی ئەرمەنیدا لە [ئیستانبوڵ] ...

ئێمەی بەجێماوی زیندووەکان تامەزرۆی ماڵەکەمانین و دارهەنار و دارتووەکانمانین و ئەو سێبەرەی کە بۆیان دەکردین.[١٣]

بەم جـۆرە ئامـاژە ناڕوونـانە، مـرۆڤ پێویسـتی بە خوێندنەوەی دێڕەکـانی ئەو ئەدەبیـاتە پەرت و بـڵاوەی نـاو ڕۆژنـامە ئەرمەنییەکـانی ئیسـتانبوڵ و بڵاوکـراوە نوێترەکـانی نـاو بەرگە کتێبـی جـودا جـودایە[١٤] بـۆ ئەوەی بتوانێـت وێنـای بەردەوامبوون یان تێکچوونی یادەوەریی مێژوویی بکات و پلەی کاریگەریی ئەو یـادەوەرییە لە سـەر ناسـنامەی ئەرمەنـی تورکیـا. لەگەڵ سـەرهەڵدانەوەی ئەم دواییـەی هەڵمەتـی ناسـاندنی کۆمەڵکـوژیی ئەرمەنەکـان لە ناوەنـدە نێودەوڵەتی و دەزگـا و دەسـەڵاتەکانی یاسـادانانداا، میـدیا جیهانییەکـان بایەخیـان داوە بە دۆخـی ئەرمەنەکـان لە ئیسـتانبوڵدا. ئەمەش بە دوای تێرۆرکردنـی هرانـت دینکدا هـات لە ١٩ی کـانوونی دووەمـی ٢٠٠٧دا، لە لایەن پـان – ناسیۆنالیسـتە تونـدڕەوەکانی تورکیـاوە.[١٥] ئەم چـالاکوانە ئەرمەنەی تورکیـا، بیرمەنـد و نووسـەر و

ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاگۆس *Agos* بوو، کە بە زمانی تورکی و ئەرمەنی دەردەچوو و بارەگاکەی لە ئیستانبوڵ بوو، بوێریی ئەوەی هەبوو لە سەر پرسەکانی ئەرمەنی قسە بکات و هانی ئەرمەنە بەتورککراوەکان یان تورکە بە ڕەچەڵەک ئەرمەنەکانی دەدا بێنە پێشەوە و خۆیان بناسێنن. لە هەندێ حاڵەتدا لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانییەکان لە تێرۆرکردنە قێزەونەکەی هرانت دینک بە قوواڵی لە ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزمی تورک و هەستی دژە ئەرمەنی دەدوێن و لێکۆڵینەوە دەکەن. ئەوان وای پیشان دەدەن کە ئەم هەستانە ڕۆچوونەتە ناو چینە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانەوە، لە هاوواڵاتیی تورکی ئاسایی لە شەقامەوە تا دەگاتە دادوەر و دەستەی سوێندخۆران لە دادگادا.[١٦] لێکۆڵینەوە لەم جۆرە و هەروەها ڕاپۆرت و شیکارییەکانی دواتر وەک سەرچاوەیەکن بۆ توێژینەوەی ئێستا.

پرسی ئەرمەنە تورکەکان و بەگشتی کەمینەکان لە تورکیادا بووەتە جێی سەرنجی زانایانی کۆمەڵناسی و مامەڵەکردن لەگەڵ فرەئیتنیکی و فرەکولتووری و فرەکۆمەڵگەیی کۆمەڵگەکانی وەک ئەوانەی تورکیا (بەدەر لەوەی حکوومەت ددان بەم فرەییەدا دەنێت یان نا). بە گشتی وێنەیەک کە لە لایەن ئەم توێژینەوانەوە کێشرابێت ئاماژە بەوە دەکات کە مافەکانی کەمینەکان لە تورکیادا ڕەچاو ناکرێن و بە تایبەتی بڕگەکانی پەیمانی لۆزان (١٩٢٣) سەبارەت بە مافی کەمینەکان جێبەجێ ناکرێن و حکوومەت بوونی کێشەی کەمینە لە وڵاتدا بە تۆندی ڕەتدەکاتەوە. لە ڕاستیدا، باسکین ئۆران، پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ئەنقەرە، تۆمەتی ئەوەی دراوەتە پاڵ کە پرسی مشتومڕاوی و وێرانکەری وروژاندووە لەو ڕاپۆرتەی مافی مرۆڤدا کە ڕاسپێردراوە بە ئامادەکردنی و بەرزکردنەوەی بۆ ئۆفیسی سەرۆک وەزیران.[١٧] لەبری پەسەندکردنی ڕاپۆرتەکە، حکوومەت ئۆران و سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی مافی مرۆڤی داوە بە دادگا. داواکاری گشتی داوای کرد کە سزای تا ئەوپەڕی پێنج ساڵی بە سەردا بسەپێت لەبەر "سووکایەتیکردن بە دامەزراوەکانی

دەوڵەت" و "هاندانی خەڵک بۆ ڕق و دوژمنایەتی" لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکەوە. ئۆران تۆمەتبار کراوە بە پێدانی "پێناسە و بەکارهێنانێکی نوێ بۆ کەمینە، جیاواز لەو پێناسە و جێبەجێکردنەی کە لە لایەن لۆزانەوە بڕیاری لە سەر دراوە" و بە گوتەی داواکاری گشتی "دەبێتە هۆی ئاژاوەگێڕی و بێسەروبەری. هەروەها ئەمە ئەنجامێک بە دوای خۆیدا دەهێنێت کە مەترسی لە سەر پێکهاتەی یەکگرتووی دەوڵەت، سەلامەتیی وڵات و یەکپارچەیی دابەشنەکراوی نەتەوە دروست دەکات". بە دیاریکرای، ئۆران بەوە تۆمەتبار کراوە کە ڕاپۆرتەکەی بەو جۆرە داڕێژراوە کە یاسای لۆزان سەبارەت بە کەمینەکان جێبەجێ ناکرێت و پێویستە جێبەجێ بکرێت. هەروەها تۆمەتبار کرا بە بەکارهێنانی زاراوەیەی "تورکییەلی Türkiyeli" واتە (خەڵکێک لە تورکیاوە، هاوڵاتیانی تورکیا، کە زاراوەیەکە واتای سەربەخۆیی ئیتنیکی یان نەتەوەیی دەگەیەنێت) نەک زاراوەی "تورک" وەک "ناسنامەیەکی گشتگیر" کە دەلالەتێکی ڕەگەزی یان ئاینیی نییە[١٨].

جێگای سەرنجە، بەدەر لە کێشەی کەمینەکان، کۆمەڵگەی تورکیا خۆی دووڕە لە یەکپارچەیی و هاوئاهەنگی. "کەلێنی شارستانییەتی ڕاستەقینە لە نێوان تورک و تورکدایە"، وەک کارەکتەرێک لە نوێترین ڕۆمانی ئەلیف شەفەقدا بە ناوی *"زۆڵەکەی ئیستانبوڵ The Bastard of Istanbul"* دەیسەلمێنێت.[١٩] کارتۆنیستی دیپسۆمنیاک، وەک شەفەق ناوی لێناوە، بیرمەندێکی ئازادە، جۆرێکە لە بوونگەرایی لە ئیستانبوڵ، کە ڕەوشی ڕاستەقینەی تورکیا وێنا دەکات بە هاوارکردنی نائومێدانە، "خودا لە گەلەکەی خۆم ڕزگارم بکە!" و دەشڵێت:

ئێمە گیرمان خواردووە. ئێمە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا گیربووین. لە نێوان ڕابردوو و داهاتوودا. لە لایەک مۆدێرنیستە سێکولارەکان هەن، ئەوەندە شانازی بەو دەسەڵاتەوە دەکەن کە بنیاتیان ناوە، ناتوانیت هەناسەیەکی ڕەخنەیی بدەیت. ئەوان سوپا و نیوەی دەوڵەت لە لای خۆیانە. لە لایەکی ترەوە نەریتخوازە ئاساییەکان هەن، ئەوەندە ئاشقی ڕابردووی عوسمانین ناتوانیت بە وشەیەکی ڕەخنەیی هەناسە بدەیت. ئەوان خەڵکی گشتی و نیوەی دیکەی دەوڵەتیان لە لای خۆیان داناوە. ئەی ئێمە چیمان بۆ ماوەتەوە؟[٢٠]

ڕاپۆرت و بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لە سەر ئەرمەنەکان لە تورکیا ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوان لە نێوان زیندوو ڕاگرتنی یادەوەریی جینۆساید و ڕووبەڕووبوونەوەی تورکەکان لە سەر ئەو پرسە، بە لێواری خەرەندێکدا دەڕۆن. قسەکردن لە سەر جینۆسایدی ئەرمەن لە تابوویەک زیاترە و بە سادەیی مەترسیدارە و پاساوێکی تەواوە بۆ لەقکردن و تێکچوونی ئەو ئاشتییە ڕێژەییەی کە ئەرمەنەکانی تورکیا تێیدا دەژین. هەمیشە تێکدان و توندوتیژی دژی دامەزراوە ئەرمەنییەکان و موڵک و ماڵیان و هەڕەشەکردن لە سەر ژیانی سەرکردە و چالاکوانانی ئەرمەن بەردەوام بیرهێنانەوەی ئەو دۆخە فشەڵ و زەوییە لەرزۆکانەن کە ئەرمەنەکان لە سەری دەژین. لەگەڵ قەدەغەکردنی کتێبی خوێندن بۆ فێرکردنی مێژوو و جوگرافیا و بابەتە هەستیارەکانی تر لە قوتابخانە ئەرمەنییەکاندا، ئەو توخمە گرنگە بەئەنقەست فەرامۆش دەکرێت، کە ئەویش گواستنەوەی یادەوەریی مێژووی هاوبەشە لە ناسنامەی ئیتنیکیی ئەرمەنەکانی تورکیا و خەفە دەکرێت و تەمومژاوی کراوە. بۆ ئەوەش هەوڵێکی هۆشیاری بەرفراوان زیاد دەکرێت لە نێو نەوەی تەمەن گەورەی ئەرمەنەکاندا بۆ ئەوەی یادەوەرییە پڕ ئازارەکانی ڕابردوو بۆ نەوەی نوێ ئاشکرا نەکەن تاوەکو زیاتر تووشی دەرد و ئازار نەبن لەوەی هەیانە و بارە بە سەر دەروونیانەوە. ئەم دیاردەیە تەواو جیاوازە لەو ڕەوشەی کە ئەرمەنەکانی تاراوگەی تێدان. چونکە لە کۆمەڵگەی دیاسپۆرادا، بەربەستی سەرەکی لە بەردەم خەباتی ئەرمەندا بە زیندوویی هێشتنەوەی مێژووی یادەوەرییە نەوە لە دوای نەوە بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی هەستی ئەرمەنیبوون لە نێو لێشاوی بەهێزی توانەوە و ئاسیمیلەکردندا (واتە کۆمەڵکوژیی سپی یان بێ خوێن).

نموونەیەکی زەقی جیاوازیی نێوان ئەو دوو واقیعە لە ساڵانی ١٩٧٠کان و ١٩٨٠کاندا خۆی خستە ڕوو، کاتێ کە خەباتی چەکداریی ئەرمەن پەرەیسەند و دیپلۆماتکارانی تورکیا بەر تێرۆرکردن کەوتن بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی

جیهـان بـۆ لای دۆزی ئەرمەن. ئەرمەنەکـانی دیاسـپۆرا کەڵکیـان لەو دەرفەتە وەرگرت بـۆ بەهێزکردن و پێشخستنی هەڵمەتـی سیاسـیی ئاشـتیانەیان لەپێناوی پرسـی ئەرمەنـدا و نەوەی گەنجیـان جۆشـدا، لە کاتێکدا کە ئەرمەنەکـانی تورکیـا کشانەوە بۆ دۆخێکی وریاتری پێکەوەژیان و کەمتر دەرکەوتن.

بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابـردوو، دوای دواییـن کوودەتـای سـەربازی لە تورکیـا، "یـان خۆشـت بـوێ یـان بەجێیبـێڵە" بـوو بە دروشـمی پێشـەنگی وڵاتەکە. ئەوانەی ناڕازی بـوون لە دۆخـی کاروبارەکـان پێیانـدەوترا مـاڵ و کەلوپەلەکانیـان کۆبکەنەوە و وڵات بەجێبهێڵن. تورکیا سەر بە تەوژمی باڵای ئایـدیۆلۆجیا و ئـاینی سـەرەکییە و کەسـی تـر بـۆی نیـیە داوای لە سـەر هەبێت. ئەم ئایـدیۆلۆجیایانەی سـێکولار و ناسـیۆنالیزم و ئیسـلامی سیاسـی هەمـوویـان ملکەچـی لێکـدانەوەی بەرژەوەندیی زۆرینەی دەسەڵاتدارن.

لە سایەی ئەو بارودۆخەی تورکیادا، ئەستەم بوو بۆ هەر کەمینەیەک (ئیتنیکی، ئـاینی، سیاسـی و.. هتـد)، هەڵبکـات و لەم حـاڵەتەدا، کەمینەیەکـی نەتەوەیـی وەک ئەرمەن، توانـای داواکـاریی ناسـنامەی خـۆی و مـافی پاراسـتنی ئەو ناسـنامەیەی لەدەسـت دەدا. کەواتە ئەرمەنەکانی تورکیـا دەبێت چ بژاردەیەکیـان هەبێت و ئەو دۆخە چ سازشکردنێک بە دوای خۆیدا دەهێنێت؟ ئەم کێشـەیە تیشـک دەخـاتە سـەر مەسـەلەی ئەرمەنەکـانی تورکیـا، یـان بە گشـتی ئەو هـاوڵاتییە تورکـانەی کە بە ڕەچەڵەک ئەرمەنـن و لە دوای ئەو هەڵمەتە شـەیتانییەوە کە بـزووتنەوەی تـورکە لاوەکـــان کـــردیە ســـەریان، واتە (کـــۆمیتەی ئیتتیحـــاد و تەرەقـــی، کە بە ئیتتیحادییەکـــانیش نـــاودەبران) و ئەنجـــام ســـەرکوتکران و پەراوێزخـــران لە هەڵمەتێکـی پاکتـاوی ڕەگەزیـدا، واتە هەڵمەتـی تـورکە لاوەکـان بـۆ پاکتـاوکردنی ڕەگەزی یان نەتەوەیی کە ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی تورکی بوو تەنها بۆ تورکەکـان. لە میـانەی تێگەیشـتن لەم پرسـانە، کە لە ڕاڕەوە پێچاوپێچەکـانی گـۆڕانی کەش و بـاری کـۆمەڵایەتی و سیاسـیی تورکیـادا خۆیـان حەشـارداوە و تێیدا گۆڕینی هەستی ئەرمەنیبوون و شوناسی ئەرمەن باس دەکرێت.

پەراوێزی بەشی دەستپێک و چڕبوونەوە

١ ئەلگیس پرازاوسکاس Algis Prazauskas، "ناسنامەی نەتەوەیی، یادەوەریی مێژوویی و ناسیۆنالیزم لە دەوڵەتانی دوای سەردەمی سۆڤییێت"، پەیپەڕی کاری سەنتەری لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی (ئازاری ١٩٩٥)، کاروباری نێودەوڵەتی کۆڵۆمبیا ئۆنلاین، *Columbia International Affairs Online*, http://www.ciaonet.org

٢ چەمکی دیاسپۆرا (تاراوگە) بۆ ئەرمەنەکان شتێکی نوێ نیە. کۆمەڵگە ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا لەمێژە بوونیان هەیە. ئەوان لەو ئەرمەنانە پێکهاتوون کە بە هەر هۆکارێ بووە ئەرمەنستانیان (ئەرمینیا) بەجێهێشتووە و لە خاک و وڵاتێکی بێگانەدا نیشتەجێبوون. بەهەرحاڵ، ئەو ئەرمەنانەی دەیانتوانی هەر کاتێک بیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئەرمینیا یان پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵدا بپارێزن، ئەوە ئەو کاتە بوو کە وڵاتێک بە ناوی ئەرمینیا بە دانیشتووانی ڕەسەنی ئەرمەنەکانەوە بوونی هەبوو، تەنانەت ئەگەر زۆربەشیان لە ژێر ستەمی زلهێزێکی بیانیشدا بووایەن. دیاسپۆرای ئەرمەنی دوای قڕکردنی دانیشتووانی ئەرمەنی ئەرمینیای ڕۆژئاوا مانایەکی نوێی بەدەستهێنا. ڕزگاربووان لە وڵات دەرکران و لە جیهاندا پەرشوبڵاوبوونەوە و هەندێکیان پەیوەست بوون بەو کۆمەڵگە بچووکانەی کە هەبوون، هەندێکی تریان کۆمەڵگەی نوێیان پێکهێنا. "ئەرمینیا"، واتە ویلایەتەکانی ئەرمەن، لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا سڕایەوە. قوستەنتینیە و تیبلیسی، کە دوو ناوەندی کولتووریی ئەرمەنەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بوون، تێکەڵەیەکی هەموو ئەو هێزانەیان لەدەستدا کە ئەرکەکانیان بەجێدەگەیاند لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم. کۆماری بچووکی ئەرمینیای دوای جەنگ کە لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی بەشی ئەرمینیای مێژوویی دامەزرا، بەسۆڤییێت کرا و لە پشت پەردەی ئاسنینەوە داخرا. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە مێژووییانەدا ئەرمینیایەک نەمایەوە بۆ پاراستنی ئەو پەیوەندییە ڕۆحییانەی کە بەردەوامیی بە کۆمەڵگە ئەرمەنییەکانی هەندەران بدات.

٣ بڕوانە ئۆلیک و ڕۆبینز، "توێژینەوەکانی یادەوەریی کۆمەڵایەتی Social Memory Studies" (١٩٩٨)، ل ١٠٦. نووسەران ئاماژە بە تی. شیدەر (١٩٧٨) دەدەن و هوگۆ ڤۆن هۆفمانستاڵ (١٩٠٢) وەک یەکەم کەس دەهێنێتەوە کە زاراوەی "یادەوەریی بەکۆمەڵ collective memory"ی بەکارهێناوە و ئاماژە بەم هێزە دەکات وەک "چینەکانی کەڵەکەبووی یادەوەریی بەکۆمەڵ".

٤ فرێدمان، "مێژوو و سیاسەتی ناسنامە History and Politics of Identity" (١٩٩٤)، ل ١١٧.

٥ بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە زۆرێک لە ئەرمەنەکان بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان داوای موسڵمانبوونیان کردووە، بەڵام هەمیشە داواکارییەکانیان بە ئاسانی وەرنەدەگیرا. بۆ نموونە، مەتران زەڤێن دێر یاغیان، پاتریارکی قوستەنتینیە (١٩١٣ - ١٩٢٢) لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات:

"لە پارێزگای خاربێرت (خەرپوت - و)، پیاوان ڕێگەیان پێنەدەدرا موسڵمان بن و ئەگەر ژنێک داوای موسڵمانبوونی بکردایە، ئەوا پێویست بوو هاوسەرگیری لەگەڵ موسڵمانێکدا بکات... سەبارەت بەو ئەرمەنانەی کە لە شارە کەنارییەکانی دەریای ڕەشدا موسڵمان بوون - ترابزۆن، سامسۆن و گیراسۆن - ئەوە دەستبەجێ دەگوێزرانەوە بۆ ناوچە ناوخۆییەکانی کە زۆرینەیان موسڵمان بوون".

(بیرەوەرییەکانی پاتریارکیم *My Patriarchal Memoirs*، ٢٠٠٢، ل ٨٩). ئەم بیرەوەرییانە لە سەرەتادا بە زمانی ئەرمەنی لە ژێر ناوی *vkayutiunner Patriarkakan hushers ev*" (قاهیرە، ١٩٤٧) بڵاوکراونەتەوە.

هەروەها هێنری مۆرگێنتاو، باڵێۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تورکیا (١٩١٣ - ١٩١٦) شایەتیی ئەو ڕاستییە دەدات کە "گۆڕدراوان ناچاربوون منداڵەکانیان ڕادەستی ئەو شوێنە بکەن کە پێی دەگوترا 'هەتیوخانەی ئیسلامی'، بەو مەرجەی کە پەروەردە بکرێن بۆ ئەوەی بە گوێڕایەڵییەکی تەواوەوە شوێن پێغەمبەر بکەون". (چیرۆکی باڵێۆز مۆرگێنتاو *Ambassador Morgenthau's Story*، ١٩٧٥، لە سەرەتادا لە ساڵی ١٩١٩ لە لایەن کۆمپانیای دەبڵدەی، پەیج و هاوبەشانی بڵاوکراوەتەوە).

٦ ژمارەی ئەرمەنەکان لە تورکیا، یان هاووڵاتیانی تورکیای بە ڕەچەڵەک ئەرمەن، بە ٥٠ - ٦٠ هەزار مەزەندە دەکرێت، کە زۆربەیان لە ئیستانبوڵن. ئەم ژمارەیە بە مەزەندەکردن ١٠ - ٢٠ هەزار ناگرێتەوە لەو ئەرمەنانەی کە لە ئەرمینیا (ئەرمینیای سۆڤیێتی پێشوو) کۆچیان کردووە بۆ گەڕان بە دوای کاردا. مەسرۆبی دووەم موتەفیان لە چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاندووە کە لە ئێستادا ٧٠ هەزار ئەرمەن لە ئیستانبوڵ و ٢٣ شاری تری سەرتاسەری تورکیا دەژین. هەروەها ڕایگەیاندووە کە نزیکەی هیچ کام لە کۆمەڵگە کەمەکانی ئەرمەن لە دەرەوەی ئیستانبوڵ کەنیسەیان نییە. ئاماژەی بەوەشکرد، کە زەحمەتە ڕۆحانییەکان گەشت بکەن بۆ ئەو شوێنانە بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئاینی، هەرچەندە بە وتەی ئەو جەندرمەی تورکیا بەڵێنی پاراستنیان پێداوە. مرۆڤ پرسیاری ئەوە دەکات کە بۆچی پیاوانی ئاینیی ئەرمەن پێویستیان بە پاراستن هەیە بۆ ئەوەی سەردانی شوێنکەوتە و ڕەعییەتەکانیان بکەن. بڕوانە، چاوپێکەوتنەکەی

یۆنکا پۆیراز دۆغان، لە ڕۆژنامەی *تودەی زەمان* *Patriarkakan hushers ev vkayutiunner* (١٧ی ئازاری ٢٠٠٧)، کە لە لایەن خاچیگ موراديانەوە لە ١٦ی ئەیلوولی ٢٠٠٧ لە لیستی وەرشەی قۆڵی (armworkshop@umich.edu) بڵاوکراوەتەوە.

٧ کۆسپ و ئاستەنگەکان بەرانبەر ڕێکخراو و دامەزراوە ئەرمەنییەکان تا ئەمڕۆش بەردەوامن. کەنیسەکان و قوتابخانەکان و خانەی هەتیوان و نەخۆشخانەکە کە هەموویان زۆر پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، بە وێرانبوون و کەلاوە بەجێدەهێڵرێن، چونکە حکوومەت بە هەموو جۆرە بیانوویەیەکەوە، ڕەتیدەکاتەوە مۆڵەت بۆ ئەنجامدانی هەر بیناسازییەک دەربکات، تەنانەت بە بودجەی تایبەتیش. دایک و باوکی ئەرمەنی دەبێت ئەرمەنیبوونیان بیسەلمێنن بۆ ئەوەی بتوانن منداڵەکانیان بنێرن بۆ قوتابخانەکانی زمانی ئەرمەنی. ئەمانە و چەندین حاڵەتی هاوشێوەی تر نموونەی پێشێلکارییەکانی مافی کەمینەی ئەرمەنن لە تورکیا.

٨ لە تۆرانیان، ئیستانبولاهایەر کە کانچێن *Istanbulahayere ke kanchen* (١٩٩٧)، ل ٣٤.

٩ هەمان سەرچاوە، ل ٣٣.

١٠ ئارسن جانیان لە ساڵی ١٩٣٨ لە قاکفێلە کە گوندێکی تەنها ئەرمەنەکانە لە شاری سیلیسیا لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٥٣ هێتراوە بۆ ئیستانبوڵ و پەروەردە و خوێندن و فێرکردنی ئەرمەنیی بۆ ڕەخساوە.

١١ بۆ ئەم شیعرە لە زمانی ئەرمەنیدا، بڕوانە Kalfayan, *Bolsahay nor banasteghtsutiune*، (١٩٩٨) ل ٢٢٣.

١٢ چیرۆکە میللی و ئەفسانەییە ئەرمەنییەکان بەم شێوەیە دەست پێدەکەن. هاوتایە لەگەڵ ئینگلیزی "Once upon a time" (هەبوو نەبوو).

١٣ مارگۆسیان، *Mer ayd koghmere* (لەو شوێنانەی ئێمە) (٢٠٠٥)، ل ١٣٨. چیرۆکەکانی نووسەر سەبارەت بە گەڕەکی ئەرمەن لە تیگراناکیرت / دیاربەکر (بەشێوەیەکی گۆڕاو ئاماژە بەو دووانە دەکات، هەرچەندە وەک یەک نین) کە لەم بەرگەدا کۆکراونەتەوە، لە سەرەتادا لە مەرمەرە چاپکراون و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٤دا بە شێوەی کتێب بڵاوبوونەتەوە، چاپەکانی دواتر لە ساڵی ١٩٩٤، ١٩٩٥ و ٢٠٠٠ دەرچوون، زۆرینەی چیرۆکەکان بە زمانی تورکی لە لایەن نووسەرەوە نووسراونەتەوە و لە ژێر ناوی گاڤور مەحەللەسی *Gâvur Mahallesi* (واتە گەڕەکی گاوران) لە ساڵی ١٩٩٢ بڵاوکراونەتەوە. هەروەها کتێبەکە لە ساڵی ١٩٩٩ بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها مارگۆسیان چیرۆکی هەمان ژانری بە زمانی تورکی بڵاوکردووەتەوە: "سۆیلە مارگۆس نێرێلیسین" (پێمان بڵێ مارگۆس، خەڵکی کوێیت، ١٩٩٥)، "بیلێتیمیز ئیستانبوڵا کەسیلدی" (بلیتەکەمان بۆ ئیستانبوڵ بوو، ١٩٩٨)، "چەنگێللیگنە" (بنکەی سەلامەتی، ١٩٩٩).

١٤ ئاراس یاینجیلک (چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس) لە ئیستانبوڵ لەم بوارەدا خزمەتێکی گەورە دەکات، ئەو چیرۆکانە کۆدەکاتەوە و بڵاویانەدەکاتەوە کە پێشتر لە کاغەزەکانی ئەرمەنەکانی - تورکیادا بڵاوکراونەتەوە و تەنانەت وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی تورکی و دەیانخاتە بەردەستی خوێنەرانی تورک. هەروەها گرنگە ئاماژەی پێبکەین بەڵگە ئوڵوسلاراراسی یانیجیلیک (بڵاوکردنەوەی نێودەوڵەتی بەڵگە) لە ئیستانبوڵ کە لە ساڵی ١٩٧٧ لە لایەن ڕاغیب زاراکئۆغلۆ و هاوسەرە کۆچکردووەکەی ئایشەنور بڵاوکراوەتەوە. سەرەڕای هەڕەشە و چەوساندنەوەی بەردەوام لە سەر ئەو دوو دامەزرێنەرە، تەقەکردن لە ئۆفیسەکەیان، زیندانیکردنی ئایشەنور و هتد، بەڵگە هەر بەردەوامە لە وەرگێڕان بۆ زمانی ئینگلیزی و بڵاوکردنەوەی کتێب لە سەر بابەتەکانی وەک جینۆسایدی ئەرمەن بۆ ئەوەی ڕای گشتی تورکیا بیخوێنێتەوە. لە ڕاستیدا یەکەم کتێب لە سەر ئەم بابەتە کە لە لایەن بەڵگەوە بڵاوکرایەوە، کتێبی مێژووی جینۆسایدی *History of a Genocide* ئیڤ تێرنۆن بوو (١٩٩٣). کتێبەکە لە تورکیا قەدەغە کرا و دەستی بە سەردا گیرا.

١٥ زاراوەی "بان ناسیۆنالیست ultranationalist" لە تورکیادا کۆمەڵێک ڕوونکردنەوەی بەرفراوانی گریمانەیی دەگرێتەوە، لە لایەن کەمالیستەکانەوە کە لە ڕێگەی چاکسازیی زۆرەملێوە لایەنگری ڕۆژئاواییکردنن، تا دەگاتە فاشیستەکانی کە مەیلیان بە لای دەمارگرژیی ئاینیەوەیە، بەپێی دۆخ و سیاقی کات. ئەو تاقمەی کە تۆمەتبار کرابوو بە بەرپرسیارێتیی ئەم کوشتنە، جا بە ئەنجامدانی ئەو کارە بێت یان پشتیوانی لێکردنی، لەو کەسانە پێکهاتبوون کە یەکەمجار موسڵمانن و دواتر تورکن. پێویستە لەم کاتەدا ئاماژە بەوە بکرێت کە بە پێی بەیاننامەیەکی فەتحیە چەتین، پارێزەری بنەماڵەی دینک، کە لە ڕاپۆرتێکی تایبەتدا لە ڕۆژنامەی "تورکیش دەیلی نیوز *Turkish Daily News*" (١٩ی کانوونی دووەم ٢٠٠٨) کە لە ئیستانبوڵ دەردەچێت بە بۆنەی یەکەمین ساڵیادی کوشتنی هرانت دینکەوە وەرگیراوە، دوای ساڵێک لە ڕوودانی تێرۆرەکە و دەستپێکردنی دادگاییکردنی تۆمەتباران، هێشتا هیچ پێشکەوتنێک نەبوو لە کەیسەکەدا، سەرەڕای ئەوەی بەڵگەکان ڕوونن.

١٦ هەروەها ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە کوشتنی هرانت دینک ئاماژەشیان بە تێوەگلانی "دەوڵەتی قووڵ" (*derin devlet*) کردووە، کە زاراوەیەکی تر و پێویست بە

ڕوونکردنەوه دەکات. بەگوێرەی ماڵپەڕی ویکیپیدیا *Wikipedia.org*، "دەوڵەتی قووڵ له لایەن زۆر کەسەوه پێیان وایه که هاوپەیمانییەکی کاریگەر و نافەرمیی دژه دیموکراسییه له ناو سیستەمی سیاسیی تورکیادا و پێکهاتووه له توخمه باڵاکانی ناو دەزگای سەربازی و ئەمنی و هەواڵگریی تورکیا و لقی دادوەری و فەرماندە گرنگەکانی تاوانی ڕێکخراو". مەبەست لێی ئەگەری پیلانگێڕیی هێزه ئەمنییەکان و پۆلیسی نهێنی و ڕێکخراوه ڕاستڕەوه توندڕەوەکانه. له ڕاستیدا بەڵگەکان ئاماژه به تێوەگلانی ئەوان دەکەن، بەڵام هەوڵ و تەقەلای بێهوودەی پارێزەران بۆ بنەماڵەی دینک دەریخستووه که مەحاڵه ئەمه له دادگای تورکیادا بسەلمێنرێت. جێگای سەرنجه که تێرۆرکردنی هرانت دینک له *ویکیپیدیادا* له نێو ئەو ڕووداوانەدا هاتووه که پەیوەندیدارن به *دەوڵەتی قووڵەوه*.

١٧ باسکن ئۆران له لایەن سەرۆکوەزیرانەوه بۆ ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی مافەکانی مرۆڤ دەستنیشان کراوه (که له ١٢ی نیسانی ٢٠٠١ دامەزراوه، وەک بەشێک له هەوڵەکانی تورکیا بۆ پەیوەستبوون به یەکێتیی ئەورووپاوه). ئەنجومەنی ڕاوێژکاری له گرووپی کاری جۆراوجۆردا دەستی داوەته کارکردن. ئۆران سەرۆکایەتیی گرووپەکەی کرد بۆ ڕاپۆرتی کەمینەکان و مافه کولتوورییەکان. بەڵگەنامەکه ئامادەکرا و پێشکەش به ئەنجومەنی ڕاوێژکاری کرا و له ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤دا پەسەندی کرد.

١٨ لێوەرگرتنەکان له "تۆمەتبارکردنی بەرەنگاربوونەوەی" درێژخایەن وەرگیراون که ئۆران خوێندوویەتیەوه بۆ پووچەڵکردنەوەی تۆمەتەکانی دادگاییکردنی "ڕاپۆرتی کەمینەکان" له ١٥ی شوباتی ٢٠٠٦، له ئەنقەرە. بەڵگەنامەکه بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوه و لەگەڵ پێشەکییەک (ڕوونکردنەوەی پرۆسەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی بنەڕەتی)، ڕاپۆرتی کەمینەکان و تۆمەتبارکردن، به گشتی، ٩٢ لاپەڕەی تێکەڵ کردووه. ئەم بەڵگەنامەیه له ژێر ناوی "کاروباری کەمینەکان له تورکیا" له گۆڤاری ڕیجێنت جۆرنالی یاسای نێودەوڵەتی *Regent Journal of International Law* ٥:٤ (٢٠٠٧) بڵاوکراوەتەوه. تۆمەتباران بێتاوان دەرچوون و دۆسیەکه هەڵوەشایەوه: http://www.bianet.org/bianet/yazdir/78905/.

١٩ شەفەق، "زۆڵەکەی ئیستانبوڵ *The Bastard of Istanbul*" (٢٠٠٧)، ل ٨١.

٢٠ هەمان سەرچاوه.

١

بەزاندنی دیواری بێدەنگی

تیشک خستنە سەر ئەو باسەی کە بۆ ئەم کتێبە هەڵبژێردراوە و مەبەست لێی بەراوردکردنە تا ماوەیەک لەمەوبەر زۆر مەحاڵ دەبوو. کاردانەوەی ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا بۆ جینۆساید زۆر و فرەلایەنە و سەرنجی تویژەرانی بواره جیاوازەکانی ڕاکێشاوە، لەوانەش تویژینەوەکانی خودی ئەم نووسەرە خۆی سەبارەت بە کاردانەوە ئەدەبییەکان بۆ ڕابردووی بەکۆمەڵ. لە بەرانبەردا، ئەدەبیاتی ئەرمەنەکانی تورکیا، وەک پێشتر باسی لێوە کراوە، دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبووە بە هۆکاری ئەو بچڕانە کارەساتبارانەی ڕابردووی. سەبارەت بە ئەدەبیاتی تورکییش- واتە بەرهەمی ئەدەبیی نووسەرانی تورک - بەدەر لە چەند دێڕێک لێرە و لەوێ، وەک لە هەندێ بەرهەمی یەشار کەمال و نازم حیکمەتدا دەردەکەون، ئەوە ناوهێنانی ئەرمەنەکان و بوونیان لە تورکیادا یان ئەو ستەمکاری و دڕندەییەی لە دژیان کراوە هەر لەئارادا نەبووە. لە ڕاستیدا بێجگە لە هەندێ سەرنج و تێبینیی ڕاگوزەر، بابەتی ئەرمەنەکان هەرگیز ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە تا ئەم دواییانە.[١] ڕەخنەگر ئە. عومەر تورکەش ئەم نائامادەگییە وەک دەرئەنجامی فشاری حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی کۆماری دەبینێت بۆ سەر نووسەرانی تورک و بێدەسەڵاتکردنیان لە مافی

مێژوونووسین. مێژووی فەرمیش چەندین پرسی کۆمەڵایەتی و سیاسی و لە نێویشیاندا پرسی ئەرمەنی پشتگوێ خستووە.[٢] لە لایەکی تریشەوە، ئێرۆڵ کوێروغڵو ئەم نائامادەگی و نەبوونە بە بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی تورکیاوە دەبەستێ، کە پەیرەوی مێتۆدی هەڵبژێردراو دەکات بۆ مێژوو، واتە وەرگرتنی بەشەکانی کە بەسوودن بۆ ئامانجی بنیاتنانی ناسنامەی دیاریکراو و جێهێشتنی ئەو بەشانەی کە زیانبەخشن.[٣] بۆ ئەمە تورکەش ڕاست دەکات. فشاری سیاسیی نووسەرانی تورکی لە مافی نووسینی مێژوو بێبەش کردووە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، دەنگە ناڕازییەکان گوزارش لە لایەنە جیاوازەکانی مێژووی تورکیای مۆدێرن دەکەن. کە دەرکەوتووترینی ناویان بڵاوکراوەکانی ئەو دامەزراوە مێژوویییەی تورکیایە کە بنکەکەی لە ئیستانبوڵە و لە کۆمەڵەی مێژوویی فەرمیی تورکیا لە ئەنقەرە جیابووەتەوە. فاتمە موگێ گوێچەک بە تایبەتی باس لە کتێبێک دەکات بە ناونیشانی *"لە ڕەعییەتەوە بۆ هاوڵاتی لە ٧٥ ساڵدا From Subject to Citizen in 75 Years"* (١٩٩٩) و ئەو بڕگەیە دەهێنێتەوە کە باس لە ڕاگواستنی ئەرمەنەکان دەکات:

کۆچە زۆرەملێکان، لە ماوەی ئەو قۆناخەی مێژوودا کە بووە هۆی دامەزراندنی کۆماری تورکیا، گۆڕانکاریی ڕاستەقینەی لە ژیانی سەدان هەزار خەڵکدا کردووە. ئەوانەی کە لە سوپاکانی دوژمن هەڵهاتن، ئەوانەی هەوڵی خۆئازادکردن دەدەن لە جوداخوازان و لە هەستی ڕق و کینە و ئەوانەی ناچارکران کۆچ بکەن ماڵ و کەلوپەلەکانیان بەجێهێشت و خۆیان لە ڕێگادا دۆزییەوە، کە زۆربەیان لە ڕێگاکانی کۆچی زۆرەملێدا کوژران یان بە هۆی نەخۆشی و برسێتی و بارودۆخی نالەباری کەشوهەواوە مردن. زۆرێکیشیان لە ئازیزانیان جیاکرانەوە و خزم و کەسوکاریان لەدەستدا. ئەوانەشیان کە گەیشتنە کۆتایی کۆچەکەیان ژیانی نوێ و شوێنی نیشتەجێبوونی نوێیان پێکهێنا، لە ژێر هەلومەرجی جیاواز و هیوا و ئاواتی نوێدا (٦١).[٤]

وەک گوێچەک دەڵێت، ئامانج ئەوەیە کە ئەزموونی ئەرمەنی بخرێتە سیاقی مێژوویی خۆیەوە لە چوارچێوەی کۆماری تورکیادا و بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی کۆچ و ڕاگواستندا. من باوەڕم وایە ئەوەی نووسەر هەوڵیدا بیکات، بەبێ ئەوەی

زۆر لە وردەکاریدا قووڵ بێتەوە، کێشانی وێنەیەک بوو بۆ گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان کە بوون بە بنەمای کۆمەڵگەی هاوچەشنی تورکیا لەمڕۆدا. پاشان گوێچەک قسەکانی ئەکیلە گوێرسۆی نووسەر دێنێتەوە لە سەر گواستنەوە *"لە ڕەعییەتەوە بۆ هاوواڵاتی"* و ئەو کەسانە دەخاتە ڕوو کە کۆچیان کردووە و لە نێویاندا ئەرمەنەکان:

ئەرمەنەکان: "لە ناوەڕاستی جەنگدا [جەنگی جیهانیی یەکەم]، لە ماوەی بەهاری ساڵی ١٩١٥، یەکێتی و پێشکەوتن (واتە ئیتتیحاد و تەرەقی جەمعییەسی - و) بڕیارێکی دا کە ئەرمەنەکان ناچار بکرێن کۆچ بکەن.... بەشێک لە هاووڵاتییانی ئەرمەن دوای دامەزراندنی کۆمار تورکیایان بەجێهێشت..."(٦٣).[٥]

کێشەی ژمارەکان چارەسەر بووە: دوو ملیۆن ئەرمەنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا و ٦٠ - ٧٠ هەزار لەمڕۆدا. ئەوانیتر کۆچیان کرد و ژمارەیەکی کەمیان لە ڕێگادا کوژران یان لە ئەنجامی بارودۆخی خراپدا مردن. گوێچەک دان بەم شتەدا دەنێت کە باسکردنی ئەزموونی ئەرمەنی یەکەم هەوڵە لە دژی پراکتیزەکردنی ئاسایی وەدەرنانی. لەم کورتە باسەدا لە گێڕانەوەی میژوویی تورکیا، جا فەرمی بێت یان کەمێک لیبراڵتر، من ئەو تۆیژینەوە و کتێب و وتارە تۆکمە و نایابانەی لێدەردەکەم کە تانەر ئاکچەمی میژوونووسی دوورخراوە لە تاراوگە بڵاویکردوونەتەوە.[٦]

بە گەڕانەوەمان بۆ داهێنانی هونەری، تێبینییەکی ڕاگوزەر سەبارەت بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان کە بەردەوام دەگوێزرێتەوە و قسەی لە سەر دەکرێت، لەبەر نەبوونی نموونەی تر، لە قەسیدە شیعرییە بەناوبانگەکەی نازم حیکمەت وەرگیراوە، "پیاسەیەکی ئێواران"، وەک بەڵگەیەک بۆ مامەڵەکردنی دەستەبژێری ڕۆشنبیرانی تورکیا لەگەڵ پرسی ئەرمەن، دەنووسێت:

چرای بەقاڵیی کاراپێت داگیرساوە.
ئەم هاوڵاتییە ئەرمەنییە خۆش نەبووە
لە سەربڕینی باوکی لە چیاکانی کورددا.

بەڵام ئەو تۆی خۆشدەوێت،
چونکە تۆش خۆش نابیت
لەوانەی ناوی گەلی تورکیان پەش کرد.[٧]

بۆیە دیاسپۆرای ئەرمەن کەمێک لەبارەی بوون و شوێنی مانەوە و سەختیی ڕزگاربووان دەزانن لە تورکیادا. ئەوان بەئیسلامکراو یان مەسیحی، لە کۆمەڵگە دابڕاوەکانی ناوچە دوورەکاندا دەژین یان بە تەواوی لە پێکهاتەکانی تورک، کورد، یان عەرەبدا تێکەڵ بوون و تواونەتە. پەیوەندیی لەگەڵ ئەم ئەرمەنانەدا دەگمەن بوو، بەدەر لە ژمارەیەکی کەمی چاوپێکەوتنی کاسێت لەگەڵ چەند پیرەمێرد و پیرەژنێک – کە بە نابەدڵی باس لە ڕەچەڵەکی ئەرمەنیی خۆیان دەکەن – لە لایەن گەشتیارانی دیاسپۆرای ئەرمەنەوە کە سەردانی شوێنی لەدایکبوونی دایک و باوکیان دەکەن لە ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ (یان ئەرمینیا ڕۆژاوا لە کۆندا). بێجگە لەم بەڵگە ناڕوونانە، هیچ شتێکی ئەوتۆ نییە ئەوە بسەلمێنێت کە ڕزگاربووانی ئەرمەن لە تورکیا چۆن دەژین و هیچ لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ئەزموونەکانیان نەکراوە. لە ڕاستیدا، لە باسێکی بەندەدا (واتە نووسەری ئەم کتێبە – و)، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە کاردانەوەکانی ژنانی قوربانیی جینۆسایدی ئەرمەن و هۆڵۆکۆستی جووەکان، تێبینییەک لە سەر چیرۆکە نەگێڕدراوەکانی ئەو ژنانەی ئەرمەن هەیە کە "ڕزگارکراون" – لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نەک بە پاڵنەرێکی مرۆڤدۆستانە یان خۆبەخشانە، بەڵکو بە هۆکاری خۆپەرستانە – یان ڕفێنراون و بە زۆر کراون بە موسڵمان.[٨] لە نەبوونی ئەدەبیاتی نووسراودا، لە ئەزموونی ژنانی دیاسپۆرای ئەرمەنی ڕزگاربوو لە دیاسپۆرا تێڕوانینی ئەوە وەرگیرا کە ڕۆشنایی بخاتە سەر وێنەی ناڕوون و تەمومژاویی ئەم ژنانە لە تورکیادا وەک قوربانیانی جینۆساید. من لە خەیاڵی خۆمدا وایدەبینم ئەوان ئەزموونیان لە ماڵە موسڵمانەکان و تەواوی ژیانیان پەشیمانییە لەو سازشانەی کە کاتی خۆی کردوویانە. من لە خوێندنەوەمدا،

ئازارەکانی ژنانم لە ڕێگای ڕاگواستندا دەبینی، کە کەمتر نەبوو لە ئازارێکی درێژخایەن. بۆ زۆرینە لەو سەردەمەدا، مردن لە سەر ئەو ڕێگایە یان لە ئۆردووگاکانی کۆکردنەوەدا نیعمەتێک بوو کە تامەزرۆ بوون بۆی. بە گریمانەی خۆم، ژیانی ژنان لە حەریمەکانی تورکدا لە خودی مردن کەمتر ئازاربەخش نەبوو، چونکە ژیانی ئەوانیش ئازارێکی درێژخایەن بوو. سەرەڕای ئەمەش، هەمیشە هیوای ئەوەم دەخواست کە ئەم ئەڵقە ونبووە لە میٚژووی پەیوەندیی تورک و ئەرمەندا ڕۆژێک ڕووناکیی دەکەوتە سەر. گۆشەیەکی بچووکی واقیعی ژنانی ڕزگاربوو لە ماڵە تورکەکان (حەرەمسەراکان) بۆ ماوەیەکی کورت لە لایەن سیٚڤانەوە ڕووناکیی خرایە سەر، کە نووسەرێکی ڕزگاربووی نەوەی دووەمە و لە بولگاریا دەژی. سیٚڤان لە ڕۆمانەکەیدا، "*ڕۆدۆستۆ، ڕۆدۆستۆ*"[٩] سەرنجی لە سەر پاشهاتەکانی کۆمەڵکوژییەکانی ١٨٩٤ – ١٨٩٦ە و پاڵەوانەکانی لە سەر بنەمای چیرۆکێکی ڕاستەقینە داڕشتووە و بەو چیرۆکانە ڕازاوەتەوە کەوا لەو ڕزگاربووە ئەرمەنانەی بیستووە کە پەنایان بۆ بولگاریا بردووە.

هێرمین/ فیلۆر یەکێکە لەو ڕزگاربووانەی کە ژیانی وەک ژنێکی بە ناچاری میٚردکردوو بە پیاوێکی موسڵمان بەرجەستە بووە و بەم شێوەیە کۆمەڵگە ئەرمەنییەکەی بێزاندوویەتی و دابڕاوە. ئەم بارەش بووە بە مۆرکی ژیانی کچە ئەرمەنە ڕزگاربووەکانی دوای کۆمەڵکوژییەکانی سالانی ١٨٩٤ – ١٨٩٦، واتە پێش دەرکردن و ڕاگواستنی تەواوەتیی ئەرمەنەکان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. هێرمین/ فیلۆر، کچێکی جوانی ئەرمەن بووە و لە کۆمەڵکوژییەکە ڕزگاری دەبێت و وەک شایەتحاڵی کوشتارەکە و سەربڕینی باوکی و براکانی و دەستدرێژیکردنە سەر دایکی و پوورەکانی و شێواندنی جەستەیان بە شێوەیەکی دڕندانە هەر لەوێ لە بەردەم ماڵەکەیاندا لە شاری وان. لە شوێنی حەشاردانی خۆیەوە لە ناو کووڕەیەکی بەرددا (تەنووری بەردین – و)، ئەم کچە بچووکە دەبینێت ئەو دڕندانە چۆن گۆی مەمکی قوربانییەکانیان دەبڕن و دەیکەن بە

شیشی دارینەوە و لە سەر تەختە داریک چەسپیان دەکەن. کچەکە ماوەی سێ ڕۆژ لە حاڵەتی بێهۆشی و بێهێزیدا دەمێنێتەوە. کاتێ لە کۆتاییدا بە سکەخشێ دێتە دەرەوە و خەریکە لەبرسا بمرێت، دەبینێت تەواوی شارەکە پڕبووە لە تەرمی مردووەکان. ئەو لە کوشتارەکە دەرباز بوو بەڵام تووشی لەبیرچونەوەی ڕابردوو دەبێت و ئەمەش بوو بە میکانیزمێکی بەرگری بۆ پاراستنی لە شێت بوون لە ژێر فشاری ئەو دیمەنە ترسناکانەدا کە بە چاوی خۆی بینیبوونی.[١٠]

ژیانی هێرمین/ فیلۆر نوقمی بێبەشی و نەهامەتی بووبوو، سەرەتا لە خانەی هەتیوان لە قوستەنتینیە، پاشان وەک خزمەتکاری خێزانێکی دەوڵەمەندی یۆنانی و لەوێش دەستدرێژی سێکسیی کراوەتە سەر و دووگیان دەبێت، پاشان ڕادەکات بۆ ئەو تاکە ناونیشانەی کە دەیزانی لەو ماوەیەدا کە لە خانەی هەتیوان دەبێت، کاتێ خانمێکی فەرەنسی سەردانی کچانی خانەکەی کردبوو و بردبوونی بۆ ماڵەکەی خۆی و بەڵێنی "ژیانێکی ئاسوودە"ی پێدابوون. وا ئێستا مەدامە فەرەنسییەکە یارمەتیی دەدات بۆ لەباربردنی منداڵەکە و بۆ ماوەیەک گرنگیی پێدەدات و چاودێریی دەکات. بەڵام ئەمیش پلانێکی لە میشکدابوو بۆ کچەکە. وردە وردە و بەبێ ئەوەی هێرمین/ فیلۆر بە خۆی بزانێت دەبێتە گەنجینەیەکی بەنرخی ئەو ماڵە کە لە ڕاستیدا سۆزانیخانە بووە. لەوێ، توانای کۆکردنەوەی هەندێک پارەی دەبێت و بۆ ماوەیەکی کورت دەچێتە ڕۆدۆستۆ، لەوێش بەردەوام دەبێت لە سەر ئەم کارەی لە ناو کۆمەڵگەی ئەرمەنیدا و بۆ چێژ وەرگرتن دەبێتە مایەی سەرسامیی پیاوەکان و بەر نەفرەت و سووکایەتی پێکردنی ژنەکان دەکەوێت. دواجار لە ماڵی پیاوێکی ڕەبەنی بەتەمەنی خاوەن بانکێکی تورکی لە قوستەنتینیە دەگیرسێتەوە و وەک کچە هاوڕێیەکی خزمەتی دەکات، بەڵام بەر بێزلێکردنەوە و سووکایەتی پێکردنی ژنە ئەرمەنە هاوڕەگەزەکانی دەکەوێت و خۆیانی لێ دادەبڕن.[١١]

کێ دەزانێت چەند فیلۆری ئەرمەنی لە ناو کۆمەڵگەی تورکیدا ونبوون بێ هیچ ئاسەوارێک تـوانەوە، بێـئەوەی کەسـێک یـان ڕۆمانووسـێک چیرۆکەکەیـان بگێڕێتەوە. ڕەنگە بەسـەرهات و چارەنووسـی فیلۆر زۆر باش بتوانێت چیرۆکی زۆرێک لە کچـانی ئەرمەن بێت کە لە دوای جینۆسـایدەوە ڕزگاریـان بـووە. کێ دەزانێت لەناوچوون و بەدبەخت بـوون لە چنگی درندانەی ژیـانێکی سـەر جـادە یان حەرەمسەراکانی تورکیادا، بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوار یان ناوێک بەجێبهێڵن. ئاخۆ ئەوە "مانەوە" بوو؟ ئایا ئەوە سـەختتر نەبـوو لە فەوتـان و مردنیـان لە سـەر ڕێگـای ڕاگواسـتندا؟ ئەوان لە بێـدەنگییەکی پـڕ تـرس و تۆقینـدا ژیـاون کە لە چارەنووس و چیرۆکی ژیان و ناسنامەیان ئاڵاوە.

بـارودۆخی تورکیـا لەم چەند سـاڵەی دواییـدا گۆڕانکـاریی بە سـەردا هـاتووە. دیـواری بێدەنگی شـکاوە و ڕۆشـنبیرانی تورکیـا، بەتـایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات دەژیـن، بە گومـانەوە پرسـیار لە ئایـدیای تورکیـایەکی یەکپـارچە و یەککگرتـووی ئـاینی و نەتەوەیـی دەکەن کە لە لایەن حکـوومەتەوە پشـتگیریی دەکرێـت. تـوێژینەوە ئەکـادیمی و ئەدەبییەکـان دەرفەت بـۆ دەنگـی عەلەوی و جـووڵەکە و عەرەب و ئەرمەن و کـورد و لاز و سـریانی (ئاشـووری) و یەزیـدییەکان و ئەوانـی تـریش دەڕەخسـێنن کە ببیسـترێت. ڕۆمـانەکەی مـۆریس فەرحی، *"تـورکی لاو Young Turk"*، لەم ڕووەوە گرنگ و بەرچـاوە. فەرحـی کە جوویەکی تورکیایە و لە بەریتانیا دەژی، سەرسـامە بە کـاراکتەری ئوسـتاد ڤەدات کە لە گێڕانەوەکەی خۆیدا باسی هاتووە و داکۆکی لەوە دەکـات کە "دەمـارگرژیی نەتەوەیی و ئـاینی خاسـییەتی کەسـێتیی تـورک نـین، بەڵکـو نەخۆشـیی ئەوروپیـن". فەرحی باوەڕی وایە کە دەبـوو تورکیـا باوەشـی بـۆ هەمـووان بکردایەتەوە، بەڵام "هەندێ ڕەگەزی موحافزەکار" ئیسلامیان وەک پێکهاتەیەکی بنەڕەتی هێناوەتە نـاو چەمکی ناسنامەی تورکبوونەوە و ئەمەش "غەیرە موسـڵمانەکانی نـامۆ کردووە و کردوونی بە غەیرە تورک و ئەم ئایدیا نـوێیە جێگەی شوناسـی نیشـتمانیی لیبراڵ

و گشتگیری گرتووەتەوە و بە کەمالیزم ناسراوە و... لە دوای مردنی ئەتاتورکەوە پشتیوانیی جیاکاریی دەکات لە دژی جوولەکە و ئەرمەن و گریکەکان – کە هەموویان تورکیایی ڕەسەن و ڕاستەقینەن و (دەبێ ئەتاتورک بەم فەرامۆشکردنە بگری)". فەرحی بە داخ و خەفەتەوە دەڵێ کەوا بیر و ئایدیای پیاوە مەزنەکەیان هەڵپڕووکاندووە.[١٢]

بە گوتەی فەرحی، تورکیای ئەمڕۆ ئەوە نییە کە کەمال ئەتاتورک خەونی بیناکردنی پێوە بینیبوو، واتە کۆماری تورکیایەک لە سەر بنەمای ناسیۆنالیزمێکی تۆند و سێکولار[١٣] کە تێیدا ئاین و نەتەوە هیچ پشکێکی نەبێت.[١٤] ئەم ئایدیۆلۆجیایە کە بە کەمالیزم ناسرا، تا ڕادەیەک گۆڕاوە کە نەک هەر پێکهاتەیەکی ئاینیی بەهێزی بەدەستهێنا، بەڵکو ئێستا ئاینی ئیسلام بووە بە گرنگترین توخمی ناسنامەی تورکی. لە تورکیای ئەمڕۆدا سێکولاریزم (عەلمانییەت) سیفەتی ئەوەی لەدەستداوە کە ئاین ڕێبەرێکی پەراوێزخراوی ڕووکەشی بێت و لەبری ئەوە هاوتا دەکرێت بە ڕۆژئاواییبوون. ئەم چەمکانە تەمومژاوین و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت، بەڵام لەوەش گرنگتر، لە پراکتیکدا سەرچاوەی دەمارگرژیی کۆمەڵایەتین. ئەو یاسا و ڕێسایانەی لە تورکیادا کاریان پێدەکرێت دەتوانن بەرگری لەو کەسانە بکەن کە سووکایەتی بەو ژنانە دەکەن کەوا سەرپۆش بەکاردێنن[١٥]، "چونکە سەرکوتکردنی مافی ئاینیی هاوڵاتیان لە لایەن دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێت و بە ەوێ 'یاسا و ڕێساکانەوەیە'."[١٦] بەڵام لە هەمان کاتدا، ژمارەیەکی زۆری ڕووداو هەن بۆ هەراسانکردنی سێکولارەکان و ناچارکردنیان بۆ پەیڕەویکردنی ئاین. لە ڕاستیدا فۆرمەلەکردن و دارشتنەوەی هەندێک لە زانا و تۆێژەران، کە لای ئەوان "دوو تورکیا هەیە نەک یەک"، لە واقیعدا ڕاستە و دوو تورکیا لە ململانێدان لەگەڵ یەکتر. تۆێژەرانی سەربەخۆی تورکیا باوەڕیان وایە کە بایەخدانی هێجگار زۆر بە ئاین لە پێکهاتەی ناسنامەی تورکیدا و بە دابەشکردنی هاوولاتیانی تورکیا بۆ

دوو دەستە و تاقمی جیاوازی موسڵمان و غەیرە موسڵمان، وایکردووە کە ئەو حکوومەتە خزمەتێکی ناشیرین بە وڵات بکات و بەشدار بێت لە دابەشکاریی کۆمەڵگە و تونددڕەوی لای دانیشتووانی موسڵمان. ئەو زانا و تـوێژەرە سەربەخۆیانە هەوڵدەدەن هانی حکوومەت بدەن بۆ ڕێزگرتن لە یاساکانی دیموکراسی لە پێناوی بەرژەوەندیی تورکیادا و مامەڵەکردنی کەمینەکانی تورکیا وەک هاوڵاتیی ڕاستەقینە و یەکسان لە وڵاتدا.

تێرۆرکردنی هرانت دینک باوەڕی ئەم زانا و بیرمەندە سەربەخۆیانەی لەق کردووە بە توانایان بۆ گۆڕینی ئەقڵییەتەکان لە کۆمەڵگەی تورکیادا و جۆشدانی پشتیوانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مێژوو و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕابردوو و دووبارە نووسینەوەی مێژووی سەردەمی پێش کۆمارییەکانی وڵاتەکە. لەم بابەتەدا گرنگە ئاماژە بە وتارەکەی ئەحمەد ئالتان، "١٩١٥ – ٢٠٠٧"، بدەین کە لە وێب ڕۆژنامەی *Gazetem.net*دا بڵاوبووەتەوە و نووسیویەتی:

پێدەچێت هیچ شتێکی ئەوتۆ نەگۆڕابێت.

ئەوان لە ساڵی ١٩١٥ کوژراون...

لە ساڵی ٢٠٠٧یشدا دیسان دەکوژرێنەوە...

ئەوەی لە سەر ئەو کۆمەڵکوژییە گوترا لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا.

"ئەوان ئێمەیان کوشت، ئێمەش ئەوانمان کوشتەوە؟"

ئەو کاتە چی دەڵێین لە سەر کوشتنی هرانت؟

کە هرانت ئێمەی کوشت و ئێمەش هرانتمان کوشتەوە؟

ئالتان بەردەوامە لە لێپرسینەوە لەو کەسانەی مێژووی ساڵی ١٩١٥یان لە تورکیادا "نووسیوەتەوە" و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر لەبارەی کوشتنی هرانتەوە بیاننووسیبایە ئەوە "منداڵانی ئەم وڵاتە دوای پەنجا ساڵ دەیانگوت کەوا 'هرانت ئێمەی کوشت و لە کاردانەوەدا ئێمەش هرانتمان کوشتەوە". ئالتان و ئەو بیرمەندانەی وەک ئەو بیر دەکەنەوە وا هەست دەکەن کە ئەوان بەشێکن لە نەتەوە نەک دەوڵەت و داوا لە دەوڵەت دەکەن کە لێپرسینەوە لە دەوڵەتی

عوسمانی بکات کە پێش ئەم هاتووە، سەبارەت بە تێکشکاندن و لەناوبردنی بەشێک لە نەتەوە.[١٧] ئەوەی ئاڵتان و ڕۆشنبیرانی تری تورکی هاوهەڵوێست هەوڵی بۆ دەدەن گۆڕانکارییەکە لە گێڕانەوەی مێژووی تورکیادا کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دووبارە داڕشتنەوەی یادەوەریی مێژوویی و ناسنامەی بەکۆمەڵی تورکی.

دادگاییکردنی بکوژ (بکوژانی) هرانت دینک لێدانێکی زیاتر بوو بۆ لێدانی ئەو ڕۆشنبیرانەی باوەڕیان بە دادپەروەریی دادگای تورکیا و شەرعییەتی مادەی ٣٠١ی یاسای سزادانی کۆمار بوو بۆ ئاڕاستەکردنی هەر تۆمەتێک یان ڕەفتارێک کە ناگونجێت یان ناچێتە چوارچێوەی پێوەر و دیدگای ناسیۆنالیستیی حکوومەتەوە بۆ ناسنامەی تورکی. سووکایەتی کردن بە تورکبوون و تورکایەتی، بە پێی مادەی ٣٠١، ئەو تۆمەتە بوو کە ئاڕاستەی هرانت دینک کرا بە هۆی قسەکردنی سەبارەت بە کەمینە غەیرە موسڵمانەکان و مافەکانیان لە کۆماری نوێی تورکیادا و هەروەها باسکردنی بابەتی جینۆسایدی ئەرمەن و ناوهێنانی بەو شێوەیە. یەکەمینی ئەو داوایانەی کە تۆمارکرابوون لە دژی هرانت دینک ساڵی ٢٠٠٢ بوو دوای ئەوەی لە کاتی پێشکەشکردنی باسێکدا لە کۆنفرانسێک لە ئورفە، ڕایگەیاند کە "من تورک نیم... بەڵام خەڵکی تورکیام و ئەرمەنم". دیارە بانگەشەکردن بۆ ناسنامەی غەیرە تورک ئەوە لە کۆماری دیموکراتیی تورکیادا بە تاوان دادەنرێت.

سووکایەتی کردن بە تورکبوون یان تورکایەتیش ئەو تۆمەتە بوو کە ئاڕاستەی ئاراتی کوڕەکەی دینک کرا، کە نووسەر (ئێدیتەر)ی جێبەجێکار بوو و هەروەها سەرکیس سێرۆپیانیش، بڵاوکەرەوەی ڕۆژنامەی *ئاگۆس Agos*، بە هۆی ئەوەی سەرلەنوێ چاوپێکەوتنێکی بڵاوکردووەتەوە کە هرانت دینک لە ساڵی ٢٠٠٦دا لەگەڵ دەزگای هەواڵی ڕۆیتەردا کردبووی و تێیدا ڕووداوەکانی جینۆسایدی ساڵی ١٩١٥ی بە جێنۆساید ناوبردووە. بێگومان دوای

چاوپێکەوتنەکە، هرانت دینک بە تۆمەتی سووکایەتیکردن بە تورکبوون تۆمەتبار کرا لە لایەن داواکاری گشتیی ئیستانبوڵەوە. سەیر و سەمەرە لەوەدابوو کە ئەم چاوپێکەوتنە لە ڕۆژنامەکانی تری تورکیاشدا بڵاوکرایەوە، بەڵام هیچکام لە خاوەن یان سەرنوسەرانیان نەدران بە دادگا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کەشوهەوا سیاسییە گرژەی ئەمڕۆی تورکیا، زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی ئەو وڵاتە ژیان لە دەرەوەی هەڵدەبژێرن، بە تایبەتی لە ئەوروپا یان ئەمریکا. بەو پێیە ئەوان دەرفەتی دەستڕاگەیشتنیان هەیە بەو ئەدەبیاتەی کە لە تورکیادا بەردەست نییە و بەرکەوتنیان دەبێت لەگەڵ ڕزگاربووانی ئەرمەن لە دیاسپۆرا و گوێ لە چیرۆکەکانیان دەگرن. لە کاتێکدا کە ئەوان متمانە یان گومان دەکەن بەوەی کە دەیبیستن یان دەیخوێننەوە، بەڵام هەمیشە لە کۆتاییدا هەست بە سەرسوڕمان دەکەن، بۆیە دەکەونە گەڕان بۆ دۆزینەوەی لاپەڕە بزربووەکانی مێژووی خۆیان. ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژووییەکانیان لە پاڵ کار و بەرهەمەکانی ڕۆمانیاندا ئاڵەنگاریی هەڵوێستی فەرمی دەکات و داوای ئەوە دەکەن کە حکوومەتی تورکیا بێدەنگی بشکێنێت و ڕووبەڕووی ڕابردوو ببێتەوە و لەگەڵیدا ڕێکبکەوێت.[١٨] بە هۆی ئەم گۆڕانکارییەوە، ڕەوینەوەیەک، هەرچەندە بچووکیش بێت، لە هەڵوێستی سیاسیی تونديی تورکیادا هاتووەتە ئاراوە و ڕێگەی بە بیرەوەرییەکان و ژیاننامە و بەرهەمی ئەدەبیی داوە مامەڵە لەگەڵ جینۆسایدی ئەرمەن و ژیانی ڕزگاربووواندا بکرێت کە گریمانەی ئەوە هەبوو بە تەواوی تێکەڵی کۆمەڵگەی تورکی بووبێتن و تێیدا توابێتنەوە. شیکاریی بۆ کاردانەوەکانی ئەزموونی زەبربەخشی ڕابردوو، وەک لە ئەدەبیاتی هونەریدا بەرجەستە و چەمکسازیی کراوە، تێڕوانینێکی قوولترم پێدەبەخشێت لە سەر گۆڕانکاریی ناسنامەی ڕزگاربووانی جینۆساید لە تورکیادا.

بێجگە لە وتار و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، ناسین و ئاشنابوونی من بۆ ئەم بواره بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی کتێبەکەی کەمال یاڵچینەوە بوو، بە

ناونیشانی *"ئێوە دڵخۆشم دەکەن Seninle Güler Yüreğim"*.[١٩] دابەشکردنی ئەم کتێبە، کە بە زمانی تورکی نووسراوە و بۆ یەکەمجار لە لایەن دۆغانەوە Doğan لە ساڵی ٢٠٠٠دا بڵاوکراوەتەوە، لە تورکیا قەدەغە کرا. دوو ساڵ دواتر، بە ئامادەبوونی دادنووسی گشتی، هەموو ژمارەکانی کتێبەکە کە ٣٠٠٠ دانە بوو فەوتێنرا. لەم ماوەیەشدا یاڵچین لە سەر ئەرکی خۆی و ساڵی ٢٠٠١ کتێبەکەی لە ئەڵمانیا چاپ و بڵاوکردەوە و هەر زوو لە کتێبخانەکاندا نەما و پاشان ساڵی ٢٠٠٣ خێرا چاپێکی تری بەدوادا هات. جێگای سەرنجە کەوا لە ساڵی ٢٠٠٦دا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی تورکی "بیرزەمانلەر" چاپێکی نوێی کتێبەکەی بڵاوکردەوە و دەرفەتی ڕەخساند بۆ ئەوەی بگاتە دەستی بازنەیەکی فراوانتری خوێنەرانی تورک. سەرچاوەی زانیاریی منیش وەرگێڕانی ئەرمەنیی ئەم کتێبەیە.[٢٠] بێجگە لەوەش، ڕۆمانی *"زۆڵەکەی ئیستانبوڵ"*ی ئەلیف شەفەق و هەروەها وەرگێڕانی ئەرمەنیی کتێبەکەی فەتحیە چەتین *"نەنکم لە دایکمەوە Anneannem"* زیاتر ڕێگاکەمی ڕۆشن کردەوە.

یاڵچین، وەک زۆرینەی ڕەهای تورک لە نەوەی خۆیدا، هیچی لەبارەی ئەرمەنەکانەوە نەدەزانی کە لە ساڵی ١٩١٥دا چییان بە سەرهاتووە. مێژووی فەرمی هەموو ئاماژەیەک بۆ بوونی ئەرمەن و پرسەکەیانی لە تورکیادا سڕیبووەوە. جگە لەوەش لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، کە حکوومەتی تورکیا ناچار بوو کاردانەوەی هەبێت بەرانبەر بە چڕکردنەوەی هەڵمەتی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە جینۆسایدی ئەرمەندا، بەشێکی بەرچاو لە ئەدەبیاتی نکۆڵیکردن بەرهەم هێنراوە لە سەر بنەمای بیرۆکەی خیانەتی ئەرمەن لە سەردەمی جەنگدا. ئەم گێڕانەوەیەی خیانەت و هاوکاریی ئەرمەنەکان لەگەڵ دوژمن بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی عوسمانی وردە وردە ڕەگی داکوتا و لە ڕاستیدا تا ڕادەی دۆزینەوەی ڕێگەی خۆی بۆ ناو کایەی پەروەردەی میللیی باو. ئەوە بوو بە نۆرم و پێوەر بۆ چۆنیەتیی تێگەیشتن لە ئەرمەنەکان و

تەماشاکردنیان. تانەر ئاکچەم باس لە ڕێگە و شێوازی پەروەردەکردنی ڕق و کینە دەکات لای نەوەکانی تورک دژ بە ئەرمەنەکان: "ئێمە ڕۆڵێکی هێجگار نەرێنیمان دابووە پاڵ کەمینە مەسیحییەکان لە تورکیا و بە دیاریکراویش ئەرمەنەکان. لای ئێمە، ئەوان هاوکاری دوژمن بوون بەو پێیەی هەموو مەسیحییەکانی تورکیامان وەک هاوپەیمانی دەوڵەتی ئیمپریالیستی دەبینی و بەو پێیە وێنەیەکی زۆر نەرێنیمان هەبوو بەرانبەریان...."[٢١] عوسمان کۆکەر ڕوونیدەکاتەوە کەوا "لە تورکیا خوێندن و فێرکردنی مێژوو هەمیشە دەربارەی یەک گەل بووە کە ئەویش تورک بووە، وەک ئەوەی هیچ گەلێکی تر لە سەر ئەم خاکە نەبووبێت. کاتێکیش ئێمە باسی ئەرمەنەکان دەکەین، وا باس ناکرێن کە بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەبن، بەڵکو وەک سەرچاوەی کێشەکان باسیان دەکەین."[٢٢]

ئەو تێڕوانینە دامەزراوەییە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە ئەرمەنەکانی تورکیا لە دۆخێکی ترسدا بژین و بە ئاشکرا لە بەر چاوی خەڵک دەرنەدەکەوتن. هوڵیا ئەداک جەخت لەوە دەکاتەوە کە:

ئەفسانەی نەتەوەیی - کە هەموو ئەرمەنییە عوسمانییەکان بە یاخیبوو، خیانەتکار، جوداخواز دادەنران و بەرپرسیار بوون لەو کۆمەڵکوژییانەی کە لە سالانی ١٩١٥ - ١٩١٦دا ڕوویانداوە و - بیرەوەرییەکانی [تەڵعەت پاشا] بەرەوی پێدراوە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی بڵاوکردنەوە و وەرگرتنی بەرهەمەکە، تا ئێستا لە خەیاڵی نیشتمانیی تورکیدا بوونی هەیە.[٢٣]

بە خوێندنەوەی وتارە شیکارییەکەی ئەداک، مرۆڤ تێدەگات کە بڵاوکراوەکانی بیرەوەرییەکانی تەڵعەت پاشا چەندە بە شێوەیەکی ستراتیجی خراوەتە ناو یادەوەریی بەکۆمەڵی نەتەوەی تورکەوە. چاپی یەکەمی ئەم بیرەوەرییانە لە ساڵی ١٩٢١دا بڵاوکرایەوە، ڕاستەوخۆ دوای تێرۆرکردنی تەڵعەت، بۆ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی لە سەر ساغ نەبێتەوە کە ئاڕاستەی دەکرا. چاپی دووەم و سێیەم ساڵانی ١٩٤٥ و ١٩٤٦ دەرچوون، وەک ئەوەی بەرپەرچدانەوەی لۆبیکردنی ڕافایل لیمکین بێت بۆ زاراوەی "جینۆساید" و ئاماژەکردن بێت بۆ ڕووداوەکانی

ساڵی ١٩١٥ لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا. ئاداک پێی وایە چاپەکانی دواتر لە ساڵانی ١٩٨٦ و ١٩٩٠ لە وەڵامی چالاکییەکانی سوپای نهێنیی ئەرمەن بۆ ڕزگارکردنی ئەرمینیا بووبێت[٢٤] Armenian Secret Army for the Liberation of Armenia (ASALA) و بە مەبەستی بەهێزکردنی خەتی فەرمیی کۆماری، کە ناوی دەنێت "گێڕانەوەی بەرگریی کۆمارییەکان".[٢٥] پاشان دوو چاپی تر لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا بڵاوکرانەوە کە، بەپێی ئاداک، مەبەست لێی سووککردنی توندی و دڵگەرمیی نەوەدەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئەرمەن و بەربڵاویی یادکردنەوە و کۆنفرانسەکانی بانگەشەی بابەتەکە بوو.[٢٦]

لەم کەشوهەوای پڕ لە گومان و لایەنداری و فشاری کۆمەڵایەتی و سیاسییەدا، ناسنامەی ئەرمەنی دوای جینۆساید گەڵاڵە کرا و پەرەی پێدرا. شانازیی نەتەوەیی و ئیتنیکی، خۆبەگەورەزانین، خواست بۆ بەرگریی لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، ئەو توخمانە بوون کە لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا هاوکاریی ڕێنێسانسی ئەرمەنیان کرد بۆ بەرزکردنەوە و بەهێزکردنی ڕۆحی نەتەوەیی سەرکوتکراوی ئەرمەن، کە بووبوو بە قوربانیی سیاسەتەکانی دژە کەمینەکانی تورکیای کۆماری.

هەر لەم کەشوهەوایەدا بوو کە کەمال یاڵچین دەستی کرد بە گەڕان بە دوای شوێنەواری دوو خوشکی یۆنانی کە خێزانەکەیان لە ڕەگەوە هەڵکێشرابوون و مارەییەکەیان بە باپیرەی سپاردبوو.[٢٧] ئەو چیرۆکی پەرت و بڵاوی لە پەنابەرە کۆنەکانی یۆنانی بیستبوو دەربارەی ژنانی ئەرمەن کە موسڵمان بوون یان هاوسەرگیرییان لەگەڵ تورک کردووە بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی ئاماسیا و تاشۆڤا و ئێربا بە زیندوویی بمێننەوە.[٢٨] بەڵام پاڵنەرەکەی یاڵچین بۆ ئاشنابوون بە کارەساتی ئەرمەن خۆشەویستی و سەرسامی بوو بۆ میللێتی جوان و ناسک، کە مامۆستا و ڕاهێنەرێکی بە ڕەچەڵەک ئەرمەن بوو لە بەرنامەی ڕاهێنانی مامۆستایانی تایبەت بە مامۆستایانی زمانی تورکی و لە ئەڵمانیادا ئەنجامدەدرا.

لێدوانە بچڕبچڕەکانی میلینێ کە ئاماژە بە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٥ پەشۆکاندبووی: "[ئەوە] بە دیاریکراوی فەرشێکی ئەرمەنیی کۆن و تایبەتە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە ئەرزڕووم، قارس، یان وانەوە هاتووە". ئەو جارێکیان سەرنجی لە سەر فەرشێک دەربڕی کە لە شاری کۆڵن کڕیبووی و زیاتر لەسەری ڕۆیشتبوو "لەوێ هیچ ئەرمەنییەک لەو ناوچانە نەماوە بۆ ئەوەی فەرش بچنێت و دەکرێت مرۆڤ هەستی قوواڵی ترس ببینێت کە ڕژاوەتە ناو ڕەنگ و وێنەکانەوە" (ل٢٨) ئەم دەربڕینە لەسەرخۆیەی میلینێ دۆستایەتی و هاوڕێیەتییەکی ڕاستەقینە و متمانە و پەرەپێدانی ڕەخساند بە توانا و دڵسۆزییەکەی و وردە وردە پاڵنەرێکی بۆ دروستکرد و ڕێگای پیشاندا و داوای لێکرد ژنانی ئەرمەنی بەتورککراو بدۆزێتەوە و داوایان لێبکات چیرۆک و بەسەرهاتەکانیان بگێڕنەوە.[٢٩]

یاڵچین گەشتەکەی دەستپێکرد و یەکەم وێستگە ئەماسیا بوو، بەڵام زۆر درەنگ کەوتبوو. بەڵێ، ئەرمەن لە ئەماسیا هەبوون، تەنانەت تا ساڵانی ١٩٩٠کانیش و لەوە بەدوا ئەوان گواستبوویانەوە بۆ ئیستانبوڵ یان کۆچی دواییان کردبوو. بەڵام ئەو وازی نەهێنا بەڵکو بەردەوام بوو لە گەڕان و لێکۆڵینەوەی خۆی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی شار و بەرپرسانی حکوومەت لە شار و گوندەکاندا. هەر لەم سەفەرە سەختەدا بوو کە ئەو لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٥ تێگەیشت، سەرەڕای نکۆڵیکردنی ڕەها لە هەر بوونێکی ئەرمەن لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە ڕابردوودا. ئەو لەبارەی ستەم و چەوساندنەوەی بەردەوامی سەر ڕزگاربووە ئەرمەنەکان زانیاریی پەیداکرد، تەنانەت لە سەر ئەوانەش کە بەئیسلام کرابوون. هەروەها ئەوەشی زانی کە پرسیارکردن لەبارەی ئەرمەنەکان و گەڕان بە دوای ئەو تورکانەدا کە دایک یان نەنکەکانیان ئەرمەنن، پێچەوانەی ئەزموونی پێشووی بوو لە گەڕان بە دوای یۆنانییەکان (گریکەکاندا)، کە کارێکی سادە و ئاسان بوو. ئەم کارەی یاڵچین یەکسەر ترسی لای خەڵک دروست

دەکرد و گومانی دەوروووژاند و خەڵکی شار بە هیچ شێوەیەک یارمەتییان نەدا، نەک مەترسیی ناپێویست بە سەر خۆیاندا بهێنن. ئەوان تەنانەت بەزەییان پێدا دەهاتەوە و ئامۆژگارییان دەکرد کە واز لە گەڕان و سۆراخکردنە بێهوودەکەی بێنێت و وو باشترە لە مااڵی خۆیدا دابنیشێت. هەموو ئەمانە لە کاتێکدا ڕوویاندا کاتێ یااڵچین کەوتە پرسیارکردن لە شوێنی سەفییە/ زاروهی[٣٠]، کە نەوەی دووەمی ڕزگاربووی ئەرمەنە و هاوسەرگیریی لەگەڵ تورکێکدا کردبوو و لە گوندی یاسیچاڵ دەژیا لە نزیک ئەماسیا (ل٥٣ – ٥٥). بەاڵم سەرەڕای ئاستەنگەکان، یااڵچین توانی بیدۆزێتەوە و بڕوا و متمانەی بەدەست بهێنێت و هانی بدات بۆ ئەوەی چیرۆکی مانەوەی دایک و باوکی بگێڕێتەوە لە کاتی کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنەکاندا. بۆ یەکەمجار لە ژیانیاندا منداڵەکانی سەفییە و نەوەکانی ئەم دەرد و ئازارە ترسناکەی ڕابردوویان بیست و ئەو چیرۆکە شاراوە بەاڵم لەبیرنەکراوەی ئەوەی لە ساڵی ١٩١٥ ڕوویداوە و چۆن دانیشتووانی ئەرمەنی ئەماسیا ڕاگوێزراون. ناسنامەی نەتەوەیی سەفییە، کە وردەکارییەکی تەمومژاوی و نەخوازراو بوو بۆ ژیانی منداڵ و نەوەکانی، ئاشکرابوو. چیرۆکی ئازارەکانی ڕابردوو و ئاشکرابوونی ڕەچەڵەکی ئەرمەنیی ئەو ژنە، کە لە توخمە پێویستەکان بوون بۆ بنیاتنانی شوناسێکی ئیتنیکی / نەتەوەیی، ئێستا بۆ ئەوان دەگوازرێتەوە.

یااڵچین یەکەم تورک بوو کە بە دوای ئەم ڕزگاربووانەدا دەگەڕا و گوێی لە چیرۆکەکانیان دەگرت و یەکەم تورک بوو کە قسەی لەگەڵ دەکردن سەبارەت بە ڕابردوویان، هەرچەندە زۆر کەم کەسی ڕزگاربوو هەبوون کە لە ژیاندا مابووبێتنەوە بۆ ئەوەی چیرۆکە ترسناک و تۆقێنەرەکانیانی بۆ بگێڕنەوە لە سەر تاڵانکردن و کوشتن، کە چیرۆک و بە سەرهاتی جیاواز بوون لەوانەی لە کتێبە میژوویییەکاندا خوێندبوویەوە (ل١٤١). هەروەها ئەوەشی لا دەبووە پرسیار کە بۆچی هەرگیز نەیبیستووە کەنیسەکانی ئەرمەن ڕووخێنراون لەناوچوون – بۆ

نموونه کەنیسەی زارا و ئەوەی سیڤاس لە ساڵی ١٩٤٠دا (ل ١٧٦) و زۆر زۆری تریش لە پێش و دوای ئەوان.[٣١] سەرەڕای ئامۆژگاری و هۆشداری سەبارەت بە مەترسیی نزیک بۆ سەر ژیانی و سەرەڕای ئەوەی کە دەیزانی پۆلیسی نهێنی لە نزیکەوە بەشوێنیەوەن، یاڵچین بەردەوام بوو لە سەر ئەنجامدانی کارەکەی و بەرەو ئەرزڕووم و ئاشکالێ و قارس و ئانی ڕۆیشت. ئەو بە دوای شوێنەواری پێشووی ژیان و کولتووری ئەرمەنەکاندا دەگەڕا لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا و بە دوای تروسکایی یادەوەریی مێژوویی بەجێماودا دەگەڕا کە بووبوون بە ژێر داروپەردووی وێرانەکانی تەلاری کولتووریی ئەرمەنەوە و ئەوانەی کە ڕەگیان لە زەین و مێشکی ڕزگاربووان و نەوەکانی دواتر لەدایکبوودا داکوتابوو. ڕاستییەکان وردە وردە لە ڕێگەی دواندن و گفتوگۆکانەوە کە توانیبووی لەگەڵ ئەرمەنە کۆنەکاندا ئەنجامی بدات ئاشکرا بوون. یاڵچین بە دوای وەڵامێکدا دەگەڕا و سەرنجی لە قسەکانی کیرکۆر جەیهان گیر دەکرد، ئەو پیاوە ئەرمەنە تەمەن ٧٣ ساڵەی کە لەگەڵ هاوسەرە ئەڵمانەکەی لە شاری بۆن دەژیا و پرسیاری لە خۆی دەکرد: "ئەمڕۆ چەند کەنیسە لە ئاسیای بچووکدا ماوەتەوە؟ نازانم. باشە ئێوە کە ئەرمەن و یۆنانی دەکوژن ئەی بۆچی کەنیسەکانیان دەڕووخێنن و لەناودەبەن؟... ئاخۆ ئەم کەنیسانە ملک و سامانی ئاسیای بچووک نین؟" پاشان کیرکۆر دەپرسێت "ئایا حکوومەت نیگەرانە لە شتێک؟ بە وتنی 'هیچ ئەرمەنێک لە ئاسیای بچووکدا نییە'، مەبەست ئەوەیە بڵێن 'هەرگیز ئەرمەن لە ئاسیای بچووکدا نەبوون؟... باشە دەتوانن بەو ئاسانییە مێژووی ئەرمەن و ئەو تاوانەی کە ئەنجامدرا بسڕنەوە تەنها بە گوتنی نەخێر ئەرمەنی تێدا نەبووە؟" (یاڵچین، ل١٧٦). بەڵام نکۆڵی کردن لە بوونی ئەرمەن لە ئەنەدۆڵدا لەبەر ئەو هۆکارە سادەیە نەبوو کە لە پشت ڕووخاندن و لەناوبردنی شوێنەوارە کولتووریەکانی ئەرمەنەوە بوو. حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا بەهای ئەم کۆشک و تەلارانەیان باش دەزانی لە بەزیندوویی هێشتنەوەی یادەوەریی مێژوویی لای

هەردوک ڕزگاربووان و تاوانباران بە هەمان شێوە. ئەم شوێنەوارە مێژووییانەی ڕابردوو نەک تەنها لە ئێستادا گرنگن و هەستێکی تایبەت و دیاریکراوی سەپاندووە لە ئاست ئەو ڕاستییە نکۆڵی لێکراوانەدا، بەڵکو بۆ نەوەکانی داهاتووش بە هەمان ئامانج کار دەکەن. لەناوبردنی شوێنەوارە کولتوورییەکان بە واتای پارچەپارچەکردنی ئەو گرووپە نەتەوەییە بوو لە دەوری و نەهێشتنی توخمی جیاوازی و لاوازکردنی بناغەکانی ناسنامەی ئەو گرووپە. بۆیە دەبوو بڕووخێت و لەناوببرێت. لە ولاتێکی تردا، ژنێکی بۆسنیی ڕزگاربوو سەیری بینایەکی وێرانکراوی میراتی کولتووریی بۆسنە دەکات و دەڵێت "ژنێکی مردوو کەسێکە لە ئێمە و ڕۆیشتووە، بەڵام ئەم پردە وێرانکراوە هی هەموومانە بۆ هەمیشە".[٣٢]

ئەو شێوازەی کە یاڵچین بۆچوونەکانی خۆی پێ دەخاتە ڕوو لەگەڵ چاوپێکەوتوواندا، بریتییە لە زیادکردنی لێکدانەوە و شیکارییەکانی خۆی بۆ ئەوان و ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ڕێککەوتنی تەواوی نووسەر لەگەڵیان و لایەنگریی ئەو لەگەڵ دید و تێڕوانینیان. لە هەندێ حاڵەتدا، زەحمەتە ئەوە دیاری بکرێت کە ئایا باسەکە یان شیکارییەکە هی چاوپێکەوتووە ئەرمەنەکەیە یان هی یاڵچین خۆیەتی. ئەمە بەتایبەتی کاتێ ڕاستە کە بابەتەکە بریتی بێت لە مامەڵەی خراپ لە لایەن حکوومەتەوە لەگەڵ ڕەعییەتە ئەرمەنەکانیدا، یان هۆکارەکانی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٥ بووبێت، یان کاتێ داهاتووی پەیوەندیی تورک و ئەرمەن و پێکەوەژیانی کۆتاییان گفتوگۆی لە سەر دەکرێت.

سەرەڕای کۆنترۆڵی توندی حکوومەت بە سەر یادەوەریی بەکۆمەڵی هاوڵاتیانی خۆیدا، سڕینەوەی ڕەهای مێژوو بەدەست نەهاتووە، چونکە پاراستنی یادەوەریی مێژوویی بە زیندوویی و لانیکەم لای نەوەی کۆنی تورک پارێزراوە. ئەوان شایەتحاڵی کۆمەڵکوژییەکان بوون، یان دەیانزانی کە یەکێک لە باپیران و داپیران لە بنەماڵەکەدا ئەرمەنی کردراو، ڕفێنراو، سپێردراو بە دراوسێیەکی

تورک یان کورد بووە، یان خۆبەخشانە بوون بە موسڵمان بۆ ئەوەی لە ڕێپێوانی مەرگ خۆ لابدەن و دەرباز ببن.

ڕۆشنبیرانی تورکیا دەستیان کردووە بە قووڵتر تێڕوانینی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵاتەکە و لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی فرەکولتووری، فرەنەتەوەیی و ئیتنیکی و فرەکۆمەڵگەیی دەکەن وەک وێنەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی تورکیا. ئەوان بەگومانەوە دەڕوانننە ئیددیعای حکوومەتەکان سەبارەت بە هاوچەشنی و یەکسانیی ئیتنیکی و ئاینی و کولتووری. هەروەها بناغەی کەمالیست و شوناسی تورکیا دەخەنە ژێر پرسیارەوە و وایدەبینن ئەم بناغە فشەڵە کە لە سەر وێرانەکانی کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و پاکتاوی نەژادی و نەتەوەیی بنیاتنراوە کێشەدارە. ڕێبازە نوێیەکەیان ئەوەیە نکۆڵیکردنی ڕابردووی شکۆمەند و شەڕی قارەمانانەی سەربەخۆیی لە کتێبەکانی مێژوودا باسکراوە. ئێستا دیواری بێدەنگی شکێنراوە و کۆنترۆڵی ڕەق و وشک بە سەر بیرەوەریی بەکۆمەڵدا سووک بووە. لە ماوەی دریژایی سەردەمی کۆمارییەکان لە تورکیا، دەوڵەت ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبوو لە پێکهێنانی یادەوەریی بەکۆمەڵدا، ئەو جۆرەی کە جەیمس ڤی. وێرش دەڵێ "پشتی بە دەق بەستووە"، چونکە بە تۆندی و تەنها بەندە بەو سەرچاوە و دەقانەوە کە حکوومەت دایڕشتوون.[٣٣]

وردە وردە ڕێگاکە بۆ لێکۆڵینەوە و تێفکرین لە سەر کەمینەکان لە تورکیادا خۆش دەکرێت، سەرەتا لە پرسی کوردەوە، کە ئێستا بە کەمینەیەکی نەتەوەیی دیاریکراو دادەنرێت و ئەوجا بەتایبەتی دۆخی سەختی ڕابردوو و ئێستای ئەرمەن لە تورکیادا. ئەدەبیاتی هونەری پێشەنگی بەدواداگەڕان و پەردە لادانە لە سەر ئەم ڕەوشە نوێیە. هەنگاوەکانی یاڵچین کە لەم ڕێگایەدا گرتوویەتیەبەر، بە ڕوونی ئاماژە بە گرنگیی ئەم پرسە دەدەن بۆ ئەرمەنەکان و تورکەکان بە هەمان شێوە.

پەراوێزی بەشی ١: بەزاندنی دیواری بێدەنگی

١ لە پێداچوونەوەیەکدا بە کتێبی "*ئێوە دڵخۆشم دەکەن Seninle Güler Yüreğim*"ی کەمال یاڵچین، ئە. عومەر تورکەش ئاماژە بەوە دەکات کە لە نێوان زیاتر لە پێنج هەزار ڕۆمان کە لە تورکیای کۆماریدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە، زۆر کەمیان باس لە ڕاگواستنی ئەرمەنەکان دەکەن. ئەو چەند ڕۆمانە و نووسەرانیان دەخاتە ڕوو کە نزیکەی دوو دەرزەن ڕۆمانە و دەشڵێت لە بەرانبەر پرسی ئەرمەندا هەموویان هێڵی فەرمیی تورکیا جێبەجێ دەکەن. پاشان ناوی کەمال تاهیر، یەشار کەمال، دۆغان ئاخانلی، ئایشەنور یازیجی، عیرفان پالالی، عارف ئیرگەچ، کەمال یاڵچین وەک نووسەرانێک دەهێنێت کە ڕێبازێکی جیاوازیان گرتەبەر لە کۆی گشتیدا.
http://www.pandora.com.tr/turkce/elestiri.asp?yid=251.

٢ هەمان سەرچاوە.

٣ ئێرۆل کوێرئۆغلۆ لە هەمان سەرچاوەدا ئاماژەی پێکراوە.

٤ لە لایەن گوێچەکەوە لە کتێبی "بێدەنگی لە ڕابردووی کۆمارییەکانی تورکیادا Silences in the Turkish Republican Past" (بێ مێژوو) وەرگیراوە.

٥ هەمان سەرچاوە.

٦ "لە ئیمپراتۆرییەتەوە بۆ کۆمار *From Empire to Republic*" (٢٠٠٤) و "کردەوەیەکی شەرمهاوەر *A Shameful Act*" (٢٠٠٦) دوو لە بەشدارییە گەورەکانی تانەر ئاکچەمن لە مێژوونووسی جینۆسایدی ئەرمەندا.

٧ نازم حیکمەت (١٩٠٢ – ١٩٦٣) نووسەر و شاعیرێکی مارکسیستی تورک بوو، خاوەن ڕۆحێکی یاخی بوو لە دژی ستەم. لە ساڵی ١٩٥٠دا "پیاسەی ئێوارە"ی نووسی (لە چاپکراوێکی شیعرەکانیدا لە ساڵی ١٩٥٤دا بە "پیاسەی ئێوارە Evening Walk" وەرگێڕدراوە). بڕوانە "ئەو شتانەی کە نەمدەزانی خۆشمدەویست *Things I Didn't Know I Loved*" (١٩٧٥)، ل ٦٠. ئەم شیعرەش وەک زۆربەی نووسینەکانی حیکمەت ژیاننامەییە (ئۆتۆبایۆگرافی) و خۆی ڕووی لە خۆی کردووە ("تۆ" بە درێژایی شیعرەکە).

٨ پێرومیان، "کاتێ مردن نیعمەتە When Death Is a Blessing" (٢٠٠٣). وەک لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە، پاڵنەر بۆ تەرکیزکردن لە سەر ژنانی قوربانی یان جەختکردنەوە لە سەر ئازارەکانیان ئەوە بووە کە ژنان زیاتر لاواز بوون و کەمتر ئامرازی جەستەیی و سۆزداریان هەبووە بۆ بەرگەگرتنی کارەساتەکە. لە زۆر حاڵەتدا، تاقیکردنەوەکەیان بە هۆی ڕەگەزەکەیانەوە لە چوارچێوە دراوە. دەبوو ڕووبەڕووی هەڵبژاردنی

کارەساتبار ببنەوە، یان "بژاردەی بێ هەڵبژاردن" وەک لۆرەنس لانگەر ناوی دەبات. یان خۆیان لە ڕووبارى فوراتدا بخنکێنن، یان خۆڕادەستکردن بە تورکێک و دەست بە تاقیکردنەوەیەکی پڕ مەینەتیی نوێ بکەن، واتە ژیانی کەنیزەکێک. بڕیاری ژیان یان مردن هیچ ڕزگاربوونێکی پێشکەش نەدەکرد، بەڵام هەر دوو ڕێگاکە پێویستی بە سازشێکی قورس یان بوێرییەکی نائاسایی بوو.

٩ ڕۆدۆستۆی سێڤان، ڕۆدۆستۆ *Rodosto* بە زمانی بوڵگاری نووسراوە و لە ساڵی ١٩٨١ بڵاوکراوەتەوە. وەرگێڕانی ئەرمەنی لە ساڵی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە. هەروەها بەشێک لە ڕۆمانەکەی لە کتێبی *Otaralezu hay groghner* (نووسەرانی ئەرمەنی کە بە زمانی بیانی دەنووسن) (یەریڤان: چاپخانەی زانکۆی دەوڵەتی یەریڤان، ١٩٨٩)، ل ٤٠٤ – ٤٥٦ بڵاوکراوەتەوە.

١٠ سێڤان، *ڕۆدۆستۆ* (١٩٨٩)، ل٩١ – ٩٣. هێرمین ناوی ئەرمەنیی کچەکەیە، کە لە بیری نییە و فیلۆریش ئەو ناوەیە کە هاوسەری کونسوڵی فەرەنسی پێی داوە کاتێ دوو پەیامنێری فەرەنسی دەبینن کە لە ژێر داریکی نیوە سووتاودا خەوتووە و دەیبەن بۆ کونسوڵخانەی فەرەنسا. بێگومان فیلۆر گۆکردنی هەڵەی تورکییە بۆ ناوی فەرەنسیی فلوێر کە بە واتای گوڵ دێت. خانمە فەرەنسییەکە ئەم ناوەی بۆ هەڵدەبژێرێت چونکە لە چاویدا کچە بچووکەکە وەک گوڵێکی کێوێی جوانە. پاشان فیلۆر دەسپێردرێتە هەتیوخانەیەکی ئەرمەنی لە قوستەنتینیە.

١١ لە نیوەی ڕۆمانەکەدا پیاوێک لە خانەی هەتیوەکان خۆی نیشان دەدات و پێداگری لە سەر ئەوە دەکات کە ئەو خوشکەکەیەتی و ناوی هێرمینە و ئەمیش ڕەتیدەکاتەوە لەگەڵ ئەو کەسە نامۆیە بڕوات، بەڵام قسەکانی هەر لە مێشکیدا دەمێنێتەوە تا ماوەیەکی زۆر دواتر، کاتێ دەکەوێتە بیرهێنانەوەی هەندێ وێنەی ڕابردووی و ناوە ئەرمەنییەکەی، هێرمین، لە لای جوان و ئاشنایە بۆی.

١٢ فەرحی، "تورکی لاو *Young Turk*" (٢٠٠٤)، ل٩٩ – ١٠٠، ١١٧. هەروەها بڕوانە پێداچوونەوەی ئەنتۆنی وین لە "چیرۆکە گەورەکان، کەسانی بچووک"، گۆڤاری کۆرنوکۆپیا *Cornucopia* ٣٢ (٢٠٠٥)، http://www.cornucopia.net/aboutyt.html. سەردان لە ٣٠ی تەممووزی ٢٠٠٧.

١٣ تورکیا بە فەرمی لە ساڵی ١٩٢٨دا بووە بە سێکولار کاتێ کە بڕگەی چەسپاندنی ئیسلام وەک ئاینی دەوڵەت لە دەستوور لابرا.

١٤ لێکۆڵینەوەیەکی جیددی هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە حەزنەکردن یان باشتر بڵێین دژایەتیکردنی مستەفا کەمال بۆ ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕەچەڵەکی جوولەکە بووە. لە

ڕاستیدا لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە ئەو ڕەچەڵەکێکی جوولەکە یان باشتر بڵێین دۆنمە *dönme* (گۆڕینی ئاین)ی هەبووە. ژیاننامەکانی بەردەست چیرۆکی دژ بەیەک سەبارەت بە بنەچەی مستەفا کەمال دەگێڕنەوە، لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە دەیسەلمێنن کە باوکی دۆنمە بووە و لە کۆمەڵگەیەکی دۆنمەدا گەورە بووە و لە قوتابخانەیەکدا خوێندوویەتی کە سەرکردەیەکی دۆنمە بەڕێوەیبردووە.

١٥ سەرپۆش و مافی لە سەرکردنی بووەتە هێمای ئازادیی ئاینی لە تورکیادا. هەڵمەتێکی بەرفراوان لە دژی یاسای قەدەغەکردنی سەرپۆشی ئافرەتان لە شوێنە گشتییەکان بەڕێوەدەچێت و پێشبینیش دەکرێت ئەو یاسایە هەڵبوەشێتەوە. (ئەمە بەگشتیی بالاپۆشیی ژنان دەگرێتەوە - وەرگێڕ)

١٦ مستەفا ئاکیۆل، "کەمالییەکانی ڕۆژهەڵاتیش لە تورکیا تێناگەن" (ڕۆژهەڵات لێرەدا بە واتای خەڵکی ناوچە یان ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەگرێتەوە)، ڕۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز *Turkish Daily News* (١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧). ئاکیۆل وەڵامی وتارێکی ئۆرهان کەمال جەنگیز دەداتەوە بە ناوی "کەمالییەکانی ڕۆژئاوا لە تورکیا تێناگەن"، لە ژمارەی ٨ی کانوونی دووەمی ڕۆژنامەکەدا. کۆی ئەم دوو مادەیە نوێنەرایەتی ئەو فرەچەشنییە و زۆرجار دژایەتییەکانی نێوان بۆچوون و لێکدانەوەکانی ئەو چەمکانەیە کە لە سەر بنەمای وڵات حوکمڕانی دەکرێت.

١٧ بابەتەکەی ئاڵتان لە لایەن فاتمە موگێ گوێچەکەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی ئینگلیزی و لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧دا نێردراوە بۆ لیستی خزمەتی وەرشەی چەکداری (armworkshop@umich.edu) بڵاوکراوەتەوە.

١٨ لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەڵوێستی فەرمیی تورکیا و لە جوغزێکی تەسکەوە ئاماژەیە بۆ شێوازی مامەڵەکردنی حکوومەت لەگەڵ پرسی ئەرمەندا، واتە بێدەنگکردنی هەر باسێک لەو بارەیەوە و یادەوەرییەکەی بە هەمان شێوە. بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ڕۆشنبیرانی لیبراڵی تورکیا پێیانوایە ئەم جۆرە مامەڵەیە لە لایەن حکوومەتەوە نەک تەنها پرسی ئەرمەنەکان بەڵکو هەموو شتێک دەگرێتەوە کە پێچەوانەی پرۆژەی نیشتمانییە.

١٩ نووسەر و شاعیری تورک کەمال یاڵچین لە ساڵی ١٩٥٢ لە ناوچەی هۆناز لە دەنیزلی لەدایک بووە. لە قوتابخانەکانی تورکیادا وانەی ئەدەب و فەلسەفەی دەگوتەوە. لە ساڵی ١٩٨٢ ڕووی لە ئەڵمانیا کردووە و لەوێ لە شاری بوخم دەژی و وانەی زمانی تورکی دەڵێتەوە. چەندین شیعر و کورتە چیرۆک و ڕۆمانی چاپ و بڵاوکردووەتەوە. دوو ڕۆمانی تری بریتین لە

ئەمانەت جەیز *Emanet Çeyiz* (واتە مارەیی قەرز) (ئیستانبوڵ، ١٩٩٨)، لە سەر ئاڵوگۆڕی دانیشتووانی تورکیا و یۆنانی لە ساڵانی ١٩٢٠ - ١٩٢٤ و ساری گێلین ساری گیالین *Sarı Gelin Sarı Gyalin* (٢٠٠٦؟)، لە سەر ئەو ئەرمەنیانەی کە بە زۆرەملێ کراون بە تورک. هەردوکیان لە لایەن بیرزەمانلەر یاینجیلکەوە چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

٢٠ یاڵچین، هۆگیس کەزموژ کە خەیتا *Hogis kezmov ke khayta* (٢٠٠٣). هەموو ئاماژەکانی دواتر بۆ ئەم وەرگێڕانەن.

٢١ شیلینگ، "ئایا هێشتا هەر جینۆسایدە Is It Still Genocide" (بێ مێژوو)، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکچەم.

٢٢ عوسمان کوێکەر بەڕێوەبەری پێشانگای "برا ئازیزەکەم" بوو کە لە مانگی ١ی ساڵی ٢٠٠٥ لە ئیستانبوڵ کرایەوە، ئەمەش پێشانگایەک بوو بۆ ٥٠٠ پۆستکارت لە سەردەمی پێش جەنگدا ئەرمەنەکان پێش لەناوبردنیان لە لایەن حکوومەتی گەنجی تورکیاوە نێردراوە. ئامانج ئەوە بوو کە لە ڕێگەی ئەم پۆستکارتانەوە بوونی ئەرمەنەکان لە سەرانسەری ئیمپراتۆرییەت و ڕۆڵی ئەوان لە کۆمەڵگەدا پیشان بدرێت. بڕوانە شێڤیرۆن، "تورکیا دەست بە بەخۆداچوونەوە دەکات Turkey Begins Self-Reflection" (بێ مێژوو).

٢٣ ئاداک، "دەستنیشانکردنی 'وەرەمە ناوخۆییەکان' 'Identifying the 'Internal Tumors'" (٢٠٠٧)، ل ١٥١. ئاداک ڕوونیدەکاتەوە کە زاراوەی "وەرەمە ناوخۆییەکان" لە لایەن کوشچوباشی ئەشرەف لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە پەیوەندی لەگەڵ ئەرمەنەکان و لەگەڵ ناموسڵمانەکان بەگشتی بەکارهێنراوە، بەو مانایەی کە وەرەمەکە پێویستە "لابدرێت" بە "هۆکارێکی نیشتمانی".

٢٤ ئاسالا ASALA ڕێکخراوێکی ئەرمەنیی شەڕکەری مارکسی - لینینی بوو کە لە ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٨٦ چالاکیی دەکرد، لە بەیروتی پایتەختی لوبنان دامەزراوە و لە لایەن چەکدارە فەلەستینییەکانەوە مەشقی پێدەکرا. ئامانجی ڕێکخراوەکە ئەوە بوو حکوومەتی تورکیا ناچار بکات دان بە بەرپرسیارێتیی خۆیدا بنێت بە کوشتنی ئەو یەک و نیو ملیۆن ئەرمەنە لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا (کە دواتر لە لایەن چەند دەوڵەتێکەوە وەک یەکەم جینۆسایدی سەدەی بیستەم ناسێندرا). بۆ ئاسالا ئامرازی گەیشتن بەو ئامانجە تێرۆرکردنی دیپلۆماتکارانی تورکیا بوو لە وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە ساڵی ١٩٨٢ ئەو گرووپە هێرشیان کردە سەر فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەنقەرە و لەوێ چەندین هاووڵاتیی سڤیل کوژران یان بریندار

بـوون. ئەو ڕووداوە و ڕەخنەگـرتن لە تاکتیکەکـانی ئاسـالا بـووە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەی ئەو گرووپە لە کۆتاییدا. بڕوانە *Wikipedia.org*.

٢٥ ئاداک، "دەستنیشانکردنی 'وەرەمە ناوخۆییەکان' " (٢٠٠٧)، ل ١٦٦.

٢٦ لێـرەدا پێویسـتە ئیشـارەت بەوە بـدرێت کە چەنـدین چـاپی بیـرەوەری و ژیاننـامە و لاواندنەوەی تەلعەت کە ستایشی خۆی و میراتەکەی دەکەن و ناونانی شەقامەکان بە ناویەوە و دانـانی پەیـکەر و مۆنـۆمێنتی یادگـاری لە یـادی ئەودا، ئەو هۆکـارانەن کە ڕۆڵیـان بینیـوە لە بەدیهێنانی ئامـانجی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکان بۆ شکۆدانان و ڕێزگرتنی پاڵەوانەکانی پـێش کۆمـار کاریـان کـرد بـۆ بەدیهێنـانی ئامـانجی حکوومەتەکـانی دواتـر کە ئایـدیالیزەکردنی پاڵەوانەکانی پێش کۆماریـیەکان بوو کە میراتەکەیان، کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد گوایە میراتی ئەوان بووە بە هۆکاری دامەزراندنی کۆمـاری تورکیـا. تێڕۆرکردنـی تەلـعەت لە بەرلـین لە سـاڵی ١٩٢١دا لە لایەن ئەرمەنیـیەکەوە بە نـاوی سـۆغۆمون تەهلیریـان ئەنجامـدرا کە لە کـاتی جێنۆسایدەکەدا هەموو خێزانەکەی لەدەستدابوو. تەڵعەت لە گۆڕستانی تورکەکان لە بەرلین بە خـاک سـپێردرا، بەڵام لەگەڵ هەڵکشـانی ناوبـانگی وەک پـاڵەوانێکی نیشـتمانی، لە سـاڵی ١٩٤٣دا ئێسکوپرووسکی هێنرایەوە بـۆ ئیستانبوڵ و بە ڕیوڕەسمێکی فەرمی لە گۆڕستانی شیشلی بە خاک سپێردرایەوە.

٢٧ کەمال یاڵچین لە یادیە باپیرەی بۆی گێڕاوەتەوە کە هەزار یۆنانی لە شـارۆچکەی هۆنـاز بە ئاشتیانە لەگەڵ هەزار تورکدا دەژیان و دواتر ڕۆژێک لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٠ هەمـوو پیـاوە یۆنانییەکان نەمـابوون (ڕاگوێزران؟ سـەربڕان؟). ئەو ژن و منداڵانەی کە مـابوونەوە دوای ئەوە دیپۆرت کرانەوە. بنەماڵەی مینۆغڵوی دەراوسێ یۆنانییەکانی بنەماڵەی یاڵچین، بە هیوای ئەوەی ڕۆژێک بگەڕێنەوە، مـارەیی (یـان جیـازیی بـووک – و) دوو کچەکەیـان بەوان سپارد. بنەمـاڵەی یاڵچین بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ مارەییەکەیان لای خۆیان هێشتەوە. تەنها لە سـاڵانی ١٩٩٠کاندا کە کەمـال هـاوڵاتییەکی ئازاد بـوو لە دەرەوەی وڵات دەژیـا، دایـک و بـاوکی داوای لێدەکەن بچێتە یۆنـان و هەرچۆنێـک بـووە کەسـانێک لە خێزانـی مینۆغڵـو بـدۆزێتەوە و مارەییەکەیـان بـۆ بگەڕێنێتەوە. جێگای سەرسوڕمانە کەمال توانیبووی نەوەکانی بنەمـاڵەی مینۆغڵـو بدۆزێتەوە و مـارەیی سـپاردەکراویان بـۆ بگەڕێنێـتەوە. *"ئەمـانەت جیـاز Çeyiz Emanet"* گێـڕانەوەی هەوڵە سەرسـوڕهێنەرەکەی نووسـەرە بـۆ دۆزینـەوەی بنەمـاڵەی نـاوبراو و گێـڕانەوەی ئەمـانەتی مارەییەکە بۆیان.

٢٨ یاڵچین، *"هۆگیس کەزموڤ کە خەیتا Hogis kezmov ke khayta"* (٢٠٠٣)، ل ٢٧.

٢٩ دایکی میلینێ هاوسەری یەکەمی لەدەستدابوو بە هۆی کۆمەڵکوژییەکانی ساڵی ١٩١٥وە لە سێباستیا (سیڤاس) کاتێ کە تەمەنی تەنها ١٨ ساڵ بووە و ژیانی بەدبەختیی بێوەژنێکی لەگەڵ دوو منداڵی هەتیودا ژیاوە تا ساڵانێک دواتر هاوسەرگیریی کردووەتەوە. میلینێ لە هاوسەرگیریی دووەمی دایکی لە ئیستانبوڵ لەدایکبووە.

٣٠ سەفییە ئەو ناوە تورکییەیە کە بە زاروهی دراوە کاتێ بنەماڵەکەی موسڵمان بوون. ئەمەش کارێکی باو بوو لە سەردەمی جینۆسایدیشدا. کچ و کوڕی ئەرمەنی یان ژنە گەنجەکان کە لە کاتی جینۆسایددا لە لایەن خێزانە تورکەکان، کوردەکان، یان عەرەبەکانەوە وەرگیراون ناوێکی نوێیان پێدراوە بۆ جێگرتنەوەی ناوە ئەرمەنییەکانیان. بەم شێوەیە هەر لە سەرەتاوە بەشێک لە ناسنامەیان لێدزراوە. لەم کتێبەدا، کاتێ باس لەو تاکانە دەکرێت، وەک سەفییە / زاروهی، ئەو دوو ناوە پێکەوە دێن، سەرەتا ناوە ئیسلامییەکەی و پاشان ئەرمەنییەکەی، لەگەڵ داشێک لە نێوانیاندا.

٣١ وێرانکردنی تورک بۆ کەنیسە و دێرەکانی ئەرمەن و شوێنەوارە کولتوورییەکانی تریان لە سەرانسەری تورکیادا جێگەی سەرنجی زۆرێک لە زانا و توێژەران بووە. لێکۆڵینەوە و چاپەمەنییەکان لە سەر ئەم بابەتە، کە بەگشتی بە جینۆسایدی کولتووری ناوزەد دەکرێن، لە ڕاستیدا دەریدەخەن ئەم کردەوە بەئەنقەستانەی کە حکوومەت سپۆنسەریان دەکات، قۆناخێکی دیاریکراوی بەردەوامبوونی جینۆسایدی ئەرمەنە. بۆ سەرەتاییترین بەیاننامەی نێودەوڵەتی ئەم کێشەیە، کە لە دانیشتنی ئەرمەنەکان لە دادگای هەمیشەیی گەلان (پاریس، ١٣ - ١٦ی نیسانی ١٩٨٤) پێشکەش بە دەستەی سوێندخۆران کراوە. بڕوانە کویومجیان، "لەناوبردنی شوێنەوارە میژوولییەکانی ئەرمەن" (١٩٨٥)، ل ١٧٣ - ١٨٥. بۆ زانیاریی گشتی، بڕوانە ماڵپەڕی www.virtualani.org، کە ماڵپەڕێکی تایبەتە بە تەلارسازیی میژوویی ئەرمەن.

٣٢ دی کۆنداپا، *"لەناوبردنی کولتووری ماددی Destroying Material Culture"* (٢٠٠٧).

٣٣ وێرش، *"دەنگەکانی یادکردنەوەی بەکۆمەڵ Voices of Collective Remembering"* (٢٠٠٢)، ل ٥.

٢

تراومای بەردەوام

لە بـارودۆخێکی تەواو جیـاوازدا، ڕزگـاربووانی ئەرمەن بەردەوام بـوون لە ژیان، یـان لانیکەم هەوڵیاندا ژیانێک بنیات بنێن لە سـەر وێرانەکـانی یـادەوەریی ئـازاربەخش و هەمیشـەیی ڕابـردوو. بـۆ ئەرمەنەکـانی دیاسـپۆرا یـان تـاراوگە، ئامـانجی سـەرەکییان مـانەوە بـوو لە ژیانـدا لە سـەر خـاکێکی نـامۆ بـێ هـیچ هیوایەکی گەڕانەوەیان بۆ هەوار و ماڵەکانی خۆیان. ململانێی ئەوان هەوڵدان بـوو بـۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو زیـان و لێقەومـانە بێئامـانەدا، لەگەڵ ڕابـردوویەک کە چنگی لە ئێستا و داهاتوویان گیرکردبوو. خانمە نووسـەری تورک ئەلیف شـەفەق[١] بە وریـایی و زیـرەکییەوە ئەو هەسـتەی قۆسـتووەتەوە و لە گفتوگـۆیەکی نێـوان ئەنـدامانی خێزانێکـی ئەرمەنـی دیاسـپۆرادا بەرجەسـتەی کـردووە لە ڕۆمـانی *"زۆڵەکەی ئیستانبوڵ"* دا. لەم ڕۆمانەدا ئارمانوش، ئەو کیژە گەنجە نیـوە ئەرمەنییە ڕزگـاربووەی نەوەی سـێیەم، بـوو بە چەقـی سـۆز و خەم و نیگەرانیـی داپیـرەی، شوشان چەخماخچیان و مامە گەورەکەی دیکران ستامبوڵیان و سـێ پـوورەکەی، سـورپون و ڤارسـێنیگ و زارۆهـی. ئەوان هەمووییـان نـیگەران بـوون لەبـارەی پەروەردەکردنی ئەم کچەیانەوە لە ماڵی ڕۆزی دایکە ئەمریکییەکەیدا، کە لە بـاوکە

ئەرمەنەکەی کچەکەیان جیابووەتەوە و ئێستا لەگەڵ پیاوێکی تورکدا بە ناوی مستەفا قازانچی هاوڕێتی و خۆشەویستیی دەکات. داپیرە شوشان خەم و دڵەڕاوکێی خۆی بە نەریتی هەر ژنێکی ئەرمەنی دەردەبڕێت، چونکە بارسامی کوڕە تاقانەکەی بە پێچەوانەی ویستی ئەم هاوسەرگیریی لەگەڵ کچێکی ئەمریکیدا کردبوو. ئێستاش دوای جیابوونەوەی ئەو دوو هاوسەرە، چارەنووسی ئارمانوش چی بەسەردێت، کە تاکە هیوای بنەماڵەی چەخماخچیانە؟ هەڵبەت نیگەرانییەکەی ئەو ڕەنگدانەوەی ڕۆحی ئازار چەشتوو بوو و ئاواتی دەخواست کە ئەرمەنەکان لە تاراوگەدا بەردەوامبن، هیوا و ئاواتێک کە ئەو ساڵانێکی زۆر دوور و درێژە خەمی پێوە هەڵگرتووە:

تەنها ئەرمەنەکان دەتوانن لەوە تێبگەن کە کەمبوونەوەی ژمارەیان بەم شێوە ترسناکە واتای چی دەگەیەنێت. ئێمە وەکو داڕێکی لق و پۆ هەڵپاچراومان لێهاتووە. ڕۆژ ئازادە کێی خۆشدەوێت و شوو بە کێ دەکات، بەڵام کچەکەی ئەرمەنییە و پێویستە وەک ئەرمەنی بەخێو بکرێت.[٢]

لایەنی ئەرمەنی خێزانەکەی ئارمانوش ترسی لەدەستدانی نەک تەنها نەوەیەکی کچ و کوڕەزایەکیان لێنیشتووە، بەڵکو لەدەستدانی ئەرمەنییەک، ئەندامێکی نەتەوە کە وەک پووزە ڤارسێنیگ دەڵێت "ئاسیمیلە کراوە! کۆمەڵکوژ کراوە! هەتیو کراوە! ڕاگوێزراوە! و پاشانیش لەبیرکراوە!"[٣]

خەباتی ئەرمەنەکانی تاراوگە بۆ مانەوە و پاراستنی ناسنامەی خۆیانە لە دۆخێکی نالەباردا و پیرۆزکردنی شەهیدەکانیان و شکۆ دانان بۆ ڕزگاربووانیان، لای زۆرێک کراوە بە ئایدیایەکی وشکوبرینگی ئەرمەنیبوون و شوناسی ئەرمەن، کە هەوڵیان داوە وەک ناسنامەیەک لە گۆشەگیریدا بپارێزن سەرباری هەموو ئەگەرەکان. ئەوە ئامرازی ئەوان بوو کە بە شێوەیەکی نائاگایی پشتگیریی دەکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلەکانی ئاسیمیلەکردن و تواندنەوە، سەرەڕای ململانێ ناوخۆییەکان و هێزە دەرەکییەکان کە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەریی لە سەر هەوڵە بەردەوامەکانیان دەبێت. شاری خەیاڵیی جێفەرسۆن لە

ئەمریکا، کە هاکۆپ کاراپێتس دایهێناوە[٤] بەرجەستەکردنێکی بچووکە بۆ پێکهاتەیەکی ناهەموار و نایەکسان کە پێی دەگوترێت دیاسپۆرا و لە هەموو سووچ و قوژبنێکی دنیاوە ئەرمەنی تێهاتووە و لێرەدا کۆبوونەتەوە. ئەوانە دەربازبووی کارەساتە گەورەکەن کە پاش ئەوەی لە زێد و شوێنی دایکزادی خۆیان دەرکراون هاتوونەتە ئێرە بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ دەست پێبکەن. بەڵام ئەوان هەست دەکەن نامۆن، نامۆن لەم جیهانە نوێیەدا، نامۆن لەگەڵ یەکتر و برینێکیان پێوەیە هەرگیز ڕەتیدەکاتەوە سارێژ بێت. "ژیانیان مەتەڵێکە و ئەمانە هەتیوانی پێشووی جینۆسایدن. تێڕوانینی ئەوان شێواوە و ڕۆحیان لەتوپەت بووە. ڕۆژی هەزار جار دەژین بۆ مردنی شەهیدێک."[٥] ئەوان هەست بە سووکایەتی و خۆبەکەمزانی دەکەن لە "جیهانی نوێدا" (واتە ئەمریکا – و). بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم خۆ بەکەمزانییە، زیاتر و زیاتر کاردەکەن لە پێناوی سەرکەوتنی منداڵەکانیان. کەنیسەیەک دروست دەکەن و لە دەوروبەری کۆدەبنەوە بۆ پاراستنی ئەرمەنیبوونیان. کەنیسەی ئەرمەنی قەڵایەکە بۆ بەردەوامبوونی شوناسیان و جیاکردنەوەیان لە کۆمەڵگە سەرەکی و باوەکەی مەسیحییەکانی تر. "ئەوان هەرچەندە لە ئەمریکادان، بەڵام لە ئەمریکا ناژین، بەڵکو قۆزاخەی ناوازە و تایبەت بەخۆیان دروستکردووە و خۆیان تێدا حەشارداوە".[٦] لەم قۆزاخە ناوازەیەدا، وەک تێودۆر ئادۆرنۆ بۆیدەچێت، تاکایەتیی مرۆڤ دەسڕێتەوە و تێکەڵ بە کۆمەڵ دەبێت و "وەک قەرەبوویەک بۆ بازدان بۆ ناو 'کەمۆلەی توانەوە'، بەڵێنی نیعمەتی هەڵبژاردن و پابەندیی دراوەتێ. کەسانی لاواز و ترساو هەست بە هێز و گوڕ دەکەن کاتێ دەستی یەکتر دەگرن لە کاتی ڕاکردندا."[٧]

لە شیکردنەوەی دەرئەنجامە دەروونییەکانی پاکتاوکردنی ڕەگەزی یان نەتەوەیی لە پەنابەرە بۆسنییە سەرلەنوێ نیشتەجێکراوەکاندا، ستیڤن واین ئاماژە بەوە دەکات کە "بەکۆمەڵ لەناوبردنی کۆمەڵگەیەک لە مێژوودا شانازیی بەوەوە

دەکـرد نمـوونەیەکی بـاش بـوون بـۆ پێکەوەژیـان و لێبـووردەیی بەرانـبەر بە جیاوازیی نەتەوەیی و ئاینی – لە کۆمەڵگەی فرە ئیتنیک و نەتەوە – ڕزگاربووان بێـبەش دەکـات لە هەسـتکردن بە ناسـنامە و پەیوەسـتبوون بە گرووپێکـی دیـاریکراوەوە.[٨] دۆخێکـی تـا ڕادەیەکـی گەورە هاوشـێوە بـۆ نەوەی یەکەمـی ڕزگاربووانی ئەرمەن دروستبوو لە هەردوک دیاسپۆرا و تورکیاش. بێگومـان ئەو پێشـمەرجەی کە وایـن پێشکەشـی کـردووە بـۆ دەرئەنجـامە دەروونییەکـانی پاکتاوکردنی نەتەوەیی، واتە کەشوهەوای پێکەوەژیـان و لێبـووردەیی نەتەوەیی و جیـاوازیی ئـاینیی پـێش پاکتـاوکردنی نەتەوەیـی، لە حـاڵەتی ئەرمەن و تورکەکانـدا یەکنـاگرێتەوە. لەڕاسـتیدا بـۆ سـرب و بۆسـنییەکانیش هەر وایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەمینەی چەوسـاوە و سـتەملێکراو لە هەردوو حـاڵەتەکەدا باوەڕیـان بەو پێکەوەژیانە هەبوو. هەر لەبەر ئەمەشە زۆرینەی ئەرمەنەکان، لە سـەرکردە ئـاینی و مەدەنییەکانەوە بیگرە تـا دەگـاتە دوکاندار و جووتیـاران، باوەڕیـان بەو شـتانە نەبـوو کە بە سـەریاندا دەهـات. تورکەکـانیش نەیـانتوانی ئەمەیـان لەگەڵ بـکەن. مارگرێت عەجەمیان ئاهنێرت چیرۆکی ئێسـتەری دایکی دەگێڕێتەوە، کەوا بـاوکی ئێسـتەر مـاوەی چەنـد ڕۆژێـک پـێش ڕاگواسـتنی تەواوی دانیشـتووانی ئەرمەنـی ئەماسـیا زینـدانی کرابـوو، بەڵام گومـانی لە دڵنیـایی پێـدانی هـاوڕێ تـورکەکەی نەدەکـرد و دڵنەوایـی بە خێـزانەکەی دەدا کـاتێ لە زینـدان سـەردانیان دەکـرد، "نیگەران مەبن، پێیانوتووم کە سـبەینێ بەیـانی بەردەبـم. ئەوان تەنهـا دەیانەوێت ئـێمە بترسـێنن بە هێشـتنەوەمان لە زینـدان بـۆ مـاوەی شـەوێک". بـاوکی ئێسـتەر بەتەنها نەبوو، کاتێ فەرمانی گواستنەوە گەیشتە شارەکە، هەندێک لە دەم سـپی و دەسترۆیشتووەکانی شار بانگەوازی مانەوە و بەرپەرچدانەوەیان کرد، لە کاتێکدا زۆریـنە پێیـان وابـوو، "دەبێـت متمـانە بە دۆسـتە تورکەکانمـان بکەیـن، چـونکە پێیانڕاگەیاندووین کە ئێمە سەلامەت دەبین و مـن بـاوەڕم پێیـان هەیە". ئێسـتەر و خێزانەکەی و هەموو ئەرمەنەکانی ئەماسیا ڕاگوێزران و ئێستەر هەرگیز جـارێکی تر باوکی نەبینییەوە.[٩]

لێکەوتەی وێرانکردن و لەناوبردنی کۆمەڵگەکانی ئەرمەن ڕزگاربووانی لە شوناس و هەستی پەیوەستبوونیان دامالّی. ئەنجامیش بۆ خەڵکە بەجێماوەکانی ئەرمەن لە تورکیادا دەیان ساڵ بێدەنگی و گەڕان بوو بە دوای مانایەکی نوێ بۆ ژیان و پەیوەستبوونێکی نوێ بە ڕەگ و ڕیشەی خۆیانەوە کە تێیدا هەست بە ئەمان و سەلامەتیی زیاتر بکەن و کەمتر سەرزەنشت بکرێن و کەمتر ئازاری دەروونی بدرێن. سەبارەت بە ڕزگاربووانیش لە دیاسپۆرا یان تاراوگە، بژاردەکە ئەوە بوو کە یان پەیوەست بن بە هەستێکی ڕەق و وشکی زۆر سنووردار ناسنامەی ئەرمەنییەوە یان پەنا ببرێتە بەر بێدەنگی و گەڕان بە دوای مانایەکی نوێی ژیان و تێگەیشتنێکی نوێ بۆ ئیتنیک و نەتەوە لە "جیهانی نوێدا". بێگومان تراوماش هەر بەردەوام بوو.

"فلان و فلان بە دوای دایکی، باوکی، ئامۆزا و پوورزاکانی، مامەکانی، خاڵۆکانی ... دواییین جار لە ... ئۆردووگای کۆکردنەوە بینراون لە بیابانی سووریا یان...."

ڕاگەیاندنەکان بە ناوەڕۆکێکی هاوشێوە زۆرجار لە ڕۆژنامەکانی دیاسپۆرای ئەرمەنی ساڵانی ١٩٢٠کان و ١٩٣٠کاندا دەردەکەوتن. ڕزگاربووان و بەجێماوانی کارەساتەکە لە هەر چوارلای جیهانەوە هەوڵیان دەدا لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیان یەکبگرنەوە. چەندیان سەرکەوتوو بوون؟ چەند کەس دەبوو ڕووبەڕووی لەدەستدانی گەورە و سامناک ببنەوە، بێئەوەی بزانن کە خزم و کەسوکاریان هێشتا لە ژیاندان و ڕەنگە وەک میرمندالێکی خزمەتکار یان بووکی مالێکی تورک یان کوردبن، یان ڕەنگە تەواوی خێزانەکە لە مردن ڕزگاریان بووبێت و لە قوژبنێکی دوورەدەستی تورکیادا بژین؟

چیرۆکی یەکگرتنەوەی خێزانەکان، یان دۆزینەوەی دایکێک، خوشک و برایەک، یان ئامۆزا و میمزایەک چیرۆکی گریان و دڵتەنگی بن بەڵام لە هەمان کاتدا ئاهێک بە بەردا دەکاتەوە و ئاسوودەییەک دەبەخشێت. ڤەهرام گارابێت بۆ یاڵچین دەگێڕێتەوە کە چۆن ئامۆزا ئەمریکییەکەی لە ئیستانبوڵ دۆزیویەتیەوە.[١٠]

ئەوان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکتریان بینیوە و پەیوەندییە کۆنەکانیان نوێبووەتەوە. ڤەهرام باسی ڕەفتار و نەریتی موسڵمانەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە و فڕاندنی ژن و کچە جوان و منداڵەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە لە کاتی تێپەڕینی کاروانی ڕاگوێزراوان بە لایاندا. هەروەها دەگێڕێتەوە کە لە دوای جەنگیش بەریتانی و ئەمریکییەکان منداڵانی هەتیوی بێکەس و بێلانە و بەجێماویان کۆکردووەتەوە و لە کەمپ و هەتیوخانەی مەرزیفۆن پەنایان داون و جێگەیان کردوونەتەوە. کچە ئامۆزاکەی ڤەهرامیش لە ناو ئەو منداڵە هەتیوانەدا بووە کە دواتر ڕەوانەی ئەمریکا کراون. کچە لەوێ گەورە بووە و لەگەڵ ڕزگاربوویەکی تری وەک خۆیدا هاوسەرگیریی کردووە. ئەوجا سالانێک دواتر، بە دوای خزمەکانیدا گەڕاوە و لە ئیستانبوڵ ڤەهرامی دۆزیوەتەوە. ئەمەش چیرۆکێکە بە کۆتاییەکی خۆش کە دەتوانرێت باسی هەندێک لەو هەتیوانەی تر بکرێت کە بەخت یاوەریان بووە و بە هەر جۆرێک بووە دۆزراونەتەوە و براون بۆ شوێنی سەلامەت.[11]

لە ڕاستیدا وردەکاریی ئۆپەراسیۆنەکانی ڕزگارکردنی هاوشێوە لە بیرەوەرییەکانی سێتراک باغدۆیاندا هاتووە. لە دوای جەنگ، کاتێ مووسڵ لە ژێر داگیرکاریی بەریتانیادا بوو، دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لەوێ سەرقاڵی کۆکردنەوەی ئەو ڕزگاربووانە بوون کە بە هەر جۆرێک بووە گەیشتوونەتە ئەو ناوچەیە.[12] ئەوەی ئێمە بە دڵنیاییەوە دەیزانین ئەوانە ژمارەیان کەم بووە بەراورد بەو هەزاران کەسەی کە بزر بوون و دیار نەماون.[13] ژمارەی ئەو ئاوارە ئەرمەنانەی کە لە لایەن خێڵە عەرەبەکانەوە داڵدەدراون، لەوانەش ئەو منداڵانەی کە بەخێوکراون و ئەو کچانەی کە وەک ژنی کەسانی سەر بەو خێڵانە مارە کراون، نادیارە. چیرۆک و ڕاپۆرتە هەڕەمەکییەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەم ڕزگاربووانە زۆربەیان موسڵمان بوون و ناسنامەی عەرەبیان وەرگرتووە. جێگای سەرسوڕمانە، کەوا سەرۆک خێڵە عەرەبەکانی کاتی خۆی داڵدەی ئەرمەنەکانیان

دابوو – کە نەیانکوشتبوون بەڵکو کردبوونیانە موسڵمان – لە شاری یەریڤانی ئەرمینیا و بە بۆنەی نەوەدەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئەرمەنەوە، ڕێزیان لێگیراوە وەک ڕزگارکەرانی خۆبەخشی دەربازبووانی جینۆساید.

ڕاستییەکەی هیچ گێڕانەوە و یادەوەریی ڕزگاربوویەک نییە باس لە دیمەنەکانی "بازاڕی کۆیلە" نەکات کە چۆن کوڕانی میرمنداڵ و کچان و ژنە گەنجەکانی ئەرمەنیان تێدا دەفرۆشران، یان تکا و پاڕانەوەی دایکە ئەرمەنە کۆستکەوتووەکان لە ژنە کوردە دەراوسێکانیان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان ببەن و بیانخەنە لای خۆیان تا هەر هیچ نەبێت لە ژیاندا بمێننەوە. چونکە لەو ساتەوەختی لێقەومان و تەنگانە و نائومێدییەدا مانەوە و سەلامەتیی جەستەیی منداڵەکە لە هەموو شتێک گرنگتر بووە، بەبێ گوێدانە بارودۆخێک کە هەڕەشە لە شوناسی نەتەوەیی و ئاینیی منداڵەکە دەکات. سیرانوش یەکێک بوو لەو کچە منداڵانەی سێتراک باغدۆیان دەیگێڕێتەوە کە داوا و پاڕانەوەی دایکی هێندە دڵسۆزانە و کاریگەرانە بوو وای لە ژنێکی کورد کرد سیرانوشی لە باوەشی خۆی گرت و بەڵێنی دایە وەک کچەکەی خۆی بەخێوی بکات و گرنگیی پێبدات.[١٤] ئاخۆ چەند منداڵی کۆرپە و بچووکی وەک سیرانوش لە ناو خێزانە تورکەکان یان بەزۆری کوردەکاندا بەجێماون، بێئەوەی فامی ئەوەیان بووبێت دواتر ڕەگ و بنەچەی خۆیان بیربێتەوە؟ لە حاڵەتە دەگمەنەکاندا کە دایکانی ئەو جۆرە منداڵانە ڕزگاریان بوو، چۆن دەتوانن بەردەوام بن لە ژیان لەگەڵ ئازاری دەستبەرداربوون لە منداڵەکانیان، کە گۆشت و خوێنیان بوون، بۆ موسوڵمانێکی بێگانە و نامۆ؟

ترس و تۆقینی کۆمەڵکوژییەکان بەردەوام بەرجەستە دەبوون و خەم و خەفەتی یادەوەرییان هیچ کاتێ نەدەڕەوییەوە و ڕۆحی ڕزگاربووانی ئازار دەدا. ڤەهرام گەرەبێنت تەمەنی تەنها دە ساڵ بوو کاتێ کۆمەڵکوژییەکان دەستیان پێکرد. باوکی و باپیری و چوار مامی ڕاپێچ کران و جارێکی تر هەرگیز کەس

هیچی لەبارەیانەوە نەبیست. دایکی ڤەهرام و داپیرەی و برا بچووکەکەی بوون بە موسڵمان و لە مەرزیفۆن مانەوە و لەوێ ئەو بژاردەیە بە ئەرمەنەکان درا (واتە ئەگەر ببوونایەتە موسڵمان دەستیان بۆ نەدەبردن و بەر ڕاگواستن نەدەکەوتن – وەرگێڕ). ئەودوای بنەماڵە گەورەکەی ڤەهرام ئەو بژاردەیەیان ڕەتکردەوە و پێیان باش بوو بە ئاین و باوەڕی خۆیانەوە ڕێگەی ڕاگواستن بگرنەبەر بەرەو بیابانی سووریا.[١٥] ڤەهرام ناتوانێت ترس و تۆقینی ئەو ڕۆژە لەبیر بکات کە پیاوەکانی خێزانەکەی ڕاپێچکران و ڕاگواستنی زۆرەملێ دەستی پێکرد. بۆ زاڵبوون بە سەر دووداڵیی ئەوان و بۆ ئەوەی بە ئاسانی ملی ڕێگە بگرن، حکوومەت ئەو هەواڵەی بڵاوکردەوە گوایە بۆ لای هاوسەر و باوک و براکانیان دەبەن. ڤەهرام دەگێڕێتەوە کە هەرچەندە دواجار بوون بە موسڵمان و ڕێگەیان پێدرا بمێننەوە، بەڵام دایکی کە تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بوو سەرەتا بڕیاریدا لەگەڵ کاروانی ڕاگواستنەکەدا بڕوات بە نیازی دۆزینەوەی هاوسەرەکەی. بەڵام خۆشبەختانە دراوسێ تورکەکانی ئامۆژگارییان کردبوو کە باوەڕ بەو دەنگۆیانە نەکات و لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە. دیارە ئەوان باشتر دەیانزانی چ چارەنووسێک چاوەڕێی ڕاگوێزراوان دەکات (یاڵچین، ل ١٣١).

ئەزموونی ڤەهرام لە ساڵانی درێژخایەنی جەنگی جیهانیی یەکەمدا و هەڵمەتی مستەفا کەمال دژ بە یۆنانییەکان لە ساڵی ١٩٢٠دا بە شێوەیەکی باوەڕ پێنەکراو ترسناکە. بە وتەی یاڵچین: "ئەوەی گێڕایەوە لە ئەفسانە و داستان دەچوو، لە کاتێکدا ئەوەی کە دەمانبیست چیرۆک و بەسەرهاتی ژیان بوون" (ل١٢٦). ڤەهرام بە درێژایی ژیانی ترس و لەرزی ئەم یادەوەرییە تاڵانە بەرۆکی بەرنەدەدا و هەرگیز نەیتوانی زاڵ بێت بەسەریاندا و هەمیشە دەیگوت، "ڕۆژانی ئەو کارەساتە بەردەوام لەبەرچاومە وەک ئەمڕۆ ڕوویانداباێت: هاوار و گریان و قیژە و ناڵە و نووزە بەردەوام لە گوێمدا دەزرنگێتەوە" (ل١٢٦). لە ساڵی ١٩٢٠دا بە بیانووی دەرکردنی یۆنانییەکان لە مەرزیفۆن، باندی چەتە و ڕێگرە تورکەکان هێرشیان

کردە سەر شارەکە و کاتێ کە یۆنانییەکی زۆریان نەدۆزییەوە بۆ تاڵانکردن و کوشتنیان، بۆیە شمشێریان لە ئەرمەنە موسڵمانەکانی شارەکە هەڵگێشا و بە هاوکاریی بەشێک لە دانیشتووانی شار، ئەرمەنەکانیان ناسییەوە و ماڵەکانیان تاڵان کردن و لەگەڵ ئەو چەند یۆنانییەی کە دۆزینیانەوە ڕاپێچی ناو کەنیسەکەی ئەرمەنیان کردن و ئاگریان تێبەردا. ڤەهرام دێتەوە یادی کە ئەگەر ئەحمەد ئەفەندیی پزیشکی حکوومەت نەبوایە، هەموویان بە زیندوویی دەسووتاندن. ئەحمەد ئەفەندی گەیشتبووە شوێنی ڕووداوەکە و ئەو دیمەنە پڕ دڵڕەقی و دڕندەییەی بینی فەرمانی کردە باندەکان بوەستن و دەرگاکان بکەنەوە و لێگەڕێن قوربانییەکان دەربچنە دەرەوە. ڤەهرام و خێزانەکەی ڕزگاریان بوو، بەڵام ماڵێکیان نەبوو بۆی بگەڕێنەوە. هەروەها بڕینێکی قوواڵیش کرابووە قۆڵی کە تا کۆتایی ژیانی یاوەری بوو. یاڵچین چاوی بە ڤەهرام گارابێنت و ئۆهان ئۆزانت کەوت لە کۆتا ماڵیان لە ئیستانبوڵ. هەردوکیان بە ناچاری و دوودڵییەوە شوێنی دایکزادی خۆیان بەجێهێشتبوو و چەندین ساڵی پێشتر کۆچیان کردبوو بۆ ئیستانبوڵ. ئۆهان ئۆزانت ساڵی ١٩١٥ لە شاری ئەماسیا لەدایک بووە و هەرگیز باوکی خۆی نەبینیوە کە لە سوپادا کرابووە سەرباز و لەگەڵ ئەو ئەرمەنیانەی تر کە بە سەرباز گیرابوون کوژرابوو. ئەودوای ئەندامانی خێزانەکەشی ڕاگوێزرابوون. تەمەنی ئۆهان نزیکەی دە ساڵ بوو کاتێ، دوای دەرد و مەینەتییەکی سەخت، لەگەڵ دایکیدا گەڕایەوە بۆ ئەماسیا و بۆیان دەرکەوت کە تەواوی ماڵ و کەلوپەلەکانیان دەستی بەسەردا گیراوە. ئەوان بەختیان باش بوو کە پەناگەیەکی کاتییان دەستکەوت لە ماڵە تورکێکی دراوسێی خۆیاندا تا ئەو کاتەی کە هەرچۆنێک بوو توانییان ئامراز و پێداویستیی ژیان بۆ خۆیان پەیدا بکەن. خێزانە ئەرمەنەکانی تر، یان ئەو کەسانەی کە لەو خێزانانە مابوونەوە، توانییان بگەڕێنەوە. بەڵام بەگشتی ئەرمەنەکان پێشوازییان لێ نەدەکرا و بەردەوام لە لایەن بەرپرسانی حکوومەتەوە هەراسان دەکران. ئەوان بە ترس و شەڵەژانێکی زۆرەوە شایەتحاڵی ڕووخاندنی کەنیسە و بینای قوتابخانە

ئەرمەنییەکەی ئەماسیا بوون و ئیتر دەستیان کرد بە جێهێشتنی ئەماسیا بۆ ئەوەی لە ستەم و سەرکوتکردن هەڵبێن و لەگەڵ وردە وردە بەتاڵبوونەوەی شارۆچکەکە لە دانیشتووانە کەمەکەی ئەرمەن، ئۆهان و دایکی ڕوویان لە ئیستانبوڵ کرد و ئۆهان هەرگیز دەستبەرداری ئاینەکەی خۆی نەبوو. ئەو بە هۆشیارییەوە ئاگاداری شوناسی ئەرمەنیی خۆی بوو، هەرچەندە دەرفەتی فێربوونی زمانی دایکی نەبوو، ئەو خۆی بە ئەرمەنی و تورکیاشی بە زێد و نیشتمانی خۆی دەزانی و بە متمانە بەخۆبوونەوە دەیگوت: "تورکیا هی هەموومانە، تورکیا وێران مەکەن و لەناوی مەبەن". بۆ لەناوبردنی تورکیا مەبەستی ئۆهان جیاکاری بوو دژی غەیرە موسڵمانان و تێکدانی ئەو ئاشتییە ڕێژەییە بوو کە ڕزگاربووانی کۆمەڵکوژییەکانی ساڵی ١٩١٥ ئەمڕۆ لێی بەهرەمەندن (یاڵچین، ل ١٢٥- ١٢٦).

سەرکیس ڤارپێت (وەستا سەرکیس) ساڵی ١٩١٦ لە گوندێکی نزیک حەڵەب لەدایک بووە، لە خێزانێکی دەربەدەر و ڕاگوێزراوی قەهرەمان. ئەو تەمەنی چوار ساڵ بوو کاتێ خێزانەکەی توانییان بگەڕێنەوە بۆ قەهرەمان. سەرکیس دەتوانێت چیرۆکەکان لەبارەی دۆخی نالەباری ئەرمەنەکان لە سەردەمی کۆمەڵکوژی و ڕاگواستندا بگێڕێتەوە، چونکە مەراقی وای لێکردبوو پرسیار لە دایک و باوکی و کەسانی تر بکات کە بەو دۆخ و ئەزموونەدا تێپەڕیون (ل٢٧٧). یادەوەرییەکانی ئەوان بووبوون بە بەشێک لە هی ئەم، کە بە کزی و داماوییەکەوە ددان بەوەدا دەنێت و دەڵێت: "ئەم یادەوەرییانە وەکو شریتی فیلمێکی تراجیدی لە میشکمدا دەمێنەوە و قەت ناسڕێنەوە"، (ل٢٧٩). بەڕێکەوت دایک و باوکی لە هەمان کەمپی نزیکی مەسکەنە لەگەڵ ئارام ئەنتۆنیان،[١٦] کە دواتر لە حەڵەب یەکتریان بینییەوە و یارمەتیی گەڕانەوەی داون بۆ قەهرەمان. سەرکیس ئوستا زۆرێک لەو ڕووداوە ئازاربەخشانەی بیردێتەوە کە بە سەر خێزانەکەیدا هاتبوو لە زێدی خۆیان و ئەو جیاکارییەی کە بەرانبەریان دەکرا و دواتر ساڵانی خزمەتە سەربازییە قورس و سەختەکەی هاتبوو، کە لە ساڵی ١٩٤١دا برابوو بۆ

سەربازی، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێگە بە غەیرە موسڵمانەکان نەدەدرا بەشداربن لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا، ئەم نێردرا بۆ سەربازگەکانی کاری جۆراوجۆر. لێرە کاری ناموسڵمانەکان، کە بە "سەربازانی گاور" ناوزەد دەکران، کرێکاریی ئاسایی بوو لە بارودۆخێکی هێجگار سەختی ژیان و گوزەراندا. تەنانەت جلە سەربازییەکانیان ڕەنگێکی تر بوو بۆ جیاکردنەوەیان لە سەربازە نیزامییەکان (ل ٢٩٤). هەرچەندە تورکیا جەنگی ڕانەگەیاند و بەشداریی جەنگی جیهانیی دووەمی نەکرد، بەڵام حکوومەت بڕیاری بە سەربازگرتنی ئەو پیاوە ئەرمەن و یۆنانی و جوولەکانەی دا کە تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٤٠ ساڵدا بوو و ناردنی بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات بۆ کارکردن لە سەربازگەکانی کاردا و لە ژێر چاودێرییەکی تووندوتۆڵدا. پاڵنەری ژێربەژێریش بۆ ئەم بڕیارە بێلایەنکردنی ئەو پیاوە ناموسڵمانانە بوو کە دەیانتوانی کار بکەن نەوەک بچنە ناو ڕیزەکانی سوپای سۆڤیێتەوە لە کاتی هێرشبردنی ئەم سوپایەدا.

تورکیا ڕژێم و حکوومەتی گۆڕیبوو، کۆماریی‌ەکانی تورکیا شۆڕشی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییان گرتبووەوە، بەڵام سیاسەتەکانی دژی غەیرە موسڵمانەکان بەبێ گۆڕانکاری بەردەوام بوو. دەسەڵاتدارانیش بێئەوەی دەستەواژەی بێزارکەری *"عەمەلە تابووری tabun amele"* (فەوج یان کەتیبەی کرێکاران) بەکاربێنن، بۆ ڕێکخستنی ئەو جۆرە یەکە سەربازییانە کە لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا،[١٧] پەیڕەوییان دەکرد، ئەمجارەیان بە ناوی لیوا و فەوجی سەربازانی گاورەوە ڕێکیانخستن بۆ کارکردنی قورس. ئەوان هەرچەندە وەک سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم نەکوژران بەڵام ژیانیان لە کەمپ و سەربازگەکاندا کۆیلایەتیی سەدەکانی ناوەڕاستی بیردەخستەوە.[١٨] لە کاتێکی دواتری ژیانیدا، سەرکیس و دایکی گواستیانەوە بۆ ئیستانبوڵ و لەوێ هاوسەرگیریی کردووە و خێزانێکی پەروەردە کردووە. سەرکیس لەو جۆرە کەسانە بوو کە سەرەڕای ئەو هەموو سەختی و ناڕەحەتییەی کە لە ژیانیدا چەشتبووی، مانەوە لە تورکیا هەڵدەبژێرێت کە بە نیشتمانی خۆیی دەزانێت و

هەستکردنی بە ئینتیما بۆ زێد و وڵاتی خۆی و ئومێدی بە پاشەڕۆژێکی باشتر ئەوەندە بەهێز بوو کە بتوانێت زاڵبێت بە سەر ئەو دۆخە سەختەدا کە ئەزموونی دەکرد و بەرگەی ئەو دوژمنایەتی و دەماگرژییە بگرێت کە لە دەوروبەریدا دەگوزەرا. بەڵام ئیستانبوڵ ئەو نیشتمانەی بەرجەستە نەکرد کە خەونی پێوە دەبینی، بەڵکو ئەو زیاتر وابەستە بوو بە قەهرەمانەوە (دیارە مەبەست شاری قەهرەمان مەرەشە - وەرگێڕ)، بەو کۆمەڵگە ئەرمەنیەوە کە پێشتر لە گەشەکردندا بوو. بە هەڵکشانی تەمەنی وەستا سەرکیس یادەوەرییە نۆستاڵجییەکانی دانەمرکایەوە و خستیە سەر کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ زێدی دایکزادی خۆی. دواجار لەوێ بێجگە لە کەلاوە و وێرانە هیچی تری نەدۆزییەوە. هیچ شوێنەوارێکی کەنیسەکە نەمابوو، ماڵەکەی ئەم ئێستا بووە بە زیندانی شارۆچکەکە. پاشان سەرکیس داوای لە پاسەوانە سەرسوڕماوەکەی زیندانەکە کردبوو کە بەردێکی لە خانووەکە بداتێ و بۆی ڕوونکردبووەوە کە سااڵنێکی دوور و درێژ ئەم خانووە ماڵی خێزانەکەی ئەم بووە و ئەوجا بە پەرۆشییەکی پڕ لە خۆشەویستییەوە بەردەکەی هەڵگرتبوو، کە تاکە یادەوەریی فیزیکیی ڕابردووی بوو لەم شارەی زێدی خۆیدا. سەرکیس توانیبووی بە سەر باری گران و سەختییەکی زۆردا زاڵ بێت بەڵام نەیتوانی ڕابردووی لەبیر بکات و بە تێپەڕینی ڕۆژگار وێنەکانی ئەو ڕابردووە هەرگیز لەبیر نەچووبوونەوە و زیاتر جۆشیان سەندبوو: "هەرچەندە تەمەنم زیاتر دەبێت، زیاتر بە دوای شوێنەواری منداڵیمدا دەگەڕێم" (یالچین ل ٣١٢ - ٣١٣). ئەو هەڵگری بیرەوەریی ئەزموونە کارەساتبارەکانی خۆی و دایک و باوکیەتی کە لە گێڕانەوە و گۆرانییەکانیاندا بۆی مابووەوە. سەرکیس باوەڕی بە هێزە کاریگەرەکانی گۆرانییەکان بوو، چونکە گوزارشی ڕاستەقینەی ئەو هەست و سۆزانەن کە لە ناخ و دڵی کەسێکەوە هەڵدەقوڵێن لە ساتەکانی ئازارچەشتن و نائومێدیدا و ئەم گۆرانیانەی بۆ یالچین دەچڕی بۆ تەواوکردنی شریتی فیلمە موزیکییەکەی کە بۆی خستبووەگەڕ.[١٩]

یاڵچین باسی ئەزموونی زۆرێک لەم جۆرە خێزانانە دەکات، ئەوانەی کە بە دڵسۆزی ئایینی مەسیحی مانەوە و ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینیی خۆیان پاراستووە و بە هۆیەوە گرفتار بوون و ئازاری زۆریان چەشتووە. کیرکۆر جەیهان، ساڵی ١٩٢٦ لە زارا لەدایک بووە و تاکەکەسی ئەرمەن بووە لە قوتابخانەی سێباستیا (سیڤاس) و بەردەوام ئامانجی هەراسانکردن بووە لە لایەن مامۆستاکانی و خوێندکارە هاوپۆلەکانیەوە بە هۆی ڕەچەڵەک و ناوە ئەرمەنییەکەیەوە. دوابە دوای فەرمانی باڵای (مەرسوومی) ساڵی ١٩٣٤ کە نازناوی خێزان و بنەماڵەی ئەرمەنی قەدەغە کرد[٢٠]، ناوەکەی گۆڕدرا بۆ جەیهان. لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی ناسنامە ئەرمەنییەکەی خۆی بشارێتەوە و لەبەر ئەوەش مامەڵەی خراپ و سووکایەتیی پێدەکرا (یاڵچین، ل ١٧٦). کیرکۆر باس لە خێزانە ئەرمەنەکانی تر دەکات کە وەک کریستیان ژیاون بەتایبەتی لە ناوچەی گەرگەر. ئەم ئەرمەنانە بە تەواوی تێکەڵی کۆمەڵگەی دەوروبەریان بووبوون و ئاین تاکە مۆرکی جیاواز بوو لە شوناسیاندا. بەڵام هەمیشە مایەی بێمتمانەیی و جیاکاری بوون. دوای مانەوەیەکی کورت لە ئیستانبوڵ، پاشان ئەرمینیای سۆڤییێتی و هەمدیس ئیستانبوڵ و پاشان مارسیلیا لە فەرەنسا، دواجار کیرکۆر لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بوو بۆ ئەوەی تەمەنی پیریی خۆی لەو وڵاتە ئازادەدا بە سەربەبات و بتوانێت بە ئازادی بڵێ: "من ئەرمەنیم" (ل١٨٨). بەڵام هەمیشە تامەزرۆی زارای زێدی لەدایکبوونی بوو، کە ئاماژەی بەوەش کردووە و دەڵێ: "جیهان نیشتمانی منە، بەڵام ئەو نیشتمانەی کە لە ناخمدایە زارایە" (ل١٨٦). ئەو سەر بەوێیە و لەوێدا کەسایەتییەکەی پێکهاتووە و ناسنامەی گەڵاڵە بووە وەک ئەرمەنییەک بە ڕەچەڵەک و هاوواڵاتییەکی تورکیا. کیرکۆر ئاماژە بەوە دەکات کە لە کۆی یەک ملیۆن ئەرمەنی لە ئیستانبوڵ، ئەمڕۆ تەنها شەست هەزاریان ماوەتەوە و هەر یەکێک لەم ئەرمەنانە درێژەپێدەری چیرۆکی ڕزگاربوویەکە و بەرجەستەبوونی دەرد و مەینەتییە بێئامانەکانی ڕابردووە و "سەرەڕای هەموو

ئەمانەش، ئێمە ناسیۆنالیستی دەمارگرژ و تووندڕەو نین و منداڵەکانمان وا پەروەردە نەکردووە کە ببنە ناسیۆنالیستی تووندڕەو" (ل١٨٩).

دیارە بۆ زۆرێک لە ئەرمەنەکانی تورکیا کە لەملا و لەولا خۆیان شاردبووەوە، ئەمڕۆ بیدەنگی شکێنراوە سەبارەت بە شوناسیان، جا ئەگەر بەشێک بووبن لە کۆمەڵگەی ئەرمەنەکانی ئیستانبوڵ یان لە وڵاتێکی ئازاد لە دەرەوەی تورکیا بژین. ئۆهان ئۆزانت لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا ئیستانبوڵ بەجێناهێڵێت و هەرچەندە دووڕە لە ئەماسیای زێدی خۆی. بەڵام ئەویش بڕیاری داوە کە بیدەنگی بشکێنێت و زاڵبێت بە سەر ترسەکانیدا و ڕاشکاوانە قسە بکات و دەخوازێت ئازار و مەینەتییەکانی ژیانی و ڕەچەڵەکە ئەرمەنییەکەی بۆ هەموو دنیا بگێڕێتەوە (ل١٢٥ – ١٢٦).

ئەوانەی تراجیدیای جینۆسایدیان ئەزموون کرد و ڕزگاریان بوو، جا چ لە تاراوگە یان لە تورکیادا درێژەیان بە ژیانی خۆیان داوە، شتێکی هاوبەشیان هەبوو، واتە یادەوەریی ئەو ئەزموونە لە هەموو شوێنێکدا لە بیر و میشکیاندا بوو و فلاشباکی ڕۆژ جێگەی خۆیان بە مۆتەکەی شەوانە دەدا و مەحاڵ بوو لەبیر بچێتەوە. ئەوان بەردەوام بوون لە ژیانی ئەو هێدمە و تراومایەدا و بۆ منداڵ و نەوەکانیشیان دەگواستەوە ئەگەر بارودۆخ ڕێگەی پێبدانایە. بۆ ئەم ڕزگاربووانە و ئەو نەوانەی کە لەدایک بوون، قسەکردن لە سەر ئەو ئەزموونە تراومابەخشە و کردنەوەی دڵی ئازارچەشتوویان بە ڕووی جیهاندا و دەربڕینی ئازادانەی ناسنامەیان وەک ئامرازێک بوو بۆ کەمکردنەوەی ئازار و ئامرازێک بوو کە لە ڕێگەیەوە هەوڵی پاککردنەوەی دەروونییان دەدا. بەڵام ئەو دەرفەتی پاککردنەوەیە بۆ زۆر کەس نەڕەخسا و زۆرێکیشیان هەڵیاننەبژارد. ئازارەکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا تووندتر و تیژتر دەبوو و بیدەنگی فشارەکەی سەختتر دەکرد لە سەر ڕۆحیان.

پەراوێزی بەشی ٢: تراماى بەردەوام

١ ئەلیف شەفەق، ڕۆمانووس و ڕۆژنامەوان و ئەکادیمییەکی تورکە، ساڵی ١٩٧١ لە خێزانێکی دیپلۆماتی تورک لە ستراسبورگ - فەرەنسا لەدایک بووە. پاش ئەوە بە ماوەیەکی کەم باوکی خێزانەکەی بەجێهێشتووە و دایکی لە ئیسپانیا و ئوردن و ئەڵمانیا بەخێوی کردووە. لە ئەنقەرە خوێندوویەتی و کولتوور و مێژووی عوسمانیی لە زانکۆی بیلگی لە ئیستانبوڵ و زانکۆکانی ئەمریکا خوێندووە.

٢ شەفەق، *"زۆڵەکەی ئیستانبوڵ The Bastard of Istanbul"* (٢٠٠٧)، ل ٥٩.

٣ هەمان سەرچاوە، ل ٥٥.

٤ کاراپێنتس، "جێفەرسۆن، ئەی. ئێم. ئێن" (١٩٧٥).

٥ هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

٦ هەمان سەرچاوە، ل ٢٢.

٧ تیۆدۆر دبلیو ئادۆرنۆ، مۆدێلە ڕەخنەییەکان: دەستێوەردانەکان و دروشمەکان (نیویۆرک: چاپخانەی زانکۆی کۆڵۆمبیا، ١٩٩٨)، ل ٢٧٦، کە لە لایەن باومان لە کتێبی *"ژیانی شل Liquid Life"* (٢٠٠٥) وەرگیراوە، ل ١٣٥. لێرەدا باومان ڕوونی دەکاتەوە کە ئادۆرنۆ زاراوەی "دەفر یان کەمۆڵەی توانەوە melting pot" لە مانای ڕەسەنی خۆیدا بەکاردەهێنێت کە دەفرێکە و تێیدا هەموو پێکهاتەکان تێکەڵ دەبن و لەگەڵ یەکتردا دەتوێنەوە و "تایبەتمەندیی خۆیان لەدەست دەدەن و جیاناکرێنەوە".

٨ واین، "هونەرمەندان کە شایەتحاڵی 'پاکتاوی ڕەگەزین' Artists Witnessing 'Ethnic Cleansing'" (١٩٩٦)، ل ٢٤٥.

٩ ئاهنەرت، *"لێدانی دەرگا The Knock at the Door"* (٢٠٠٧)، ل ٧٣، ٧٥. هەروەها باوەڕ نەکردنیش کاردانەوەی سەرەتایی قارتان بالیان، کە پاڵەوانی ڕۆمانی *"هاوینێکی بێ بەرەبەیان A Summer Without Dawn"*ە، لە نووسینی هاجیکیان و سۆسی (٢٠٠٠)، ل ٥٤. (کە لە بنەڕەتدا ساڵی ١٩٩١ بە زمانی فەرەنسی لە مۆنتریاڵ بڵاوکراوەتەوە). نووسەر بەشێکی تەواوی تەرخانکردووە بۆ هەستی باوەڕ نەکردن و نەبوونی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع بە هۆی ئەم هەستەوە، لە پێرومیان، *"کاردانەوە ئەدەبییەکان بۆ کارەساتەکە Literary Responses to Catastrophe"* (١٩٩٣).

١٠ یاڵچین، *Hogis kezmov ke khayta* (٢٠٠٣)، ل ١٢٧.

١١ لێرەدا ڤەهرام باس لەوە دەکات کە خودی خۆی شایەتحاڵی بووە و باس لەو هەوڵە بەرفراوانە ناکات کە پاتریارکییەتی ئەرمەن لە قوستەنتینییە و ڕێکخراوە خۆبەخشەکانی ئەرمەن لە ماوەی ئاگربەس و دوای جەنگدا، کە منداڵە هەتیوەکانیان کۆکردەوە و خانەکانی هەتیوانیان دروستکرد و بەڕێوەیان دەبرد و تەنانەت کەوتنە سۆراخکردنی کچان و ژنە گەنجەکانی ئەرمەن لە حەریمی تورک و کوردەکاندا و دەربازکردنی سەلامەتیان لە وڵات بۆ دابینکردن.

١٢ بڕوانە یاداشتەکانی باغدۆیان، *Erb drakhte dartsav dzhokhk*، (٢٠٠٧)، ل ٥٣٨ – ٥٣٩.

١٣ تـوێژینەوە ڕۆژاواییەکـان گەلـێ کاریـان بەرهەمهێنـاوە، بە پشتبەسـتن بە گەڕان و لێکۆڵینەوەی ورد و کەرەستە و بابەتی ئەرشیف باس لە پرۆسەی جینۆسایدی ئەرمەن دەکات. بۆ دەستکەوتنی سەرچاوەیەکی کورت بەڵام پڕ لە زانیاری، بڕوانە وۆکەر، "*جەنگی جیهانیی یەکەم و جینۆسایدی ئەرمەن* *World War I and the Armenian Genocide*" (١٩٩٧).

١٤ باغدۆیان، *Erb drakhte dartsav dzhokhk* (٢٠٠٧)، ل ٢٤٠.

١٥ یاڵچین، *Hogis kezmov ke khayta* (٢٠٠٣)، ل ١٢٧ – ١٢٨.

١٦ ئارام ئەنتۆنیان ئەو نووسەرە بەناوبانگەی ئەرمەن بوو کە لە سەروبەندی ٢٤ی نیسان (١١ی نیسانی ١٩١٥) لەگەڵ سەدان ڕۆشنبیری ئەرمەن دەستبەسەر کران و ئەم توانی هەڵبێت و لە ئۆردووگای کۆکردنەوەی نزیک مەسکەنە پەیوەندیی بە ئەرمەنە ڕاگوێزراوەکانەوە بکات. بۆ ئەوەی گومانی جەندرمەکان نەهێڵێت، بە جل و بەرگی شڕەوە خۆی بە شێتێکی سەرگەردان پیشان دابوو. بەڵام داپیرەی سەرکیس ئوستا ناسیبوویەوە و بردبوویە خێوەتەکەیان. ئەنتۆنیان داوای لێکردن کە ناسنامەکەی ئاشکرا نەکەن و یارمەتیی بدەن بۆ هەڵهاتن و پێی گوتبوون کە توانیویەتی لە کاروانی ڕۆشنبیرانی ڕاگوێزراو خۆی بگرێتە دواوە، کە هەموویان دەیانناسی و پاشان خۆی جیابکاتەوە و بە هیوای هەڵاتن بەرەو ئازادی پەیوەندیی بەم کاروانەوە کردووە. باوکی سەرکیس داوای لە کابرایەکی تەتاری شۆفێری ئەسپ و عەرەبانەیەک کردووە کە ئەم پیـاوە نەخـۆش و شـێتە بیگەیەنێـتە حەڵەب کە بەردەوام بە گریـان و ڕۆڕۆ هەمـووانی بێـزار کـردووە. شـۆفێرەکەش ڕازی بـووە بیبـات ئەگەر لە پشـتی پێچکەکـانەوە خـۆی بە عەرەبـانە دارینەکەدا هەڵبواسـێت، چـونکە لە نـاو عەرەبـانەکەدا هـیچ شـوێنێک نەبـووە. کـاتێ گەیشـتبوونە حەڵەب پیـاوە شـێتەکە دیارنەمـابوو. شـۆفێرەکەش وای دانـابوو کە لە عەرەبـانەکە کەوتـووەتە خوارەوە و مردووە. بەڵام ئەنتۆنیان گەیشتبووە حەڵەب و لەوێ مابووەوە تـا کۆتـایی جەنگ و یارمەتیی گەلێ لە خێزانە ئەرمەنەکانی دابوو، لە هەمان کاتیشدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردبوون و

چیرۆک و بەسەرهاتیانی تۆمار کردبوو. گێڕانەوە و یاداشتەکانی وەک شایەتحاڵێک کە دواتر چاپ و باڵاوکرانەوە سەرچاوەی بەنرخ بوون بۆ تێگەیشتن لە مێژووی جینۆسایدی ئەرمەن. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ژیان و کارەکانیەوە، بڕوانە پێرومیان، *"کاردانەوە ئەدەبییەکان بۆ کارەساتەکە Literary Responses to the Catastrophe"*، ل ١٥١ - ١٧٢.

١٧ ئەرمەنەکان لە دوای شۆڕشی تورکە الوەکان لە ساڵی ١٩٠٨دا مافی خزمەتکردنیان لە سوپادا پێدرا و بەڵگەی لە سەرە کە هەشت هەزار سەربازی ئەرمەنی ئازایانە و شانبەشان لەگەڵ سەربازە موسڵمانەکان لە جەنگی بەڵکانی ساڵی ١٩١٢دا شەڕیان کردووە. لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەمیشدا، هەزاران پیاوی ئەرمەن لە ڕیزەکانی سوپادا بوون بە سەرباز و دیسانەوە ئازایانە لە ناو سوپای تورکیادا لە چەند بەرەیەکدا شەڕیان کرد، بەتایبەتی لە دژی سوپای ڕووسیا لە قۆڵی ڕۆژهەاڵتەوە. لە پاش زنجیرەیەک هێرشی سەرنەکەوتوو لەو بەرانەدا، حکوومەت ڕووی لە سەربازە ئەرمەنەکان وەرگێڕا و چەکی کردن و خستنیە ناو فەوجەکانی کارکردنەوە کە ناویان *"عەمەلە تابووری amele tabun"* بوو، بۆ ئەوەی کاری دەستی ئەنجام بدەن و زۆرێکیان لە تاو ماندوێتی و برسێتی دەپڕووکان و دەمردن یان دوور دەخرانەوە و کۆمەڵکوژ دەکران. بڕوانە وۆکەر، "جەنگی جیهانی یەکەم و جینۆسایدی ئەرمەن World War I and the Armenian Genocide" (١٩٩٧)، ل٢٤٥ - ٢٤٧.

١٨ لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، بایەکی دیموکراسی لە تورکیادا هەڵیکرد و پیاوانی کەمینەکان ڕێگەیان پێدرا لە قوتابخانە سەربازییەکان بخوێنن بۆ ئەوەی ببنە ئەفسەری یەدەگ. ڕوپەن ماشۆیان، کە نووسەر و ڕۆشنبیرێکی ئەرمەنە، ئەزموونی خۆی وەک خوێندکار لە کۆڵێجی ئەفسەرانی یەدەگ لە ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٤٩دا باس دەکات. بڕوانە *Yev aysbes abretsank* (١٩٩٨)، ل ٣١.

١٩ ئەم جۆرە گۆرانیانە لە الیەن قێرجین سۆقازلیان، کە تۆێژەرێکی ئەرمەنە و لە ئەرمینیا دەژی، کۆکراونەتەوە و لە ناملکەیەکدا بە ناوی *"جینۆسایدی ئەرمەن لە بیرەوەرییەکان و گۆرانییەکانی شایەتحاڵانی ڕزگاربوودا بە زمانی تورکی The Armenian Genocide in the Memoirs and Turkish-Language Songs of the Eye-Witness Survivors"* کە لە ساڵی (١٩٩٩)دا باڵاوکراونەتەوە. هەروەها ئەم خانمە (واتە سۆقازلیان) لە شار و گوندەکانی ئەرمینیای سۆڤێێتیدا بە دوای ڕزگاربووانی جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا گەڕاوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردوون. گەشتێکیشی بۆ ئیستانبوڵ کردووە بۆ دۆزینەوەی ئەو ژن و پیاوانەی کە دەتوانن باسی ئەزموون و بە سەرهاتی خۆیانی بۆ بکەن و گۆرانی و چیرۆکەکانیانی تۆمار کردووە.

٢٠ یاسای نازناوی بنەماڵە، ژمارە ٢٥٢٥، لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٣٤ دەرکرا و بەو پێیە پاشگری ناوی بنەماڵە و خێزانی قەدەغە کرد کە ناسنامەی کەمینەی ئیتنیکی / نەتەوەیی دیاری دەکات.

٣

موسڵمانە ئەرمەنەکان، پارادۆکسێك؟

لە نێو ئەو بنەماڵە ئەرمەنیانەی کە بووبوونە موسڵمان، هەندێکیان بە دڵ و بە گیان ئاینی نوێیان لە باوەش گرت و هەندێکی تر خۆیان وایان نیشان دەدا کە پابەندن بە ئیسلامەوە بەڵام بە نهێنی باوەڕی مەسیحیی خۆیان پراکتیزە دەکرد و دەستیان بە نەریتەکانیانەوە گرتبوو. بەبێ گوێدانە ئەم بژاردانە، هەموویان تووشی هەڵاواردن و جیاکاریی بوون. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە موسڵمانبوونی بەکۆمەڵ پێشینەی خۆی هەبوو لە مێژووی ئەرمەنەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا. ئەوان لە ترسی تووشبوون بە کێشە و مەینەتییەکی نوێ و بە ناچاری دەبوون بە ئیسلام، یان تەنها بۆ ڕزگاربوون لە ستەم و چەوساندنەوەی بەردەوام دەسبەرداری ئاینی کریستیانی خۆیان دەبوون و ئاینی ئیسلامیان قبوڵ دەکرد و بەرە بەرە لە نەوەکانی دواتردا ڕەگی دادەکوتا. کات و ژینگە ڕۆڵی خۆیان بینی لە چەسپاندنی باوەڕی هەندێکیان بە ئیسلام و هەندێکیشیان بەپێچەوانەوە. ئەرمەنە هەمشێنە بەئیسلامکراوەکان نموونەیەکن لەوە و ئەوان ئاینی ئیسلامیان بەتەواوی لەلا چەسپی بەڵام لەوەش ئاگادار بوون کە بنەچەیان جیاوازە لە بنەچەی دراوسێکانیان. ئەوان نەوەی کۆمەڵێک ئەرمەنن بە سەرۆکایەتیی شازادە شابۆ و کوڕەکەی، هەمام ئاماتوونی، کە بۆ دوورکەوتنەوە لە ستەم و چەوساندنەوەی عەرەبەکان لە ڤاسبوراگان بەرەو باکوور بۆ چیای خاچکار هەڵاتبوون. لە سەدەی هەشتەمەوە بە گۆشەگیری و

نـیمچه سـەربەخۆ بە درێژایـی کەنارەکـانی دەریـای ڕەش و لە چیـای پۆنتیـک دەژیـان و پەرەیـان بە کولتـوور و زمـانێکی تـایبەتی خۆیـان دا کە دیـالێکتێکی دووری زمانی ئەرمەنییە. ئەوان پەیڕەوییان لە ئاینی کریستیانیان دەکرد و سـەر بە ئەبرەشـییەی خۆیـان بـوون کە ئەبرەشـییە (ئەپسـتۆریا)ی خاچکـار بـوو. ناوەکەشـیان لە نـاوی شـارۆچکەی هەمامشـێن وەرگیـراوە کە لە بنەڕەتـدا نیشـتەجێی بـوون و هامشـێن فـۆرمی شـێواوی حەمامشـێنە. ئەم میرنشـینەی ئەرمەن تا سەدەی چواردەهەم و سەرەتای هەژموونی عوسمانی لە گەشەکردندا بوو. دواجار هامشـێن لە سـاڵی ١٤٨٩دا لە لایەن سـوپای عوسـمانییەوە لەناوچوو و داڤیت کە دوا میری بـوو دەربەدەر کرا. لە سـەرەتای سـەدەی شـانزەهەمەوە و بەتایبەتی لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا، لە ئەنجامی سیاسەتی بابی عالیدا (واتە دەوڵەتـی عوسـمانی – و) بـۆ ناچـارکردنی گـۆڕینی ئـاین بە سـەر دانیشـتووانی ئیمپراتۆرییەتی بەرفراوانی عوسمانیدا، هێرش و چەوساندنەوەکان زیادیان کرد و ئەرمەنەکـانی هامشـێنیش ناچـار بـوون ببـنە موسـڵمان. ئەوانەی ڕەتیـانکردەوە، هەڵاتـن بـۆ کەنارەکـانی بـاکووری دەریـای ڕەش بـۆ ئەوەی داوای پاراسـتن لە ئیمپراتـۆرییەتی ڕووسـیای مەسـیحی بـکەن. لەوێشـەوە زیـاتر بڵاوبـوونەوە بـۆ جۆرجیـا و ئەرمینیـا و ئاسـیای ناوەڕاسـت. ئەوانەشـیان کە گەیشـتنە بەشـەکانی ڕۆژئـاوای ئیمپراتـۆرییەتی عوسـمانی، بـۆ ئـۆردو و سامسـون و ترابـزۆن، بـوونە قوربانیی جینۆسایدی ساڵی ١٩١٥.

بەڵام پێشـهاتێکی سـەرنجڕاکێش لەم دواییـانەدا لە دۆخـی هامشـێنلییەکاندا هەیە (وەک تورکەکـان بە ئەرمەنەکـانی هامشـێنیان دەوت). دوای چەنـدین سـەدە لە پابەنـدبوونی تەواو بە ئیسـلامەوە و نەمـانی هۆشـیاری بە بـنەچە و ڕەچەڵەکـی خۆیـان، کەوتنە سـەر کەڵکەڵەی زیـاتری گرنگیـدان بە ڕەگ و ڕیشـەی خۆیـان. لە کاتێکدا ئەوان بە شێوەیەکی نەریتی خۆیـان وەک گرووپێکی ئیتنیکیی تر دەزانی لە ئیمپراتـۆرییەتی فـرە ئیتنیـک و نەتەوەی عوسـمانی و تورکیـای کۆماریـدا، وا

ئێستا ڕەگ و بنەچەی خۆیان لە دووتوێی ئەو زمانە ئەرمەنییەدا دەدۆزنەوە کە لە لایەن گەشتیارانەوە قسەی پێدەکرێت و بە شێوەیەکی بەرچاویش لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵەی ئەسالاوە[١] ASALA لە دادگاکانی تورکیادا و بەم دواییانەش لە لایەن ئەرمەنەکانی کۆماری سەربەخۆی ئەرمینیای دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیێتەوە و هەروەها ئەرمەنەکانی تاراوگەش (دیاسپۆرا). بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ بە گۆشەگیری لە ناو کۆمەڵگاکانی (کۆمیونیتییەکانی) خۆیاندا ژیان و بە زمانی تورکی یان بە شێوەزارە تایبەتەکەی خۆیان دەئاخڤین. بەڵام ئێستا، ئەوان زیاتر کراوەن بەرانبەر بە جیهانی دەرەوە و گەشت دەکەن و لەگەڵ ئەرمەنەکان یەکتر دەناسن و تێبینیی لێکچوون دەکەن لە نێوان زاراوەکەی خۆیان و زمانی ئەرمەنی کە لە شوێنانی تر قسەی پێدەکرێت و هاوشێوەیی لەگەڵ تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی خۆیان دەبینن، کە سەرەڕای بەئیسلامبوونیان پاراستوویانە، هەروەها پراکتیزە کولتوورییە ئەرمەنییەکان لە شوێنەکانی تریش.[٢]

پرەنسیپەکانی ئەم دواییەی دیموکراتیزەکردن کە لە لایەن یەکێتیی ئەوروپاوە بە زۆر بە سەر تورکیادا سەپاوە و لە ئەنجامدا نەرمتر بوون لە سیاسەتی حکوومەتدا بەرانبەر بە گرووپە ئیتنیکی یان نەتەوەییەکانی تورکیا. هەروەها ئەم دیاردەیە ئامرازێکە بۆ ئاشکراکردنی هامشێتلییەکان بۆ جیهانی دەرەوە و هاندانیان بۆ گەڕان بە دوای ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیاندا.[٣] پێکهاتن و پەرەسەندنی ئەو ناسنامەیە دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی لەبیرچوونەوە و نوقمبوونی تەواوەوە بۆ وردە وردە وەرگرتنی توخمەکانی ناسنامەی ئەرمەنی، کە ڕەنگە هەموو توخمەکانی بێت بێجگە لە ئاین، چونکە زۆرێک لەوان بە توندی پابەندن بە بیروباوەڕی ئیسلامییانەوە.

لە ئێستادا زۆرینەی گەلی ئەرمەن پێناسەیەکی وشک و ڕەق بۆ ئەرمەنیبوون پەیڕەوی دەکەن کە هەر تەنها مەسیحییەت ناگرێتەوە لە ڕووی ئاینەوە، بەڵکو ئەوەش بە "ڕەسەنتر و ڕەگ داکوتاوتر" دەزانن کە پابەندی کەنیسەی ڕەسوولیی

ئەرمەنین Apostolic. ئەم هەڵوێستە تونـدە کە لە ڕابـردووی نزیکـدا زاڵ و باڵادەست بوو، ئەمڕۆ تا ڕادەیەک جێی گومانە و پووچەڵکراوەتەوە. بەهەرحاڵ، ئاینی مەسیحی تـوخمێکی بنەڕەتییە لە ناسنامەی نەتەوەی ئەرمەندا و جێگەی مشـتومڕ نیـیە، بەڵام ئـاخۆ ئەمـانە دەتـوانن هامشـێنەکان، یـان ئەرمەنە بەئیسلامبووەکانی تر وەک گرووپ/ خێڵێکی ئیتنیکیی ئەرمەنی دابنێن کە سـەر بە پێغەمبەرێکی تر و شوێن کتێبێکی پیرۆزی تر کەوتوون؟

لە چاوپێکەوتنێکـدا لەگەڵ ڕوبـێن میلکۆنیـان، کـایەڵ مارگـارئۆغلۆ، کە هامشـێنییەکە و ئێستا لە ئیستانبوڵ دەژی، ڕوونی دەکاتەوە کەوا بەئاگابوون لە ڕەچەڵەک و بـنەچەی ئەرمەنییـان و پراکتیزەکردنـی هامشـێنێتی (واتە دیـالێکتی ئەرمەنیـی هامشـێن) بەهێزتـرن و چەسـپاوترن لە نـاو گرووپـی هۆپـادا و نەوە تەمەن گەورەکانیـان وەک لەوەی لە نـاو هامشـێنییەکاندا بـن لە بەشـەکانی ڕۆژئـاوای تورکیـادا. هەروەهـا بـاس لەوەش دەکـات کە زۆرێـک لە گەنجـان و خوێنـدەوارانی هامشـێن بە چـاکی ئاگایـان لە ڕەگ و ڕیشـەی خۆیـانە و ئەوان تەنانەت خۆیان بە ئەرمەنیش دەزانن و بایەخ بە زانیاریی زیاتر دەدەن لەبارەی ئەم شوناسەوە.[٤]

خاسـییەتە جیـاکەرەوە و تایبەتمەنـدەکانیش ئەوەیە کەوا ئەرمەنە هاشـمێنییەکان لە جینۆسـاید ڕزگاریـان بـووە و پێشـتریش لە کوشـتارەکانی سـوارەی حەمیـدییش کە لە سـاڵانی ١٨٩٤ - ١٨٩٦دا ئەنجامـدراوە بە سـەلامەت دەرچوون.[٥] بەڵام شەپۆلێکی بەئیسلامکردنی ئەرمەن لە ماوەی کۆمەڵکوژییەکانی حەمیدیدا ڕوویداوە و لە ڕاستیدا ئیسلامبوون وەک بژاردەیەک خراوەتە بەردەمی ئەرمەنەکان بۆ ڕزگاربوون لە کوشتن و مەزەندە دەکرێت کە نزیکەی چل هەزار ئەرمەنـی لە سەرانسـەری ئیمپراتـۆرییەتی عوسـمانیدا ئیسـلامبوونیان قبـوڵ کردبێت بۆ ئەوەی لە کوشتن ڕزگاربن. ئاخۆ ئەوانە ئێستا لەکوێن؟

یوسـف وەک موسـڵمانێک لە خـانەی هەتیـوانی تورکیـا پەروەردە بـووە، دوای ئەوەی دایـک و بـاوکی لەدەسـتداوە لە کوشـتاری گونـدە ڕەسـەنەکەی خۆیـدا لە

سەردەمی کۆمەڵکوژییەکانی ساڵانی ١٨٩٤ - ١٨٩٦دا. یوسف لە ڕۆمانەکەی جۆزێف هۆکینگ، "ڕێگای شکۆمەندی *The Path of Glory*" (١٩١٧)دا دەردەکەوێت، کە لە ڕاستیدا، یەکەم ڕۆمانە لە سەر جینۆسایدی ئەرمەن. لەم ڕۆمانە ڕۆمانسییەدا، وەک هۆکینگ بانگەشەی بۆ دەکات، وەسفەکان وردن و لەگەڵ ڕاستییەکان یەکدەگرنەوە. نووسەر لابەلا باس لەوە دەکات کە زۆرێک لە کوڕان و کچانی منداڵ و گەنجی ئەرمەنی ڕزگاربووانی کۆمەڵکوژییەکانی ١٨٩٤ - ١٨٩٦، لە هەتیوخانەکانی تورکیادا وەک موسڵمان پەروەردە کراون و یوسف یەکێکە لەوان. بەڵام پەروەردەکردنی تەنها لە ڕووکەشی دەرەوە نەبێت نەیگۆڕی و دەستی لە ناسنامە ئەرمەنییەکەی خۆی بەرنەدا و هەر بە نهێنی هێشتیەوە. ئەو بە درێژایی ڕۆمانەکە وەک موسڵمانێکی ڕاستەقینە و پابەند بە یاسا و شەریعەتی ئیسلامەوە ڕەفتاری دەکرد و بەوەش خزمەتێکی قارەمانانە و بوێرانەی نائاسایی بە ڤیکتۆری ئاغا گەنجە ئەرمەنییەکەی خۆی کرد کە منداڵێکی بچووک بوو کاتێ دایک و باوکی لە بەریتانیا گیانیان لەدەستدا. دەریاوانێکی بەریتانیی هاوڕێی خێزانەکەی، ڤیکتۆری بەخێوکرد و وەک پیاوێکی ئاست بەرزی بەوەج باشترین پەروەردەی بۆ دابینکرد و بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێنماییکردنیشی بەرەو ڕۆژهەڵاتناسی. لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا و گەیشتنی هەواڵی چەوساندنەوە و ستەمکردن لە ئەرمەنەکان، ئەدمیراڵی ئەفسەری دەریاوانیی خانەنشین بنەچە ئەرمەنییە ڕەسەنەکەی خۆی بۆ کورە بەخێوکراوەکەی ئاشکرا دەکات. ئەو تازە نامەیەکی تکاکاریی لە پووورەکەی ڤیکتۆرەوە لە شاری وان پێدەگات بۆ ئەوەی خۆی و کچەکەی لە دۆزەخی گرگرتووی تورکیا ڕزگار بکات. بەم شێوەیە ڤیکتۆر بە خولیا و مەراقێکی گەورەوە بڕیار دەدات بچێتە تورکیا بۆ ڕزگارکردنی پوور و کچەکەی پوورزای و هەموو نەژادی ئەرمەن لە نەخشە و پلانی شەڕخوازی و خراپەکاریی حکوومەتی تورکیا.[٦]

دوای کۆمەڵکوژییەکانی حەمیدییەکان، بە هۆی سیاسەتی تورکە لاوەکان و بەردەوامبوونیان لە سەردەمی حوکمڕانیی مستەفا کەمال ئەتاتورکدا، تێڕوانینی

تورکیا بۆ ئەرمەنەکان وەرچەرخانێکی توندی بەرەو خراپتر وەرگرت. تورکە ئاساییەکان و بەتایبەتی ئەوانەی یارمەتیی بەرپرسانی ناوخۆییان دا ئەرمەنەکان بگرن و ڕایانگوێزن، یان ئەوانەی کە مالّی دراوسێکانیان تالّانکرد دوای ئەوەی ڕۆیشتن، بە زەحمەت قبوولّیان دەکرد ڕزگاربووانی ئەرمەن (واتە ئەوانەیان کە ئیسلام بووبوون – و) لە دوای کۆمەلّکوژییەکانی سالّی ١٩١٥ بگەڕێنەوە بۆ مالّەکانیان. ئەوان هەرگیز متمانەیان بە ئەرمەنە بەتورککراوەکان نەبوو وەک موسلّمانی ڕاستەقینە، لەوانەی کە ئاینیان گۆڕی و موسلّمان بوون بۆ ئەوەی خۆ لە ڕاگواستن و دوورخستنەوە بپارێزن. لە نێو خۆیاندا، ئەرمەنە ئیسلامەکانی کە خۆیان لە پشت پەردەی ئەو ئاینەوە شاردبووەوە (وەک تەکون *takun*) کە ئەمڕۆ دەتوانرێت بەگشتی وەک کریستیانە شاراوەکان پۆلێن بکرێن و خۆیان بە مێرینەر *merinner* (واتە خەلّکی ئێمە و بە تورکی بیزیمکیلەر *bizimkiler*)، یان دارتسات *dartsat* (گۆڕاو) ناودەبرد و هەوڵیان دەدا بەیەکەوە هەلّبکەن.[٧] ئەم خەلّکە پەراوێزخراوانە لە کۆمەلّگەی تورکیادا شێوازێکی تایبەتی خۆیان بۆ پێکەوەژیان و هەلّکردن پەرەپێدا *modus vivendi*. بە وتەی مێلینێ، "ئەوان وەک سندووقی داخراو وابوون و هەرگیز جیهانی ناوەوەیان لەبەردەم کەسێکی بێگانە و نامۆدا نەدەکردەوە" (یالّچین، ل٣١٧). هەروەها خۆیان لە هاوسەرگیریی لەگەلّ کورد و تورک بەدوور دەگرت (ل٣٥٠). لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، کە چۆن ئەو کەسانەی لە ترسدا دەژین و بەردەوام چاودێری و هەڕەشەیان لێدەکرێت، وەک هاووڵاتییەکی باشی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژین، کاربکەن؟ بەداخەوە تورکیا کۆگایەکە بۆ ئەم جۆرە کەسانە. لە وتارێکی بنکۆلّکردندا کە دەزگای تەلەگرافی جوو Jewish Telegraphic Agency (JTA) بڵاویکردووەتەوە، زانیاریی لە سەر کۆمەلّگەیەکی بچووکی جووە شاراوەکان لە شاری کۆنی شانلی ئورفە[٨] لە تورکیا دەخاتە ڕوو (واتە ئووری تەوراتی، کە نزیکەی ٣٠ میل لە سنووری باکووری سووریاوە دوورە). ئەوان بە نهێنی پەیڕەویی ڕێوڕەسمی ئاینی

جوویان دەکرد لە ماڵەکانیاندا و لە هەمان کاتدا دەچوونە مزگەوتیش بۆ ئەوەی خۆیان وەک موسڵمان پیشان بدەن. بەڵام ئەمانە چ سوودێکیان بۆ تورکیا هەبوو؟ کەمال یاڵچین، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕوبێن میڵکۆنیان باسی ئەرمەنە شاراوەکان دەکات و دەڵێت: "تەنها ئەوانەی دەتوانن بە ئازادی ناسنامەی خۆیان بپارێزن، دەتوانن بە ڕاستی دەوڵەتیان خۆشبوێت، واتە ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین".[٩]

سوڵتان، کە ژنە ئەرمەنییەکی نەوەی سێیەمی بەئیسلامکراو بوو، لە چاوپێکەوتنەکەی یاڵچیندا، باسی باپیری خۆی دەکات کە بە ناچاری کچەکەی داوە بە کوردێک و چۆن بە خەمبارییەوە بۆ کچەکەی گریاوە و گوتوویەتی "کچەکەم کردە قوربانی بەوەی کە دام بە کوردێک". ئەوجا لە ترسی هەمان چارەنووس کچێکی تری ١٢ ساڵانی، لە پیاوێکی ئەرمەنی بەئیسلامبووی تەمەن ٣٠ ساڵ مارەکردووە کە دەکاتە دایکی سوڵتان. حاجی ئیبراهیم چیرۆکێکی هاوشێوە لە سەر خوشکە جوانەکەی دەگێڕێتەوە، کە چۆن باوکیان بەپەلە لە کوڕێکی هەتیوی هەژار و ناشیرین و کەچەڵ مارەی کردووە، کە یەکێک بووە لە میرینەرەکان (واتە ئەرمەنە موسڵمانەکان – و)، چونکە ئاغایەکی کورد چاوی لە سەر بووە و گەرەکی بووە بۆ خۆی بیخوازێت (یاڵچین، ل ٣٥٠).

ڤەهرام باس لە خەم و پەژارەی نەبڕاوەی خۆی دەکات و پەشیمانە لەوەی کە دەستبەرداری ئاینە هەق و ڕاستەکەی خۆی بووە و لە ئازارێکی دەروونیی سەختدا دەژی. ڕاستییەکەی ئەوەیە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانیانەوە، ئەم کەسانە دوای موسڵمانبوونیان هیچ ئارامی و ئاسوودەییەکیان بەخۆیانەوە نەبینی. ئەوان هەرگیز لە لایەن موسڵمانەکانەوە متمانەیان پێ نەدەکرا و پێیان دەگوترا دۆنمە *dönmes*. هەرچەندە موسڵمانەکان خۆیان ڕەنگە ڕێوڕەسم و پراکتیزە ئاینییەکانیان پشتگوێ بخستایە و ئەوەیان بە لاوە ئاسایی بووە، بەڵام ئەرمەنە بەئیسلامکراوەکانیان لە ژێر چاودێرییەکی بەردەوامدا هێشتبووەوە بۆ

دڵنیـابوونەوە لەوەی کە ئەوان بە وردی پەیڕەویـی لە سـرووت و ڕێوڕەسـمی ئاینی ئیسلام دەکەن. ئەرمەنەکان، موسڵمان یان کریستیان بوونایە، هەر بە گـاور یـان گـاڤور ئۆغڵـو گـاڤور *gâvur oğlu gâvur* (واتە گـاوری کـوڕی گـاور) نـاوزەد دەکـران و هەمیشـە لە ژێـر گومانـدا بـوون و بەردەوام سـتەمیان لێـدەکرا و هەراسـان و بێـزار دەکـران.[١٠] ڤەهـرام و هاوسـەرەکەی بڕیاریانـدا مەرزیفـۆن بەجێبێڵن و کۆچ بکەن بۆ ئیستانبوڵ، کە کەمتر ژینگەیەکی دوژمنکارانە بۆ ئەوان (یاڵچین، ل١٢٧– ١٢٨).

پێدەچێت زۆرێـک لەم ئەرمەنە شـاراوە یـان بەئیسـلامکراوانە، کە هەندێکیان بە تەواوییش تێکەڵی کۆمەڵگە بووبوون، لە مەڵاتیە و دەوروبەری شارەکە نیشـتەجێ بـووبێتن. هەروەهـا پێـدەچێت مـژدەدەرە (مسـیۆنێرە) ئەڵمانەکـان و مەسـیحییە عەلەوییەکان لەو ناوچەیە چالاکانە لە هەوڵی بەمەسیحیکردنی کوردانی مەڵاتیە و گەڕانەوەی ئەرمەنە موسڵمانەکان بووبێتن بۆ سەر ئاینە ڕەسەنەکەی خۆیان. ئەم چالاکییە نیگەرانییەکی قووڵی لای تورکە نەتەوەپەرستە تووندڕەوەکانی تورکیـا بە دوای خۆیـدا دەهێنێـت و تێرۆرکردنـی سـێ کارمەنـدی خـانەی بڵاوکـردنەوەی زیرقـێ لە شـاری مەڵاتـیە لە ١٨ی نیسـانی ٢٠٠٧دا کە یەکێکیـان ئەڵمـان و دوو کوردی مەسیحیی عەلەوی بـوون، دەرکەوتنێکی زەق و تونـدی ئەو دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەی بە دوای خۆیدا هێنابێت.[١١]

لە ناوەنـدە سیاسـییەکانی تورکیـادا، ئەمـڕۆ ئەرمەنە شـاراوەکان یـان خۆحەشاردەرەکان زیاتر جێی گومانن لە مەسـەلەی پەیڕەویکردنیان لە ئیسـلام و هیچ کاتێ جێی متمانە نین، وەک ئەوەی کە خەڵکی تورکیـا ناویـان دەبەن. میدیا لایەنگرەکانی تورکیا وایان پیشـاندەدەن کە ئەوانە مەترسـییەکی گەورەن بۆ سـەر یەکپارچەیی خـاکی تورکیـا. لە چـاوپێکەوتنێکی پێشـووتری ڕۆژنـامەی ئاکسـیۆنی تورکیـدا (٢٩ی کـانوونی دووەمـی ٢٠٠٧)، سـەلیم کـۆهجە بە ئاشـکرا باسـی ئەم مەترسـییە دەکـات و پێیـوایە ٨٠ هەزار تـا ١٠٠ هەزار ئەرمەنـی شـاراوە لە

سەرتاسەری تورکیادا هەن و بە ئەنقەست ناسنامەی ڕەسەنی ئەرمەنییان بیردەخرێتەوە و داوایان لێدەکرێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوناسە یان پارێزگاریی لێبکەن. بە گوتەی کۆهجە، بزووتنەوەیەک لە نێوان کۆچبەرانی کۆن و نوێی ئەرمەندا لە ئیستانبوڵ دروستبووە و داوای دووبارە تۆمارکردنەوەیان دەکەن، واتە پێداچوونەوە بەو کاغەز و تۆمارانەی کە ئاماژەیە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستایان و بەدەستهێنانی تۆمارکردنیان لەو شار و گوندانەی ڕۆژهەڵاتی تورکیا کە لێیەوە هاتوون. کۆهجە دەڵێت ئەم بزووتنەوەیە پلانێکی نهێنی پەیڕەو دەکات، کە لە لایەن ئەرمەنەکانی دیاسپۆراوە پشتگیری کراوە و ڕێکخراوە و لە لایەن حکوومەتەکانی ئەمریکا و ئەوروپاوە هاندەدرێن، بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی کۆمەڵگە ئەرمەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا و دواتر داوا بکرێت کە ئەم ناوچانە بخرێنە سەر قەڵەمڕەوی ئەرمەنستانێکی گەورە.[١٢] پێویستە تێبینیی ئەوەش بکرێت کەوا هرانت دینکی چالاکوانی ئەرمەنی تورکیا لە لایەن نەتەوەپەرستێکی تونڕەوی تورکەوە لە ١٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧دا تێرۆر کرا، کاتێ کە سەرقاڵی گەڕان بوو بە دوای ئەرمەنە شاراوەکاندا لە تورکیا.

هەرچەندە ئەم گریمانانە ڕاستبن یان نە، بەڵام کاردانەوەکانیان ڕای گشتی لە تورکیادا دروست دەکەن و کاریگەرییان لە سەر دۆخی دەروونیی تورکی ئاسایی و تێڕوانینی ئەو بۆ ئەرمەنەکان و پرسی ئەرمەن هەیە. ئەرمەنە بەئیسلامکراوەکان بە زمانی خۆیان قسە ناکەن. ئەم توخمە گرنگەی شوناسی نەتەوەیی ئەوان بە هۆی بەردەوامیی سیاسەتەکانی دژە کەمینەکانی حکوومەتەوە لەدەستچووە و لەدەستدانی زمانی دایکیان سیفەتێکی هاوبەشە لای هەموو ڕزگاربووانی ئەرمەن، موسڵمان یان مەسیحییەکانیان، کە لە ناو تورکیادا پەرش و بڵاو بوونەتەوە و ڕێگەیان پێنادرێت زمانی ئەرمەنی فێربن و قسەی پێبکەن. وەک کەمال یاڵچین کە مامۆستایەکی زمانی تورکییە لە ئەڵمانیا و کۆرس و بەرنامەی ڕاهێنانی مامۆستایانی بینیوە، توانیی جیاوازییەکە ببینێت و دەڵێت: "لە

ئەڵمانیا خوێندنی نیشتمانی نییە، بەڵکو تەنها خوێندن هەیە. زۆرجار جەخت لەوە دەکەینەوە کە لە ئەڵمانیای فرە ئیتنیک و فرە زماندا، فێربوونی زمانی دایک یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ" (ل٢٢). ئەم مافە سەرەتاییەی مرۆڤ ئەرمەنەکانی ناوچە و ویلایەتەکانی ناوخۆی تورکیا لێی بێبەشن. لە ڕاستیدا بیستنی قسەکردن بە زمانی ئەرمەنی لە شوێنە گشتییەکاندا ڕووداوێکی دەگمەنە، ڕووداوێک کە ئیلهامبەخش بوو بۆ ڕوپن ماشۆیان بۆ نووسینی کورتە چیرۆکێک کە باس لە دیمەنێکی منداڵان دەکات لە شەقامەکاندا گەمە دەکەن. قسەی ئەرمەنی سەرنجی ڕاکێشا و وەستا و سەیری دەکردن. منداڵە ئەرمەنەکان لە یاریی چاوشارکێدا، زمانی دایکیی خۆیان بەکاردەهێنا بۆ فریودان و گێلکردنی ئەو کوڕە منداڵە غەیرە ئەرمەنییە. ماشۆیان لە کۆتاییدا دەڵێت: "ئەوجا پاڵەوانەکەمان [سیفەتێکە بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ ئاماژەکردن بە زمانی ئەرمەنی بەکاردێت] هەست بە ڕەزامەندیی سەرکەوتن دەکات، لانیکەم بەم شێوەیە".[١٣] بێجگە لە زمان، دیارە ڕەهەندی ئایینی لە ناسنامەی ئەرمەنی بەئیسلامبوویشدا نەماوە و بۆ نموونە حاجی ئیبراهیم بەم جۆرە شوناسی خۆی باس دەکات:

زمانی دایکیی من کوردییە، وەک کوردێک هەست بە خۆم دەکەم. من بە ڕەچەڵەک ئەرمەنیم. دایک و باوکم ئەرمەنی ڕاستەقینەن. من لە گوندێکی کوردەواریدا گەورە بووم و یەک وشەی زمانی ئەرمەنی نازانم و... کاتێ ئەڵمانەکان پرسیار لە ناسنامە و نەتەوەی من دەکەن، وا وەڵام دەدەمەوە کە من خەڵکی تورکیام و زمانی دایکیم کوردییە و ناسنامەکەم ئەرمەنییە و ئایینم ئیسلامە. (یاڵچین، ل ٣٤٧).

بەم شێوەیە یان بە شێوەیەکی تر ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆری ئەرمەن دەبینەوە کە بە هۆکاری جیاواز و لە چوارچێوەی کاتی جیاوازدا موسڵمان بوون. ئەوان ڕاستگۆ بووبێتن یان نا لەگەڵ ئایینی نوێیان، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا ئاگاداری ڕەچەڵەکی ئەرمەنیی خۆیانن. لەوانەیە وەڵامی جیاوازیان هەبێت ئەگەر پرسیاریان لێ بکرێت دەربارەی ناسنامەکەیان و پێکهاتەی ناسنامەشیان جۆراوجۆرە – تورک، کورد، یان عەرەب – و تۆندیی ئەم پێکهاتانە دەگۆڕێت و

شەبەنگێکی بەرفراوانی نامۆ لەخۆدەگرێت و تەنانەت دژواریش بە تێگەیشتنمان لە ناسنامەی ئەرمەنی ئەمڕۆ. ڕەنگە لە یەکەم نیگادا لۆجیکی نەبێت، بەڵام دەکرێ هێڵێکی بەراوردکاری لە نێوان ئەم "ئەرمەنانە" و ئەرمەنەکانی لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکان یان ئەمریکییەکاندا دابنرێت کە زمانەکەیان لەدەستداوە، بە تەواوی تێکەڵ بە کولتووری سەرەکی و باو بوون و پەیوەندییان لەگەڵ میراتی باوباپیرانی خۆیان بچڕاندووە، بە ئاگالێبوونێکی کز و لاواز بە ڕەگ و ڕیشەی خۆیانەوە. بێگومان تاکە جیاوازییش ئاینە، کە ئەویش ئیسلامە بەرانبەر بە مەسیحییەت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەرمەنی کۆمەڵگەکانی دیاسپۆرا یان تاراوگە بە ئامادەییەوە وەک ئەندامی تاکی کۆمەڵگەی ئەرمەنی وەریاندەگرن هەرچەندە ڕەنگە پەیوەندییە پێچەوانەکە ڕاست نەبێت، واتە ئەم بە ناو ئەرمەنە پەراوێزخراوانە ڕەنگە ئارەزووی ئەوە نەکەن کە وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی ئەرمەنی هەژمار بکرێن. لە لایەکی ترەوە، ئەمڕۆ ئەرمەنی موسڵمان لە تورکیادا هەن و ئێمەش زیاتر ئاگاداری بوونی ئەرمەنە موسڵمانەکانین لە تورکیادا و ئێستا لە دەرەوەی وڵاتیش، پەرش و بڵاو بوونەتەوە لە ئەڵمانیا و وڵاتانی تری ئەوروپادا. ئاخۆ کۆمەڵگەی ئەرمەنی بەگشتی ئامادەیە قبووڵیان بکات و لەئامێزیان بگرێت؟

پەراوێزی بەشی ٣ ئەرمەنە موسڵمانەکان، پارادۆکسێک؟

١ بڕوانە سەرەوە، بەشی ١، تێبینیی ٢٤.

٢ ئەو گرووپەی کە لە ژێر گفتوگۆدایە و پەیوەندیی بە بابەتەکەوە هەیە، ئەرمەنەکانی هامشێن لە تورکیای ئەمڕۆدا، وەک جیاواز لە ئەرمەنەکانی هامشێن، مەسیحی یان بەئیسلامبوو، کە لە ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا نیشتەجێ بوون و چارەنووسێکی جیاوازیان تووش هات. بۆ نموونە ئەوانەی لە ئەجەریا (جۆرجیا) بوون لە ساڵی ١٩٤٤دا لە لایەن ستالینەوە دوورخرانەوە بۆ کازاخستان و کیرغیزستان، تەنها دوای مردنی ستالین ڕێگەیان پێدرا بەڵگەنامەی ناسنامە و پاسپۆرتیان هەبێت و هەرچەندە زمانی ئەرمەنییان وەک زمانی دایکی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام وەک هامشێن یان تورک تۆمارکرابوون.

٣ لەم دواییانەدا، گرنگیدان بە ئەرمەنەکانی هامشێن زیادی کردووە. لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجام دەدرێت، کتێب بڵاو دەکرێتەوە، کۆنفرانسیش ڕێکدەخرێت بۆ باسکردن لە مێژوو و دۆخی ئیستای ئەم نەتەوە تایبەتە. لێشاوێکی زۆری نووسین لە سەر ئەو بابەتە لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە. بەتایبەتی بڕوانە *Wikipedia.org* و *Armeniapedia.org*. کتێبی *"هامشین: کورتەیەک Hamshin: A Handbook"* (٢٠٠٧)ی هۆڤان سیمۆنیان سەرچاوەیەکی تری بەنرخە لە سەر ئەم بابەتە.

٤ ڕوپێن میلکۆنیان توێژەرێکی ئەرمەنییە لە بەشی توێژینەوەی تورکیدا لە زانکۆی ئەرمینیای حکوومی لە یەریڤان. بۆ ئەم چاوپێکەوتنە، بڕوانە میلکۆنیان، *"کان هامشێنتسینێر Kan hamshentsiner"*، لە گۆڤاری *"هانراپێتاکان Hanrapetakan"*، ژمارە ٧ (٢٠٠٧).

٥ هەموو ئەمانە لە ساڵی ١٨٩٤دا لە ساسۆن دەستی پێکرد، کە ناوچەیەکی شاخاوییە و دانیشتووانێکی زۆری ئەرمەنەکان لە گوندەکانیدا دەژیان. ئەرمەنەکانی ساسۆن خۆیان لە پێدانی باجی زیادە بە ئاغاکانی کورد بەدوور دەگرت، لە بەرانبەر هەڵنەکوتانە سەر و تاڵان نەکردنی گوندەکان "باج و جزیەیان بە شێوەی بەروبوومی ئاژەڵی و ڕووەکی" لێوەردەگرتن. سەرەڕای سالانێک لە پێدانی ئەو باجانە، ئەرمەنەکان لە هێرشی ناوبەناو لە لایەن کوردە کۆچەرییەکانی ناوچەکانی دەوروبەرەوە ڕزگاریان نەبووبوو. لە هاوینی ساڵی ١٨٩٤دا ئەرمەنەکان جموجووڵێکی ناڕەزایی و بەرگرییان بەرپاکرد و باجسێن و هێرشبەرە کوردەکان دوورخرانەوە. دواجار هێزێکی گەورەی سەربازیی تورکیا لە بەدلیسی ئەو نزیکانەوە نێردرا بۆ یارمەتیدانی تونددکردنەوەی گەمارۆی گوندەکانی ئەرمەن. دوای مانگێک لە بەرگری و تەواوبوونی خۆراک و تەقەمەنی، دانیشتووان و جەنگاوەران خۆیان ڕادەستی سوپا و هێزە

ناڕێکخراوە کوردییەکان کرد. سەرەڕای بەڵێنەکانی فەرماندەی سوپا کە زیان بە دانیشتووانی بێچەک نەگەیەنن، خۆبەدەستەوەدانیان بە تاڵانی و دەستدرێژی و ئەشکەنجەدان و کوشتنی دڕندانە وەڵامدرایەوە و بە مەزەندە پێنج هەزار کەس کوژران. حکوومەت ئەو ڕووداوەی بە "ڕاپەڕین" ناوبرد و وەک بیانوویەک بەکاری هێنا بۆ سزادانی تەواوی دانیشتووانی ئەرمەن و ستەمکاری و مامەڵەی دڕندانەی ئەرمەن تەشەنەی کرد بۆ سەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. لە ماوەی دوو ساڵ کۆمەڵکوژیی بەربڵاودا، زیاد لە سەد هەزار ئەرمەنی کوژران و سەدان شارۆچکە و گوند و گەڕەکی ئەرمەننشینی شارەکان وێرانکران و سووتێنران و زۆرێک لە ئەرمەنەکان لە وڵات هەڵهاتن و بەشێکی بەرچاویشیان بە زۆر کرانە موسڵمان. زۆرێک لە تۆیژەر و زانایان پێیان وایە کە ئەم پۆگرۆمانە سەرەتای جێبەجێکردنی سیاسەتی قڕکردنی دانیشتووانی ئەرمەنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوون، کە بە جینۆسایدی ساڵی ١٩١٥ گەیشتە لووتکە. بۆ باسێکی ورد لە کۆمەڵکوژییەکانی ١٨٩٤ - ١٨٩٦، ڕۆڵی تیپە شۆڕشگێڕەکانی ئەرمەن و دەستێوەردانی زلهێزە بیانییەکان، بڕوانە هۆڤانیسیان، "پرسی ئەرمەن لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا The Armenian Question in the Ottoman Empire" (١٩٩٧).

٦ ڕۆمانەکەی هۆکینگ وەک یەکەم ڕۆمان لە جۆری خۆی کە ساڵانی کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنی ئەرمەنەکان دەگرێتەوە، دەکرا لە ڕووی وێناکردنی واقیعیانەی کولتوور و سیاسەت و ڕەفتاری ناوخۆیی تورکیا، ئامادەکارییەکانی چوونە ناو شەڕ و ساڵانی دواتر لە کاتی شەڕدا، بەهایەکی بێئەندازەی هەبێت. ڕۆمانەکە بە وردی باس لە پیلانگێڕیی بەرپرسانی حکوومەتی تورکیا دەکات لەدژی ئەرمەنەکان - لە سەرکردەکانی تورکە لاوەکانەوە بگرە تا ئەفسەرە بچووکە ناوخۆییەکان و مامەڵەکردنیان لەگەڵ دیپلۆماتکارە بیانییەکان و پەرەسەندنی ڕووداو و بارودۆخەکان دەخاتە ڕوو کە بە قڕکردنی دانیشتووانی ئەرمەن دەگەنە لووتکە. بەڵام ئاڕاستەی سیاسیی تونددڕەوانەی نووسەر و شیکارییە سیاسییەکانی، بەهای ئەم گێڕانەوەیە کەم دەکەنەوە. هۆکینگ، کە پەیامنێر و ڕۆمانووسێکی بەریتانییە، خۆیەر دەباتە ئەو باوەڕەی کە تەواوی پلانی کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەن لە بەرلین داڕێژراوە و تورکەکان تەنیا جەلادی جێبەجێکار و گوێڕایەڵ بوون، لە کاتێکدا ئەفسەر و دیپلۆماتکارە ئەڵمانەکان هەنگاو بە هەنگاو فەرمانیان دەدا و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی پلانەکەیان دەکرد. کارەکتەری جۆن پێنویتن، کە بەرپرسێکی بااڵی بەریتانی بوو لە حەڵەب، ئەو بۆچوونە دەردەبڕێت کە "یەکێک لە پلانەکانی ئەڵمانیا بۆ دەرکردنی هەموو ئەرمەن بوو لە ئاسیای بچووک و بە هەر نرخێک بووە دەبێت ئەمە بکرێت" (ل٥٦). "ئەڵمانیا حوکمڕانیی تورکیا دەکات" لێدوانێکە کە بە قەناعەتێکی پتەو لە

بۆنە جیاوازەکاندا بە دریژایی ڕۆمانەکە دووبارە دەبێتەوە. لەم نێوەندەدا ڕووسەکان وەک ڕزگارکەر و تاکە هیوای ئەرمەنەکان دەخرێنە ڕوو. ئینگلیزەکان بە گشتی ڕزگارکەری ڕاستگۆی جیهانن و ئەمریکییەکان تەماشاکەری بێباک و بێتوانان. هەروەها هۆکارەکانی پشت پلانەکانی لەناوبردنی گەلی ئەرمەن لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا زۆر سادە و ساکار کراون. هۆکینگ ئەم بیرۆکەیە بە دەنگی پزیشکێکی ئەرمەنی دەخاتە ڕوو:

"تورکیا ڕقی لە ئەرمەنەکانە، چونکە ئێمە خوێندەوار و خۆشگوزەرانین، هەروەها لەبەر ئەوەی کریستیانیشین. ئەوان کەیفیان بەوە دێت کە بە هەر بیانوویەک بێت ڕوو لە ئێمە وەربگێڕن وەک لە ڕابردوودا کردیان. ئەڵمانیا مەبەستی بەهێزکردنی دەستگرتنە بە تورکیا و ئەڵمانیاش دەبینێت ئەگەر بیەوێت سەروەت و سامانی تورکیای هەبێت، دەبێت ئەرمەنەکان لەناوببرێن. ئێمە بانکدار و بازرگان و خاوەن پیشەی تورکیاین، بۆیە تەنها تورکیا نییە بەڵکو ئەڵمانیایە کە مانای تێکشکاندن و لەناوبردنی ئێمە دەزانێت". (ل٧٩ – ٨٠)

٧ یاڵچین، *"هۆگیس کەزموڤ کە خەیتا Hogis kezmov ke khayta"* (٢٠٠٣)، ل ٣٥٩. (ئەمە لێرە و لە شوێنی تری ئەم کتێبەدا بە زمانی ئەرمەنییە – وەرگێڕ).

٨ گوتمان، "جووە نهێنییەکانی تورکیای دوورەدەست The Secret Jews of Remote Turkey" (٢٠٠٣). بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی لێژنەی هاوبەشی دابەشکردنی جووەکانی ئەمریکا.

٩ بڕوانە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی *"ئەسبارێز Asbarez"* (٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧)، ل٢، ١٢.

١٠ گاڤوور *Gâvur* یان گاور بە گۆکردنی زمانی کوردی زاراوەیەک بووە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ غەیرە موسڵمانەکان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و کۆماری تورکیای دوای ئەو بەکارهاتووە. ئەم زاراوەیە بە مانای کافر یان بێدین بووە و بەزۆری بە "کافر" (ئەنهاڤات بە ئەرمەنی، کافەر *kafer* بە فارسی) وەرگێڕدراوە. لە ژینگەی ئارامتری تورکیای دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی ئاسایی ئاماژەی بە غەیرە موسڵمانان دەکرد کە هیچ واتایەکی بێ خواییان نەبوو.

١١ بڕوانە میلکۆنیان، "کرۆناکان هەڵاتسانکنێری نە ئەلیک تورکیۆم"، گۆڤاری *هانراپێتاکان Hanrapetakan* ژمارە ٥ (٢٠٠٧). میلکۆنیان وەرگێڕان و لێکدانەوەی مانای چاوپێکەوتنێک لە ڕۆژنامەی ئاکسیۆنی*Aksiyon* تورکی لەگەڵ سەلیم کۆهجە، سەرۆکی بەشی میژوو لە زانکۆی ئینۆنو لە مەڵاتیە (مەڵەتێ) دەکات، کە دوابە دوای کوشتن و تێرۆرەکانی ئەو شارە ئەنجامدرا. لە چاوپێکەوتنەکەدا، کۆهجە وای بۆدەچێت ئەم تێرۆرانە ئەوە دەردەخەن کە مەسیحییەکان لە

تورکیادا دەچەوسێنرێنەوە و ستەمیان لێدەکرێت و ئەمەش بیانووی یاخیبوونێکی چەکداریی ئەرمەن لە داهاتوودا دەڕەخسێنێت لە تورکیادا کە پێی وایە نزیکە.

١٢ بۆ وەرگێڕانی ئەرمەنیی ئەم چاوپێکەوتنە، بڕوانە مێلکۆنیان، "هراند دینکی سپانوتیون Hrand Dinki spanutiune"، گۆڤاری *هانراپێتاکان Hanrapetakan*، ژ ٢ (٢٠٠٧). لەم چاوپێکەوتنەدا کە لە گەرماوگەرمی دوای تێرۆرکردنی ڕاستەوخۆی هرانت دینک ئەنجامدراوە، کۆهجە گومانەکان بڵاودەکاتەوە سەبارەت بەو مەترسییەی کە لە ئەرمەنە شاراوەکانەوە لە تورکیادا دێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان پاساو بۆ کوشتنی هرانت دینک دەهێنێتەوە. ئەم ئارگیومێنتە دەبێتە بنەمای بۆچوونەکانی کە لە چاوپێکەوتنەکەی دواتردا دەربڕدرا، لە دوای تێرۆرەکانی مەڵاتیە.

١٣ ماشۆیان، "مێتسکانچین هاگتاناکێ Metsaskanchin haghtanake" (سەرکەوتنی شکۆمەندەکان Victory of the glorious)، لە کتێبی *Yev aysbes abretsank*، ل ٥٦.

٤

نهێنیەکی خەفەکراو

لەگەڵ گەیشتنی فەرمانی ڕاگواستنی ئەرمەنەکان بۆ بەرپرسانی حکوومەتی تورکیا لە هەموو شار و گوندێکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، دەستبەجێ جێبەجێکردن دەستی پێکرد. ئەوە دوا قۆناخی پلانی لەناوبردن بوو و شێوازەکانی جێبەجێکردنی زیاتر بۆ خوایشتی بەرپرسانی حکوومەتی ناوخۆیی جێهێڵدرا. لە زۆر حاڵەتدا دانیشتووانی ئەرمەن کە زۆربەیان ژن و منداڵ و خەڵکی بەتەمەن بوون، چونکە ئەو پیاوانەی توانای کارکردنیان هەبوو برابوون بۆ ناو سوپا و ڕاستەوخۆ کۆمەڵکوژ کران، وەک لە گوندەکانی دەوروبەری وان و هەندێک گوندی ویلایەتی ئەرزەڕوم ڕوویدابوو. لە شوێنەکانی تر تەواوی دانیشتووان دەرکران، سەرەتا لە زەیتون و دواتر لە شارۆچکە و گوندەکانی تری ئەرمەن لە کیلیکیا[1] و پاشان دانیشتووانی هەندێ شار و گوندی ئەرزڕومی بەدوادا هات بە شاری ئەرزڕوم خۆیشیەوە. لە ماوەی ئەم کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنە بەربڵاوانەدا، ئەرمەنەکان لە هەندێک شوێن، وەک پێشتر باسمان کرد، بژاردەی موسڵمان بوون و مانەوەیان پێدرا. زۆرێک لە ژنانیش، هەندێکیان بە زۆر و هەندێکی تر بە ئارەزووی خۆیان، بران بۆ ماڵە موسڵمانەکان وەک

هاوسەر یان کەنیزەک و ڕزگاریان بوو. بەڵام دەیان هەزار ئافرەت پانایان نەبردە بەر بژاردەی ئەوەی "ڕۆحی خۆیان ڕزگار بکەن" و بەردەوامی ژیانبن لەگەڵ مۆتەکەی ڕابردوو و هەستکردن بە پەشیمانی و ئازاری ویژدانەدا کە خیانەتیان لە نەتەوە و ئاینەکەیان کردووە. بۆیە ئەوەیان هەڵبژارد کە بەردەوام بن لە گەشتەکەیاندا بەرەو مردن. سەرۆکی ئەسقوفەکان قەشە زاڤێن دێر یاغیان، پاتریارکی قوستەنتینیە، یەکێک لەم نموونە زۆرە بەڵگەدارانەی لە بیرەوەرییەکانیدا تۆمارکردووە:

پۆلیسێکی جەندرمە کە یاوەریی کاروانێکی ئەرمەنە ڕاگوێزراوەکانی دەکرد لە حەڵەبەوە بۆ مووسڵ، باس لەوە دەکات چۆن پێشنیازی هاوسەرگیریی بۆ کچێکی جوان کردووە کە مێردی پێبکات و خۆی ڕزگار بکات لە ئەشکەنجە و مردن. کچەکەش وەڵامی داوەتەوە: ئەگەر ئەوە پێغەمبەرەکەت بێت کە فەرمانی پێکردوویت وا نامرۆڤانە مامەڵەمان لەگەڵ بکەیت، ئەوە من ناتوانم ژنی پیاوێک بم پێغەمبەرێکی لەو شێوەیە بپەرستێت و ئەگەر فەرمانی پێنەکردوویت ئەمە بکەیت و تۆ هەر دەیکەیت ئەوە ناتوانم هاوسەری بێباوەڕێکی خوانەناسی ئاوا بم، تەنانەت ئەگەر بیشمرم.[٢]

لە ڕۆمانی ئاگۆپ هاجیکیان، *"هاوینێکی بێ بەرەبەیان A Summer Without Dawn"* (٢٠٠٠)، مارۆ ژنە جوانەکەی ڤارتان بالیان، بڕیاریدا لەگەڵ ڕەزا بەگ بڕوات، کە ئەفسەرێکی پلە بالا و دواتر قایمقامی عەینتاب بوو و بەڵێنی دابوویە بینێرێتە قوستەنتینیە بۆ ئەوەی بگاتە کەسوکارەکەی لەوێ. هەڵەی ئەو ژنە ئەوە بوو کە بە درێژایی وەخت بە نیازی ناپاکی ڕزگارکەرەکەی دەزانی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەر لەگەڵیدا ڕۆیشت، تەنها لە پێناوی دەربازکردنی تۆماسی کوڕەکەیدا. لەم ڕۆمانەدا ئێمە شایەتحاڵی ئەو ئازارە دەروونییە سەختەین کە مارۆ تووشی بووە و چۆن ماوەی چوار ساڵ ژیانی زۆرەملێی هاوسەرگیریی لەگەڵ "ڕزگارکەرەکەی"دا بەرگەی گرتووە. لە هەمان کاتدا بە شێوەیەک وێنای ڤارتان بالیانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی کردووە کە لە باسکردن نایەت. سەرەتا لە دەستگیرکردن و زیندانیکردنی و پاشان هەڵهاتنی لە زیندانێکی تورکیا و گەشتە

پڕ ئازار و مەینەتییەکەی، کە چوار ساڵی خایاندووە و دواجار بەرەو ئازادی و یەکگرتنەوەی پەرجوو ئامێزی لەگەڵ خێزانەکەی.

ڕەزا بەگ میهرەبان بوو چونکە مارۆ و کوڕەکەی لە مردنی مسۆگەر ڕزگارکرد لە ڕێگای ڕاگواستندا، بەڵام لەبری ناردنی ئەوان بۆ قوستەنتینیە (ئیستانبوڵ)، بردی بۆ کۆشکەکەی و کردی بە ژنی چوارەمی خۆی. مارۆ دەڵێ: "ڕەزا بەگ ناچاری کردم خۆشم بوێت و لەو ساتانەدا وام بیر دەکردەوە کە بە ڕاستی خۆشمویستووە و من قەرزاری ئەوم. من قەرزاری ئەوم بە ژیانی تۆماس و ژیانی خۆیشم بەڵام ئەوە هەموو شتێک نییە!... من هەمیشە هەستم دەکرد کە زیندانیم و پاشان..." (هاجیکیان، ل ٥١٩). ڤارتان کەوتبووە ئەوەی گومان لە خەمباری و تەریککەوتنی مارۆ بکات و خۆدوورگرتنی لە پەیوەندیی هاوسەرگیرییان. ڕەزا بەگی دەبینی لە نێوان هەردوکیاندا وەستاوە. ئاخۆ ڕەزا بەگی خۆشدەویست و پێی باشتر بوو ژیانی لەگەڵ ببات‌ەسەر؟ ئایا ئەوە ئەو نەێنییە بوو کە لە دڵیدا هێشتبوویەوە؟ ئەو دەبوو ددان بە ڕاستیدا بنێت بۆ هاوسەرەکەی، کەوا کاری مەحاڵی کرد و سەرتاسەری ئەنەدۆڵ گەڕا تا دواجار دۆزییەوە، بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە و ڕاستگۆ بێت لەگەڵی و هەموو ئازارەکانی لا بدرکێنێت "ئەگەر بزانیت بە چ دەردێکەوە گرفتارم! ئەگەر بزانیت چ ئازارێکم هەیە" (ل٥٢٠). ئەو چیتر نەیتوانی بەرگەی ئازارەکەی بگرێت و نەێنیی خۆی ئاشکرا کرد: منداڵێکی لە ڕفێنەرە تورکەکەی بووە و هەستکردنی بە تاوان لە سەر جێهێشتنی منداڵێک لە دوای خۆی ئەو ژنە داماوەی دەهاڕی و دەیکوشت. ڤارتان هەڵە بوو، "بریتی ئەو ژنە لەدەستدانی نۆرهان بوو و نەیدەزانی ئەو برینە هەرگیز چاکنابێتەوە و ساڕێژ نابێت" (ل٥٠٥). ئاخۆ دەتوانێت ئەو لەبیر بکات لە ژیانی نوێیدا لەگەڵ هاوسەر و کوڕەکەی؟ ئایا دەتوانێت لای هاوسەرەکەی پێ لەوە بنێت کە لە ماوەی "دیلبوونەکەیدا" خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەی بۆ ئەو پیاوە تورکە نەشونمای کردووە؟ لە ڕۆمانەکەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە دوای

ماوەیەک ژیانی ئەو ژنە لەگەڵ ڕەزا بەگدا چیتر ژیانی ژنێکی دیل و ڕفێنەرەکەی نەبووە. ئەی ئەو منداڵەی کە لە دوای خۆی بەجێیهێشتووە؟ ئاخۆ کاتێ نۆرهانی کوڕە نیوە تورکەکەی، گەورە دەبێت و دەزانێت کە دایکی ئەرمەنی بووە، ناگەڕێت بە دوای جووت شوناسەکەدا؟

ئەو ئەرمەنانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە جینۆساید ڕزگاریان بووە و بەردەوام بوون لە سەر ژیان لە تورکیادا پێویست بوو زاڵبن بە سەر ئەو قۆناخە پڕ تراومایەی ژیانیاندا دوای ئەزموونە لە باسکردن نەهاتووەکەیان لە کاتی کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنەکاندا. کە پرۆسەی خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانێکی نوێدا هاوڕێ لەگەڵ فشارە دەروونییەکانی وەک ئەوانەی، بۆ نموونە، ئەزموونی ئەو ژنە گەنجانەی کە ناچار بوون هاوسەرگیری لەگەڵ تاوانباردا بکەن و منداڵیان لێ بخەنەوە، کە جووتبوونێکی سەیر و سەمەرەی قوربانی و جەلادە. سوڵتان قسەکانی پووڕەکەی لەبیرە کە بە چاوی پڕ لە فرمێسک دەیگێڕایەوە: "لەبەر چاوم تورکێک هاوسەرەکەی منی کوشت و ناچاری کردم هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکەم. واتە من شوو بکەم بە بکوژی مێردەکەم بۆ ئەوەی ڕۆحی خۆم ڕزگار بکەم. هەرگیز ناتوانم لەو پیاوە خۆش بم، کە بوو بە باوکی دوو کوڕم". سوڵتان بەکوڵ دەگریا و پاشان دڵنەوایی خۆی دەکرد بەو هیوایەی کە "خودا سزای بدات و تۆڵەی ئەمی لێبکاتەوە".[٣] سێتراک باغدۆیان ئەو کچە جوانەی بیر دێتەوە کە ناوی شیرین بوو (بە زمانی ئەرمەنی بە واتای "جوان" دێت) چونکە ڕازی بوو لەگەڵ ئیبۆش بەگ بڕوات، کە فەرماندە تورکەکەی کاروانی ڕاگوێزراوان بوو، بە مەرجێک برا منداڵەکەی، ڤەهرامی شەش ساڵان و ئەوانەی ماونەتەوە لە خزم و کەسوکارەکەی لەگەڵیدا بڕۆن. لە ڕوانگەی باغدۆیانەوە، شیرین لەو جۆرە نەبوو کە ئایینی خۆی بگۆڕێت و ببێتە موسڵمان. تۆ بڵێی وەک کەنیزەک لەگەڵیدا ژیابێت یان وەک خاتوونێک؟ ئاخۆ منداڵیشی لێ خستووەتەوە؟[٤]

باغدۆیان باس لە خەمێکی هێجگار گەورە و کاریگەری ژنێکی تری ئەرمەن دەکات کە لە تەلەعفەر چاوی پێکەوتووە، کاتێ خۆی و چەند ڕزگاربوویەکی

ئەرمەن لە ڕێگەیانـدا بەرەو مووسـڵ لە دوای جەنـگ بەو شـوێنەدا تێـدەپەڕین. وادیـارە زۆرێـک لە ڕاگـوێزراوانی نـاو کاروانەکـانی مەرگ بەرەو مووسـڵ یـان دێـرەزوور توانیویـانە خۆیـان لەو کاروانـانە دوابـخەن و خـۆ بـدزنەوە و بـۆ تەلەعفەر هەڵبێن. تورکەکانی ئەوێ وەک خزمەتکار وەریانگرتبوون و کولتووری بەتورکبوونیـان بە سـەریاندا سـەپاندبوو. وا ئێسـتا لە دوای پێـنج سـاڵیش، نەیـانتوانیبوو، یـان نەیـانوێرابوو هەمـوو شـتێک بەجێبهـێڵن و بـرۆنەوە بـۆ نـاو خەڵکەکەی خۆیان و بگەڕێنەوە بۆ سەر ئاینی مەسیحی و بەرەو ئازادی هەڵبێن. ژنێکـی گەنجـی خەڵکـی خـاربێرت یەکێـک بـوو لەو ئەرمەنە موسـڵمانانەی کە لە تەلەعـفەر دەژیـا. بە بیـانووی فرۆشـتنی نـان، هـاتبوو بـۆ بینینـی ئەم کـۆمەڵە ڕزگاربووە ئەرمەنە کە بە شاردا تێدەپەڕین. ئەو بە گریـانەوە بە دەم داواکـاری و هانـدانی ژنـانی نـاو گرووپەکەوە ڕۆیشـت کە هاوسـەرە تـورکەکەی بەجێبێڵێت و لەگەڵ ئەوانـدا بـڕوات. بەڵام سـێ کـۆڕی لێـی هەبـوو کە لە ڕۆحـی خـۆی زیـاتر خۆشیدەویستن و چۆن دەیتوانی بەجێیان بهێڵێت و دەستبەرداریان ببێت؟[٥]

چیـرۆک و بەسـەرهاتی ئەم ژنە خـاربێرتییە، کە هاوشـێوەی چیرۆکـی مـارۆیە، چیرۆکـی زۆرێـک لە کچـانی ئەرمەن بـوو لە مـاڵە موسـڵمانەکاندا. هەنـدێکیان هەڵدەهاتن و منداڵێکی هەتیویان بەجێدەهێشت، کە بەرهەمی ژیانی هاوسـەرگیریی زۆرەملـێ بـوو. لێڤێنـت کـازانچی لە ڕۆمـانی *"زۆڵەکەی ئیسـتانبوڵ"ی* ئەلیـف شەفەقدا، کەسایەتییەکی نموونەیی هەموو نۆرهانەکان و هەموو منداڵانی ئەو ژنە ئەرمەنـانە بـوو کە هەڵهـاتبوون. ئەم، شـەرمینی دایکـی یـان شوشـانی ئەرمەنـی، بەجێـی هێشـتبوو و لەگەڵ بـرا گەورەکەیـدا هەڵهـاتبوو، کە خـۆی ڕزگـاربوویەکی جینۆسـاید بـوو و ئەو هەمـوو ڕێگـایەی لە ئەمریکـاوە بڕیبـوو بـۆ وەرگـرتنەوەی خوشکە بچـووکەکەی. لێڤێنت کە گرفتـاری تێکچـوونی بـاری دەروونیـی بووبـوو، پیاوێکی میهرەبـان و ڕاسـتگۆ و پشتبەسـتوو بـوو بە هاوڕێکـانی، بەڵام دڵڕەقترین بـاوک بـوو بـۆ منـداڵەکانی. بە قسـەی بـاوەژنەکەی "هۆکـاری ئەم دڵڕەقـی و

توندوتیژییەی لەگەڵ منداڵەکانیدا لەبەر ئەوە بوو کە لە منداڵیدا ئازاری چەشتبوو، بە هۆی ئەوەی لە لایەن دایکی خۆیەوە جێهێڵراوە" (شەفەق، ل٣٠٩). شوشان بە دریژایی ژیانی ئەو نهێنییەی پاراستبوو. ئەو منداڵانەی کە لە هاوسەرە ئەرمەنەکەی بوون لە ژیانی نوێیدا لە ئەمریکا هیچیان نەدەزانی دەربارەی ئەو لاپەڕەیەی قۆناخی ژیانی دایکیان. ئەوان وایان دەزانی کە ئازار و مەینەتییەکانی دایکیان کۆتایی هاتووە کاتێ گەیشتبووە ئازادیی 'جیهانی نوێ'. ئەو نهێنییەی کە لە قوواڵیی دڵیدا نێژرابوو کلیلی ڕەفتارەکانی بوو و ئەوەش بووبووە مایەی خەم و نیگەرانییەکانی لە پەروەردەکردنی ئارمانوش لە ژێر کاریگەریی زۆباوک یان باوەپیارە تورکەکەیدا.

ڕۆمانی مێژوویی و چیرۆکی خەیاڵی و بیرەوەرییەکانی وردەکاریی ئەزموونی ئەو ژنانەی کە بەرەو ئازادی هەڵهاتن یان لەگەڵ ئەو منداڵانە مانەوە کە لە ڕفێنەرەکانیان بووبوویان، زۆر نین. کتێبی *"ئانێنێم Anneannem"* ی فەتحیە چەتین[٦] یان چیرۆکی داپیرە ئەرمەنییەکەی، کە یەکێکە لەو کەسە زۆر کەمانەی باسی ئەزموونێکی لەو جۆرە دەکات.[٧] لە ڕاستیدا، سەحەر/ هێرانوش دەرفەتێک بوو بۆ یەکگرتنەوە بەوانەی کە لە خێزانەکەی مابوونەوە لە ئەمریکا، بەڵام ئەو نەیکرد، بەڵکو مانەوە و "خزمەتکردنی" دڵسۆزانەی مێرد و منداڵە تورکەکانی هەڵبژارد. وەرچەرخانی نائاسایی ڕووداوەکان لە چیرۆک و بە سەرهاتەکەی ئەودا، وا کەوتەوە کە دوای ئەوەی دۆزرایەوە بەڵام ڕەتیکردەوە بڕوات، براکەی و (باوک دایکیشی – و) پەیوەندیی لەگەڵ ئەو و خێزانە تورکەکەیدا هێشتەوە و تەنانەت بانگهێشتی کردووە بۆ ئەوەی سەردانی خێزانەکەی بکات لە ئەمریکا بەڵام هیچ بەڵگەنامە و تۆمارێکی دروستی نەبوو، بۆیە مەحموودی کوڕی نارد. بەڵام وەک پێشبینی دەکرا مەحموود وەک هاوولاتییەکی گەنجی تورک بە پەروەردەیەکی نەتەوەپەرستانە، نەیتوانی ڕووبەڕووی ڕاستییەکان ببێتەوە سەبارەت بە ڕابردووی ئەرمەن کە ئاشکرا بوو بۆی کاتێ سەردانی خزمە

ئەرمەنەکانی کرد لە ئەمریکا و نەیتوانی ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەی ڕابردوو قبوولْ بکات کە ڕوویاندابوو و هاوزەمان ڕابردووی خۆیشی بوو، بیخوازێت یان نە. بۆیە لەگەڵ کەسوکارەکەیدا شەڕی دەکرد و پەیوەندییەکانی خۆی و دایکی لەگەڵیان بچڕاند. پاشان بە هەر جۆرێک بووە توانیبووی ئەم یادەوەرییانە بسڕێتەوە، وەک چۆن زۆرێک لەو نەوەیەی ڕزگاربووانی ئەرمەن کردبوویان، ئەمیش لە ڕێگەی ناسیاوێکیەوە لە فەرمانگەی تۆماری باری کەسێتیی ناوچەکە توانیبووی مەسەلەی موسڵمانبوونی دایکی لە تۆمار و بەڵگەنامەکاندا بسڕێتەوە. وەک دواتر دەبینین، نەوەی سێیەم کە زیاتر لە ڕابردووی ترسناک دوورکەوتووەتەوە و تا ڕادەیەک کراوەتر بوو پێویستی بە کەش و ژینگەی ئازادتر بوو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕابردووە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

هەزاران کەسی تریش لە شوێنی خۆیان مانەوە و لە پێناوی منداڵەکانیاندا بە بێدەنگی ئازاریان دەچەشت و هەرگیز نەیاندەوێرا ڕابردووی خۆیان ئاشکرا بکەن. ئێمە ئێستا لە دووریی نەوەد ساڵەوە (مەبەست ئەو مێژووەیە کە ئەم باسەی تێدا نووسراوە – و)، تەماشای دواوە دەکەین و هەوڵ دەدەین لەو مۆتیڤ و پاڵنەرە تێبگەین کە لە پشت ئەم بڕیارە هۆشیارەوە بووە، نەک تەنها لە لایەن ژنانی گەنجەوە کە منداڵێک یان زیاتریان بووە، بەڵکو لە لایەن ئەو کوڕە گەنجانەشەوە کە دەرفەتی هەڵهاتنیان هەبووە و ئەو کارەیان نەکردووە. لە دۆخی ژنەکاندا، ئایا تەنها خۆشەویستیی دایکانەیان بووە و خۆبەختکردنیان بووە بۆ منداڵەکانیان؟ یان ترس بووە لە چارەنووسێکی نادیاری تر کە چاوەڕێی ئەم کوڕ و کچ و ژنانەی کردووە لە وەها کارێکدا؟ ئایا هەستکردن بووە بە شەرمەزاریی ئەوەی تووشی دەستدرێژی و تۆندوتیژیی سێکسی بووە و – ئەمەشیان بۆ کچان و کوڕان وەکیەک بووە – کاتێ پەیوەندییان بە جیهانی ئازادەوە بکردایە و مەسەلەکەیان بڵاودەبووەوە و بە پەڵەیەکیان دادەنا کە تا لە ژیاندابن لە کۆڵیان نەبێتەوە و بۆ هەتا هەتایە لە یاوەرییاندابمێنێتەوە؟

ئێستەر مینەراجیان ئەهرۆنیان عەجەمیان ژنێک بوو لەوە نەترسا کە نهێنییەکەی بزانرێت. ئەو یەکێک بوو لەو کەمانەی کە بەردەوام قسەی دەکرد سەبارەت بەو ئازارە سەخت و ترسناکەی کە تووشی بووە، ئەو کاتەی کە گەیشتبووە ئەمریکا و لەوێ هاوسەرگیریی کردووە و منداڵی بووە. لە ڕاستیدا ئەو بەسەرهاتی خۆی بۆ کچەکەی، مارگرێت عەجەمیان ئاهنێرت گێڕاوەتەوە، کە لە کتێبی مێژووی تەرش و تاڵییە سامناکەکانی جینۆسایدی ئەرمەندایە، بە ناونیشانی *"لێدانی دەرگا: گەشتێک بە ناو تاریکیی جینۆسایدی ئەرمەندا The Knock at the Door: A Journey Through the Darkness of the Armenian Genocide"* (٢٠٠٧). ئێستەری تەمەن ١٣ ساڵی لاواز و نەخۆش، خەریک بووە لە کاتی ڕاگواستن و ڕێپێوانی مردنەکەدا لەناوبچێت، بەڵام لە لایەن ژنێکی ئەرمەنی بەتورککراوەوە ڕزگار و چاودێریی کراوە و پاشان داویەتی بە ژن و مێردێکی بەسالاچووی بێ منداڵی تورک. لەو ماڵە تورکەدا ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ گەزیر خەدیجە و وەک کچێکی ماڵەکە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەڵام لە لایەن "باوک"یەوە دەستدرێژیی کراوەتەسەر. دواتر کچە لەو ماڵە هەڵاتووە بۆ خانەی هەتیوانێک کە، هەموو هەفتەیەک، تورک و کورد لە ناوچەکانی دەوروبەریەوە دەهاتن بۆ ئەوەی خزمەتکارێک، منداڵێک، یان هاوسەرێکیان لەوێ دەستبکەوێت و لەگەڵ خۆیاندا بیبەن. گەنجێکی تورک ئێستەری هەڵبژاردبوو و وەک هاوسەر مارەی کردبوو. لێرەوە بەڵا و مۆتەکەیەکی تر ڕوویکردبووە ئەم کچە، کاتێ کە "مێردەکەی" زانیبووی پەردەی کچێنیی نەماوە، کەوتبووە لێدان و فەلاقەکردنی و جنێوی بە ئاینەکەی دابوو،" *دینینی سیکتر siktir dinini"* (ل١٥٤). لەگەڵ ئەوەشدا، کابرا دەستبەرداری نەبووە و لێدان و فەلاقەکەشی هەر بەردەوام بووە و ژنەی کردووە بە کۆیلەی سێکس لە ماڵەکەیدا، بەڵام خۆشبەختانە منداڵی نەبووە، چونکە لەو کاتی ترس و تۆقینی ڕاگواستن و ڕێپێوانی مەرگەدا تووشی شۆک و تراومـا بووە و لە سووڕی مانگانە چووەتەوە. ئێستەر پێ لەوەش دەنێت کە

سەرەڕای ڕەفتارە درِندەییەکانی ئەم گەنجە کە لە دژی نواندوویەتی، کەچی ئەم هەر خۆشیویستووە! (ل١٤٤). ئاخۆ هیچ لێکدانەوەیەکی سایکۆلۆجیی هەیە کە ڕوونکردنەوە لە سەر ئەم جۆرە پەیوەندییە بدات؟ ئەم ژنە خراپ مامەڵەکردن و لێدان و دەستدرێژیی سێکسیی کراوەتە سەر، کەچی هەر ژیانی خۆی لەو ماڵەدا بۆ ماوەی سێ ساڵ بەکێشکردبوو تا دەرفەتێکی هەڵهاتنی دۆزیبووەوە بۆ زێدی لەدایکبوونی. لەوێ خێزانێکی ئەرمەنی دالّدەیان دابوو، تا دواجار گەیاندیانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئەم قوربانیانەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان تووشی لەمرۆڤایەتی خستن هاتبوون. ئێمە ئاگاداری ئەو ستراتیجە زیرەکانەین کە ڕێکخراوی تورکە لاوەکان (لێرەدا مەبەست کۆمیتەی یەکگرتن و پەرەسەندنە، ئیتتیحاد وە تەرەقیی جەمعییەسی، کە زیاتر بە تورکە لاوەکان دەناسرا – وەرگێڕ) بۆ لێسەندنەوە یان دامالّینی قوربانییەکانیان لە هەموو سیفەتێکی مرۆڤایەتی پەیڕەوییان دەکرد، بە مەبەستی ئەوەی ئەنجامدەری تاوانبار بە شێوەیەکی ئاسانتر لەناویان ببات و بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ بێ بایەخکردنی درِندەییەکان و دواتر نکۆلّیکردن لە گەورەیی و سامناکیی تاوانەکە خۆش بکەن. لەمرۆڤ خستن سامناکترین و ترسناکترین ئەزموون بوو بۆ ئەو ڕزگاربووانە، بە کچان و کوڕانەوە، جا چ لە ڕووی دەستدرێژیی سێکسییەوە بوایە، یان ئەوەیە کە بە چەند قرۆشێک دەکڕدران، یان بە کۆیلە دەکران، یان وەک کەنیزەک و نۆکەر دەخرانە نێو حەرەمسەراوە (حەریم). دامالّین لە مرۆڤایەتیبوون قێزەونترین و ترسناکترین باری دەروونی بوو بۆ ئەم ڕزگاربووانە و دەبوو ئاڵەنگاری بکەن بۆ زاڵبوون بەسەریدا تا بتوانن بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و وەک مرۆڤ ژیان دەست پێبکەنەوە.

لەمرۆڤبوون خستن بە چەندین شێوە و ڕێگە پیادە کراوە. من لە بەرهەمێکی پێشوودا باسم لەو دۆخە ترسناکانە کردووە کە پاڵی بە ڕاگوێزراوانەوە ناوە

ڕەفتاری سەیر و نامۆی نامرۆڤانە بنوێنن، وەک ئەوەی باوکان بە ئارەزووی خۆیان کچەکانیان پێشکەش بە فەرماندەیەکی تورک بکەن لە بەرانبەر خزمەتێکی کەم و بێبایەخدا، یان پیرەژنێک کە هاوار هاواریە و شەڕی مان و نەمان دەکات لەگەڵ هاوڕێیەکی تری ڕاگوێزراوی چونکە بەرتیلی بە چاودێران داوە بۆ لابردنی تەرمی شیبووەوەی کچەکەی. پیرەژنەکە پارەی نەبوو بیداتە کرێی گواستنەوەی تەرمی نەوەکەیدا بۆ ئەوەی شوێن بۆ دوا نەوە نەخۆشەکەی بکاتەوە لەو خێوەتە بەرتەسکە کاتییەدا ڕابکشێت.[٨] "درندەییەکانی هەر تەنها لە کوشتندا قەتیس نەبوو، بەڵکو ئاسەواری مرۆڤبوونیشی لە ڕەگ هەڵکەندبوو".[٩]

ئارام ئەنتۆنیان باس لە حاڵەتەکانی مرۆڤخواردن (کانیبالیزم) لە ناو دەستە و تاقمی دەربازبووی ئێرە و ئەوێی ئەرمەنە ڕاگوێزراوەکاندا دەکات لە بیابانەدا. ئەوان گۆشتی کەسانی نزیک و هاوەڵی خۆیان دەکوڵاند و دەیانخوارد کە لەبرسا و بە نەخۆشی گیانیان لەدەستدابوو. کچێکی بچووک لە تاو برسێتی لە پەلوپۆ کەوتووە و لە سەر لمی بیابان و لە بەر خۆری سووتێنەردا ڕاکشاوە و لە سەرەمەرگدایە و دایکی بێدەسەڵاتانە چاودێریی دەکات. کچە لە حاڵەکاتی دوا هەناسەی مردنیدا بۆنی گۆشتی کوڵاوی لاشەی مرۆڤێک دەکات کە خزم و ناسیاوەکانیان لەولایانەوە خستوویانەتە سەر ئاگر و بە دەنگە لاوازەکەی داوا لە دایکی دەکات بچێت تۆزێکیان لێوەربگرێت بۆ ئەو. دایکەش دەچێت و بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە. لێرەدا کچە دەپرسێت: "ئەوان هیچیان پێ نەدایت؟ دایکە گیان کە من مردم، تۆ بە تەنها گۆشتەکەم بخۆ و بەشی کەسی تری لێمەدە"[١٠]. ئێستەر، لە کتێبی *"لە دەرگا دان..."*دا، بیری دێتەوە کەوا ژنانی بینیوە "پارچە گۆشت لە لاشەی ئەو مردووانە دەکەنەوە کە لە قەراخ ڕێگاکەدا کەوتوون و بەجێماون" و ئارسینی برا بچووکەکەی کە بە ترسەوە داوای لێدەکات و دەڵێت: "تکایە، تکایە، بەڵێنم پێ بدە کە لە خۆت زیاتر ناهێڵیت کەس لە گۆشتی جەستەم بخوات."[١١] پاشان، دوای دیارنەمانی ئارسین لە قەرەبالغیی کاروانی دوور و درێژی ڕێگای

ڕاگواستنەکەدا، بیرکردنەوەیەکی ترسناکی دێت بە مێشکدا "تۆ بڵێی ئارسین مردبێت؟ تۆ بڵێی ئێستا کەسێک گۆشتەکەی بخوات؟".[١٢] زۆر قورسە باوەڕ بەوە بکەیت کە ئەم بوونەوەرانە هیچ کاتێ خاوەنی سیفەتی مرۆیی بووبێتن و پێشتر ژیانێکی ئاساییان بەڕێکردبێت. ئەوان شێوازەکانی قڕکردن و لەناوبردنی تورکیا لە دوا ئاسەواری مرۆڤبوون دایبڕین و گۆڕینی بۆ ئاژەڵێک کە هەموو شتێک بکەن لەپێناوی مانەوە لە ژیاندا و ئەمانە بوون بە بەرهەمی درندەییەکانی تورکیا. ئێستا بیهێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر دایکێک بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕزگاری بووبێت، ئەوە ڕەنگە بە هۆی خواردنی گۆشتی کچەکەیەوە بووبیت وەک ئەوەی ئەوانیتر کردبوویان. ئاخۆ دەتوانێت لەگەڵ ئەم یادەوەرییە پڕ ئێش و ئازارەدا بژێت و هەڵبکات بەبێ ئەوەی ئەقڵی لەدەست نەدات و شێت و سەرگەردان نەبێت؟ ئاخۆ دەتوانێت هەرگیز ئەو نهێنییە بشارێتەوە و تێکەڵ بە کۆمەڵگەی ئاسایی بێت و ژیانی ئاسایی بگوزەرێنێت؟ ئەی ئەوانەی کە ئەتک کراون یان دەستدرێژیی سێکسییان کراوەتەسەر، چۆن دەتوانن لە ژیانیاندا لەگەڵ ئەو نهێنییە مامەڵە بکەن و ڕووبەڕوو ببنەوە؟ هەڵبەت زانیارییەکی ئاسایی و باوە کە ژنانی ئەرمەنی و تەنانەت کچانی گەنجیش لە کاتی جینۆسایددا دەستدرێژییان کراوەتە سەر. کەس پێویستی بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە نییە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە. ڕاپۆرت، شایەتحاڵ، بیرەوەری، خەیاڵی ئەدەبی و مێژووی زارەکی بەڵگەی زۆر بەدەستەوە دەدەن لە سەر ڕووداوەمی تونددوتیژیی سێکسی وەک ئامرازێکی جینۆساید کە نەک تەنها کار دەکات بۆ کوشتن بەڵکو سووکایەتیکردن و بێبایەخکردن و لەمرۆڤخستنی مێینە قوربانییەکانیش.[١٣] تا ئێستا، لە لێکۆڵینەوەکانماندا لە ئەدەبیاتی جینۆسایدی ئەرمەن، بایەخ و جەختکردنەوە و سەرنجمان هەیە لە سەر دەستدرێژیکردنە سەر ژنان لە لایەن جەندرمەکانەوە یان هەڵکوتانە سەریان لە لایەن باندە جەردە و پیاوکوژەکانی تورک و کوردەوە بووە وەک حاڵەتی تونددوتیژیی سێکسی. ڕووداوگەلێک

ئەوەیان تۆمار کردووە کە تاوانباران مەمک یان گۆی مەمکی ژنانیان بڕیوە و بەجێیان هێشتوون خوێنیان لێبچێت تا ئەو کاتەی کە دەمردن. هەروەها ئیفادە و گێڕانەوەی شایەتحاڵان تۆمارکراون کە باس لە دەستە و تاقمی جەردە و تاوانکاری تورک دەکەن ژنانی گەنجیان بە زۆرەملێ ناچار کردووە بۆ ئەوەی بە ڕووتی لە بازنەیەکدا سەما بکەن و دواتر بە زیندوویی کیرۆسینیان (نەوتی سپی) کردووە بە سەریاندا و ئاگریان تێبەرداون. هەڵبەت مردن دەرئەنجامی دەستبەجێی ئەم جۆرە تۆندوتیژییە سێکسییە بووە. قوربانییەکان لەگەڵ خۆیان زەلیلکردن و لەمرۆڤخستنیان بردە ناو گۆڕەکانیانەوە، یان گۆڕێکی بەکۆمەڵەوە، یان هیچ شوێنێکی ئارامی کۆتاییان هەر پێنەبڕا – بەدەر لە سووکایەتی پێکردن و لەمرۆڤایەتی دامااڵین و یادەوەریی هەموو ئەمانە. بەاڵم ئەی ئەوانەی ڕزگاریان بووە چییان بە سەرهات؟

کاردانەوەی ئەم تراوما و زەبروزەنگە هەمیشە بێدەنگ نەبووە. هەندێ جار، قوربانییەک دڕندەییەکی لەم چەشنە پەڕگرییەی بە کاردانەوەیەکی نائاسایی ئاشکرا کردووە، کە داڕمانی تەواوی نەزمی مۆراڵ و ڕەفتاری ئاسایی مرۆڤی دەرخستووە. بۆ نموونە، لە وەسفکردنی کاردانەوەکانی ڕزگاربووانی کۆمەڵکوژییەکانی ساڵانی ١٨٩٤ – ١٨٩٦دا، سوورێن پارتێقیان چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەر دەگێڕێتەوە، چیرۆکێکی دڵتەزێنی کچێک بە ناوی سایکۆ. دوای ئەوەی دوو مانگ ژیانی هاوسەرگیریی زۆرەملێ لەگەڵ ڕفێنەرە کوردەکەی بە سەردەبات، سایکۆ هەڵدێت بەاڵم هیچ شوێنێکی نەبوو بۆی بڕوات، چونکە خێزانەکەی هەموویان سەربڕدرابوون و ماڵەکەشیان تاڵانکرابوو. ئەو دووگیان و نائومێد لە ناو شەقامەکاندا بە سەرگەردانی دەسووڕایەوە. کاتێ منداڵەکە لەدایک بوو، لە ساتێکی هەڵچوون و تووڕەییدا، مەلۆتکەکەی کوشت بۆ ئەوەی شوێنەواری پیسی و گاڵاویی خۆی بسڕێتەوە و هەروەها یادەوەریی گوناە و ناپاکیی ژیانێک کە ناچاری بووبوو.[١٤] لە دیمەنێکی تردا، سورێن پارتێقیان باسی

سارا، ئەو کچە پاکیزەیە دەکات کە لە خەودا هیٚرشبەرە کوردەکەی دەکوژیٚت بە دەرهیٚنانی خەنجەرەکەی و ئاڕاستەکردنی بۆ سەر دڵی، هەرچەندە لە بەرانبەر پارچە نانیٚکدا خۆی ڕادەستی کردبوو. ئەوجا دوای ئەوەی نان دەداتە خوشک و بڕا بچووکەکەی و خۆیشی هەندیٚکی لیٚدەخوات، هیٚزی خۆی کۆکردەوە و گەڕایەوە سەر ئەقڵ و هۆشی خۆی. لەم ساتەوەختە بە ئازارەی درککردندا، هاتە سەر ئەوەی کە چ گوناە و هەڵەیەکی گەورەی بەرپا کردووە.[١٥] کوشتنی تاوانبار شیٚوازی سەرلەنوێ دەستپیٚکردنی ژیانی بوو، پاش ئەوەی شووەیی و شەرمەزاریی خۆی سڕییەوە. دەکرا بەڵگە مادییەکانی خۆی بسڕیٚتەوە بۆ ئاوها تراومایەکی سەخت و بەرگە نەگیراو، بەڵام یادەوەرییەکەی و کاریگەریی لە سەر تیٚڕوانینی بۆ ژیان و کەسایەتی و ناسنامەی قوربانییەکە دەمیٚنیٚتەوە. ئەو لەم دۆخە سەختەدا نەدەتوانرا بەردەوام بیٚت لە سەر ژیانیٚکی ئاسایی و ئەگەری ئەوە زیاتر بوو کەوا کۆتایی زۆریٚک لە چەشنی هیٚرمین/ فیلۆر لە ڕۆمانی *"ڕۆدۆستۆ ڕۆدۆستۆ"ی* سیٚڤدا سیٚڤان، بەوە بشکیٚتەوە کە بکەوێتە سۆزانیخانەیەک یان وەک خاتوون و کەنیزەکیٚکی گاور بکەوێتە لای پیاوێکی دەوڵەمەندی تورک یان کورد لە باشترین حاڵەتدا. ئیٚمە دەتوانین چەندین نموونەی تر بهیٚنینەوە و حاڵەتە جۆراوجۆرەکان شیبکەینەوە و باسی کاردانەوەکانی ئەو ژنانە بکەین کە دەستدرێژیی سیٚکسی کراوەتە سەریان لە بەرانبەر ئەو ئەزموونە سەختەی کاتی کۆمەڵکوژییەکان و بەدواداچوونی ئاسەوار و دەرەنجامەکانی لە سەر هەستکردنیان بە ناسنامەی خۆیان لە ژیانی دواتریاندا. ئەوە ڕیٚگایەکی زیاتر باوە لە تویٚژینەوە و شیکاریی قوربانیان و ڕزگاربووانی جینۆسایدە لە ئەدەبی ئەرمەنیدا. بەڵام تیشکیٚکی کەم یان هەر هیچ نەخراوەتە سەر تۆندوتیژیی سیٚکسی دژ بە قوربانییانی نێرینە، نەک تەنها لە حاڵەتی جینۆسایدی ئەرمەندا، بەڵکو لە شوێنەکانی تری جیهانیشدا کە وەها دڕندەییەک بەرانبەر بە گرووپیٚکی ئیتنیکی یان نەتەوەیی ڕوویانداوە. سەندیٚش

سیڤاکوماران، کە لێکۆڵینەوەی بەرفراوانی لەم بوارەدا کردووە، باوەڕی وایە کە "ئەمە بە هۆی لێکگرێدانی "شەرمەزاری و چەواشەکاری و هەستکردن بە گوناە و ترس و پەڵەی شووریییەوەیە"[١٦] بە پێی سیڤاکوماران، قووڵترین و فراوانترین لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا ئەنجامدرابێت لە شەڕ و ململانێی چەکداریی یۆگوسلاڤیای جاراندا بووە و لە کاتی ئەو شەڕ و ململانێی دوای ئەوەدا بوو کە سەرنجی جیهان چووە سەر ئەو ئامرازە تایبەت و قێزەونەی جینۆساید. سیڤاکوماران ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات کەوا پیاوان کەمتر قسە لەو بارەیەوە دەکەن کە بووبێتن بە قوربانیی دەستی ئەو ئامرازە، چونکە ئەوە لە پیاوەتییان کەم دەکاتەوە و بەو پێیەش کاریگەریی لە سەر ناسنامەشیان هەیە. ئەو مەسەلەیە ئەگەر ڕاپۆرتی لە سەر درابێت و بەڵگەدار کرابێت یان نەکرابێت، ئێمە ئاگاداری ئەو ڕاستییەین کە قوربانییە نێرینەکان لە لایەن جەللادەکانی تورکیاوە دەستدرێژیی سێکسییان کراوەتە سەر. ئەمە پراکتیزەکردنێکی باو بوو لە زیندانەکانی تورکیادا ئەنجامدەدرا، بێجگە لە لێدان و دارکاری و نالّە ئەسپ لە پێکردن[١٧] (نالّکردن) و جۆرەکانی تری ئەشکەنجەدان. پاسەوانەکان و لێکۆڵەرە چەوت و لادەرەکان شانازییان بە داهێنانی جۆرە نوێیەکانی ئەشکەنجەی سێکسییەوە دەکرد بۆ ناچارکردنی قوربانی بە ملکەچکردن و دانپێدانان بەو شتانەدا کە هەرگیز نەیکردووە و یان دانپێدانان بەو شتانەی کە هەرگیز باوەڕی پێیان نەبووە. هێنری مۆرگێنتاو دەگێڕێتەوە کە بەرپرسێکی تورکیا شانازیی بە شێوازەکانی ئەشکەنجەدانەوە دەکات لە سەر قوربانییە پیاوەکانی ئەرمەن:

هەموو ئەم وردەکارییانە بابەتی گفتوگۆی شەوانە بوون لە بارەگای کۆمیتەی یەکێتی و پێشکەوتن (ئیتتیحاد و تەرەقی). هەر شێوازێکی نوێی ئازاردان وەک دۆزینەوەی شێوازێکی نایاب ستایش دەکرا و ئەوانەی جێبەجێکار بوون بەردەوام بیریان لە شێوازی نوێی ئەشکەنجەدان دەکردەوە. (ل٣٠٧)

مۆرگێنتاو لە گەڵ بۆنەدا باس لە میتۆد و ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان دەکات و وەسفەکانی ئەم بارە لە خەیاڵ بەدەرەی ترس و تۆقینە ئەشکەنجەدانی ئەندامی

زاوزێی نێرینەی نەگرتووەتەوە و ئەو لەم بابەتەدا وەسفەکانی ڕادەگرێت و تەنها بە چەند ئاماژەیەک باس لەوە دەکات کە ئەندامی نێرینە و سێکسیی پیاوانیش ئەشکەنجە دەدران. ئەو دەنووسێت: "بەهەرحاڵ، من زۆر لە وردەکاییەکانم بۆ باس کراوە و بۆ گێڕانەوەیەکی تەواوی ئەو ڕێوڕەسمە سادییە بێپەردەیەی کە ئەم ژن و پیاوە ئەرمەنە قوربانییانە گیرۆدەی بووبوون هەرگیز لە چاپەمەنییەکانی ئەمریکادا بڵاونەبوونەتەوە" (ل ٣٢١). مۆرگێنتاو زۆر پارێزی دەکرد و خۆی لادەدا لە ڕای گشتیی ئەمریکا، کە وێناکردن و پرینسیپە مۆرالییەکانیان دیمەنەکانی ئەشکەنجەی سێکسیی پیاوانیان لە لایەن تورکەکانەوە پێ قووت نەدەچوو (ئێوە تێفکرێن لە کۆمەڵگەی ئەمریکیی ساڵی ١٩١٩، کە وەک ئێستای چەرخی تەلەفزیۆن جڵەو شل نەکرابوو). مۆرگێنتاو خۆی لادەدا لە دانانی بابەتی نەگونجاو لە نووسینەکانیدا، بەڵام ئێدگار هیلسێنرات، هەشتا ساڵ دواتر، ئەو کۆسپ و تەگەرەیەی نەبوو. بە پێچەوانەوە، ئەو بە وردی وەسفی دەکات. بەم شێوەیە، یەکێک لە زەقترین و ترسناکترینەکان دیمەنە باوەڕ پێنەکراوەکانی ئەشکەنجەدانی سێکسی لە ڕۆمانی "چیرۆکی دوا بیرۆکە *The Story of the Last Thought*".[١٨] کارێکی سەرسوڕهێنەرە کە بزانین ئێدگار جۆن هیلسنرات، نووسەری ئەم ڕۆمانە، چۆن توانی ئەو زانیارییە زۆر و قەبانە بدۆزێتەوە لە سەر ژیانی زیندانەکانی تورکیا و شێواز و تەکنیکەکانی ئەشکەنجەدان کە لەوێ بەکاردەهێنرێن و لە جیهاندا بێوێنەن. هەڵبەت بە گرنگی دەزانم لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە من ئەم ڕۆمانە یان هیچ کارێکی ئەدەبی خەیاڵی و بە دیاریکراوییش ئەم ڕۆمانە بە هۆی مۆرکە ئەبستراکتەکەیەوە – وەک ئاوێنەیەکی واقیعی دانانێم، لەگەڵ ئەوەشدا، من باوەڕی چەسپاوم بەو ڕاستییە هەیە کە بەرهەمێکی ئەدەبی خەیاڵی ئاشکرای دەکات. ئەم ڕێبازە نابێت وەک دژبەر (پارادۆکسیکاڵ) تەماشا بکرێت، چونکە بە سروشتی ئەدەبی خەیاڵ و ڕۆمان، دژبەرە لەگەڵ خودی خۆیدا و سروشتی خەیاڵ و هێمای ڕاستی دەسەپێنێت.

مودیره تورکەکه (مودویر *müdür*، بەڕێوەبەری ناحیه) هەوڵدەدات دانپێدانانێک له ڤارتان خاتیسیان دەربهێنێت سەبارەت به "پیلانگێڕییەکی جیهانیی" ئەرمەنی. لەبەر ئەوه ناچاری دەکات دانپێدانانێکی نووسراو واژۆ بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بینێرێت بۆ حکوومەتی تورکه لاوەکان له قوستەنتینیه و بەوه ناوێک بۆ خۆی دەربکات. هەڵبەت شێوازه ئاساییەکانی ئەشکەنجەدان کاریان له سەر ڤارتان نەکرد که ڕەتیدەکردەوه هیچ دانپێدانانێک واژۆ بکات. مودیریش شێوازێکی نوێی پەیڕەویی کرد که هێجگار قێزەون بوو. کرێکارێکی چیمەنتۆی ئەرمەنیی بانگکرده ژوورەوه، "واته پسپۆڕی چیمەنتۆ" که به فەرمانی مودیر و به چاودێریی سێ زەبتییه *zaptiye* (جەندرمه) چیمەنتۆ و لم و ئاوی تێکەڵکرد و گیراوەیەکی لێ دروست کرد(جەبله – و). لەم نێوەندەدا و کاتێ ڤارتان له تاو ئازار و شەرمەزاری هاواری دەکرد، زەبتییەکان کەوتنه ئاخنینی کۆمی به خوری و .... به هەمان شێوه کەوتنه ئاخنین خوری بۆ ناو ئەندامی نێرینەی به دەنکه شقارتەی به چەقۆ تیژکراو" (ل١١٩). پاشان گیراوەی کۆنکرێتەکەیان تێکەڵ به خورییەکه کرد و کارەکەیان له ڤارتان دووبارە کردەوه و له بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەدا که به شیشی ئاسن تەنرابوو هەڵیانواسی بۆ ئەوەی کۆنکرێتەکه وشک ببێتەوه و ڕێبوارەکان ببینن. پیاوه بچووکه ئەرمەنییەکەش لەوێ وەستاوه و له ترسا هەڵدەلەرزێت. ئەمه زۆر خراپتره لەوەی که له سێدارە بدرێیت و هەڵبواسرێیت، که دیمەنێکی ئاسایی و ڕۆژانەی ئەو ماوەیه بوو له گۆڕەپانی شاردا. ئێستا ڤارتان به توندی هاوار دەکات و لەبەر ئەوەی دەرچەکانی به تێکەڵەی کۆنکریت و خورییەکه ئاخنراوه ناتوانێ میز و پیسایی بکات و کەواته دەتەقێت. مودیر بیری دەخاتەوه که کاتێکی زۆر کەمی له بەردەمدا ماوه بۆ ئەوەی بڕیاری واژۆکردنی کاغەزەکه بدات، بۆیه ئەگەر نەیکرد و کۆنکرێتەکه توند خۆی گرت و وشکبووەوه، ئەوه کۆتاییەتی. هیلسنرات به وێناکردنی ئەم کەشوهەوای تێرۆرە تەواو خەیاڵییه، تێبینی دەکات که "ئەو پیاوەی هەوڵیدا له مانای ترس تێبگات، هەرگیز نەهاته ئەنەدۆڵ" (ل١١٨). له ڕاستیدا، وەک هیلسنرات شایەتیی دەدات،

"هەر لە دێر زەمانەوە و تا یادەوەریی بڕبکات ئەشکەنجەدان لە زیندانەکانی تورکدا هەبووە" (ل٣٧٤). ئێستا، لەگەڵ هاتنی دەرفەت بۆ سەرکەوتن بە سەر پراکتیزەکانی ڕابردوودا لەم ژووڕە زیندانەدا تورک زۆرترین باڵادەستیی خۆی دەنوێنێت لە قێزەونترین ئەدای سێکسیی بە سەر زیندانییەکدا کە تا ئێستا هیچ کتێبێک لە سەر شێواز و تەکنیکەکانی ئەشکەنجەدان بە خۆیەوەی نەبینیوە لەو خانووە بچووکەی *حکوومەتدا* (لێرەدا بە واتای دادگا دێت) لە شاری دیاربەکردا، "کە چەند ڕۆژێک ڕێگەیە لە ئەرزڕوومەوە بە عەرەبانەی دوای کەر" (ل١٦٢).

دەبوو ڤارتان لەم ئەزموونە پڕ ئازار و مەینەتییە ڕزگار بێت و هەروەها ئەو کوڕ و کچانەیش کە دەستدرێژیی سێکسییان کراوەتە سەر. ئەزموونی ئەوان چۆن بووە و تۆندوتیژیی سێکسی بە مانای چی دێت؟ بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی بڕیاردەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر ئەم پرسە، بە واتای:

"هەر تۆندوتیژییەک، جەستەیی یان دەروونی بێت، کە لە ڕێگەی سێکسی یان بە ئامانجکردنی زایەندیی ئەنجام بدرێت و لە نێوپشیاندا دەستدرێژیی جەستەیی و دەروونی ئاڕاستەی تایبەتمەندییە سێکسییەکانی کەسێک بکرێت، وەک ناچارکردنی بە ڕووتبوونەوە لە شوێنی گشتی و لە بەردەم خەڵکدا، شێواندنی ئەندامی زاوزێی کەسێک، یان بڕینەوەی مەمکی ژن" هەروەها "ئەو حاڵەتانەی کە تێیدا دوو قوربانی ناچار بکرێن کردەوەی سێکسی لەگەڵ یەکتر ئەنجام بدەن یان بە شێوەیەکی سێکسی زیان بە یەکتر بگەیەنن".[١٩]

وێلیەم کینگ باسی هێرشێکی لەو شێوەیە دەکات بۆ سەر نێرینە ئەرمەنە قوربانییەکان لە سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٥دا لە شارۆچکەی ئاردانوتێم لە سەرەتای کۆمەڵکوژییەکاندا. لێرە "پەنجا ئەرمەنی لە زیندانە ناوخۆییەکە دەرهێنراون ڕووتکراونەتەوە و ناچار کراون خۆیان هەڵبدەنە ناو چاڵە قوواڵ و ترسناکەکەی جێنێمدێر، کە بە چاڵی 'بۆشایی شەیتان'یش ناوزەد دەکرێت."[٢٠]

هەروەها ئەوەشمان بیرە کە گابرییێڵ باگرادیان، پاڵەوانەکەی کتێبی "*چل ڕۆژەکەی موسا داغ Forty Days of Musa Dagh*"ی فرانز وێرفێڵ و فەرماندە لە

بەرخۆدانەکانی ئەرمەنەکان لە کاتی جینۆسایدی ساڵی ١٩١٥دا، کە لە بەردەم خێزانەکەی و کەسایەتییە دیارەکانی ئەرمەندا ڕووتکراوەتەوە و لێیدراوە. ئەوە سووکترین سزا بوو کە مودیرە تورکەکە دەیتوانی بیری لێبکاتەوە، چونکە فەرمانی توندی پێکرابوو کە باگرادیان بەبێ زیان ڕابگوێزرێت، بە جۆرێک کە دەسەڵاتداری ناوچەکە لە ئەنتاکیە بتوانێت "چاوێکی خێرای پێدا بگێڕێت". مودیرە تورکەکە بە باشی ئاگاداری کاریگەرییەکانی سووکایەتی کردن بوو بە شکۆی پیاوانەی ئەو فەرماندەیە و ئەو چاوشۆڕییە لەڕادە بەدەرەی کە بە دوایدا دەهات. بە ڕاستی شەرمەزاری تاکە هەست بوو کە لە بیر و مێشکی گابرییڵدا بەجێمابوو. ئەم ئەفسەرە پلە بااڵیەی سوپای تورکیا لە بەردەم ئەو تورکە و تاقمە زەبتییەکانیدا بێدەسەاڵت بوو.[٢١]

ئەشکەنجەدانی ئەندامی نێرینەی پیاوان بە شێوەیەکی زەق و ئاشکرا لە ئەدەبیاتی ئەرمەنیدا ڕەنگی نەداوەتەوە بە هۆی هەستیاریی بابەتەکە و سەختی دانپێدانان و ئاشکراکردنی و بە هۆی ستاندارد ئەخلاقییە خودسەپێنراوەکانەوە لە کاتی بەرهەمهێنانی ئەدەبیاتی ناڕازیدا ڕێزیان لێبگیرێت و پەیڕەوییان لێبکرێت. بەاڵم تێبینییە ڕاگوزەرەکان ئاماژە بە ڕوودانی دەکەن. بۆ نموونە، تیۆدیک باس لە ئەزموونی چوار ساڵی خۆی دەکات لە زیندانێکی تورکیادا (١٩١٥ - ١٩١٩) و باس لە فەرهەنگێکی تایبەت دەکات کە ئەویش "وشەسازیی زیندان"ی ئەو دەربڕینە ئیوفێمیزمانەیە کە بە زمانی شیرین بەکارهاتووە بۆ سووککردنی بارودۆخە سەختەکان، وەک: موسافیر (میوان، گەشتیار) بۆ زیندانییەکی نوێ بەکاردەهێنرا، یوکلو (بارگاوی، بارگرانی) یان تەبدیل هەوا *tebdili hava* (پیاسە و گەشتکردن) ئاماژە بوو بۆ زیندانییەک کە سزادراو بوو بە ساڵانێکی زۆر، *هاتساگۆرتس hatsagorts* (نانەوا بە زمانی ئەرمەنی) بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشترین شێوە ئاماژەی بە کردەوەی هاوڕەگەزبازی کە لە سەر زیندانییەکان ئەنجام دەدران.[٢٢] وێناکردنی کاریگەرییەکانی ئەم کردەوە

سامناکانەی توندوتیژی لە سەر دەروونی ڕزگاربووان زەحمەت نیە و بەم پێیەش لە سەر ناسنامەیان و تا لە ژیاندان یادەوەرییەکەی بەرۆکیان بەرنادات. بێگومان دەروونشیکاریش لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەکات بۆ ڕۆچوون لەو هۆکارانەی کە وا لە تاوانباران دەکەن پەنا ببەنە بەر ئەم پراکتیزە تەواو نامرۆڤانە لە "ئەشکەنجەدانی" قوربانییەکانیاندا. ڕەنگە لیستی پاڵنەرەکان کە لە سادەترینەوە دەست پێبکەن، کە لەگەڵ سیفەتی مرۆڤێکی ئاساییدا یەکبگرێتەوە و ئەویش سەپاندنی دەسەڵاتیە و زاڵبوونە بە سەر قوربانییەکەیدا. هەر بەم پاڵنەرە، ئەو تاوانبارەی کە دەستدرێژیی دەکاتە سەر ژنێک نەک تەنها باڵادەستیی خۆی بە سەر قوربانییەکەیدا دەسەلمێنێت، بەڵکو ئەوەش دەسەلمێنێت کە ئەو پیاوانەی بێدەسەڵاتانە دەستدرێژییەکە دەبینن، بوونەوەری نزمن و غیرەت و توانای بەرگریکردن و پارێزگارییان نییە لە ژنەکانیان. بەم پێیەش، لەمرۆڤایەتی دامالێن کاریگەریی دادەنێت لە سەر ئەو ژنانەی بەر ئەتک و دەستدرێژی کردنەسەر کەوتوون و ئەو پیاوانەش کە توانا و دەسەڵاتی بەرگریکردنیان نییە لە خۆیان. کریستۆف شایسڵ ئەم کرداره بەم ڕەنگە پێناسە دەکات کە: "بە شێوەیەکی سیمبۆڵی خەساندنی پیاوە دۆڕاوەکانە".[٢٣] خەساندنەکە نەک تەنها سیمبۆڵی بەڵکو جەستەییش بوو، کە ڕووداوی دەگمەن نەبوو لە سەردەمی جینۆسایدی ئەرمەندا. دەستدرێژیکاری هێرشبەری تورک، لە تووڕەیی خۆیدا کاتێ کە بۆی دەردەکەوێت ئەو کچەی فڕاندوویەتی بۆ ئەوەی دەستدرێژیی بکاتەسەر لە ڕاستیدا کوڕێک بوو بە جلوبەرگی ژنانەوە (بۆ ئەوەی دەستبەجێ نەکوژرێت، وەک ئەوەی لە پیاوان و کوڕانی گەورەتردا ڕوویاندابوو)، بۆیە ئەندامی نێرینەی کوڕەکە یان میٚرمندالّەکەیان دەبڕییەوە. لە کتێبی *"لە دەرگادان"* دا، ئێستەر/ گەزیر خەدیجە دەگێڕێتەوە کەوا لە ئەفسەرێکی تورکی بیستووە کە میوانی مالّی دایک و باوکە لەخۆگر و بەخێوکەرەکەی ئەم بووە، چۆن شانازیی بە ڕفاندنی دوو خوشکەوە کردووە:

دوای ئەوەی دەستدرێژیم کردە سەر یەکێکیان، دەستم بۆ ئەویتر برد و تێگەیشتم کە ئەمەیان کوڕ بوو. بۆیە بە شمشێرەکەم ئەندامی نێرینەیم بڕی و پێمگوت،"ئەوە ئێستا تۆ کچیت، چۆن حەزت لەوەیە؟" پاشان من و پیاوەکانم کوڕەکەمان بە دیوارێکەوە وەستاند بۆ ئەوەی سەیری ئێمە بکات کە بە نۆرە خەریکی کچەکە دەبین". (ئاهنێرت، ل١١٤)

دوای هەموو ئەمانە، کوشتنی ئەم بوونەوەرە ئایەختراناە کارێکی ئاسان بوو کە هیچ هەستێکی تاوان و گوناهی نەدەبەخشییە بکوژ و خۆی بە پاڵەوانێکی بێرکابەری تاوانەکەی دەزانی. ئەمە هەمان مۆتیڤ و پاڵنەر بوو بۆ سەپاندنی دەسەڵات و هەژموون و پیادەکردنی چاوشۆڕکردن و لەمرۆڤخستن و لە نێرینەخستن (یان بە مێینە کردنی پیاو) لە حاڵەتی توندوتیژیی سێکسی لە دژی نێرینە قوربانییەکان. بەڵام مرۆڤ پرسیاری ئەوە دەکات کە ئاخۆ جێبەجێکردنی هەژموون و باڵادەستی تاکە پاڵنەر بووە لە پشت ئەشکەنجە سێکسییەکانەوە لە زیندانەکانی تورکیادا. مرۆڤ پێویست ناکات دەروونشیکار بێت بۆ ئەوەی تێبگات ئامانج لێی تێرکردنێکی سێکسیی لادەرانە و نەشاز بووە بۆ تاوانبارەکە لە سەر قوربانییەکی داماوی بێتوانا لەوەی هیچ بەرگرییەک لە خۆی بکات، بەمەش گەرەنتی خواستێکی ئاسان دابین دەکات بۆ پیسترین و قێزەونترین حەز و غەریزە لە سروشتی مرۆڤدا. هەمان لۆجیک و ئارگومێنتیش بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ژنانی ئەرمەن ڕاستە. تۆێژەران و زانایانی هۆڵۆکۆست تیۆریی دەسەڵات و زاڵبوون دەهێنەنە کایەوە بۆ سەلماندنی خود وەک ڕەگەزێکی باڵادەست بۆ لێکدانەوەی دەستدرێژیی سێکسیی گێستاپۆ و سەربازەکانی ئەڵمان بۆ سەر ژنانی جوو. ئەوەش ڕاستییەکە کە زۆربەی ژنانی جوو لە دوای دەستدرێژیکردنە سەریان کوژراون بە جۆرێک کە سیاسەتی لەناوبردنی ڕەگەزی نزم بەدیدەهات. هەروەها یاسای *"ڕاسێنشاند Rassenshande"* کە ساڵی ١٩٣٥ ڕاگەیەندرا و ئەنجامدانی سێکسی قەدەغە کرد لە نێوان ئەندامانی ڕەگەزی ئاری و جووەکاندا بۆ ڕێگریکردن لە پیسبوونی ڕەگەزی پاک و خوێنی پاکی ئاریایی.[٢٤] لە حاڵەتی ژنانی ئەرمەندا، پاڵنەرەکە ئەوە بوو کە پیاوانی تورک و کورد دەمێک بوو

ئـارەزووی میـوەیەکی حەرامکراویـان دەکـرد. ژنـانی ئەرمەن هەمیشـە جێـی چاوتێبڕینیـان بـوون بەڵام دەسـتیان پێیـان نەدەگەیشـت. ئێسـتاش ئەم پیـاوانە ئازادییان پێدراوە هەر ستەم و درندەییەک ئەنجام بدەن کە ئارەزوویان دەکرد، هەر شـتێک کە ئەقڵی نەخۆشـی پیاوێـک بیبڕێـت و بگۆڕێـت بـۆ ئـاژەڵێکی درندە. دەستدرێژیکردنە سەر کچان و ژنانی ئەرمەن بۆ ئەوان خۆشـی و چێژ وەرگرتن بوو.

هەروەها تیۆریی باشترکردنی ڕەگەز پاڵنەرێک بوو بۆ ڕفاندنی ژنـانی ئەرمەن و بەرهەمهێنـانی منـداڵ لەگەڵ ئەوان. هێنـری مۆرگێنتـاو پشـتگیریی لەم تێـزە دەکـات: "ئەم کـچە ئەرمەنـانە بەرجەسـتەی جـۆرێکی بەرزی ژنـایەتی دەکەن و تورکە لاوەکان، بە ڕێگە سـەرەتایی و خۆڕسـکییەکەیان درکیـان بەوە کردبـوو کە تێکەڵبوونی خوێنیان لەگەڵ دانیشتووانی تورکدا کاریگەرییەکی چاککردنی نەوەی دەبێت لە سەر کۆی گشتی".[٢٥]

دیـارە لە سـەردەمی جینۆسـایدی سـاڵی ١٩١٥دا، پـاکیی تـوخم و ڕەگەز لە پێشـینە و کارنـامەی پیاوکوژەکـانی تورکیـادا نەبـوو، یـان لەوانەیە پـێچەوانەکەی ڕاست بووبێت. عوسمان کۆکەر جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە سپاردنی ژنـان و منداڵانی ئەرمەن بە موسڵمانەکان لێکەوتەی ڕووداوەکـانی سـاڵی ١٩١٥ نەبـوو، بەڵکـو سیاسـەتێکی دەوڵەت بـوو کە لە سـەرەوە فەرمـانی پێکرابـوو. کـۆکەر ئەو بەڵگەنامـانە ئاشـکرا دەکـات کە ڕاسـتی و دروسـتیی قسـەکەی دەسـەلمێنن.[٢٦] بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە پاکیی توخم و ڕەگەزەکە بوو بە خەمی خێزانە تورکەکـان لە تورکیای دوای جەنگدا و زۆرێک لە خێزانەکان ڕێگرییـان لەوە کرد کچ و ژنـی ڕەچەڵەک ئەرمەنـی بخـوازن و بێتە ناویـانەوە. فەتحیە چەتـین شـایەتیی بـۆ ئەوە دەدات لە چیرۆکـی داپیـرە ئەرمەنییەکەیـدا. ئـاخۆ دەکرێت ئەمە ئەو کـاریگەرییەی ئایدیۆلۆجیای نازی بێت کە بوو بە یاسای نۆرنبێرگ لە سـاڵی ١٩٣٤دا؟

بـۆ یەکەمجـار لە مێژوودا مـامەڵە لەگەڵ دەسـتدرێژی و تونـدوتیژیی سێکسـی کـراوە وەک تـاوانی دژە مرۆڤـایەتی لە بەردەم دادگـای تـاوانی نێودەوڵەتیـدا بـۆ

یۆگۆسلاڤیای پێشوو (ICTY). ئەمەش جیابوونەوەیەکی ڕیشەیی دەگەیاند لە ڕابردوو، کاتێ دەستدرێژی و تووندوتیژیی سێکسی وەک پاداشتی دەستدرێژکار لە جەنگدا یان ململانێ چەکدارییەکانی تر. لە ئەنجامدا دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان هەڵوێستێکی ڕوونی وەرگرت کە بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی ئەم جۆرە تاوانانە وەک:

کردەوەیەک کە سروشتی سێکسیی هەبێت بەرانبەر بە کەسێک یان چەند کەسێک یان بووە هۆی ئەوەی ئەو کەسە یان ئەو کەسانە بەشداریی کردەوەیەکی سێکسیی زۆرەملێ بکەن، لە ژێر هەڕەشە و هێزدا، وەک وەک ئەوەی کە بە هۆی ترسی تووندوتیژی، ناچارکردن، دەستبەسەرکردن، ستەمی دەروونی یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، دژی ئەو جۆرە کەسانە، یان بە سوودوەرگرتن لە ژینگەیەکی زۆرەملێ یان بێتوانایی کەسێک / کەسانێک لە پێدانی ڕەزامەندیی ڕاستەقینە سەرنج بدەن بابەتەکە وەک نێر و مێ دیاری نەکراوە، بەڵکو وەک مرۆڤێک. بەم شێوەیە پێناسەکە هەردوو ڕەگەزەکە دەگرێتەوە.[٢٧]

پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێت کە بابەتەکە وەک نێر و مێ دیاری نەکراوە، بەڵکو وەک کەسێک دیاری کراوە. بەم شێوەیە پێناسەکە هەردوو ڕەگەزەکە دەگرێتەوە. بەم پێناسەیە نیمچە تەواوەی تاوانەکە و لە سایەی یاسایەکی بەرکاردا، دەتوانرێت هەموو بەڵگەکانی تووندوتیژی لەو جۆرە دژی قوربانیانی ئەرمەن لە کاتی جینۆسایددا کۆبکرێتەوە و دۆسیەکە بخرێتە بەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان. ئەمەش هاوتەریب دەبێت لەگەڵ ئەو هەوڵەی ئێستا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داوای قەرەبووکردنەوە لە سەر ئەو بیمەی دڵنیایی ژیانانەی کە ئەرمەنەکان پێش جینۆساید کڕیبوویان.

بۆ بوون بە قوربانی تاوانێکی قێزەون وەک تووندوتیژیی سێکسی دەبێتە هۆی زەبرێکی دەروونیی تا کۆتایی ژیان و ناڕەوێتەوە. دانپێدانانی ئەوەش و بوون بە ئاماژێک لە بەڵگەنامەیەکدا هێندەی تر بە ئازارترە. لە سەدان چاوپێکەوتنی ڕزگاربووانی جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا کە لە دیاسپۆرا ئەنجامدراون، تەنیا چەند کەسێکی کەمیان (کە بێگومان هەمووییان ژن بوون) بوێریی دانپیانانیان بەو

لاپەڕە تاریکەی چیرۆکی ژیانی خۆیاندا. دانپێدانانەکە لە هەڕەتی هەڵچوونێکی سۆزداریدا بوو و نهێنییەکە، کە تا ئەو دەمەش بە باشی لە نزیکترین خزم و کەس شاردرابووەوە، بەو کەسەی کە چاوپێکەوتنەکەی ئەنجامدابوو. یان ڕاستتر بڵێین بە ئامێری تۆمارکردنی چیرۆکی ژیانیان سپێردرا.

سەبارەت بە ڕزگاربوونی ئەم تاوانە سەخت و دزێوە کە لە تورکیا بەردەواميیان بە ژیان دا، وەک سەلامەتترین چارەسەر و گونجاوترین هۆکاری بەرگری پەنایان بردە بەر بێدەنگی. گومانی تێدا نییە کە یادەوەرییە ترسناکەکان ڕێگەی ژیانی ئاسایی لێگرتن. ئەوان ئەزموونە پڕ تراجیدیاکەیان لەبیر نەچوو و بە زۆریش لەو ژینگەیەدا ژیانیان بە سەردەبرد کە بەردەوام ڕابردووی بیردەخستەوە. ئەوان لە بەرەوڕووبوونەوەی ئەو ڕەوشەدا، بە نائاگایی کۆششیان دەکرد بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە و شێوازی بیرکردنەوەیان بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ یادەوەرییەکاندا. چیرۆکەکانیان بە داخراوی و دوور لە جیهانی دەرەوە مایەوە و ڕاز و نهێنییەکانی زەلیلکردن و لەمرۆڤخستنی خۆیان لە بیرەنگیدا ناشت و لانیکەم وا خۆیان پیشان دەدا کە وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی ژیانێکی ئاسایی بەڕێدەکەن.

پەراوێزەکانی بەشی ٤: نهێنییەکی خەفەکراو

١ کریستوفەر جەی. واکەر ئاماژە بەوە دەکات کە ڕاگواستنی ئەرمەنەکانی زەیتون لە ٨ی نیسانی ١٩١٥، پێش ئەوەی حکوومەت ئەو یاسایە دەربکات کە جۆرێک لە ڕەوایی بداتە ئەو ڕێکارە (یاساکە لە ٣٠ی ئایاری ١٩١٥ پەسەند کرا) و پێش ڕووداوەکانی وان کە دواتر بە "ڕاپەڕین" ناوبرا و وەک بیانوویەک بەکارهێنرا وەک پاساوهێنانەوە بۆ ئەو ڕێوشوێنانەی کە دژی دانیشتووانی ئەرمەنی ئیمپراتۆرییەتەکە گیراونەتەبەر. بڕوانە واکەر، "جەنگی جیهانی یەکەم و جینۆسایدی ئەرمەن World War I and the Armenian Genocide" (١٩٩٧)، ل٢٤٩ - ٢٥٢.

٢ دێر یاغیان، *"بیرەوەرییە باوکسالارییەکانم My Patriarchal Memoirs"* (٢٠٠٢)، ل ٧٣.

٣ یالّچین (٢٠٠٣)، *"هۆگیس کەزموڤ کە خەیتا Hogis kezmov ke khayta"*، ل ٣٥٨.

٤ باغدۆیان، *"ئێرب دراختە دارتساڤ دزۆخک Erb drakhte dartsav dzhokhk"* (٢٠٠٧)، ل ٢٤٧.

٥ هەمان سەرچاوە، ل ٥٤٠ - ٥٤٢.

٦ چیرۆکی چەتین، *Anneannem* (نەنکم لە دایکمەوە) کە لە سەرەتادا لە ساڵی ٢٠٠٤ بە زمانی تورکی بڵاوکرایەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە لایەن ڕوپێن میڵکۆنیان بە ناوی *Mets mayrs* وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی ئەرمەنی. هەموو ئاماژەکان بۆ وەرگێڕانی ئەرمەنیی ئەم بەرهەمەن.

٧ فەتحیە چەتین پارێزەرێکە بە مەشق و ڕاهێنان، وتەبێژی پێشووی کۆمیسیۆنی کەمینەکانی کۆمەڵەی پارێزەرانی ئیستانبوڵە و هەروەها پارێزەرێکی بریکاری خێزانی هرانت دینکە لە دادگاییکردنی بکوژ (یان بکوژەکانی) دینکدا.

٨ بڕوانە بەشە لاوەکییەکان بە ناونیشانی "نرخی مانەوەی چییە"، ل١٦٢- ١٦٩، و "جیاوازیی چینایەتی: مۆتیڤێکی نوێ"، ل١٦٩ - ١٧٢، لە کتێبی پێرۆمیان، *"کاردانەوەی ئەدەبی بۆ کارەساتەکە Literary Responses to Catastrophe"* (١٩٩٣).

٩ ئەم لێدوانەم لە هەمان سەرچاوەدا داوە، ل ١٥٦، وەک دەستم کرد بە وردەکارییەکانی ئەڵقەکەی کە بە دوایدا دێت.

١٠ لە هەمان سەرچاوەدا گفتوگۆی لە سەر کراوە، ل ١٥٦.

١١ ئاهنێرت، *"لێدانی دەرگا The Knock at the Door"* (٢٠٠٧)، ل٩١ - ٩٢.

١٢ هەمان سەرچاوە، ل ٩٤.

١٣ هێنری مۆرگێنتاو یەکێک لە نمونە زۆرەکان دەهێنێتەوە: "کاتێ قوربانییەکان چەند کاتژمێرێک لە شوێنی دەستپێکردنیانەوە گەشتیان دەکرد، کوردەکان لە ماڵە شاخاوییەکانیانەوە دەهاتنە خوارەوە و پەلاماری کچە گەنجەکانیان دەدا و پەچە و چارشێوی سەر ڕوومەتیان هەڵدەدایەوە و کچە جوان و قەشەنگەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ چیاکان". هەر لە هەمان بڕگەدا سەبارەت بە کاروانەکانی ڕاگوێزراوان کە بە گوندێکی موسڵماندا تێدەپەڕین، تێبینییەک دەکات: "لێرەدا تورکە کێوی و دڵڕەقەکان پەلاماری ژنەکانیان دەدا و زۆر جار بە مردووی بەجێیاندەهێشتن لە ئەنجامی ئەو کارەی کە بە سەریان دەهێنان و هەندێ جاریش ژنەکان بەتەواوی شێت و لێوە دەبوون". بڕوانە چیرۆکی باڵیۆز مۆرگێنتاو، ل ٣١٦. مۆرگێنتاو بەبێ بەکارهێنانی زەقی ئەم وشەیە شایەتیی لە سەر پراکتیزەکردنی بەربڵاوی دەستدرێژیی سێکسی دەدات: "لە پشتیانەوە سوپایەک کچانی بەجێماو وەک کۆیلە دەفرۆشران – زۆرجار لە بەرانبەر یەک مەجیدیدا، کە دەیکردە نزیکەی هەشتا سەنت – و پاش خزمەتکردنی مەبەستە درندەکانی کرێیارەکانیان، ناچار دەبوون ژیانی لەشفرۆشی بگوزەرێنن" ل ٣١٧.

ویلیەم کینگ کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەن لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە کتێبێکی سەرنجڕاکێشی تایبەتدا تۆمار دەکات، بە ناوی *"مێژووی تەواوی جەنگی جیهانی Complete History of the World War"*، (١٩٢٢)، ل ١٦٨ – ١٦٩ . هەر لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٥دا کۆمەڵکوژی لە ناوچەکانی ئەردەهان و ئەلاشکێرت ڕوویدا. سەربازانی تورکیا و کوردەکانی ئەو ناوچەیە لە تۆڵەی شکستیان لە بەرەی ڕووسیادا، گوندنشینانی ئەرمەنیان دەکوشت. هەروەها کینگ باسی ئەوەش دەکات کە ژنانی ئەرمەنیان وەبەر خۆیان دەدا بۆ چیاکان.

١٤ ئەم فەسڵە کە بە ناوی "سایکۆ"یە لە کتێبەکەی پێرومیان، "کاردانەوە ئەدەبییەکان بۆ کارەساتەکە" (١٩٩٣)، ل ١٣٠.

١٥ ئەم فەسڵەش بە ناوی "هاتسین ئوژێ Hatsin uzhe" (واتە هێزی نان)، لە هەمان سەرچاوە، ل ١٣١.

١٦ سیڤاکوماران، *"تۆندوتیژیی سێکسی دژی پیاوان Sexual Violence Against Men"* (٢٠٠٧)، ل ٢٥٥.

١٧ مۆرگێنتاو ئاماژە بەوە دەکات کە "بە درێژایی ئەم وڵاتە جەودەت [والیی وان] بە گشتی بە 'نالّبەندی باشکالێ' ناسرابوو، چونکە ئەم وەستا بوو لە ئەشکەنجەداندا و ڕەنگە شاکاری هەموویان بووبێت – بەوەی کە ناڵە ئەسپی بە داکوتان بزمار بە پێی قوربانییە ئەرمەنەکانیدا داهێنابوو". "چیرۆکی باڵیۆز مۆرگێنتاو *Ambassador Morgenthau's Story*"، ل ٣٠٧.

١٨ هیلسنرات، "*چیرۆکی دوا بیرکردنەوە The Story of the Last Thought*" (١٩٩١). بۆ شیکارییەکی وردی ئەم بەرهەمە، بڕوانە پێرومیان، "ڕاستیی جینۆسایدی ئەرمەن لە چیرۆکە خەیاڵییەکەی ئێدگار هیلسنراتدا The Truth of the Armenian Genocide in Edgar Hilsenrath's Fiction" (٢٠٠٣).

١٩ ڕاپۆرتی کۆتایی کە لایەن خاتوو گەیی جەی. مەکدۆگاڵ، ڕاپۆرتدەری تایبەت، پێشکەش بە کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ کراوە، سەبارەت بە "فۆرمەکانی هاوچەرخی کۆیلایەتی: دەستدرێژیی سیستماتیکی، کۆیلایەتیی سێکسی و پراکتیزە هاوشێوەکانی کۆیلایەتی لە کاتی شەڕی چەکداریدا"، E/CN.4/Sub.2/1998/13، بڕگەکانی ٢١ – ٢٢، ئاماژەی پێکراوە لە سیڤاکوماران، "توندوتیژیی سێکسی دژی پیاوان Sexual Violence Sexual Violence Against Men Against Men" (٢٠٠٧)، ل ٢٦١.

٢٠ کینگ، "مێژووی تەواو *Complete History*" (١٩٢٢)، ل ١٦٨.

٢١ ڤێرفێڵ، "*چل ڕۆژەکەی مووسا داغ The Forty Days of Musa Dagh*" (١٩٣٤)، ل ٢٧٣ – ٢٧٥.

٢٢ تیۆدیک "*ئەزگە شێ مەرات Azge che merat*"، ل.١٤

٢٣ شیسل، "تۆخمێکی جینۆسایدکردن An Element of Genocide" (٢٠٠٢)، ل ١٩٩، کە گۆڵدنبێرگ لە کتێبی "توندوتیژیی سێکسی و هۆڵۆکۆست Sexual Violence and the Holocaust" (٢٠٠٧)دا ئاماژەی پێکردووە. سوپاسی میرنا گۆڵدنبێرگ دەکەم بۆ وتارەکەی کە سەرنجی منی بۆ وتارەکەی شیسل ڕاکێشا.

٢٤ هەمان سەرچاوە.

٢٥ "*چیرۆکی باڵێۆز مۆرگێنتاو Ambassador Morgenthau's Story*" (١٩٧٥)، ل ٢٩١.

٢٦ کۆکەر، "ئەرمەنی کادین و چوجوکلارین – ژن و منداڵانی ئەرمەن" (٢٠٠٧). لەم وتارەدا کۆکەر باس لە ئیسلامکردنی ئەرمەنەکان دەکات بە دریژایی مێژووی عوسمانی و تیشک دەخاتە سەر ئەم پراکتیزەیە لە ماوەی ساڵی ١٩١٥دا و باس لەو هەوڵە ڕێکخراوە و شێوازە کاریگەرانە دەکات کە لە سەر ژنانی گەنج و بێوەژن و ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان لە سوپادا خزمەتیان دەکرد و منداڵە بچووکە هەتیوەکان بەکارهێناون. تەلەگرامی کۆدکراو (شفرە) بە تەواوی وەک بەڵگەنامە دەهێنێت کە فەرمانی وردی تێدایە کە لە لایەن تەڵعەتەوە (مەبەست تەڵعەت پاشایە – و) یان ئەوانەی ڕاپۆرتیان بۆ بەرز دەکردەوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی. ئەو حەوت تەلەگرامە دەگەڕێتەوە بۆ ١ی تەممووزی ١٩١٥ تا ٣٠ی نیسانی ١٩١٦.

ئەم بەڵگەنامانە ئەوە دەردەخەن کە پرۆسەی بە ئیسلامکردن و تێکەڵکردنی ڕزگاربووانی ئەرمەن لە کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن بە دوو شێوە ڕوویداوە. یەکەمیان لە ڕێگەی فەرمانەکانی حکوومەت و لۆجستیک کە لەم فەرمانانەدا ئاماژەیان پێکراوە. ڕێگای دووەم لەخۆوە ڕوویدا، کاتێک تورک و کورد و عەرەبەکان هەڵیاندەکوتایە سەر کاروانی ڕاگوێزراوان و منداڵ و کچە جوانەکانیان دەفڕاند و ژنانیان دەبردە ناو حەرەمەکانی خۆیانەوە (واتە دەیانخواستن)، یان دەیانکڕین، یان تەنانەت بە هۆکاری مرۆڤدۆستانە ڕزگاریان دەکردن. هەروەها چیرۆکی ڕزگاربووان باس لەوە دەکەن کە ژنانی ئەرمەن چۆن لە گوندنشینانی تورک و کورد و عەرەب پاڕاونەتەوە کە منداڵەکانیان بخەنە لای خۆیان بۆ ئەوەی لانیکەم لە ژیاندا بمێننەوە.

٢٧ توخمەکانی تاوانکاریی نێودەڵەتی، مادەی ١٠. ٧ (١) ، جی - ٦، توخم ١، کە لە لایەن سیڤاکومارانەوە ئاماژەی پێکراوە، "تووندوتیژی سێکسی دژی پیاوان Sexual Violence Against Men" (٢٠٠٧)، ل ٢٦٢. سیڤاکوماران ئاماژە بەوە دەکات کە دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بە ڕێگەی یاسای ڕۆما (١٩٩٩) پێناسەی مانای تووندوتیژی سێکسی دەکات. هەروەها بڕوانە لی، *"دادگای تاوانی نێودەوڵەتی The International Criminal Court"* (٢٠٠١).

٥

یادەوەریی میژووویی سەرکوتکراو، دەربڕینی کپ و بێدەنگ

نووسەرانی نەوەی یەکەمی ڕزگاربووان لە دیاسپۆرا کاردانەوەیان بۆ ڕابوردووی پڕ زەبروزەنگ و تراومایان بە شێوەیەکی سەرەکی هەوڵی وێناکردن و بەچەمککردن و بەرهەمهێنانی دەقی نووسین بوو بۆ کارەساتەکە.[1] ئەدای ئەوان بۆ ئەزموونەکە ڕووناکیی دەخستە سەر ئەو تاوانە قەبە و سامناکەی دژ بە ئەرمەنەکان ئەنجامدرا لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا و ئەو کاریگەرییە لەبیرنەکراوەی تاوانەکەی بەجێهێشتبوو لە ناخ و دەروونی ڕزگاربووانی تاوانەکەدا. هاوتەریب لەگەڵ ئەدەبیاتدا ئەو نووسین و دەقە ئەدەبییانەی ئەم نووسەرانە بەرهەمیان هێناوە بڵاوبوونەوەی گێرانەوەی شایەتحاڵ و بیرەوەرییەکانی تێکەڵ بە خوێن و فرمێسک و کاولکاری و ڕق و تۆڵە بوون. ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دیاسپۆرای ئەرمەن لە ساڵانی ١٩٢٠کان و ١٩٣٠کاندا پڕن لەو شێوازەی ئەدەب و نووسین. نووسەرە ڕزگاربووەکانی ئەم لێشاوی سۆزدارییە بە ئازادی ئەزموون و یادەوەرییەکانیان دەردەبڕی لەگەڵ برا و هاوڕێ ئەرمەنەکانیان. ئەوان چاوپێکەوتنیان ئەنجامدەدا و بەشداربیان لە پرۆژەکانی میژووی زارەکیدا دەکرد، بەو هیوایەی جیهان بە هاوسۆزییەوە گوێ بۆ مەینەتی و ئازارەکانی ئەوان و لێقەومانی سەختی گەل و نەتەوە بگرێت. بە

پێچەوانەی پەرۆشی و تامەزرۆیی هەندێک لە ڕزگاربووان بۆ هاوبەشیکردنی یادەوەریی لێقەومان و مەینەتییان، زۆر کەس هەبوون کە بێدەنگیی تەواویان هەڵبژاردبوو. هۆکارەکانی ئەم بێدەنگییە چ بە زۆرەملێ بووبێت یان خودسەپێنراو لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕا جیاواز بوو، بەڵام هەمیشە بە هۆی باری دەروونیی ئاڵۆز و شێوازی ڕەفتاری فرەلایەنەوە بوو. هۆکارەکە دەکرا هەستێکی نادیار و تەمومژاوی بێت بە گوناە و خۆسەرزەنشتکردن بۆ ڕزگاربوونیان لە کاتێکدا ئەندامانی تری خێزانەکە بە شێوەیەکی دڕندانە لەناوچوون. پێدەچێت پاڵنەرێکی ناوەکی بووبێت کە هەموو شتێک بەجێبهێڵێت و وەک هەموو ئەوانیتر لەگەڵ ژینگە نوێیەکەدا بگونجێت و تێکەڵ بە ڕەوتی باو بێت. ڕەنگە ترسیش بووبێت لەوەی کە ئەگەر چیرۆک و بە سەرهاتەکانیان بگێڕنەوە، ئەوە لەودوای کۆمەڵگە جیابکرێنەوە و ببێزرێن – ئەمەش بەتایبەتی لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکان و ئەمریکای باکووردا ڕاست بوو کە دەمارگرژی و جیاکاری لە دژی تازەهاتووان ڕەوشێکی باو بوو. دەکرا ئەوە هەوڵێکی نائاگایانە بێت بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بپارێزن لە ناڕەحەتی و ئەو یادەوەرییە ئازاربەخشە بپارێزن کە بە سەر خۆیاندا هاتبوو. لە زۆر حاڵەتدا و بە شێوەیەکی دژوار تەنانەت ئەگەر هەوڵی گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان بدایە بۆ خەمڕەوێنییەک و ئاسوودەیی بەخشینێک بە ڕۆحیان، ئەوە لە لایەن منداڵەکانیانەوە بێدەنگ دەکران کە بێزار بووبوون لە بیستنی ئەم چیرۆکە کۆنانە و لە باری دەروونیی ئاڵۆز و نەبڕاوەی دایک و باوکیان، کە بەردەوام ئاخ هەڵکێشان و فرمێسک بوو. یان دەکرا تێکەڵەی هەموو ئەم هۆکارانە بووبێت. ڕووماڵێکی دەروونشیکاریی ورد و وریایانە لە بوارێکی فراوانی ئاوهادا دەتوانێت ببێتە هۆی تێگەیشتن لە جیهانی ناوەوەی ڕزگاربوو لە دۆخ و ژینگە جیاوازەکاندا. بێجگە لە هەموو ئەمانەش، بارگرانیی هەوڵ و کۆششی ڕۆژانە بۆ مانەوە لە جیهانێکی نوێ و نامۆدا، ڕزگاربووانی ناچار دەکرد، کە لە زۆر حاڵەتدا بە بێهوودە و تەنها لە ڕواڵەتدا، یادەوەریی ڕابردووی زەبربەخشی خۆیان خەفە بکەن. باوکی دەیڤید خێردیان

هەرگیز یادەوەریی پڕ لە ئازاری ڕابردووی لەگەڵیدا باس نەکردووە و هەرگیز چیرۆکی خەم و ئازارەکانی بۆ نەگێڕایەوە. خێردیان تەنیا دوای مردنی باوکی دەستیکرد بە خوێندنەوەی مێژووی کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەن. لەو مێژووەدا هۆکار و لێکدانەوەی ڕەفتاری سەیر و نامۆی باوکی بۆ دەرکەوت، بەتایبەتی کاتێ لە قاوەخانەکانی ڕاسین دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە:

ساڵانێک دواتر، خەریکی خوێندنەوەی
چیرۆکە شکۆدار و تاڵ و شیرینەکانی
نووسەری ئەرمەنیمان لە کالیفۆرنیا،
کە وەک ڕۆژنامەفرۆشێ سەردانی
قاوەخانەکانی فرێسنۆی دەکرد،
تێگەیشتم کە ئەم کافێیانە ئازار و هیوا
تێشکاوەکانی خەڵکە هەتیوەکانم لەخۆدەگرێت.[٢]

ڕزگاربووانی ئەرمەنیش کە لە تورکیا دەژیان، بێدەنگ بوون، بەڵام بە هۆکار و پاڵنەرێکی تەواو جیاواز. ئەمە دیواری بێدەنگیی پتەوە ماوەیەکی زۆرتر بەردەوام بوو و دەرگای لە سەر ئەو چیرۆکانە کڵۆم کرد کە دەرفەتیان نەبوو بگەنە گوێی وەرگر و بۆشاییەکی بچووک لە مێژووی کۆمەڵگەی فرە ئێتنیک و فرە نەتەوەی تورکیادا پڕبکەنەوە کە پێیان وابوو هاوچەشن و پتەوە. ئێمە تەنها بەم دواییانە لانیکەم تا ڕادەیەک ئاگاداری ئەو زەبروزەنگ و تراومایە بووین کە تەواوی ژیانی ڕزگاربووانی ئەرمەنی لە تورکیادا گرتووەتەوە و ئێستا دەرفەتمان پێدراوە بچینە ناو جیهانەکەیانەوە بۆ ئەوەی بزانین ڕابردوو چۆن ناسنامەی خۆیان و ئەو نەوەیەی کە لێیان کەوتووەتەوە داڕێژراوەتەوە.

ئەم ڕزگاربووانە بێدەنگ بوون لە بەرانبەر ڕەچەڵەکی خۆیان، دەربارەی ڕابردووی زەبربەخشیان، سەبارەت بە ناڕەزایی قوولیان لە بارودۆخی ئێستایان و سەختیی خۆگونجاندن لەگەڵیدا. بێدەنگییان سەپاندنێکی دەروونی بوو لە ناوەوە، لە ترس و شەرم لە ئاشکراکردنی جیهانی ناخیانەوە سەرچاوەی گرتبوو، ژینگەیەکی نادۆستانە و هەندێ جاریش دوژمنکارانە سەپاندبووی بەسەریاندا. لە

ڕاستیدا ئەم بیٚدەنگییە ناوەکییە، کە جۆرێک بوو لە خۆسانسۆر کردن، هەڵوێستی فەرمیی حکوومەتی تورکیای بەهێزتر کرد بۆ دریٚژەدان بە سەرکوتکردنی بیٚسنووری مێژووی جینۆسایدی ئەرمەن و یادەوەریی بەکۆمەڵیان. پیٚشتر لەم کتیٚبەدا دیاردەی "منی بەکۆمەڵ" باسکراوە و ئەوە پیشاندراوە کە چۆن نووسەر و شاعیرانی ئەرمەنی ئیستانبوڵ ئێش و ئازارەکانی تەواوی مرۆڤایەتییان وێناکردووە لە کاتێکدا کە لە ژێر باری گرانی ناعەدالەتی و ستەمدا دەنالٚێنێت، بەڵام چۆن لە دید و تێڕوانینی نەتەوەییەوە ئەم چامە شیعرییانە وەک ئاماژەکردن بە ئاماژەکردن بۆ دۆخی نالەباری نەتەوەی ئەرمەن لێکدەداتەوە. قەسیدە شیعرییەکەی خراخونی بە ناونیشانی "مێژوو"، سەبارەت بە دروستکردنی ڕۆما و دوو برا جمکەکە کە لە لایەن دەڵە گورگێکەوە شیریان پیٚدەدرێت، یەکێکە لە نموونەکان. لەم چامە شیعرییەدا، خواستنی گورگ و مەڕ ئاماژەیەکی وردی پیٚشکەش کردووە بۆ مێژووی پەیوەندییەکانی تورک و ئەرمەن. نموونەیەکی تر چامەیەکی شیعریی ڤارتەر قەرەگوێزیانە[٣] بە ناونیشانی "مێتس مایریگ Mets mayrige" (واتە داپیرە)، کە لە سەرەتای سالٚانی ١٩٦٠کاندا بلٚاوکراوەتەوە و تێیدا دۆخی پڕمەینەتی چوار نەوە وێنا کراوە بەڵام بەدەر لە دەربڕینی ڕاستەوخۆ:

کچ بوو، هێشتا گوڵێک بوو
باوکیان برد
لەگەڵ دایکیدا دانیشت و دەگریا
–
بوو بە بووک، بووکێکی جوان و گەنج
مێردەکەیان برد
لەگەڵ کوڕەکەی دانیشت و دەگریا
-
ئەو بەختیٚوکەری کوڕە هەتیوەکەی بوو
کوڕەکەیشیان برد

لەگەڵ بووکەکەی دانیشت و دەگریا

-

ئێستا هیچ ترسێک نییە
نە کۆمەڵکوژی، نە جەنگ
بەڵام کوڕەزاکەیشیان برد
ئەوە چی بوو - بۆ خۆی دانیشت و هەر دەگریا[٤]

لە سەر شێوەی ئاسایی شاعیرە ئەرمەنەکانی تورکیای ساڵانی ١٩٥٠کان و ١٩٦٠کان، ئەم قەسیدە شیعرییە دیمەنێکی دراماتیکی وێنا دەکات لە بەکارهێنانی وێنەی سادە و وشەی کورتدا. ئەم وێناکردنە چاوپێکەوتنە زارەکییەکانی ڕزگاربووانی ئەرمەن دەسەلمێنێت و هەر نەوەیەک و هەموو ئەو نەوانەی کە لە پێش ١٩١٥ و دوای ئەو مێژووەش لەدایکبوون پشکی خۆیان هەیە لە کارەساتەکەدا و بە دەست ستەم و چەوساندنەوەوە گیرۆدە بوون. شەپۆلێکی نەرمتری ئەو چەشنە ستەمە لە ساڵی ١٩٤٩دا بەرپاکراوە، کە تێیدا حکوومەت دەستی کردووە بە زنجیرەیەک لێپرسینەوە و ڕۆشنبیرانی ئەرمەنی ئیستانبوڵی کردووەتە ئامانج و ترساندوونی و ئاگاداری کردوونەتەوە کە لە نووسینەکانیاندا سنوور نەبەزێنن. ڕوپێن ماشۆیان شایەتیی ئەوە دەدات کە هەندێ لەم ڕۆشنبیرانە بانگکراون بۆ دەزگاکانی ئاسایشی نهێنی و پرسیاری بەشێک لە نووسینەکانیان کردوون کە وەرگێڕدراون بۆ تورکی و خراوەتە بەردەمی ئەفسەری لێکۆڵینەوە، لە چاوەڕوانیی تۆمەتبارکردندا.[٥] هایگازون گالوستیان یەکێک بوو لەو ڕۆشنبیرانە کە داڕشتنی قەسیدە شیعرییەکەی "ئیرگوین"، واتە ئێوارە بەر لێپرسینەوە کەوتووە:

ئێستا ژنێک
چاوەڕێی هاوسەرە بێکارەکەیەتی
ئێستا
بڵێسەی کاغەزە دڕاوەکان
گەلاکانی کەلەرم دەگۆڕێت

لە شەقامەکانی بازاڕی دەرەوە کۆی دەکردەوە
بۆ ناو ژەمێک و چەقۆی نانبڕینی سەر خوانەکە
چاوەڕێی نان، نان، نان دەکات.[٧]

ئەم دیمەنە دەکرا لە هەر شوێنێکی ئیستانبوڵدا ڕووبدات، ژنەکەش دەکرا تورک بێت یان هەر گرووپێکی ئیتنیکی و نەتەوەیی تر بێت. گالوستیان بەوە بەرگریی لە خۆی کرد کە شیعرەکە وێنەی دۆخێکی ژیانی ڕاستەقینە بوو. دواتر، لای هاوڕێ و دۆستەکانی دان بەوەدا دەنێت کە ئەو ژنەی گەڵای سیس و ژاکاوی کەلەرمی لە شەقامەکاندا کۆکردووەتەوە دایکی خۆی بووە. تەنانەت ئەگەر ئەو دیمەنە دۆخی نالەباری خێزانێکی ئەرمەنی نیشان بدایە، بەڵام ئەوە ڕەنگدانەوەی دۆخی ئابووریی تورکیا بوو بە گشتی. هەیگازون گالوستیان لە شیعرێکی تردا لە زنجیرەی "خاغاغوتیون" (ئاشتی)، کە تێیدا، جارێکی تر، لە وێناکردنێکی سادەدا ئەو کارەساتە نیشان دەدات کە بە سەر نەتەوەدا هاتووە پێش ئەوەی ئەم لەدایک ببێت:

دایکم دوو برای هەبوو
ئەو باوکی هەبوو
دایکی هەبوو
خوشک و برایان هەبوو
هەموویان هاوسەرگیرییان کردبوو
هەموویان منداڵیان هەبوو
لە ئەوانەوە نە ئەم مایەوە و نە ئەویش
هەموویان – هەر هەموویان
پێش لەدایک بوونی من مردن
باوکم وەک دایکم
ئەوەی هەیبوو، باوک، دایک، برا
ئامۆزا و پوورزا و خاڵۆزاکان – تەواوی خێڵێک
پێش لەدایک بوونی من مردن

کاتێ من چاوم بە دنیا هەڵهێنا، دایکم بە تەنها مابووەوە
باوکتیان بردووە بۆ سەربازی، ئەوان وایان دەگوت[٨]

سەرنج بدەرە هەڵبژاردنی وشە ماناداڕەکان. ئەوان هەموویان "مردن"، نەک کوژرابێتن یان خرابێتنە ڕێپێوانی مردنەوە.

هاگۆپ مینتزوری نووسەری بەناوبانگی ئەرمەنی تورکیا، مێتۆدێکی جیاوازی گرتەبەر لە کارەکانیدا. مینتزوری یەکێک بوو لەو زۆر کەم کەسانەی تەحەدای ئەو بێدەنگییەیان کرد کە باڵی کێشابوو بە سەر ئەدەبی ئەرمەنەکانی تورکیادا سەبارەت بە ئازارەکانی میللەت و زەبروزەنگی ڕابردووی نزیک، ئەگەرچی بە شێوازێکی وریا و شاراوە بوو. لە زنجیرەی کورتە چیرۆکەکانیدا ژیانی دێهات و گوندنشینانی ئەرمەنی وێنا کردووە لە تورکیای پێش ساڵی ١٩١٥دا، وەک ئەوەی واقیعێک بە زیندوو ڕابگرێت کە چیتر بوونی نەمابوو و یادەوەرییەکەی بۆ نەوەکانی داهاتوو هەڵبگرێت. ڕەنگە پاڵنەرێکی نهێنی یان نائاگایی هەبووبێت لەوەدا و مەبەستی وروژاندنی ئەو پرسیارە بوو: ئەوان ئێستا لە کوێن؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم چیرۆکانە بە زمانی ئەرمەنی و بۆ بەکارهێنانی ئەرمەن نووسراون و تێیاندا پەیامەکە بە شێوەیەکی زیرەکانە و ناڕاستەوخۆ لە وردەکاریی وەسفکردندا شاردراوەتەوە.

هاگۆپ مینتزوری لە ساڵی ١٨٨٦ لە ئارمدان لەدایک بووە، کە گوندێکە نزیک ئاگن بە ڕووی شاخەکانی دەرسیم (مینتزوری). مینتزوری بوونی ئەرمەنەکان بەرجەستە دەکات پێش جەنگ لە تورکیا لە ئاگنەوە تا ئیستانبوڵ، ئامادەبوونێک کە تورکیا پشتگوێی خستووە و ڕەتیکردووەتەوە. ئەرمەنەکان لە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانەوە وێنا دەکرێن: دەوڵەمەند و ئاغا کاریگەرەکان لە ماڵ و خانووە گەورەکانیاندا، کە بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی پڕ لە خۆشگوزەرانی و پەیوەندیی نزیک لەگەڵ کۆشکی سوڵتان، بۆ جووتیاران و پیشەگەران لە ڕەنجکێشانی ڕۆژانەیان و ژیانی کولەمەرگییان و خۆشی و

ناخۆشییان. مینتزوری بە وردی باسی شەقامەکان و کەنیسەکان و قوتابخانەکان دەکات لە تاریکترین گۆشەکانی قەراخ شارە هەژارەکانەوە بۆ گەڕەکە ڕازاوەکانی پایتەخت. ئەو ئیشارەت بە ناو و کارەکتەرەکان، ڕۆشنبیران، مامۆستایان، ڕابەرانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە لەگەڵیاندا تێکەڵ بووە و پێکەوە ژیاون و دوا یادەوەرییەکانی لەبارەیانەوە پاراستووە. دیارە هەموویان کەوتنە دۆزەخی ١٩١٥ەوە و هەرگیز نەگەڕانەوە و ئەمڕۆش تەنها لەو خاک و وڵاتەدا دەژین کە مینتزوری وێنەی کێشاوە. ئەم کاراکتەرانە لە وردەکارییەکی لەو شێوەیەی ژیانی ڕۆژانەیاندا وێناکراون، بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن لە سەر پابەندییان بە یاسا و ڕەفتاری ئاشتیخوازییان و شێوازی ژیانی سڵ و پارێزیانەوە، ئەو شێوازی ژیانەی *modus vivendi* کە پەرەیان پێدابوو بە درێژایی سەدەکانی "پێکەوەژیانی ئاشتیانە"[٩] لەگەڵ چەوسێنەرانی تورک و کوردا. ئەوان فێربووبوون چۆن خۆ بپارێزن لە ورووژاندنی تووڕەیی حکوومەت و دوژمنایەتیی دراوسێکانیان. هاگۆپ مینتزوری ئاماژەی پەنهان بۆ دۆخی پەیوندییەکانی ئەرمەن و تورک دەکات کە سروشتێکی ناجێگیریان هەیە و لە لێواری تەقینەوەدایە. چونکە ئەو پەیوەندییە کاتێ دۆستانە و ئارام دەبوو کە ئەرمەنەکان "سنووری" خۆیان نەبەزاندایە.

ئەو وێنانەی کە مینتزوری لە مێشکی خوێنەردا دەیانکێشێت، وەک تۆرۆس تۆرانیان بە شێوەیەکی عادەتی دەڵێت، "وشەکانی [ئەو] بە چپەوە دەوتران، بەڵام لە قوواڵایی دڵی مرۆڤدا نوقم دەبوون".[١٠] چپەچپەکانی مینتزوری، ئەدەبیاتەکەی، تازە بەم دواییانە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی تورکی و ئێستا قسە لەگەڵ دڵی خوێنەری تورکیشدا دەکەن. ئاخۆ دەتوانن یارمەتیدەر بن لە کردنەوەی دەرگایەکدا؟

لە سەر تابلۆی ڕەنگاوڕەنگی ژیانی ڕۆژانەی گوندە ڕەسەنەکەیدا نەخشێنرابێت ئەوە چیرۆکی بنەماڵەی مینتزوری خۆیەتی، کە بریتین لە باپیر و

دایک و ژن و منداڵەکان. لە لایەن کەسێکی شایەتحاڵەوە پێی وترابوە کە چۆن لە ماڵەکەیان دەرکراون و ناچار کراون لە بەهاری ساڵی ١٩١٥دا بە پێیان بڕۆن لە ڕێپێوانی مردندا لە کاتێکدا مینتزوری خۆی لە سەردانێکی کورتدا بووە بۆ قوستەنتینیە بۆ چارەسەری کێشەیەکی تەندروستی. ئەو سەردانە کورتە ژیانی ڕزگار کرد و تەمەنێکی درێژی پێبەخشی، بەڵام هەرگیز دەرفەتی بۆ نەڕەخسا کە بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی. ئەو سەرەتای گەشتە کارەساتبارەکەی خێزانەکەی و تەواوی دانیشتووانی ئارمدان بەو دەربڕینە وەسف دەکات کە "لە ماڵەکانی خۆیان دەرکران". باشە ئەوە ڕێپێوانی مەرگ یان ڕاگواستنێکی بەئەنقەست پلان بۆدانراو نەبوو؟ دیارە ئەو ئەم وشانەی بەکارنەهێناوە:

باپیرم میلکۆن تەمەنی ٨٨ ساڵ بوو، نانیکی دایکم تەمەنی ٥٥ ساڵ بوو، منداڵەکانم، نۆرهان ٦ ساڵ، مارانیک ٤ ساڵ، ئاناهیت ٢ ساڵ و خاچۆ ٩ مانگ، ڤۆغێدانی هاوسەرم تەمەنی ٢٩ ساڵ بوو، ئاخر چۆن بە پیادە ڕێیان کردووە؟ باپیرم نەیتوانی ئەو ماوە دوورە بۆ گوندی دزڤادزێغ بە پێ بڕوات.[١١]

شێوازی مینتزوری نموونەیی بوو لە نووسینی ئەرمەنەکانی تورکیادا، کە پڕ بوو لە وێنەی سادە بەڵام قووڵ. بە وتەی ڕوپێن ماشۆیان، کە یەکێک بوو لەوانەی پێی سەرسام بوو، ئەو هاوسەنگیی کردبوو لە نێوان هونەر و واقیعدا بە شێوەیەکی سروشتیی وا کە درکت بەوە نەدەکرد ئەو ئەدەبیات دەنووسێ یان قسەی لەبارەوە دەکات.[١٢] ئەو هانی بزووتنەوەی ئەدەبیی گەنجانی ئەرمەنی ئیستانبوڵی دەدا و پشتگیریی ئەو داهێنانانەی لە شیعر نووسیندا دەکرد کە هاتبوونە ئاراوە، لە ڕووی هەردوک ناوەرۆک و ڕۆحی شیعرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵی نەدا شوێن شێوازی داهێنەرانە بکەوێت و وەک چیرۆکنووسێکی ڕاستەقینە و دڵسۆز و نیگارکێشی ژیانی گوندەکانی ئەرمەن مایەوە. ڕۆبەر هادێجیان وەک کەسێکی سادە و بێ فیز زۆر دۆستانە وەسفی دەکات. مرۆڤێک بوو کە سەرەڕای ناوبانگەکەی و ئەو ڕێزەی کە هەیبوو لە ناوەندەکانی ئەدەبی

ئەرمەنیـدا لە ئیسـتانبوڵ، لە دۆخێکـی زۆر خراپـدا بە هەژاری دەژیـا لە سـەر مـووچەیەکی کەم لە بەرانبەر کارێکی سادەدا کە لە دامەزراوەیەکی ئەرمەنییەوە پێی سپێردرابوو.[١٣]

ئارپیار دێر مارکاریان ناوێک بوو بەرچاوم کەوت کاتێ کە تاوتوێی نووسـەرە ڕزگاربووەکانی ئەرمەنم دەکرد بۆ ئەوەی بمبەنە نێو جیهانی ئاڵۆزی هەست و سـۆزەکانیان و پەردە لادان بـووە لە سـەر پاڵنەرەکـانی شـەڕ و ململانـێ وەک: پاڵنەری قسەکردن لەبارەی ئەزموونە پڕ تراومـاکەی ڕابردوویـان، یـادەوەریی ئەو ئەزمـوونە بـخەنە نووسـینەوە بـۆ ئەوەی بە شـێوەیەک بـگەنە بارسـووکییەکی یادەوەرییان وەک پاڵنانێک یـان ناچارکردنێک بێت بۆ خەفەکردن و شـاردنەوەی یـادەوەری تـاوەکو فشـاری زیـاتر نەکەوێـتە سـەریان و لە هەمووشـی گرنگتـر ئـازاری هـیچ کەسـێکی تـر نەدەن وەک ئەوان بەدەر لە هەمـوو پێوەرێـک ئـازار دراون. ئارپیـار دێـر مارکاریـان ئەو وێـنە کلاسـیکییەی کـردووە بە نمـوونە لای نووسەرانی ڕزگاربووی یەکەم نەوە لە تورکیادا.[١٤] ئەو لە سـاڵی ١٨٨٩ لە گوندی خولتیگ (ئێستا ئارێداغ)،[١٥] لەدایکبووە کە پـانزە کیلـۆمەتر لە باشـووری ڕۆژئـاوای بەتلیسەوە دووەرە. خوێندکار بـوو لە خوێندنگەی بەشـە نـاوخۆیی ئەمریکی کـاتێ کە تەواوی خەڵکی گونـدەکە و خێـزانە گەورە ٥٧ کەسـییەکەی ئەو لە سـەردەمی کۆمەڵکوژییەکانی سـاڵانی ١٨٩٤ - ١٨٩٦ی حەمیدیدا کـوژران. سـامناکیی دیمەنـی گونـــدە تـــاڵانکراوەکە و لاشـــەی کوژراوەکـــان کە بەو نـــاوەدا پەرش و بڵاوبووبـوونەوە و تەرمـی بـاوکی قەشـەی کە ئەشـکەنجە درابـوو و تەرمـی ئەو خـزم و دۆستانەشـی، بێهۆشـی کردبـوو.[١٦] هێـدمە و شـۆکەکە بـووە هـۆی تێکچـوونێکی دەروونیـی وا کە نەهـاتەوە سـەرخۆی بە هەوڵـی ژنێکی مسـیۆنێری کەنەدیی نەبێت، کە بەرپرسیارێتیی گرتە ئەستۆ و بە گرنگی پێدانەوە چـاودێریی کرد تا تەواو چاکبووەوە. دوای تەواوکردنـی خوێندن لە کۆلێجی یەپرات *Yeprat* (فورات)ی ئەمریکی لە خـاربێرت (خەرپوت - و)، چـووە ئیستانبوڵ و لە ڕاستیدا

لە سوپادا خزمەتی دەکرد و لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا بەشدار بوو، کاتێک فەرمان هات بە ڕاگواستنی، بە واتای کوشتنی، وەک بە سەر هەموو سەربازە ئەرمەنەکاندا هات لە سوپای تورکیادا. بەڵام هاوڕێ تورکەکانی هاوکارییان کرد بۆ هەڵهاتن.

ئەو هەرگیز باسی ئەو دەرد و مەینەتییەی نەدەکرد کە پێیدا تێپەڕیوە بۆ هیچ کەسێک بێجگە لە هاوسەرەکەی و ئەو چیرۆکانەی کە نووسیویەتی و ئەو نیگار و وێنانەی کە کێشابوونی لە قوتابییەکانی و هاوکار و هاوڕێکانی، ڕەنگدانەوەی ئەو ئازارەی نەبوو کە بە درێژایی ژیانی هەڵیگرتبوو. من بە سەر کۆمەڵێک نووسینیدا دەچمەوە کە لە دوای مردنی لە ساڵی ٢٠٠٦دا بڵاوبوونەتەوە، کە تەنها ئاماژەن. لە بیرەوەرییە نۆستاڵجیکییەکانیدا لەبارەی گوندەکەی زێدی خۆیەوە، باسی ئەو کەنیسەیە دەکات کە وەک مێرمنداڵێکی بچووک لەو باوەڕەدا بووە زۆرێک لە قدیسەکان (پەرساکان)ی تێدا نیشتەجێ بووە و دەنووسێت: "قدیسەکان ئێستا مردوون" وەک ئیشارەتێک بۆ ئەو ڕاستییەی کە گوندەکە چۆڵکراوە و دانیشتووانی کۆمەڵکوژ کراون و قدیسەکانیان بەجێهێشتووە بۆ ئەوەی بمرن.[١٧]

لە کورتەی ژیاننامەکەیدا، بە شێوەیەکی گریمانەیی ساڵانی جینۆساید دەخاتە لاوە و لە دوای ئاگربەستەوە دەست پێدەکات.[١٨] ئەو لە سەر ئەم ساڵانە خۆی لە نووسین دەپارێزێت. کاتێ وێنەی ژیانی ئەوانە دەکێشێت کە دەیناسین و خۆشیدەویستن، لە بەردەم ساڵانی کارەساتبارەکەدا دەوەستێ و بە یەک وشە بە داهاتوویەوە دەبەستێت کە ئەویش: "کارەسات... لە ساڵی ١٩١٩دا یەکترمان دۆزییەوە و ئیتر هەرگیز جیا نەبووینەوە".[١٩] لە نموونەیەکی تردا کە ژیانی تا ڕادەیەک بێخەمانەی خۆی وەک خوێندکارێک وەسف دەکات و بە ژیانی ئێستای خۆی دەچوێنێت و –مێژووەکەی بۆ مانگی حوزەیرانی ١٩٣٧ دادەنێت و – ناوی دەنێت "ژیانێکی دوای مردن، بێ زەردەخەنە، بێ خەون، ژیانێک کە بە سێبەری

مەرگ سەرکوت کراوە.... ئێمە پەڵەی بڕینە کۆنەکان لە سەر دەموچاومان هەڵدەگرین و بڕینێکی نوێ دڵمان دەبڕێت، بڕینێکی کوشندە کە... چارەسەری نییە".[٢٠] لە یەکێک لە سکێچەکانیدا، خوێندکارێکی خۆی پیشان دەدات کە لە خێزانێکی هەژارەوە هاتووە و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بانگی دەکات "ئەناپاتی تسنود*anapati tsnund*"[٢١]، واتە لەدایکبووی بیابان (بە زمانی ئەرمەنی – و) و بە مانای منداڵی لەدایکبووی دایکێکی ئاوارە دێت کە لە سەختیی ڕێگای ڕاگواستن و گەیشتن بە حەڵەب یان هەر شوێنێکی تر دێت لە بیابانی سووریادا. ئەمەش بە بۆڕیی دێر مارکاریان دادەنرێت لە نووسینەکانیدا لە تورکیای ساڵانی ١٩٥٠کان و ١٩٦٠کاندا. بەڵام گرنگتر ئەو تێبینییە کۆتاییەیە کە لە لایەن بلاوکەرەوەکانەوە بۆ چاپی ٢٠٠٦ی کارەکانی دایانناوە و بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونکردنەوەی دەدەنێ:

ئاماژە بۆ منداڵانی ئەرمەن کە لە بیابانەکانی سووریا لەدایک بوون لە ساڵانی ١٩١٦ – ١٩١٨دا، کە دایک و باوکیان بەشێک بوون لەو سەدان هەزار ئەرمەنەی کە بە پێی یاسایەکی تایبەتی حکوومەتی عوسمانیی ڕاگواستن (تەهجیر قانونو *Tehcir Kanunu*) ڕاگوێزران و دوورخرانەوە. ئەوان [واتە دایک و باوکی ئەم منداڵانە] لەو خەڵکە کەمە بەختەوەرانە بوون کە بە هۆی نەخۆشی و برسێتییەوە نەمردن، یان لە ڕێگای دەربەدەری و ڕاگواستندا[*akson*] نەکوژران و گەیشتنە ئەو بیابانە و لە سەختترین بارودۆخدا ڕزگاریان بووە.[٢٢]

ئەو وشە ئەرمەنییەی کە بۆ ڕاگواستن بەکاردێت ئاوارەیی یان دەربەدەرییە کە زاراوەیەکە کە لە ئەدەبیاتی ئەرمەنی و شایەتیی زارەکیدا ئاسایی و باوە بەڵام بە هیچ شێوەیەک مانای تەواوی ئەو ئازار و مەینەتییە بەدەستەوە نادات کە لە ڕێگاکانی ڕاگواستندا بە سەریانهات و چەشتیان. بێجگە لەوەش مۆرکێکی فەرمی درا بە پرۆسەکە گوایە جێبەجێکردن و گەڕانەوەیە بۆ ئەو یاسایەی کە حکوومەت دەریکردبوو. بەم پێیە بێت، ئەمە هەوڵی جینۆساید نەبووە لە لایەن حکوومەتەوە، بەڵکو تەنها جێبەجێکردنی یاساکە بووە. لە ڕاستیدا دەستەواژەی "*تەهجیر قانونو Tehcir Kanunu*" لە مێژووی فەرمیی تورکیادا بەکاردێت بە

مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٥، زیاتر لە شوێنگۆڕکێ یان گواستنەوە دەچێت. ڕەنگە بڵاوکەرەوە، بێمەبەست، هەوڵی بەردەوامیی پەردەپۆشکردنی دابێت.

ئارپیار دێر مارکاریان کە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری ئیستانبوڵ مردووە، ڕۆژگاربوویەکی نەناسراوی جینۆسایدی ئەرمەن بوو، شەهیدێکە و ساڵانێکی دوور و درێژ بە ئازار و مەینەتییەکی زۆرەوە ژیاوە، لە دوای کۆمەڵکوژیی خەڵکانی گوندەکەی زێدی خۆی و کۆژرانی باوکیەوە. ڕۆژنامەی مەرمەرەی ئیستانبوڵی خەمنامەیەکی کۆچکردووی بڵاوکردووەتەوە و بە "نووسەرێکی خاکەڕا و ماندوو لە هەوڵ و کۆششدا" وەسفی کردووە و داخ و نیگەرانیی خۆی دەربڕیوە لەوەی کە لەدەستدانی بۆشاییەکی نوێ لە دوای خۆی بەجێدێڵێت لە ناوەندی ڕووناکبیریدا، کە لە بنەڕەتدا تووشی کەمیی ڕووناکبیر بووە.[٢٣]

میگردیج مارگۆسیان سەر بەو نەوە گەنجەیە کە دۆخە ترسناکەکانی ساڵی ١٩١٥ نەژیاوە، بەڵکو پڕۆژە گرنگ و بوێرەکەی ئەم دواییەی لە گێڕانەوەی چیرۆکە کورتەکانی ڕابردوو لەبارەی ئەرمەنەوە، بۆ ڕای گشتیی تورکیا، بە پێشەنگی ئەم بواره دادەنرێت. کتێبەکەی ئەو بە ناونیشانی *"گاڤوور مەحەللەسی Gâvur Mahallesi"* (واتە گەڕەکی کافران، یان گاوران، ٢٠٠٦)، کە وەشانی نوێی تورکیی کورتە چیرۆکی ئەرمەنییە و زنجیرەیەک چیرۆک لەخۆدەگرێت کە لە ماوەی چەند دەیەیەکدا لە ڕۆژنامەی *"مەرمەرە Marmara"* دا بڵاوکراوەتەوە و دواتر کۆکرانەوە و لە ژێر ناوی *"مێر ئەید کۆغمێرە Mer ayd koghmere"* (واتە لەو شوێنانەی ئێمەدا) بڵاوکراوەتەوە.[٢٤] چیرۆکەکانی مارگۆسیان ژیانی ڕۆژانە و ئازاری ئەرمەنەکان لە دیاربەکر (شارێکی تورکیایە لە دەوروبەری تیگرانکیرت) وێنا دەکات کە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم لە گەڕەکێکی تایبەتیی خۆیاندا بە ناوی گەڕەکی گاوران یان گاڤور مەحەللەسی بە جیا دەژیان. ئەم خەڵکە سادە و ڕەنجدەرە دەیانزانی چۆن لەگەڵ دەراوسێ جوولەکە و ئاشووری و کورد و تورکەکانیاندا هەڵبکەن و هاوبەشیی هەڵکەوتەی لەباری شارەکە و جوانییە

سروشـــتییەکەی و ئـــابووریيە مامناوەنـــد و هـــاکەزاییەکەی بـــکەن. شـــێوازی مامەڵەکردنیـان *modus operandi* ئەوە بـوو کە هەمیشـە بە بێلایەنـی بمێننەوە و موسڵمانان لە خۆیـان ئـاڵۆز و تـووڕە نەکەن، هەرچەندە ئەوان سـووکایەتییان بە غەیرە موسڵمانەکان دەکرد و وەک دوژمنی نیشتمانی خۆیان تەماشایان دەکردن. ئەو شێوازەی مینتزوری هەوڵیدا وەسفی بکات لێرەدا بە ڕەنگێکی چڕتر دووبـارە دەبێتەوە. پارادایمەکە هەر وەک خـۆی مـاوەتەوە و لە دۆخـی پێش جینۆسـایدەوە نەگـــۆڕاوە، تەنـــانەت لە ڕابـــردووی نزیکیشـــدا. لێـــرە لە دیـــاربەکری ســـاڵانی ١٩٨٠کانیشدا، تەنانەت مردووەکانیش بێبەشن لە خاچی سەر گۆڕەکانیـان، نەوەک جیابکرێنەوە لە کەسانی تر و مەسیحییەتەکەیان دەستنیشان بکرێت. ئێستا دایکی مارگۆســـیان لە گۆڕەکەیـــدا ڕاکشـــاوە لە گۆڕســـتانی ئەرمەنەکـــان لە گەڕەکـــی شیشـلیی ئیسـتانبوڵ. لەوێ ئەرمەنەکـان ڕێگەیـان پێـدراوە کە خـاچ و نووسـینی ئەرمەنی لە سـەر کێڵە بەردی گـۆڕی مردووەکانیـان هەبێت. مارگۆسـیان پرسـیار لەوە دەکـات کە ئەگەر ئەوەی ببینیـایە بـاوەڕی بەو شـتە نەدەکـرد. ئەو دەیگـوت: "ئەمە خەونێکە". بە زاراوە قورسـەکەی تیگرانـاکیرتی دەڵێـت، "ئەمە ڕاسـت نیـیە... نابێت ئەمە ڕووبـدات. دایکـت دەمرێـت، خاچێـک لە سـەر گـۆڕەکەی دادەنرێـت و نـاوی بە زمـانی ئەرمەنـی لە سـەر نووسـراوە. ئـاخۆ ئەمە ڕێـی تێدەچێت و ئەقڵ دەیبڕێت؟ نەخێـر ئەمە ئەقڵ نایبڕیـت..."[٢٥] ئەو بیرکـردنەوانەی کە مارگۆسـیان بە نـاوی دایکـی کـۆچکردوویەوە دەریبڕیبـوو ڕووننـترین گوزارشـە لە کـاردانەوەی نووسەردا بۆ سـەرکوتکردنێک کە لە نـاوخۆی تورکیـادا ئەنجـام دەدرا و تێیدا دوا کۆمەڵگە بچووکەکانی ئەرمەن بەردەوامییان بە بوون و مانەوەیان دەدا.

دانیشـتووانی گەڕەکـی گـاوران (*گـاڤوور مەحەللەسـی Gâvur Mahallesi*) دەیـانزانی چـۆن بە سـەلامەتی خـۆ بپـارێزن و خۆیـان بەدوور بگـرن لە دراوسـێ موسـڵمانەکانیان و لەبەر ئەوە هەرگیـز پەیوەنـدیی خزمـایەتیی ژن و ژنخوازییـان لەگەڵیان نەدەکرد:

ئەوان کچێکیان بدەن بە کوردێک یان تورکێکی موسڵمان یان ژنیان لێ بخوازن؟ نەخێر! نەخێر! ئەوە هەر نابێت و تەنها پرسیار کردنێکی لەو شێوەیە بە گوناهێکی گەورە دەژمێردرا و بیرکردنەوە لە شتێکی لەو جۆرە یان خەیاڵکردنیشی بە کارێکی مەحاڵ دادەنرا و لێبووردنی نەبوو ... خێزانێکی مەسیحی لە لایەک و خێزانێکی موسڵمان لە لایەکی تر‌ەوە و پاشان هاوسەرگیرییەکی شەرعی و پیرۆز.... نەخێر! بەوەیان دنیا ژێرەوژوور دەبووەوە.[٢٦]

دانیشتووانی ئەرمەنی *گاڤوور مەحەللەسی* شێوازی ورد و تۆکمەی خۆیان هەبوو بۆ بەردەوامبوون لە پراکتیزەکردنی ڕێوڕەسمی ئاین و نەریتەکانیان بە شێوەزارێکی ئەرمەنیی تایبەت و نزیک لەوەی بەتەواوی تێینەگەیت، کە بە شێوەزاری تیگراناکیرتی دەناسرێت. هەموو یەکشەممەیەک ئەوان لە تاکە کەنیسەکەیان کۆدەبوونەوە کە "لە کاتی جەنگدا [جەنگی جیهانیی دووەم] وەک سەربازگەی سوپا بەکاردەهات و تازە بەم دواییە ڕێوڕەسمی پەرستن لەوێ دەستی پێکردووەتەوە و دیوارەکان هێشتا بەتەواوی بۆنی بخووریان نەگرتبوو".[٢٧] ئەوان بە مەبەستی نوێژکردن بۆ خوداکەیان کۆدەبوونەوە و بۆ گوێگرتن لە وتار و ڕێنمایی نیوە ئەرمەنی و نیوە تورکیی تاکە قەشە ئەرمەنییەکەیان و سوپاسگوزار بن بۆ ئەم کەنیسە سادە و ساکارە کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە و وا ئێستا بۆیان گەڕاوەتەوە. ئەرمەنەکانی تیگراناکیرتی باش دەیانزانی ئەوان لە پاش بەجێماوی کارەساتێکی گەورەن کە لە شار و گوندەکانیان هەڵیانکەندوون و فڕێیانداونەتە ناو ئەم شارەوە کە تورکەکان ناویان لێنابوو دیاربەکر و شاری تیگراناکیرتی ئەرمەنییان وەبیر دێنێتەوە لە کەناری ڕووباری دیجلە. شایانی باسە، ئەوان خۆیان بە تیگراناکیرتی دەزانی نەک دیاربەکری. بەڵگە و سەلماندنی ڕەگی قووڵیشیان لەم خاکەدا لەبەرچاویان بوو. لە ڕاستیدا پاشماوەکانی دیواری قەڵا گەورەکە هێشتا لە شاری نوێی دیاربەکرەوە دەبینرێت. کێ نازانێت کە تیگراناکیرت چەندین سەدە پێش هاتنی تورکەکان لە بەرزاییەکانی ئەرمینیادا بنیاتنراوە و دەرکەوتووە؟ کێ

نازانێت که ئەم کەلاوە و وێرانە ئەرمەنییانە وەک تەلاری شکۆمەندییەکانی ڕۆژگاری خۆی بە پێوە ڕاوەستاون؟

دانیشتووانی *گاڤوور مەحەللەسی* دەیانزانی چۆن شانازی بە خاکی باوباپیرانیانەوە بکەن، کە گوندەکەیان سیمبۆڵ بوو بۆ ئەوە، بێ قڕەوبڕەیەکی ئەوتۆ و بێئەوەی گومان لای دەسەڵاتداران دروست بکەن. باوکی میگیردیج مارگۆسیانیش ئەو ڕێبازەی گرتەبەر و لەم حاڵەتەدا سیمبۆڵەکە گوندێکی سادە و هاکەزایی بوو لە سەر ڕووباری دیجلە کە ناوی هرێتان بوو. میگردیجی گەنج فێری گۆرانیی ستایشکردنی هرێتان بووبوو و داخ و ماتەمی خۆی بۆ پەرشوبڵاویی کوڕ و کچەکانی هرێتان دەردەبڕی. فێری ئەوە بووبوو کە پەرۆشی و تامەزرۆیی خۆی بۆ ئەو هرێتانە دەربڕێت کە هەرگیز نەیبینیوە و ئێستا تەنها کوردی تێدا نیشتەجێیە.[٢٨] وابەستەیی ئەم خەڵکە بە شوێنی لەدایکبوونیانەوە بەڵگەیەکی بەهێزی پەرۆشییانە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان و ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ هەست و سۆزی ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا سەبارەت بە زێدی لەدایکبوونیان لە ئەرمینیای ڕۆژاوا. تەنانەت نەوەی دووەم یان سێیەمی ئەرمەنەکانی لەدایکبووی تاراوگەش، زێدی لەدایکبوونی باوباپیرانیان بە هێمای پەیوەستبوونی خۆیان زیاتر بەو شوێنانەوە دادەنێن وەک لە شوێنی لەدایکبوونی ڕاستەقینەیان. لە ڕاستیدا ئەوان خۆیان بە وانی و تیگراناکیرتی و مووشی و خاربێرتی (خەرپوتی - و) دادەنێن، هەرچەندە ئەو شوێنانەیان هەر نەبینیوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە کە هەندێ جار شێوەزاری ئەرمەنیی ئەو شوێنانە تاکە زمانی ئەرمەنییە کە بۆیان ماوەتەوە و قسەی پێدەکەن.

مارگۆسیان و هەموو دانیشتووانی *گاڤوور مەحەللەسی* باش دەیانزانی کە ئەوان دەرێژەپێدەری زاراوەی "لە دەمی شمشێر بەجێماون"، کە زاراوەیەکی زەلیلکەر و سووکایەتیکردنە و تورکەکان دایانهێنابوو بۆ وەسفکردنی ئەو ئەرمەنانەی کە بە شێوەیەکی سەیر و سەرسوڕهێن ڕزگاریان بوو و لە ژیاندا

مـانەوە. "لە دەمـی شمشـێر بەجێمـاوە" زاراوەیەکە تـا ئەمـڕۆش بەکاردێـت و دەسـتەواژەیەکی بارگـاویکراوە کە لە دووتـوێی خۆیـدا هەڵگـری مێـژووی نەتەوەیەک و بـاری دەروونیـی ڕزگـاربووانی کارەسـاتێکی سـامناک و شـێوازی هەسـتکردن و تێـڕوانین دەردەبڕێـت بەرانـبەر بەو لە پـاش بەجێمـاوانە لە لایەن ئەنجامدەرانی تـاوان و کارەسـاتەوە. "لە دەمـی شمشـێر بەجێمـاوە"، وەک مـحەمەد ئوزونی شـاعیر و ڕۆمانووسـی کـورد، بە تێگەیشـتنێکی قـووڵ و زیرەکـانە باسـی دەکات:

ئەو بوونەوەرەیە کە توانی بە هەر جۆرێک بێت لە شمشێری جەللاد ڕزگاری بێت کە بە شەو و ڕۆژ، لە ماوەی ساڵان و مانگاندا، هاوین و زستان، لەبەر باران و ناو قوڕ و بەفر و زریاندا، لە ناو تاوشتی گەرما و ئاگردا. ئەو بوونەوەرەیە کە دڵ و ڕۆحی سووتاوە و هەموو شتێکی لەدەستداوە، زێد و نیشتمانی خۆی، ماڵ و سامانی، باوک و دایکی، برا و خوشک و ئازیزەکانی، میراتەکەی، خزم و هاوڕێکانی و فرێدرابووە قۆزبنێکەوە، چونکە باوەڕیان وابوو کە مردووە، بەڵام سەرباری برینەکانی ڕزگاری بووە. ئەو بوونەوەرێکی شەکەت و ماندووە و کەس لێی تێناگات، تەنانەت ناتوانێت برینەکانی بە ڕۆن چەور بکات و هیچ شکنابات لە گریان بەولاوە، بۆ ئەوەی خەمەکانی و ڕۆحی تێکشکاوی هێور بکاتەوە کاتێ کە هۆشی لەدەست دەدات.

بەڵێ، "لە دەمی شمشێر بەجێماوە" ئەو بوونەوەرەیە کە لەمەودوا ئیتر تەنانەت نازانێت بۆچی دەژی، ڕوخساری بەرەو مردووەکان و ڕابردوو دەچێت نەک بەرەو داهاتوو. ئەو ناتوانێت بە کەس بڵێت کە چی بە سەرهاتووە، تەنانەت نازانێت چۆن بتوانێت بیگێڕێتەوە و هەست بە شەرمەزاریەکی بێئەندازە و بە تاوانێکی گەورە دەکات لە بەرانبەر مردووەکاندا کە ئەو هێشتا هەر لە ژیاندایە!... بەردەوام دەنگی بە یەکدادانی شمشێرەکان دەبیستێت... کە لە هەردوو لایانەوە... دڵۆپی خوێن دەتکێت.... ئەو ڕۆحێکە لە تونێلێکی ترسدا دەژی کە دەنگی شمشێر تێیدا حوکم دەکات و باڵادەستە، ڕۆحێک کە خەمۆکی تێیدا نیشتەجێیە.[٢٩]

محەمەد ئوزون بۆ یەکەمجار گوێی لە زاراوەی "لە دەمـی شمشـێر بەجێمـاوە" بـوو بە ئامـاژەدان بە دەراوسـێ ئەرمەنەکەی مـاڵی مـامی لە گەڕەکـی گـاوران لە دیاربەکر، کە ئەم وەک قوتابییەکی گەنج لەوێ دەمایەوە. ئەوەی جێگای سـەرنجە،

مامی محەمەد گەڕەکی گاورانی وەک شوێنی نیشتەجێبوون هەڵبژاردبوو، دوور لە جەنجاڵی و ژاوەژاوی ناو شار. ئوزون لە نووسینێکیدا بە ناوی "گوڵی هەنار"، وا باس لە دەراوسێکەی دەکات کە پینەچییەکی بێوەی و هێمن و ماندوو بووە و ناخی پڕ بووە لە ئازار و خەفەت و هەردەم چاوی دەبڕییە ڕووبارى دیجلە و دەگریا و گۆرانیی خەمناکی دەچڕی و داخ و پەژارەی خۆی دەڕژاندە ئاوی دیجلەوە. ئەمە هەمیشە دووبارە دەبووەوە کاتێ خێزانی پینەچییەکە دەچوونە دەرەوە بۆ پیاسەکردنێک لە ژێر دارهەنارەکانی قەراخ ڕووبارەکەدا و هەمیشە محەمەدیان لەگەڵ خۆیان دەبرد، کە هاوڕێیەکی نزیکی مگۆ (میگردیج)ی کوڕیان بوو. ڤاردانی پینەچییە بەناوبانگەکەی دیاربەکر، کاتێ شووشەی عەرەقە *ڕاکییەکەی rakı*[٣٠] بە سەرەوە دەنا دەمارەکانی شل دەبوون و جڵەوی ناخی خۆی لەدەست دەدا و خۆیی پێ ڕانەدەگیرا و دەگەڕایەوە بۆ ڕابردووە پڕ لە زەبروزەنگ و تراومـاکەی ئەو دەمە و گۆرانیی دەگوت و وشەگەلێکی لە زار دەردەپەڕین کە هیچ مانایەکیان نەبوو بۆ نەوەی نوێ و بەتایبەتی غەیرە ئەرمەنەکانی تورکیا.

سالاّن تێپەڕین محەمەد، مگۆ و ڤاردان و گۆرانییە غەمگینە تەمومژاوییەکانی و دارهەنارەکانی بە "گوڵی وەک خوێن سووری" لەبیرکرد تا ئەو کاتەی لە ئیستانبوڵ بە تۆمەتی سۆشیالیست بوونی گیرا و بە ڕێکەوت لە دیاربەکر زیندانی کرا. ئەمەش ڕاستەوخۆ دوای کوودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٧١ بوو لە تورکیا. ئەوجا دوای ئازادبوونی لە زیندان، چەند ڕۆژێک لە دیاربەکر مایەوە بۆ ئەوەی سەردانی یادگارییەکانی منداڵیی خۆی بکات. نە مگۆ و نە خێزانەکەی لەوێ نەمابوون. ئەو دەمە خێزانێکی کوردی خەڵکی گوندێکی نزیک لەو ماڵەدا دەژیان و گەڕەکی گاورانی ئەرمەن گاوری تێدا نەمابوو و چۆڵیانکردبوو.

ئەوان لێرە چیتر شوێنێکیان بۆ نەمابووەوە، لەم دیاربەکرەدا، کە لێرە بەدواوە بەناوبانگ بوو بە زیندانە سەربازییەکانی، بە زیندانە تاریکەکانی و بە سێدارەکانی و کاروانسەرا و گەرماوە تورکییەکانی و مەیخانەکانی و سۆزانیخانەکانی، لەم شارەی قەڵای خەم و نۆستاڵجیادا.[٣١]

ڤاردان و خێزانەکەی کۆچیان کردبوو بۆ شوێنێکی نادیار و ماڵەکەیان و شوێنەواری یادەوەرییەکانیان بەجێهێشتبوو. سااڵنێک دواتر محەمەد ئوزونیش کۆچی کرد بۆ دەرەوەی وڵات، چونکە تورکیا شوێنێک نەبوو بۆ کەسانێکی هەڵگری بیر و باوەڕی وەک ئەم. ئەو لە تورکیا لە خانەی کەمینەدا بوو، لە دەرەوەی وڵاتیش بەردەوام سەر بەو گرووپە ئیتنیکی/ نەتەوەیی و سیاسییانە بوو کە هەمیشە لە پەراوێزدا بوون. ناسنامەکەی ئەو وەک تورکێکی بە ڕەچەڵەک کورد تۆخم و ڕەگەزی نوێی پەیداکردبوو، لەگەڵ پەرۆشی و تامەزرۆییەکی سەیر بۆ نەریت و زمانە کوردییەکەی، کە پێشتر ئەمەی نەدەزانی و هەرگیز دەرفەتی خوێندن و فێربوونی ئەو زمانەی لە قوتابخانەدا بۆ نەڕەخسابوو. ئەو ئێستا ئازاری ڕەتکردنەوەی لە الیەن ڕەوتی سەرەکییەوە و ژیان لە پەراوێزدا باش دەزانی. پووچی و ساختەی دەستەواژەی "شانازی دەکەم کە تورکم"ی دەزانی، دەستەواژەیەک کە هەموو بەیانییەک لە قوتابخانە بە کۆرس و بە دەنگی بەرز دووبارەی دەکردەوە، پاشان وەک گەنجێکی ڕۆشنبیر کە هێشتا لە تورکیا دەژیا بەمە ئاشنا بوو. لەوەش تێگەیشتبوو چۆن و بۆچی حکوومەتی تورکی نکۆڵی لە بوونی کورد دەکات وەک کەمینەیەکی ئیتنیکی/ نەتەوەیی لە تورکیادا. بە درێژایی قۆناخی پڕ لە ئاڵۆزی و گێژاوی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و چەوساندنەوە و کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەن، گەلی کورد بە "تورکی چیاکان" ناودەبرا و ڕووناکبیران و خوێندەوارانی بەئاگای کورد نەیانتوانی لەگەڵ ئەو جیاکارییەدا بژین. (ڕاستتر لە سەردەمی حوکمی کۆماریی تورکیادا کورد بە تورکی چیایی ناوزەد دەکرا – وەرگێڕ).

جێگای سەرنجە کەوا لە دەیەی ڕابردوودا و لەگەڵ گەرمبوونی پرسی کورد، نکۆڵیی حکوومەت لە بوونی کورد زیادیکرد و هەر پرسێکی چارەسەرنەکراو کە تایبەتە بە کورد لە تورکیادا، بە هەمان شێوە چڕتر بووەتەوە. کورد ئێستا پێیاندەوترێت باشووریی ڕۆژهەاڵتییەکان (گوینەیدۆغڵو *Güneydoğulu*) و پرسی کورد وەک پرسی باشووری ڕۆژهەاڵت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

ڕۆژێک لەو "وڵاتی باکووڕە" کە محەمەد ئوزون کۆچی بۆ کردبوو، بیستبووی کە فیلمێکی ئەرمەنی هەیە بە ناوی "ڕەنگی هەنار *The Color of the Pomegranate*". یادەوەرییە نۆستاڵجیکییەکانی پەیوەست بە دارهەنارەکانی سەردەمی منداڵیی خولیای بینینی فیلمەکەی لەلا پەیداکرد. لە کاتی تەماشاکردنی فیلمەکەدا ئاشنا بوو بە "چیرۆکی شمشێرەکان و ئەو خوێنەی کە ڕژا و بەداخەوە هەمان ڕەنگی گوڵی دارهەنارەکان بوو."[٣٢] دەرهێنانی فیلمەکە لە لایەن سینەماکاری بەناوبانگی ئەرمەنی، سێرگی پاراجانۆڤەوە بوو، کە باسی ژیانی سایەت نۆڤای دەکرد و ئەو گۆرانیانەی کە محەمەد لە فیلمەکەدا گوێی لێیان دەبوو، وەک هاتەوە یادی، هەمان ئەو گۆرانیانە بوون کە ڤاردان بە دەم گریانەوە دەیچڕین، لە ناو ئەو باخە هەنارانەی قەراخ ڕووباری دیجلەدا لە دیاربەکر.

وەک محەمەد ئوزون بیری بێتەوە، ڤاردان هەرگیز باسی ڕابردووی نەدەکرد. هەروەها دانیشتووانی تری ئەرمەنەکانی گەڕەکی گاورانیش بە هیچ شێوەیەک نەیاندەکرد. وەسفکردنی ژیان لەو گەڕەکە تەریک و دابڕاوەی دیاربەکردا لە لایەن محەمەد ئوزونەوە، تۆمارکردنی وردی بیرەوەرییەکانی منداڵیی میگردیچ مارگۆسیان دووبارە دەکاتەوە سەبارەت بەو غێتۆ بچووکە و ئەو دوورگە بچووکەی کە بە ئیسلام دەور درابوو.[٣٣]

مارگۆسیان کاریگەرییەکانی ڕابردووی زەبربەخشی داڕشتووە بەبێ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بە سەرچاوەی زەبر و تراوماکە. کاراکتەرە زۆرەکانی دەیانزانی چۆن لەبارەی ڕابردووەوە بێدەنگیی لێبکەن. ئەوان بریکاری ئێستا بوون و هەمیشە لە ململانێدا بوون بۆ ئەوەی تا دەتوانرێت دۆخی ئێستا بپارێزن، لە ترسی دووبارەبوونەوەی ئەوەی کە توانیبوویان بەجێبهێڵن، لانیکەم لە ڕووی فیزیکییەوە. ئەوان بە سڵ و پارێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ جیاوازیی ڕەگەز و ئاین و شوناسیاندا دەکرد، چونکە ئەو تورکیایەی کە ئەوان تێیدا دەژیان ژینگەی

گونجاویان بۆ ئەو شوناسە نەڕەخساندبوو، لەبەر ئەوەی وەک فاتمە موگێ گوێچەک ئاماژەی پێکردووە، "مێژووی کەمینەکان لە تورکیا تا ئەم دواییانە لە چوارچێوەی پارادایمی ناسیۆنالیستیدا باسی لێدەکرا".[٣٤]

ئەو بێدەنگییەی، کە وەک ئامرازێکی بەرگری لە لایەن ڕزگاربووانی ئەرمەنەوە لە تورکیادا هەڵبژێردرابوو بە مەبەستی دوورکەوتنەوە بوو لە دەرەنجامە خراپ و نەخوازراوەکان، بێگومان بووە هۆی ئازارێکی دەروونی بۆیان و بە تێپەڕبوونی کات زیادی دەکرد و بەزۆرییش لە پاڵنەرێکی ناچاریدا سەریهەڵدا بۆ ڕزگاربوون لە بارگرانیی ژیانیان و بەدەستهێنانی ئارامیی ڕۆح و ویژدان.

سەحەر/ هێرانوش بێدەنگی و ئاشکرا نەکردنی ناسنامەی خۆی هەڵبژارد. چۆن مامەڵەی لەگەڵ نهێنیی ژیانی خۆیدا کردووە؟ چۆن نهێنییەکەی کاریگەریی لە سەر ڕەفتارەکانی داناوە؟ چی وایلێکرد ئەو نهێنییە لای کەسێکی هەڵبژێردراوی خێزانەکەی بدرکێنێت؟ فەتحیە چەتین باس لە چیرۆکی داپیرەی و چیرۆکی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان کە داپیرەی بە نهێنی بۆی گێڕابووەوە.

هێرانوش ڕوون و ئاشکرا کۆمەڵکوژییەکەی قەراخ ڕووبارەکەی وەبیر هێنایەوە، کە چۆن ژنان لە ئاوەکەدا خۆیان دەخنکاند بۆ ئەوەی نەکەونە دەستی تورکەکان، منداڵان لەبرسا دەمردن، دایکان دەستبەرداری منداڵەکانیان دەبوون بۆ تورکە "چاکەخوازەکان" بۆ ئەوەی لە مەرگی مسۆگەر ڕزگاریان بکەن. "هێرانوش زۆربەی تەمەنی دریژی ٩٥ ساڵەی خۆی لە شارۆچکەی مادن بە سەربرد، کە لە ساڵی ١٩١٥دا ئەم ڕووداوەی تێدا بەرپاکرا و شەو و ڕۆژ چاوی بڕیبووە تەوژمی ئاوی ئەو ڕووبارە".[٣٥] هیچ کاتێ نەدەتوانرا ئەو دیمەنانە لەبیر بکرێن و نەدەکرا لەبیر بکرێت کە ئەو کێ بوو، لە کوێوە هاتبوو، نەریتی، ئاینی، زمانی و ناسنامەکەی. سەحەر هیچ کاتێ لەبیری نەدەکرد و یادەوەرییەکەی لە قووڵایی دڵیدا هەڵگرتبوو، وەک چۆن بۆ دەیان ساڵ ناسنامەکەی بە نهێنی پاراستبوو.

هەردوو باپیرەی هیٚرانوش گاداریان و مامەکانی، لەگەڵ هەموو پیاوەکانی گوندەکەدا، ڕاپیٚچکران و هەرگیز نەگەڕانەوە (باوکی و دوو مامی لەو کاتەدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون). بۆ ڕۆژی دواتر پووڕە گەنجەکەی فڕیٚندرا چونکە ڕەتیکردەوە قژی ببڕیٚت و ڕوخساری بە پەچە دابپۆشیٚت وەک چۆن خوشکەکانی کردیان. ئیسکۆهیی دایکی هیٚرانۆش سیٚ منداڵەکەی برد بۆ گوندەکەی دراوسیٚیان بۆ ئەوەی بیانشاریٚتەوە، کە هیٚرانوش و دوو برای منداڵی بچووکی بوون، بەڵام زۆری نەخایاند جەندرمەکان هیٚرشیان کردە سەر ئەو گوندەش. لەوێ تەواوی دانیشتووانەکەیان خڕکرد و بردنیان بۆ باڵو (پاڵو). لەوێ بوو کە هیٚرانوشی تەمەن نۆ ساڵ بۆ یەکەمجار ڕووبەڕووی مەرگ بووەوە و گوێی لە زریکە و هاواری سامناکی پیاوەکان بوو کە لە دەرەوەی کەنیسەکە سەربڕدران، لە کاتیٚکدا کە ژن و منداڵەکانیان هەموو ترنجاندبووە ناو ئەو کەنیسەیەوە و هەرگیز دوا هاواری پڕ لە ترس و تۆقینیان لەبیر ناکات. چیرۆک و بە سەرهاتەکانی داپیرە سەحەر لە سەرەتاوە هیٚدمە و شۆکیٚکی کاریگەریان لا دروست کرد و ماوەیەکیان ویست تا فەتحیە بتوانیٚت لە میٚشکی خۆیدا جیٚیان بکاتەوە و بۆی قووت بچن. ئەوجا کەوتە تیٚڕامان و بیرکردنەوە لە هەر چیرۆکیٚک و لە ڕیٚگەی ئەوانەوە دەستی کرد بە ناسینی داپیرە وەک ئەوەی پیٚشتر نەیناسیبوو. بەو پیٚیەش کەوتە لیٚکدانەوەی وشە بە وشەی هۆشداری و ئامۆژگارییەکانی کاتیٚ دەیگوت: "ڕۆڵەکانم، لە مردووەکان مەترسن، ئەوان ناتوانن زیانتان پیٚبگەیەنن بەڵکو خراپە لە زیندووەکانەوە دیٚت". باشە تۆ بڵیٚی بیری لەوە کردبیٚتەوە کە بە سەریهاتووە؟ (چەتین، ل ٦٣). ئەوە دڵخوازترین ئامۆژگاریی داپیرە سەحەر بوو کە زۆرجار دووبارەی دەکردەوە. ئیٚستا، فەتحیە تیٚدەگات کە مەبەست لیٚی چی بووە.

هیٚرانوش بۆ ماوەی چەند ڕۆژیٚک دریٚژەی بە گیٚڕانەوەی چیرۆکی ژیانی دڵتەزیٚنی خۆی دەدا، هەر کاتیٚ لەگەڵ نەوە خۆشەویستەکەی بە تەنها دەبوو.

"گەشتە دوور و درێژ و پڕ لە مەرگەساتەکە دەستی پێکرد" (ل٥٢). خەڵک چەپ و ڕاست دەمردن، منداڵان شەکەت و ماندوو لە پەلوپۆ کەوتن و دایکەکان چیتر نەیاندەتوانی هەڵیانبگرن. هێرانوش بە هەردوو چاوی خۆی بینی کە چۆن داپیرەی لە باوکیەوە دوو نەوەکەی، کە ئامۆزای هێرانوش بوون، فرێدایە ناو ڕووبارەکە و بە دوایاندا خۆیشی هەڵدایە ناویەوە و شەپۆلە تووڕەکانی ئاوەکە هەر سێ ئازیزەکەی ئەمیان لەگەڵ خۆیان لوولدا و تا چاو بڕ بکات بردنیان. فەتحیە دووپاتی دەکاتەوە کە ئەم ڕووداوە ترسناکە تاقە یادەوەریی بوو کە داپیرەی نەیدەتوانی مامەڵەی لەگەڵدا بکات و دوای چەندین دەیەش تووشی خەمۆکیی نەکات. چونکە دوای ئەوەی کە دەستی کرد بە گێڕانەوەی بە سەرهاتەکەی، هەمان ئەم ڕووداوەی چەندین جار دووبارە دەکردەوە لە بۆنەی جیاجیادا کاتێ کە ژیانی نهێنیی خۆی بۆ فەتحیە دەگێڕایەوە و هەموو جارێک ئەو باسەیان بێدەنگییەکی درێژخایەنی بە دوای خۆیدا دەهێنا (ل٦١). وا دیارە ئەو پێویستی بە دەربڕین و گۆکردنی وشەکان بوو بۆ دەرکردنی ئەو ڕۆحە شەڕخواز و خراپەکارانەی کە لە قوواڵیی ناخیدا جێی خۆیان کردبووەوە و دەیویست ڕۆحی خۆی لێیان ڕزگار بکات. هێرانوش چیرۆکێکی دەگێڕایەوە کە نزیک بوو لە شەست ساڵ خەفە کرابوو و بە زیندوویی نێژرابوو. ئێستا وا ئەو بەسەرهاتەکە هەڵدەڕێژێت و پێویستی بە وشەیە بۆ هەڵگرتنی ئەو بارە قورسە. ئەو بەئاگا بوو لەوەی زمان بە باشی و ڕێکی بە دەمیەوە نایەت و دەیویست بە دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکە قەرەبووی بکاتەوە بۆ جەختکردنەوە لە کاریگەرییەکەی.

هێرانوش بیری دێتەوە کە نەنکی لە دایکیەوە هەوڵی دەدا ئیسکۆهی قەناعەت پێبکات کە منداڵەکانی، واتە دوو برا بچووکەکەی هێرانوش بداتە تورکەکان ئەگەر ویستیان بیانبەن. ئەو دەیزانی ئەم منداڵانە هەموو لە ڕێگادا دەمرن و هیوای ئەوەی دەخواست ڕزگار ببن، با لە ماڵە تورکەکانیشدا بن. ئیسکۆهی

نەیدەخواست منداڵەکان بڕۆن و لە دەستی ببنەوە، بەڵام دواجار تورکەکان لە دەستی دەریانهێنان و فڕاندنیان.

سەیر لەوەدایە، لە کۆتایی ئەو گەشتە درێژە پڕ لە ئازاری سەخت و مەرگەدا ئیسکۆهی تاقە ڕزگاربووی خێزانە گەورەکەیان بوو و هێرانوش دواتر بەوەی زانی. ئەم ژنە یەکێک بوو لەو کەسە کەمە 'بەختدارانەی' کە توانی بگاتە ئەمریکا و لەوێ گەیشتە لای میٚردەکەی. بەڵام ئەمیش وەکو ئەوانیتر کە هاوبەشی یەک چارەنووس بوون بەرەوڕووی گیروگرفتێکی سەختی پڕ ئازار بووەوە و دەبوو بە یادەوەریی ئەزموونە تاڵەکەیەوە بتلێتەوە بە لەدەستدانی منداڵەکانی کەوا کەوتوونەتە لای موسڵمانەکان و دەیزانی کە بێئەوەی ڕەچەڵەک و خێزان و میراتی خۆیان بناسنەوە گەورە دەبن.

هەڵبەت ئەوە مەسەلەیەکی باو بوو کە لە کاتی ڕاگواستنەکاندا منداڵی بچووک لە دایکەکانیان جیابکرێنەوە و بخرێنە خانەیەکی هەتیوانی تورکیاوە و وەک تورک پەروەردە و گەورە بکرێن، بفرۆشرێن یان هەروا بدرێنە تورک و کورد و عەرەبەکان. زۆرێک لە ڕزگاربووان باس لەم ڕاستییە تاڵ و ئازاربەخشە دەکەن لە بیرەوەرییەکانیاندا. مەتران زاڤێن دێر یاغیانی پاتریارکی قوستەنتینیە دەڵێت:

کچە بچووکەکەی خەڵکی زیلێ پێی ڕاگەیاندین کاتێ ڕاگوێزراوان لە مەرزەڤان [مەرزیفۆن]، ئەماسیا و تۆکاتەوە گەیشتنە ساری قشلە – لە نیوەی ڕێگای نێوان سێباستیا و قەیسەرییە – کاروانەکەیان لەبەردەم سەرای حکوومەتدا ڕاگرت و لەوێ هەموو کچان و کوڕانی منداڵ لە دایکیان وەرگیران و برانە ناو ژوورەکانەوە و بە زۆر کاروانەکە ناچار کرا بەردەوام بێت لە سەر ڕۆیشتن و ڕێگای گرتەبەر. پاشان جارێان دا بە خەڵکی گوندەکانی ئەو دەوروبەرەدا کە هەمووان لەوێ ئامادەبن و چەندیان دەوێ لەم منداڵانە بۆ خۆیان هەڵیانبژێرن.[٣٦]

هۆکارێکی نادیار کە پێویستە لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت ئەو بارودۆخەیە کە لە منداڵە هەتیوە ئەرمەنییەکان ئاڵاوە لە هەتیوخانەکانی تورکیادا. ئەوەی کە زانراوە کەوا منداڵە زۆر بچووکەکانی کە ڕەگ و بنەچەی خۆیان نەناسیوە وەک موسڵمانی ڕاستەقینە پەروەردە کراون. ئەم هەڵمەتە بە سەرەوکاری و چاودێریی

خـودی تەڵـعەت [پاشـا] خـۆی بـووە و ئەو برووسـکە نهێنـی و شـفرەدارانەی نـاردوویەتی بـۆ گشـت ویـلایەت و نـاوچەیەک لە سەرانسـەری ئیمپراتۆرییەتـدا ڕێنمـایی و ڕاسـپاردەی خـۆیی تێدا بـووە کە چـۆن مـامەڵەی ئەو منداڵانە بکـرێ. بێگومـان لەپێشـینەی کـارەکە ئەوە بـووە کە بنێـردرێن بـۆ هەتیوخانەکـانی تورکیـا (بـزم *یەتیمهـانەلەر yatimhaneler* – واتە هەتیوخانەکـانی خۆمـان، لە بەرانـبەر ئەو هەتیوخانـانەی کە لە لایەن مسـیۆنێرەکانەوە بەڕێـوەدەبران) بـۆ زەمـانەتکردنی بەخێـوکردنی ئیسـلامییانەیان. بەڵام ئەم هەتیوخـانە [حکوومییـانە] توانای لەخۆگرتنی تەواویان نەبووە و ڕێنمایی وا بووە بدرێنە ئەو خێزانـانەی کە گونجاون بۆ ئەم کارە و دوور لەو شوێنانەی کە هێشتا ئەرمەنەکانیان تێدا دەژی و ئەگەر خێزانـی لەو چەشـنە پەیـدا نەبـوون، ئەوە ئەو کـاتە منـداڵەکان بـدرێنە جووتیـارە تـورک و کوردەکـان و لە سـندووقی ئاوارەکـان ٣٠ قرۆش بدرێتە هەر ماڵێک لەوانە بۆ قەرەبووکردنەوەی خەرج و مەسـرەفیان.[٣٧] هەزاران منداڵ لەمـانە لە نـاو ئەم خێزانـانەدا تـوانەوە و هـیچ ئاسـەوارێکیان جێنەهێشـتووە لەوەی کە ئاگایـان لە ڕەگ و بـنەچەی خۆیـان بووبێـت. بەڵام ئەی چـی لەبـارەی ئەوانەوە دەزانرێـت کە بەکـۆمەڵ لە هەتیوخانەکانـدا پەروەردە کـراون و جەخـت لە سـەر ئەوە کراوە کە تورکانە بەخێوبکرێن و تێکەڵی کۆمەڵگە بکرێن؟ ئەوەی بەڵگەدارە کە حکـوومەت شـۆێنپێی گشـت ئەم هەتیـوانەی هەڵگرتـووە و پیـادەکردنی بەدواداچوونیـان و تۆمـارکردنی ناسـنامەیان و هەمـوو دۆخێکیـان بەردەوام بـووە لە تورکیای کۆماریدا. ڕوبێن مێلکۆنیان بەراوردێک دەکـات لە نێوان مـامەڵەکردنی ئەو کـوڕانە و پەروەردەکردنیـان و پراکتیـزەی یەنگیچەری (ئینکیشـاری) *yeniçeri* لە ئیمپراتـۆرییەتی عوسـمانیدا و بە "یەنگیچەرییەکـانی سـەدەی بیسـتەم" وەسـفیان دەکات.[٣٨] پیادەکردنی کۆکردنەوەی منداڵە هەتیوەکانی ئەرمەن و پەروەدەکردنیـان وەک موسڵمانی باوەڕدار لە ڕاستیدا بیرخستنەوەی یەنگیچەرییە بەتـایبەتی ئەگەر لێکۆڵینەوەی زیاتری ئەم مەسەلەیە بەکارهێنانی دواتری حکوومەت دەربخـات بـۆ

ئەو هەتیوانە. میلکۆنیان ئاماژە بە دوو نموونە دەکات بۆ جەختکردنەوە لە سەر بۆچوونەکەی لەم بەراوردکردنەدا. یەکێکیان "لیوای بەهێز"ە(*gürbüzler ordusu*) کە پێکهاتووە لە لاوانی تورکی دڵسۆزی قۆڵ و بازوو ئەستوور، کە لە ڕاستیدا منداڵی هەتیوی ئەرمەن بوون و بە دەستپێشخەریی کازم قەرەبەکر کۆکرابوونەوە و پەروەردە کرابوون.[٣٩] نموونەی دووەم کەیسی سەبیحە گوێکچەنە (١٩١٣ - ٢٠٠١)، کە یەکێکە لەو هەشت کچەی مستەفا کەمال بە لەخۆگرتن (تبنی) پەروەردەی کردبوون. سەبیحە لە خانەیەکی هەتیوانی موسڵماندا پەروەردە بووە و کاتێ لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا بووە کەمال ئەتاتورکی بینیوە. پاشان لە ماڵی ئەودا پەروەردە و خوێندنی بۆ دابینکراوە و بووە بە یەکەم فڕۆکەوانی سەربازیی ژن، کە چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە و ناوبانگی پەیداکردووە. ڕەچەڵەکی ئەم ژنە لەبیرکرابوو یان بە تۆندی شاردرابووەوە بەڵام ڕاپۆرتەکانی لێکۆڵینەوە بنەچە و ناسنامەی ئەرمەنییان ئاشکرا کرد.[٤٠] سەبیحە بوو بە نموونە و شانازیی زۆرێک لە ژنانی تورکیا و گۆڕینی ئەو واقیعە تاوان بوو. سەیر و سەرسوڕمانیش لەوەدایە کە بەشداریی لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی دەرسیمی کورددا کردووە لە ساڵی ١٩٣٨دا و بۆردمانی شارەکەی کردووە کە زۆرێک لە ئەرمەن (کوردە بە بنەچە ئەرمەنەکان)ی تێدا دەژیان.[٤١]

وەک پێشتر باسمانکرد، دوای جەنگی جیهانیی یەکەم هەڵمەتێکی بەرفراوان دەستپێکرد بۆ کۆکردنەوەی منداڵانی هەتیوی ئەرمەن لە ماڵە موسڵمانەکاندا، یان ئەوانەی هێشتا لە بیابانەکاندا وێڵ و سەرگەردان بوون. مەتران زاڤێن دێر یاغیان نووسیویەتی، چوار بۆ پێنج هەزار منداڵی بێ باوک و دایک لە دەست ماڵە تورکەکان ڕزگارکران، کە زۆربەیان لە قوستەنتینیە بوون و ئەوەشی خستووەتە سەر کە، "سەرەڕای ئەوەش، هەمان شت لە دێهاتدا ئەنجامدراوە و لەوێ توانرا ژمارەیەکی زۆر کەم ڕزگار بکرێت لە سەدان هەزار منداڵی هەتیو. هۆکارەکەشی

ئەوە بوو کە تەنانەت دوای شکستی تورکیاش سوپای هاوپەیمانان نەچوونە ناوچەکانی ناوخۆی وڵاتەوە."[٤٢]

ئەو عەریفە تورکەی خەڵکی چەرمک کە هێرانوشی "ڕزگار کرد" منداڵیان نەبوو، لەبەر ئەوە بردی بۆ ماڵی خۆیان و ناوەکەی گۆڕی و کردیە سەحەر بۆ ئەوەی هەموو ئاسەوارێکی ئەرمەنیبوونی بسڕێتەوە و وەکو کچی خۆی مامەڵەی دەکرد. ئەو دەمە باو بوو کاتی لەخۆگرتنی منداڵانی ئەرمەن لە لایەن خێزانە موسڵمانەکانەوە ناوەکانیان بگۆڕدرێت. ئەمەش بەئاگاییەوە ئەنجامدەدرا و کارێکی پێویست بوو بەبێ هیچ ڕێنماییەک لە سەرەوە. وا باو بوو کە تورک و کورد و عەرەب باش دەیانزانی ناوی ئەرمەنی تاکە بەڵگە بوو کە مابێتەوە بۆ ناسنامەی ئەرمەنیبوونی ئەم منداڵانە و پێویستە بسڕدرێتەوە و لەبیر بکرێت.

لە حاڵەتی هێرانوشدا، خانمی ماڵەکە هەرگیز وەک کچێکی خۆی قبوولی نەکرد بەڵکو وەک کارەکەرێک مامەڵەی لەگەڵ کرد. پاشان، کە سەحەر گەورەتر بوو، ئێرەیی جێگەی سووکایەتی پێکردنی گرتەوە، نەوەک پیاوەکەی ڕای خۆی بگۆڕێت و سەحەر وەک ژنی دووەمی خۆی مارە بکات. خۆشبەختانە بۆ هێرانوش، ئەوە هەرگیز ڕووی نەدا و پەیوەندییەکەی ئەوان وەک باوک و کچێک مایەوە. لە ڕاستیدا ئەوە بەڵگە و نیشانەیە کە چۆن هێرانوش حوسێنی بیرکەوتەوە، کە بووبوو بە جێگرەوەی باوکی، وەک پیاوێکی میهرەبان. ئاشکرایە کە ئەم کچە بچووکە هەتیوە هەوڵیدا خۆی لەگەڵ دۆخە نوێیەکەدا بگونجێنێت و تا دەتوانێت ژینگەیەکی ئاسایی بۆ خۆی دروست بکات بۆ ئەوەی بمێنێتەوە. حوسێن، کە ئەفسەرێکی پلە نزمی پۆلیس بوو، بەشداربوویەکی بەردەوام بووە لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا. هێرانوش خۆی باسی لەوە کردووە کە حوسێن بەشدار بووە لە سەربڕینی پیاوانی ئەرمەن و فرێدانی تەرمەکانیان بۆ ناو بیرێکی قوواڵ لە شوێنێکدا لە نێوان چەرمک و چونگوش (لە ویلایەتی دیاربەکر)، بەڵام خێرا ئەوەی بۆ زیاد کردووە کە ئەو گوێڕایەڵی فەرمان نەبووە لە فرێدانی ژن و

منداڵدا بۆ ناو بیرەکە و بەو هۆیەشەوە سزا دراوە. هەوڵی نائاگایی ئەو بۆ پاککردنەوەی پەرێزی حوسێن لە تاوانی ڕابردووی و ناوهێنانی وەک پیاوێکی باش لە لایەن فەتحیەی کچەزایەوە تەحەدای کرا و گوتی: "ئەی داپیرە بۆچی دڵی میهرەبانی حوسێن ئازاری نەدا کاتێ کە پیاوە ئەرمەنەکانی سەربڕی؟" ئەو بە پێداگرییەوە پرسیارەکەی لە نەنکی کرد و کاردانەوەی سەحەریش، پاش بیرکردنەوەیەکی کورت، وەڵامێکی تەمومژاوی بوو: "نازانم بۆچی" (چەتین، ل ٦٤).

دوای مردنی حوسێن، هاوسەرەکەی لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا سەحەری بە شوودا و ڕەوانەی شوێنێکی دووری کرد. سەحەر هەوڵیدا خۆی لەگەڵ دۆخە نوێیەکەیدا بگونجێنێت و بە سروشتی خۆی وەک کەسێکی خەمخۆر و میهرەبان و دڵپاک منداڵ بێنێتە دنیاوە و "ئەویتر" لە باوەش بگرێت و پەروەردەی بکات. سەحەر نهێنیی خۆی بۆ منداڵەکانی ئاشکرا نەکرد، بەڵکو ئەوان دەیانزانی کە جیاوازن و تورکی ڕاستەقینە نین. ئەوان ئەم ڕاستییە شەرمەزارکەرەیان لە منداڵانی تری گەڕەکەوە بیستبوو، چونکە هەر کاتێ لە کۆڵان شەڕیان لەگەڵ دەکردن بەر جوێن و توانج و ناتۆرەی پڕ سووکایەتی دەکەوتن. یەکەمجار کە ڕوویدا شۆکێکی تەواو بوو. ئاخر هاوەڵانی گەمەکردنیان چۆن دەتوانن پێیان بڵێن "نەوەی لاسار و یاخیبوو؟" بەهەرحاڵ، چەند هەوڵیاندا و بەرپەرچیان دانەوە سوودی نەبوو، ئەوان لە قوتابخانە و کۆمەڵگەدا هەر جیاکارییان لەگەڵ دەکرا. وشەیەکی کوشندە لە نێو تۆمارەکانی دایکیدا (کە کارتی ناسنامە و پاسپۆرتی نەبوو) جیای دەکردنەوە و پەراوێزی دەخستن. ئەوان دایکیان موهتەدی بوو *muhtedi*، واتە ئەو کەسەی کە لە قۆناخێکی دواتری ژیانیدا بووە بە ئیسلام (چەتین، ل ٧٢ – ٧٣).

هاوتەریبی ئەم جۆرە جیاکارییە لە چیرۆکی یاقووبیشدا دەرکەوتووە. یاقووب ئەرمەنییەکی بەئیسلامبووە و لە لایەن کەمال یاڵچینەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ

کـراوە و خـۆی وەک ئەرمەنیـیەک نەدەبینـی. ئەو بە تەواوی شـوناس و زمـان و ئاین و هەموو شتێکی تورکی وەرگرتبوو، بەڵام ڕەزامەندیی لە سـەر دامەزراندنی نەدەدرا چـونکە پشـکنینیکی پاشـخانی ئاسـایش ئەوەی دەرخسـتبوو کەوا بـاوک و دایکی لەو ئەرمەنانە بوون کە ئاینی خۆیان گۆڕیـوە و بـوون بە ئیسـلام.[٤٣] بـاوکی یـاقووب نـارەزایی دەربڕیبـوو دژ بەم نـادادپەروەرییە و گوتبـووی: "ئێمە ئەرمەن نین و کێ ئێمە بەوە تۆمەتبار دەکات؟" یـاقووب و بـاوکی لە هەمـوو دەرگایەکیـان دا، بەڵام ڕابـــردووی و ناســـنامەی ڕاســـتەقینەی، کە زۆر هەوڵـــی دابـــوو دەســتبەرداری بێـت و لەبیـری بکـات زەقبـووەوە و دەرگاکـانی بە ڕوویانـدا داخسـت.[٤٤] ئەو کـارەی کە یـاقووب داوای کردبـوو کـارێکی "هەسـتەوەر" بـوو و پۆسـتێکی ڕازگریـی بـوو لە دادگـای ئەدیامانـدا. سـەیر و سـەمەرە لەوەدا بـوو کە جیاکـاری هەر تەنهـا ئەرمەنە موسـڵمانەکانی نەدەگـرتەوە، وەک حـاڵەتی کێغـامی مێـردەکەی مێلینـێ، کە پۆسـتی بەڕێـوەبەری قوتابخـانەی ئامـادەیی ئەرمەنیـی (سـۆرب خـاچ دپرێڤانـک)ی پـێ ڕەوا نەبینـرا لە سـکووتاری، چـونکە وەزارەتـی پەروەردە و خوێندن کێشەی ئەوەی لەگەڵیدا هەبـوو کە لە ڕابـردوودا کۆمۆنیسـت بووە و وا ئێستا ناسنامەی ئەرمەنیبوونی خۆیشی ڕادەگەیەنێت (یاڵچین، ل ٢١٣).

هەروەها مێلینێی ڕاهێنەر و هاوڕێی ڕۆحیی یـاڵچینیش ئەزمـوونی جیاکـاری و هەڵاواردنـی کـردووە. ئەو لە ئیسـتانبوڵ زانکۆی بە سـەرکەوتوویی و پلەی بەرز تەواو کـــردووە، بەڵام پۆســـتی یاریـــدەدەری مامۆســـتای لە کـــۆڵێجی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکـان پێـنەدرا لەبەر ئەوەی ئەرمەنـی بـوو. کاتێـک دواتـر داواکـاریی پێشکەش کرد بۆ پۆسـتێکی مامۆسـتای ئامـادەیی، بەئەنقەسـت ناسـنامەکەی خـۆی ئاشکرا نەکرد و جێگـای سـەرنجە ئەمجارەیـان پرسـیاری ئەوەی لەبارەوە نەکـرا. هەرچۆنێـک بـوو، مێلینـێ لەو پۆسـتە دامەزرا بەڵام شـاردنەوەی ناسـنامەکەی بـۆ ئەوەی لە وڵاتەکەی خۆیـدا پێشـبکەوێت بریـنێکـی کـردە ڕۆحـی و کە چـووە نـاو کـۆمەڵگەی ئیسـتانبوڵەوە ئەو بـرینە قـووڵتر بـووەوە و لەو بـارەیەوە دەڵـێ: "لە

ئیستانبوڵ ناسنامەی خۆمم ئاشکرا نەکرد، بەڵام پەنجەیان بە چاومدا کرد و گوتیان، 'تۆ کەسێکی ئەرمەنیت' و پاشان تووڕیاندامە دەرەوە' " (یاڵچین، ل٢٠٧ – ٢٠٨).

کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم کەمینەی ئەرمەن و هەر کەسێک کە ئاسەوارێکی خوێنی ئەرمەنی تێدابێت بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەی تورکیادا پێشبکەوێت وایکردووە کە زۆرێکیان ڕێوشوێنی پێچەوانە بگرنەبەر. لە نێو ئەم ڕێوشوێنانەدا تا بتوانن ناسنامەی خۆیان بە نهێنی بهێڵنەوە، یان باسکردنی هەر بسڕنەوە یان خۆ ڕزگارکردن لە هەر بەڵگەیەکی مادیی لەو ڕووەوە. منداڵەکانی هەوڵێکی زۆریان دەدا ئەو نهێنییە بپارێزن و دژی هەستکردن بە شەرم و ترس دەوەستانەوە کە ڕەگ و بنەچەی ئەرمەنیبوونیان بۆی دروستکردبوون. دۆستێکی ئەو خێزانە، کە لە فەرمانگەی تۆمارکردنی مەدەنی کاری دەکرد، توانی یارمەتیان بدات لە پەردەپۆشکردنی ڕابردوودا بە سڕینەوەی وشەی *"موهتەدی mühtedi"* لە کاغەزەکانی تۆمارکردنی سەحەردا. بەم ڕەنگە بەڵگەکان لە ناو تۆمارە فەرمییەکاندا سڕایەوە، بەڵام یادەوەریی ڕابردوو لە گەڕەک و کۆمەڵگەدا هەر مایەوە. کاتێکیش منداڵەکانی سەحەر گەورە بوون، مەسەلەی هاوسەرگیری بوو بە کێشە و خێزانەکان ڕەتیان دەکردەوە لە ڕووی ژن و ژنخوازییەوە تێکەڵیان ببن بۆ ئەوەی "وەچەیان بە خوێنی ئەو توخم و ڕەگەزە پیس نەبێت" (چەتین، ل ٧٦). بەڵام کێشەی گەورەتر لەو ڕاستییەدا بەرجەستە دەبوو بە وتەی مەدحییە، کە ناسیاوێکمە و دایکی ئەرمەنی بووە و دەڵێ "لە ناوچەکەی ئێمەدا بە زەحمەت خێزانێک دەدۆزیتەوە کە ڕەگ و بنەچەی لەو 'توخمە پیسە' نەبێت و کەس نییە توخم و ڕەگەزی بە پوختی و بێ تێکچوون مابێتەوە" (چەتین، ل ٧٧). منداڵەکانی سەحەر، نموونەی ئەو نەوەیەن کە لە کچانی ئەرمەنی مااڵە تورک و کوردەکاندا لەدایک بوون، هەوڵیاندا ڕابردووی خۆیان یان مێژووی باوباپیرانیان بسڕنەوە – کە خۆیشیان گرنگییان بە دۆزینەوەی زیاتری نەدەدا لەگەڵ وەچە و نەوەکانیان.

نەوەکانی سەحەر هیچیان لەو مێژووە تاریکە نەدەزانی و وەک تورکی ڕەسەن و ڕاستەقینە پەروەردە بوون. فەتحیە زۆر دواتر بۆی دەرکەوت، پاش ئەوەی ڕێگەی پێدرا بچێتە جیهانی ناوەوەی داپیرەیەوە، کە دایکی و پوورەکانی شتێکیان لەبارەی ئەزموونی دایکیانەوە دەزانی، هەرچەندە زۆر بەو وردییە نەبوو کە داپیرە بۆی باسکردبوو (ل٧٢). سەحەر خۆیشی بە وریاییەوە وەک تورکێکی ڕاستەقینە دەژیا- بە *نەماز* (نوێژ) و ڕۆژوو و ئەودوای ڕێوڕەسم و نەریتەکانەوە. کەواتە ئەرمەنیبوونی ئەو لە کوێدا دەرکەوت؟ بێجگە لە دروستکردنی چۆرەگ *choreg* (شیرینییەکی تایبەتە کە ئەرمەنەکان لە کاتی جەژنی ئیستەردا دروستی دەکەن) لە سروت و ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا ساڵی جارێک لەگەڵ چەند ژنێکی وەک خۆی (واتە ئەو ڕزگاربووە ئەرمەنانەی کە بووبوونە ئیسلام)، کە ئایا ئەو ئەرمەنیبوونەی خۆی کەی ئاشکرا کرد؟ گەلێ جار سەحەر بۆ فەتحیەی گێڕابووەوە کە ئەو و مەحموودی خاڵی لە خێزانەکەی دەچن (ل٣٣)، بەڵام فەتحیە هەرگیز بیری لەوە نەکردبووەوە کە بپرسێت خێزانەکەی لە کوێن و کێن. هەڵبەت ئۆقرەگرتن و خۆپیشاندان بە قبوواڵکردن سنووری خۆیان هەیە. هێرانوش ناچار بوو ویژدانی ئازاد بکات و بۆیە لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا، پێی وابوو ئیتر گەیشتووەتە کۆتایی ڕێگەی ژیان و بڕیاریدا قسە بکات و ناسنامەیەک ئاشکرا بکات کە چیتر نەیدەویست بە شاراوەیی بمێنێتەوە، ناسنامەیەک کە تایبەتمەندیی ئیتنیکیی نوێی وەرگرتبوو لە دەیان ساڵی پێکەوەژیانی گەرموگوڕ لەگەڵ "ئەویتردا". بەم شێوەیە گۆڕانکارییەکەی، لە سەردەمی وەرگرتنی زۆرەملێی ناسنامەیەکی نامۆ تا ڕۆژی ئاشکراکردنی نهێنییە گەورەکە، بە خاسییەتی ئارەزووە پەنهانەکان و گیرۆدەبوون بە دەست یادەوەرییە تاڵ و بەردەوامەکانی جینۆساید و بڕیاری نائاگایی پابەندبوون پێیەوە بە دریژایی ژیانی و توانەوەیەکی کولتووریی سروشتی کە لەگەڵ خۆیدا تۆخمە ئیتنیکییەکانی "لاکەی تری" لەگەڵ خۆی هێنابوو.

دوای ئەوەی داپیرەی نەما و کۆچی دوایی کرد، فەتحیە لە خۆی پرسی، "باشە ئەم ژنە خاوەنی ئیرادەیەکی هێندە بەهێزە بۆ پاراستنی منداڵەکانی و بەرەنگاربوونەوەی هەموو بەربەستێک لە ڕێگایاندا، چۆن دەیتوانی ئەوەندە بێدەسەڵات بێت پەیوەست بە ناسنامەی ڕاستەقینەیەوە؟" (چەتین، ل ٧١). سەبارەت بە خودی فەتحیە، ناسنامەی شاراوە و لەناکاو نهێنی ئاشکرا کردن سەرەتا بووە هۆی شۆکێکی ئیفلیجکەر، هەستکردن بە شەرم و شوورەیی و پەرۆشی و تامەزرۆیی بۆ ڕاستی (ل٥٩). ئەمەش وردە وردە هێز و ئیرادەی تێدا چاند بۆ گەڕان بە دوای کەسوکار و خزمەکانی داپیرەی لە ئەمریکا. بەم کارەش بە دوای ڕەگ و ڕیشەی خۆی و پێکهاتە شاراوەکانی شوناسی خۆیدا دەگەڕا. پاشان نووسینی کتێبێک وەک شایەتحاڵیی ئەزموونێکی پڕ لە ئازار کە مەحاڵە لەبیر بکرێت، چیرۆکێکی شەخسی کە چیرۆکی هەزاران کەسیش بوو لە تورکیا و لە کۆتاییدا پاکبوونەوە بوو بۆ خودی نووسەر، کە ڕزگاری بوو لە وێنە پڕ لە مۆتەکەکان و ئەو خەم و تووڕەیی و نائومێدییەی کە ڕۆح شەکەت دەکات و باری شانی داپیرەی قورس کردبوو و چیتر لە توانایدا نەما بەرگەی بگرێت. تێبینیی تووبا ئاکیۆڵ لە پێداچوونەوەکەیدا بۆ هەردوو کتێبەکەی چەتین و شەفەق بە دڵنیاییەوە شایەتیی بۆ هێزی چیرۆکەکان دەدا. ئەو دەنووسێت، "چیرۆکەکان دەتوانن ئەوە بکەن کە ژمارەیەکی زۆر یان چەمکە ئاڵۆزەکان ناتوانن بیکەن.... چەمکەکان سارد و سڕن، بەڵام چیرۆکەکان دەتوانن کار لە ناخت بکەن".[٤٥]

فەتحیە چەتین حاڵەتی نموونەیی کۆمەڵگەی تورکیای ئەمڕۆیە کە بۆ زۆر کەس نهێنییەکە ئاشکرا بووە. ئەوەی جێگای سەرنجە، لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٧دا، گۆڤاری هەفتانەی تورکی "*یەنی ئەکتوێل Yeni Aktüel*" دۆسیەیەکی بڵاوکردەوە لە سەر ئەرمەنە موسڵمانەکان و ئەوانەی ئاسەوارێکی ئەرمەنی لە ڕەچەڵەکیاندایە. وتارەکەی فیلیز ئۆزدەم باسی لەوە کردووە کە چۆن

بە سەر هێدمەی سەرەتایی و ئاڵۆزی و گێژاوی دەروونیدا زاڵ بوو دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە دایکی ئەرمەنە.[٤٦] ئەو ئێستا هەست بە ئاسوودەیی دەکات بە بنەچەی خۆی. لە وتارێکی تردا، عیرفان پاڵاڵی بە دوودڵی باسی لە دۆزینەوەی ناسنامەی ئەرمەنیی دایکی کرد و نیگەرانیی خۆی دەربڕی کە دیاسپۆرای ئەرمەنی سوود لەم دانپێدانانە وەربگرێت بۆ سەلماندنی دید و بۆچوونی سەبارەت بە جینۆسایدی ئەرمەن.[٤٧] ئەحمەد ئۆناڵ کوردێکی عەلەوییە و دایکی ئەرمەنە. ئەو وەک زۆرێک لە کوردانی عەلەوی، ئاگاداری ناسنامەی ئەرمەنیی دایکێتی و خۆشەویستی و ڕێزی خۆی بۆ ئەو کتێبانە دەگێڕێتەوە کە لێیانەوە فێربوو و ڕێگایان بۆ ڕۆشنکردەوە.[٤٨]

ئێستا کۆمەڵگەی تورکیا بەر ئەو دانپێدانانە دەکەوێت و وردە وردە خەریکە دەست و پەنجەیان لەگەڵ نەرم دەکات. ئەو هەستە تەمومژاوییەی گەڕانەوە بۆ ئەویتر، ئەو یادەوەرییەی میژوویەکی هاوبەش، کە بۆ نزیکەی سەدەیەک بێدەنگ و سەرکوت کراوە، ئێستا خەریکە دەردەکەوێت. تورک بە دوای ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیدا دەگەڕێت نەک ئەو ناسنامەیەی کە بۆی دیاریکراوە و تورکبوون، چەمکێکە کە لە لایەن دەسەڵاتەوە خراپ بەکارهێنراوە بۆ تۆمەتبارکردن و ئیدانەکردنی هاوڵاتییانی خۆیان و لە لایەن دەستە و تاقمە ناسیۆنالیستەکانەوە بە هەڵە لێکدەدرێتەوە، بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بۆ زۆر کەس مانای نوێ وەردەگرێت. سەردەمی بێدەنگیی سەرکوتکراو خەریکە کۆتایی دێت.

پەراوێزی بەشی ٥: یادەوەریی مێژوویی سەرکوتکراو، دەربڕینی کپ و بێدەنگ

١ بۆ باسێکی ورد لە وەڵام و کاردانەوەکانی ڕزگاربووانی نەوەی یەکەم و ئەو بابەتانەی کە لە دەوری بەدەقکردنی وەڵامەکانیان خستووەتە ڕوو، بڕوانە پێرومیان، *"کاردانەوە ئەدەبییەکان بۆ کارەساتەکە Literary Responses to Catastrophe"* (١٩٩٣).

٢ خێردیان، "باوکم"، لە *"ڕێزگرتن لە ئەدەنە Homage to Adana"* (١٩٧٠)، بێ مێژوو. ئاماژەکردن بە "نووسەری ئەرمەنیمان لە کالیفۆرنیا our Armenian writer in California" بۆ وێلیەم سارۆیانە.

٣ ڤارتەرس قەرەگوێزیان لە گوندی زارای ئەرمەنی لە سێباستیا (سیڤاس) لە ساڵی ١٩٣٨ لەدایک بووە، سەر بە ئەرمەنە جێماوەکان بووە کە لە ناوخۆی تورکیادا بڵاوبوونەتەوە و لە کاتی هەڵمەتی دەربازکردنی ڕزگاربووانی ئەرمەن کە دۆزرانەوە و گوێزرانەوە بۆ ئیستانبوڵ و دابینکردنی پەروەردەیەکی ئەرمەنی بۆیان. ئەمەش دەستپێشخەرییەکی پاتریارکییەتی ئەرمەن بوو لە ئیستانبوڵ کە لە سەردەمی دەسەڵاتی دیموکراتیی عەدنان مەندەریس و سیاسەتی تا ڕادەیەک نەرم و نیان بەرانبەر بە کەمینەکان.

٤ بۆ ئەم چامە شیعرییە کە لە بنەچەدا بە زمانی ئەرمەنییە، بڕوانە Kalfayan, *Bolsahay nor banasteghtsutiune*، (١٩٩٨)، ل ٢١٧.

٥ ماشۆیان، *Yev aysbes abretsank* (١٩٩٨)، ل ٩٦.

٦ هەیگازون گالوستیان لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئیستانبوڵ لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٦٥ گەڕایەوە ئەرمینیا و لە ساڵی ١٩٨٥ لەوێ کۆچی دوایی کردووە.

٧ بۆ ئەم شیعرە لە ئەسڵە ئەرمەنییەکەیدا، بڕوانە ماشۆیان، ل ٩٥.

٨ کالفایان، *Bolsahay nor banasteghtsutiune*، (١٩٩٨)، ل٧٧ – ٧٨

٩ هۆکاری دانانی ئەم دەستەواژەیە لە هێماکانی وەرگێڕاندا ئەوەیە کە ئاشتیخوازیی ئەم پێکەوە ژیانە شەقامێکی یەکلایەنە بووە. هێمنانە بوو تا ئەرمەنەکان بە گوێڕایەڵ بمێننەوە و ناڕەزایەتییان دەرنەبڕی بەرانبەر بە ڕێوشوێنە ستەمکارانە و جیاکارییەکانی حکوومەت یان سەرۆک عەشیرەتە خۆجێیەکانی کورد لە دژی ئەوان. تەنانەت بە ئەرمەنەکان دەگوترا میللەتی سادیق *milleti sadık* (واتە میللەتی ڕاستگۆ و دڵسۆز). دۆخەکە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکرد – ڕێنیسانسی کولتووری و سیاسیی ئەرمەن – کاتێ سەرکردایەتیی ڕۆشنبیری ئەرمەن کەوتە داواکردنی چاکسازی و دادپەروەری و مافی

یەکسانی. دوای دواخستنی هەمیشەیی چاکسازییە بەڵێنپێدراوەکان، وەڵامی دەروازەی باڵا (بابی عالی) وەک سزایەک بۆ ئەو کەسانە هات کە ئەم بزووتنەوەیەیان دەستپێکرد بەڵام بۆ هەموو ئەوانەش کە سوودمەند دەبوون لە چاکسازییەکان. کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەن لە ساڵانی ١٨٩٤ – ١٨٩٦ لووتکەی ئەم سزایانە بوو.

١٠ تۆرانیان، *Istanbulahayere ke kanchen*، (١٩٩٧)، ل ٣٦.

١١ هاگۆپ مینتزوری، *Giughe k'apri im mejs* (٢٠٠٥)، ل ٥٧. ئەم کتێبە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٨ چاپ و بڵاوکراوەتەوە و بڕیتییە لە کۆکراوەیەکی ئەو کورتە چیرۆکانەی پێشتر لە چوار بەرگی جیاوازدا بڵاوکراونەتەوە، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٥٨دا دەرچووە، بەڵام تەنانەت پێش ئەوە، مینتزوری بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئیستانبوڵ بڵاویکردووەتەوە و لە ئەرمینیای سۆڤییتی و ئەرمەنی دیاسپۆرادا بڵاوکرایەوە و خوێنەری ئەرمەنیش ئاشنا بوو بە دیمەنەکانی ژیانی ئەرمەن لە ئیستانبوڵ و بۆ... ژیانی گوندەکانی ئەرمەنی پێش ساڵی ١٩١٥ کە مینتزوری بەو شێوەیە بە خەمخۆرییەوە کێشاوێتی.

١٢ بڕوانە ماشۆیان، *Yev aysbes abretsank*، ل ٨٥.

١٣ هادێجیان، گۆڤاری هوشاتێتر *Hushatetr* – ١٥ (١٩٩٩)، ل١٨١ – ١٨٢.

١٤ بڕوانە ئارپیار دێر مارکاریان، *Ardzagank yev Antsorde* (٢٠٠٦). ئەم بڵاوکەرەوەیە دوو بەرهەمی تێدایە کە پێشتر بەجیا بڵاوکراونەتەوە، ئاردزاگانک *Ardzagank* (دەنگدانەوە، ١٩٤٦) و *Antsorde* (پەڕینەوە، ١٩٦٢) و چیرۆک و سکێچی تر. بڵاوکەرەوە لەم بەرگەدا بەشێکی گشتگیر لە تێبینییەکان دەخاتە ڕوو کە ئەو زاراوە بەکارهێنراوانە ڕوون دەکەنەوە و زانیاریی زیاتر سەبارەت بەو شوێن و کەسانە دەدات کە لە نووسینەکانی دێر مارکاریاندا باسکراون. هەروەها خەمنامەی کۆچی دوایی مارکاریان کە لە گەڵێ ڕۆژنامەی ئەو سەردەمەدا بڵاوکراونەتەوە، بێجگە لەو وتارانەی هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانی و خزمەکانی نووسیویانە بۆ بەرز ڕاگرتنی یادەوەرییەکانی.

١٥ یاسای پەسەندکراوی ساڵی ١٩٤٩ مافی گۆڕینی ناوی گوندەکانیکە بە زمانی تورکی نەبوون داوە بە حکوومەت.

١٦ گوندی خولتیگ تەنیا بۆ ئەوەی بە تەواوی وێران بێت و دانیشتووانی ئەرمەن لە ساڵی ١٩١٥ بە بەرچاوی تۆڵەسەندنەوەی جەودەتەوە لە لایەن قەساب تابووری (کەتیبە یان فەوجی قەسابەکان)ی ئەوەوە کۆمەڵکوژ کران. جەودەت لە بەدلیس ئەو کارەی کرد کە لە وان نەیتوانیبوو بیکات. دێر مارکاریان باس لە بووژانەوەی خولتیگ دەکات و باس لە سەردانە

کورتەکەی بۆ گوندەکە دەکات لە ئاردزاگانک یەڤ ئەنتسۆرد، ل ١٢٢، لە چیرۆکێکدا دەربارەی ژنێکی گوندەکە بە ناوی شوشان. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئاماژە بە کۆمەڵکوژییەکانی ساڵی ١٩١٥ دەکات کاتێک سەڵانێک دوای سەردانەکەی ئاپۆرەیەکی درندە هێرشیان کردە سەر شوشان، ئەویش لە خەرەندێکەوە خۆی فڕێداوە "بۆ ئەوەی شەرەف و کەرامەتی خۆی و تۆخم و ڕەگەزەکەی بپارێزێت و خۆبەخشانە شەهید بوو" (ل ١٢٥).

١٧ دێر مارکاریان، "مانکوتیەکان ئۆرێرMankutians orer" (ڕۆژانی منداڵیم)، لArdzagank yev Antsorde (٢٠٠٦)، ل ٤٢.

١٨ ئیدەم، لە چیرۆکی سەرەکی "ئەنتسۆرد Antsorde"، لە هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٠.

١٩ ئیدەم، لە سکێچەکە بە ناوی "دۆکت. [دکتۆر] باغداسار مانوێلیان"، لە هەمان سەرچاوە، ل ١٧٧. دێر مارکاریان وشەی ئەرمەنی ئارهاڤیرک *Arhavirk* بە پیتی گەورەی A بەکاردەهێنێت بۆ پێناسەکردنی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٥.

٢٠ ئیدەم، لە سکێچێکەوە بە ناوی "ئێنکەرس Enkerners" (هاوڕێکانم)، لە هەمان سەرچاوە، ل ١٩.

٢١ ئیدەم، لە سکێچێکەوە بە ناوی "نەزارەت Nazarete"، لە هەمان شوێن، ل ١٥١.

٢٢ هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٤.

٢٣ هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٠.

٢٤ مارگۆسیان، *Mer ayd koghmere* (٢٠٠٥)، پێشتر لە ساڵانی ١٩٨٤، ١٩٩٤ و ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.

٢٥ هەمان سەرچاوە، ل ١٥٠ – ١٥١.

٢٦ مارگۆسیان، تیگریسی ئاپەرێن *Tigrisi aperen* (١٩٩٩)، ل ٦٤. ئەم کتێبە کۆمەڵەیەکی تری کورتە چیرۆکەکانی مارگۆسیانە سەبارەت بە ژیانی ئەرمەنەکان لە تیگراناکیرت.

٢٧ مارگۆسیان، مێر ئاید کۆغمێر *Mer ayd koghmere*، ل ١٢.

٢٨ مارگۆسیان، تیگریسی ئەپێرەن *Tigrisi aperen* ، ل ٢١.

٢٩ ئۆزون، "گوڵی هەنار The Pomegranate Flowers" (٢٠٠٣)، ل ٤٤. هەروەها لەم لینکەدا دەستدەکەوێت

http://www.encyclopedia.com/doc/1G1-132762841.html

٣٠ خواردنەوەیەکی کوحوولییە بە تامی ڕازیانە لە تورکیا زۆر بەناوبانگە.

٣١ ئۆزون، "گوڵە هەنار The Pomegranate Flowers"، ل ٥٣.

٣٢ هەمان سەرچاوە، ل ٤٤.

٣٣ مارگۆسیان، "مێر *ئاید کۆغمێر* *Mer ayd koghmere*" (٢٠٠٥).

٣٤ گوێچەک، "بێدەنگی لە ڕابردووی تورکیای کۆماری Silences in the Turkish Republican Past" (بێ مێژوو).

٣٥ ئاڵتینای، "گەڕان بە دوای باپیرانی بێدەنگکراوادا" (٢٠٠٦)، ل ١١٩. وەشانێکی پێشووتری ئەم تۆێژینەوەیە لە کۆنفرانسی "ئەرمەنەکانی عوسمانی لە سەردەمی داڕووخانی عوسمانیدا" (زانکۆی بیلگی، ئیستانبوڵ، ٢٥ - ٢٧ی مایسی ٢٠٠٥) پێشکەش کرا.

بە گوێرەی فەتحیە چەتین (*Mets mayrs*, 2006)، هێرانوش لە گوندێک بە ناوی حەباب لەدایک بووە (هەڤاڤ بە زمانی ئەرمەنی) لە ناوچەی مادن (ئێستا قەزای باڵو [پاڵو]) لە ویلایەتی ئێلازیگی ڕۆژهەڵاتی تورکیا لەدایک بووە. لە سەردەمی مندااڵیی هێرانوشدا، هەڤاڤ ٢٠٧ خێزان و دوو کەنیسە و دێرێکی تێدابووە. چەتین لە سەرەتای گێرانەوەی خۆیدا باسێکی وردی بنەماڵەکانی گاداری و ئەرزومیانی کردووە، کە درەختی بنەماڵەی دایک و باوکی هێرانوش لە هەردوو سەرەوە و پاشخان و ڕەچەڵەکیان دەخاتە ڕوو (ل٩ - ١٤).

٣٦ دێر یاغیان، "بیرەوەرییەکانی پاتریارکیم *My Patriarchal Memoirs*" (٢٠٠٢)، ل ٨٨.

٣٧ بڕوانە کۆکەر، "ئەرمەنی کادین و چوجوکلارینن - ژن و منداڵانی ئەرمەن" (٢٠٠٧).

٣٨ مێلکۆنیان، "لەشکری بیستەمی یەنیچەری 20-rd dari yenicherinere"، گۆڤاری هانراپێتاکان *Hanrapetakan*، ژمارە ٩ (٢٠٠٧). لەشکر یان فەیلەقی یەنیچەری ("سەربازی نوێ") ساڵی ١٣٦٥ لە سەردەمی مورادی یەکەمدا دروستبووە و ئەم سەربازانە سوپایەکی تایبەتی سوڵتان بوون کە سەرەتا لە کۆیلە و دیلەکانی جەنگ و دواتر لە گەنجانی ناموسڵمان (زیممی *dhimmi*) پێکهاتبوون. زیمییەکان وەک ڕەعیەت (ژێردەستەی) غەیرە موسڵمانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، لە بەرانبەر ملکەچبوونیاندا بە یاسا پارێزگارییان لێدەکرا - واتە مافەکانیان یەکسان نەبوون بە مافەکانی هاووڵاتیانی موسڵمان - و دڵسۆزییان بۆ دەوڵەت. منداڵانی زیممی لە گەلانی ژێردەستەی یۆنانی، ئەرمەنی، ئەلبانی، بوڵگاری و مەسیحییەکانی تری ڕەعییەتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە لایەن حکوومەتەوە وەک باجی خوێن (دەوشرمە *devşirme*) کۆدەکرانەوە کە بە سەر غەیرە موسڵمانانی ئیمپراتۆرییەتەکەدا سەپێنرابوو. ئەم کوڕە مێرمنداڵ و گەنجانە وەک موسڵمانێکی دڵسۆز پەروەردە دەکران و هەڵبژێردراوەکانیان پۆستی گرنگیان لە سوپا و حکوومەتدا پێ دەسپێردرا. وردە وردە یەنیچەرییەکان گەشەیان کرد و بوون بە ڕێکخراوێکی بەهێز و گەندەڵ و ترسناک کە توانای ڕووخاندنی هەر سوڵتانێکیان

هەبوو هەوڵی ئەوەی بدایە کۆتاییان پێبێنێت. لە کۆتاییدا ساڵی ١٨٢٦، لە لایەن سوڵتان مەحموودی دووەمەوە هەڵوەشێنرانەوە.

٣٩ مووسا کازم قەرەبەکر لایەنگرێکی بەهێزی مستەفا کەمال بوو کە بوو بە جێگری ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورە و فەرماندەی سوپا لە بەرەی ڕۆژهەڵات. لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ بۆ سەر ئەرمینیا سوپاکەی کەوتە هێرشکردن، دواجار بووە هۆی لەناوچوونی کۆماری ئازادی تازە دامەزراو لە پەڕی ئەوسەری ڕۆژهەڵاتی خاک و وڵاتی ئەرمینیای مێژوویی.

٤٠ وتارەکەی سەبارەت بە سەبیحە گوێکچەن لە نووسینی هرانت دینک، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاگۆس *Agos* (٦ی شوباتی ٢٠٠٤) و بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە ڕاستیدا ئەو کچێکی هەتیوی بێ باوک و دایکی ئەرمەنی بووە بە ناوی هاتون سەبیلیجیان، مشتومڕێکی زۆری نایەوە و ڕەخنە و دژایەتییەکی توندی بەرانبەر بە نووسەرەکە بەرپاکرد. لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوزی *Turkish Daily News* (٤ی ئابی ٢٠٠٧)، بە ناوی "سەبیحە گوێکچەن، یەکەمین فڕۆکەوانی شەڕکەری ژن لە جیهاندا"، لە لایەن هەردوو نووسەر گوڵ دەمیر و نیکی گامەوە لە سەر کاردانەوەکان بەرانبەر بە ئیددیعای دینک وایان نووسیوە:

"هەندێک لە ڕۆژنامەکانی تریش ئەو بابەتەیان وروژاندووە و هەڵەیەکیان دروستکردووە لە کاتێکدا لایەنە باش و خراپەکانی ئەو ئارگومێنتە مشتومڕیان لە سەر دەکرا. تەنانەت هەندێک کەس تا ئەو ئاستە ڕۆیشتوون و وایبۆدەچن کە بڵاوکردنەوەی وتارەکە و ئیددیعای ئەرمەنیبوونی لە لایەن دینکەوە یەکێک بووە لە هۆکارە سەرەکییەکانی تێرۆرکردنی لە ١٩ی کانوونی دووەمدا".

٤١ مێلکۆنیان، "لەشکری بیستەمی یەنیچەری 20-rd dari yenicherinere"، گۆڤاری هانراپێتاکان *Hanrapetakan*، ژمارە ٩ (٢٠٠٧).

٤٢ دێر یاغیان، "بیرەوەرییەکانی پاتریارکیم *My Patriarchal Memoirs*" (٢٠٠٢)، ل ١٨٥. کۆکردنەوەی منداڵانی بێ باوک و دایک یان هەتیو بە دەستپێشخەریی تاکەکەس و ڕێکخراوەکانیش ئەنجامدرا. بە تایبەتی هەڵمەتی کاریگەر و بەرهەمداری سوپای خۆبەخشانی ئەرمەن بوو بە سەرۆکایەتیی ئەندرانیکی فیدایی *fedayee*بەناوبانگ. هەروەها دێر یاغیانی سەرۆک ئەسقوف و پاتریارکی کەنیسەی ئەرمەنی لە ئیستانبوڵ ئاماژەی بە ڕووداوێک کردووە کە ئینگلیزەکان ڕێگرییان کردووە لە گواستنەوەی "هەتیوەکانی تورکیا" لە ناوچەکان ناوخۆوە بۆ قوستەنتینیە لە لایەن حکوومەتی تورکیاوە. هەتیوەکان پشکنینیان بۆ دەکرا و ئەرمەنەکان کە زۆرینەیان پێکدەهێنا، برانە هەتیوخانەی ئەرمەنەکان لە ئیستانبوڵ (ل١٨٦).

٤٣ زۆر بـۆنە لە تورکیـادا هەبـووە کە داواکارێـک بە هـۆی ڕەچەڵەکەکەیەوە لە کـارێکی حکوومی یان پۆستێکی تر وەرنەگیراوە، واتە مەسیحییەکی گۆڕاو یان بەئیسـلامبوو لە درەختی بنەماڵەکەیدا هەبووە. پێدەچێت حکوومەت تۆماری هەموو ئەو ئەرمەنیانەی کە موسڵمان بوون هێشتبێتەوە بۆ ئەوەی لە ساڵی ١٩١٥دا بەر ڕاگواستن نەکەون، یان دوای ئەوە لە هەڵاواردن و جیاکاری لە دژی غەیرە موسڵمانەکان ڕزگاریان بێت. لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە دەریدەخەن کە زۆربەی نەوەکانی ئەم ئەرمەنە بەئیسلامبووانە کاغەز و سەرەتاکانی تۆمارکردنیان گۆڕیوە بۆ ئەوەی بەڵگەکانی گۆڕینی ئاینی خێزانەکە بسڕنەوە.

٤٤ یالچین، *Hogis kezmov ke khayta* (٢٠٠٣)، ل ٣٥٣.

٤٥ لە ئالتینای وەرگیراوە، "گەڕان بە دوای باپیرانی بێدەنگکراودا In Search of Silenced Grandparents"، ل ١٢٧. ستوونووس تووبـا ئـاکیۆڵ، پێـداچوونەوەکەی بە نـاوی "ئـوێزوێر دیلەریم Özür Dilerim" (داوای لێبووردن دەکەم) لە ڕۆژنـامەی میلییێت پـازار *Milliyet Pazar* (١٩ی ئازاری ٢٠٠٥) بڵاوکراوەتەوە.

٤٦ فیلیز ئوێزدەم، " Geçmişiyle yuzlaşmesi gereken toplumun kendis ئەوە کۆمەڵگا خۆیەتی کە پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕابردووی خۆی هەیە"، لە *یەنـی ئاکتوێل*، *Yeni Aktüel*، ماڵپەڕی www.yeniaktuel.com.tr/tur104,116@2100html دابەزیوە.

٤٧ عیرفان پالالی، "Akrabalarım babamın mezarını parchaladı!- خزمەکانم گۆڕی باوکمیان تێکدا" لە یەنی ئاکتوێل *Yeni Aktüel* بڵاوکراوەتەوە،

٤٨ ئەحـمەد ئوێنـاڵ، " خەڵـکەکە خۆمـان لای شـووڕە و دیوارەکـانەوە بەجێیانهێشـتین - Bizimkiler bizi duvar diplerine bıraktılar!" لە یەنی ئاکتوێل بڵاوکراوەتەوە *Yeni Aktüel* www.yeniaktuel.com.tr/tur104,116@2100html

٦

گواستنەوەی یادەوەریی بەکۆمەڵ بۆ نەوەکان

ڕزگاربووانی جینۆساید لە تورکیا، جا ئەوانەی کە بووبوونە ئیسلام یان لە سەر ئایینی خۆیان مابوونەوە، لایەنی بێدەنگییان لە ڕابردووی خۆیان هەڵبژاردبوو. بەڵام تەنانەت لە سایەی ئەم بێدەنگییە سەپێنراوەشدا، یادەوەرییەکەیان بۆ نەوەی داهاتوو دەگوێزرێتەوە. دەکرا ئەزموونەکەی ئارپیار دێر مارکاریان وەک شایەتحاڵێکی بەهادار تۆمار بکرایە کاتێ باسی کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەن دەکات لە ساڵانی ١٨٩٤ - ١٨٩٦ و ئەوانەی ساڵی ١٩١٥یش. بەڵام ڕێگەی لە تۆمارکردنی ئەو ئەزموونە کرد بە نووسین. هەرچۆنێک بێت، تەنانەت ئاماژە کورتەکانیشی بۆ ئەو ڕووداوانە لە کەشوهەوای سەرکوتکەری تورکیادا کردەوەیەکی بوێرانە بوو. ئەوەی جێی سەرنجە، کە دەیان ساڵ دوای مردنی ئەم پیاوە و لە کتێبێکدا کە تەواوی کار و بەرهەمەکانی تێدایە، لەگەڵ خەمنامەی مردنی و یادەوەرییەکانی لە لایەن هاوڕێ و خۆشەویستانیەوە، ئەنێلکا کارمیریانی کچی دان بەوەدا دەنێت کە چۆن ئەم بۆ ماوەیەکی زۆر و تا ئەو کاتەی گەیشتبووە تەمەنی عازەب بوون، هیچ زانیارییەکی نەبوو سەبارەت بە ڕابردووی باوکی:

هەمیشە لە ڕووداوە ماتەمینی و خەمبارەکان دوور دەخرامەوە، بۆ ئەوەی جیهانی ناوەوەی شادمان و دڵخۆشم تێک نەدەم. کاتێ گەورە بووم و دەمبینی هاوڕێ نزیکەکانم باسیان لە زۆریی خزمەکانیان و خێزانە گەورەکانیان دەکرد، لە دایکم پرسی بۆچی ئێمە خزمێکمان نییە لە لایەنی باوکمەوە. ئەویش ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو و پاشان لە وەڵامدا گوتی، "ئاخر باوکت هەتیو بوو".[1]

ئەو دانپێدانانە ژیانی تاڵکرد و پاڵی پێوەنا بۆ سۆراخکردنی زیاتر. بەڵام دیسانەوە ئەوەندە نهێنیی بۆ ئاشکرا نەبوو. ئەو دان بەوەدا دەنێت کە هەندێ جار دەترسا زیاتر بزانێت:

ڕۆژانی جەژن هەمیشە بۆ من پڕ لە هەست و سۆز بوون و بە ترسەوە چاوەڕێی ئەو ساتە بووم ... کە دەنگی بەهێزی باوکم ئەو ناوە پڕ بکات لە "کانچێ کرۆنک، کانچێ".[2] **ئەمە ساتەکانی کابووس و مۆتەکە بوون بۆ من. باوکم خەم و ئازارێکی تاڵی هەبوو. ئەوە گۆرانی نەبوو، بەڵکو نزا و پاڕانەوەیەک بوو بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ ئازیزە بێسەروشوێنەکانی. من حەزم دەکرد گۆرانییەکە زوو کۆتایی بێت. پاشان، دەنگی دەکەوتە لەرزین و بە بێدەنگی فرمێسکەکانی قووت دەدا. ئەمە گیرۆدەبوونی ئازارێک بوو کە پێدەچوو هەرگیز کۆتایی نەیەت".**[3]

ئیفادەی ئەنێلکا سەبارەت بە ناوبەناوێکی تووڕەبوون و هەڵچوونەکانی باوکی لە کاتی کۆبوونەوەی خێزانیدا دیاردەیەکی نائاسایی و دەگمەن نییە. ئێمە پێشتر باسمان لە ئەزموونێکی هاوشێوە کرد کە محەمەد ئوزون دەیگێڕێتەوە سەبارەت بە ڤاردانی پینەچییە بەناوبانگەکەی دیاربەکر، کە گۆرانیی خەمناکی دەچڕی و دەگریا هەر کاتێ لەگەڵ خێزانەکەی بۆ گەشت و گەڕانێک دەردەچوون لە ژێر دارهەنارەکانی کەنار ڕووباری دیجلەدا. ئا لەم ساتانەی مەستیدا، کە مەی خەیاڵ و سۆزیان دەبزوێنێت و دەیانخاتە جیهانی نائاگاییەوە، کۆنترۆڵی خۆیان لەدەست دەدەن و یادەوەریی چەپێنراوی ڕابردوو بۆ سەرەوە هەڵدچێت و سەررێژ دەکات و ڕۆحیان بێدار دەکاتەوە. ئەو ڕزگاربووانەی "کارەساتەکە" نە لە ئێستادا دەژین و نە لە ڕابردووشدا لە کۆبوونەوەیەکی هاوشێوەی خێزانێکی زۆر لەوە گەورەتر لەگەڵ باپیر و دایک و باوک و خوشک و برا و پوور و خاڵ و مامدا.

ئەوان لە دۆخێکی پەشۆکاوی پڕ لە ئازار و چەواشەی کات و شوێندا دەژین. جێگای سەرنجە کەوا زۆرێک لە ڕزگاربووانی هۆڵۆکۆست، کە بە درێژایی ماوەیەکی زۆری ژیانیان پەنایان بردە بەر بیرەنگی لەبارەی ڕابردوویانەوە، بەڵام هەر هەموویان دواجار هەرەسیان هێنا و کەوتنە باسکردن و گێڕانەوەی بێکۆتایی لە کۆبوونەوە خێزانییەکاندا. ساڤیۆن لیبرێخت کاراکتەری مەندەڵ بەرجەستە دەکات لە ڕۆمانی "ئاهەنگی دەزگیرانیی هایوتا Hayuta's Engagement Party"دا (١٩٩٨). مەندەڵ تەمەنی هەشتا و دوو ساڵ بوو کاتێ کە "لەناکاو بەتوندی دەرگای نهێنیی یادەوەرییەکانی جەنگ کرایەوە- کە بۆ چەندین ساڵ دەبوو لەبیرچوونەوە دابپۆشیبوون - بەڵام لەناکاو بە توندی تەقییەوە. ئەمە هەمووی لە سەروبەندی سەری ساڵی عیبریی ڕۆش هەشانا Rosh Hashanah دەستی پێکرد" (ل٨٤ - ٨٥). ئەوە شەش ساڵ پێشتر بوو، کە ئیتر لەو کاتەوە خێزانەکەی هەمیشە لەم بۆنە خۆشانەدا لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێدا دەژین، نەوەک جارێکی تر دەست پێبکاتەوە. هەروەک ئەنێلکا، هایوتاش بە ترسەوە چاوەڕێی ئەم ساتانە دەکات و نزا و نوێژ دەکات کە بەم زووانە کۆتاییان بێت. دیسانیش وەک ئەنێلکا کە ئومێدی ئەوە دەکات هێدمە و زەبروزەنگی ڕابردوو لەبیر بکات و وەک هاوولاتییەکی تورکی پاشخان ئەرمەنی کریستیان ناسنامەیەکی بێتاوان وەربگرێت (کە ناسنامەیەکە هەندێ جار بێتاوان نییە)، بە هەمان شێوە هایوتا، هەوڵدەدات ڕابردووی باوباپیرانی لە پشتی خۆیەوە بەجێبهێڵێت و ببێتە هاوولاتییەکی ئاسایی ئیسرائیل.

مێلینێی، ئیلهامبەخشی کەمال یاڵچین و کچی ڕزگاربوویەک، هیچی لەبارەی مێژووی خێزانەکەی خۆیەوە نەدەزانی. دایک و باوکی هەندێ جار باسی سێباستیا یان کانگالێیان دەکرد، بەڵام هیچ شتێکیان لەبارەی ڕاگواستنیان لەم شوێنانە یان لەبارەی چارەنووسی ئەندامانی خێزانی هەردوو لایانەوە باس نەدەکرد کە لە کارەساتەکە دەرباز نەبوون. مێلینێ هیچی لەبارەی ڕووداوەکانی

ساڵی ١٩١٥ نەدەزانی و مێژووی ئەرمەنیشی لەو قوتابخانە ئەرمەنییەشدا لە ئیستانبوڵ نەخوێندبوو کە ئەمی تێدا بووبووە قوتابی. هەڵبەت کارێکی سروشتی بوو بۆ ئەو کە ناسنامەی ئەرمەنیبوونی خۆی بشارێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لە کۆمەڵگەی ئیستانبوڵدا پێشبکەوێت.. بەڵام هەر ئەو ناچارییە بۆ شاردنەوەی ناسنامەی خۆی بۆ ئەوەی جیاکاریی لەگەڵ نەکرێت کۆمەڵێک پرسیاری لە ئەقڵ و زەینیدا وروژاند. دەرئەنجامی ئەوەش پاڵنەرێک بوو بۆ گەڕان بە دوای ڕەگ و ڕیشەی خۆیدا. باشە ئەو کێیە و چیە؟ ئەی ئەوە چیە کە لە ڕابردوویدا شاردراوەتەوە و ئەم کۆسپانەی بۆ دروست دەکات بۆ پێشکەوتنی لە کۆمەڵگەی تورکیدا کە بە هەموو دڵسۆزییەک تێکەڵی بووە؟ (یاڵچین، ل ٢٠٨). بەڵام دوای ئەوەی خۆی و گێغامی هاوسەری لە ڕاستییە تاڵ و دەردە سەختەکە تێگەیشتن کەوتنە ئەوەی هەست بە نامۆیی بکەن و لە نیشتمانی خۆیشیاندا هەر بە نامۆ و بێگانە دانران و بەو هۆیەوە هەردوو هاوسەر بڕیاریاندا بچنە ئەڵمانیا: "با بچینە وڵاتێکی تر و لەوێ بە بێگانە دابنرێین". (ل٢١٤).

ئاگۆپ هاجیکیان زۆر کەمی لەبارەی ڕابردووی ئەرمەنەکانەوە دەزانی ئەو ماوەیەی کە لە ئیستانبوڵ گەورە بوو. دایک و باوکی، کە هەردوکیان ڕزگاربووانی جینۆساید بوون، باسی ئەزموونی بەئازاری ڕابردوویان نەدەکرد. بەڵام بێدەنگیی تەواو و ئەو ناوبەناو ئاماژەکردنە بە سەوقییات *sevkıyat* (ئاکسۆر *aksor* کە بە ئەرمەنی، بە واتای دەربەدەری دێت)، یان سەفەربەرلک (زۆرەشارژ *zorasharzh* بە ئەرمەنی، بە واتای هەڵمەتی کۆکردنەوە و جۆشدان)، هۆکارگەلێک بوون کە هاندەری خولیا و مەراقی ئاگۆپ بوون بۆ ئاشکراکردنی چیرۆکی شاراوەی خێزانەکەی و گەلەکەیشی. ئەوجا دوای دەیان ساڵ، لە کەشوهەوای کراوە و ئازادی کەنەدا، هاجیکیان زنجیرەیەک ڕۆمانی نووسی، کە سەرەتا لە *"تۆماس Tomas"* هوە دەستی پێکرد (١٩٧٠) و لە دواییندا ڕۆمانیدا بە ناوی *"هاوینێکی بێ بەرەبەیان A Summer Without Dawn"*. ئەمی دواییان وەک

پێشتر باس کرا، چیرۆکی ژیانی ڤارتان بالیان دەگێڕێتەوە، کە کارەکتەرێکی خەیاڵییە و نوێنەرایەتیی هاوواڵاتییانی ئەرمەنی خوێندەوار و دەوڵەمەند و پابەندی یاسا دەکەن لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا کە خزمەتی وڵاتەکەیان دەکەن. لە دوای کۆمەڵکوژییەکان و ڕاگواستنەکان، ڤارتان دەستگیر و زیندانی دەکرێت. پاشان دادگاییکردنێکی گاڵتەجاڕانەی بۆ بەڕێوەدەچێت، بەڵام تاکە تۆمەت کە ئاڕاستەی کراوە ئەرمەنیبوونیەتی. هاجیکیان ئامانجی تورکیا لە پشت پرۆسەکانی چەوساندنەوە و کۆمەڵکوژییەکانی ساڵی ١٩١٥ لە نووسراوێکدا کورت دەکاتەوە کە لە سەر دیواری ژووری زیندانەکەی ڤارتان هەڵکۆڵراوە: "پیاوچاکان بە هۆی ڕەگەز و زمان و ئاینەکەیانەوە حوکمدراون و لێرەدا چاوەڕوانی مردن دەکەن".[٤]

بەم ڕۆمانە، هاجیکیان، هەڵگری نەوەی دووەمی یادەوەریی میژوویی و ناسنامەی ئەرمەنی، بە ڕۆڵی خۆی هەوڵدەدات یادگارییەکان بگوێزێتەوە. ئەم هەوڵە بە شێوەیەکی سیمبۆڵی لە دیمەنی کۆتاییدا نمایشکراوە. لە کاتێکدا ڤارتان و تۆماسی کوڕی، کە لە خانەیەکی هەتیوانی ئەرمەن لە جنێڤ هێنراون[٥] بۆ وێنەگرتنێک، ڤارتان تێبینیی دەکات، "ئەوان لە پشتمانەوە وەستاون!" بەڵام کوڕەکەی بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەوروبەری دەکات و کەس نابینێت. لێرەدا ئەو ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: "باوباپیرانمان، باوکم، باوکی. ئێوە کە بەری دەیان نەوە و پشتن کە ئەم کولتوورەیان دروست کردووە و میراتی ئێوەیە، پێویستە بیناسن و دەوڵەمەندی بکەن بۆ ئەوەی هەرگیز نەمرێت و بەم شێوەیە باوباپیرانتان دەتوانن بەردەوام بژین" (ل٥٣٧ – ٥٣٨).

لەگەڵ ناوبەناو هەڵکشانی شەپۆلەکانی ستەم و چەوساندنەوە، کە لە هەر نەوەیەکی ئەرمەنی دەدا لە تورکیا، هەر ڕووداوێک بەردەوامیی یادەوەریی میژوویی مسۆگەر دەکرد لە ڕێگەی کەڵەکە کردنی چینە نوێیەکانەوە بەبێ ماندووبوون. لە کتێبەکەی یالچیندا *"ئێوە دڵی منتان خۆشکرد"*، ڤارپێت سەرکیس

یادەوەرییەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێی بەرز ڕاگرتووە. ئەو لە گەنجیدا وەک سەربازێکی *گاور gâvur* بەشداریی جەنگی جیهانی دووەمی کردووە. پاشان، لە شەوی لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٥٥، وەک پاسەوان ئامادە بوو بەرگری لە ماڵەکەی خۆی و دایکە بەسااڵچووەکەی بکات دژی هێرش و پەالماری دەستە و تاقمە ئاژاوەگێڕەکانی تورک لە ئیستانبوڵ. "دایکە وەرە دەرەوە، سوپاس بۆ خوا، ئەم کارەساتەشمان تێپەڕاند"، بەم قسانە بانگی لە دایکی کرد دوای ئەوەی توانیبووی ئاژاوەگێڕەکان قەناعەت پێبکات کە بە هەڵە هاتوون بۆ ئەم ناونیشانە و ئەمە ماڵە تورکە. وەاڵمی دایکی ڕەنگدانەوەی کاریگەریی ئەزموونە تاڵە کەڵەکەبووەکان بوو کە ئەزموونی تری نوێیشی هاتە سەر "تۆ ترساوی کوڕم، خوای گەورە تۆڵەیان لێبکاتەوە! ئێمە بەرگەی چەندین هەڕەشەمان گرتووە؟ چەندین جار بە ئارامی و ئۆقرەیی بەرگەمان گرتووە؟ بەرد شەق دەبات و دەشکێت، ئاسن دەتوێتەوە.... بەاڵم ئێمە لە بەرد و ئاسن سەختترین" (یاڵچین، ل ٣٠٥). ئۆقرەیی و خۆڕاگری تاقە چەک بوو ئەرمەنەکان هەیانبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێکۆتایی ستەم و درندەییەکانی تورک.

حاجی ئیبراهیم کوڕی ژن و مێردێکی ئەرمەن بوو کە ئیسالم بووبوون و ئەزموونی خۆی وەک "موسڵمانێکی" چەوساوە و پەراوێزخراو دەگێڕێتەوە. یاڵچین لە شاری کۆڵن لە ئەڵمانیا ئەم کوردە ئەرمەنەی دۆزیەوە. گەڕان و سۆراخکردنی ئەو بۆ ئەرمەنە شاراوەکان لە ناوچەکانی ناوەوەی تورکیا، لە ئەدیامان و تونجەلی، وەک بیستبووی کە زۆریان تێدایە، هیچ ئەنجامێکی نەبوو، بەاڵم لە دەرەوەی تورکیا سەرکەوتنی گەورەتری بەدەستهێنا، لە ئەڵمانیا و تاڕادەیەک لە ئیستانبوڵیش.

کاتێ ئیبراهیم گەورە بوو، دایک و باوکی زۆر هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی جیهانی ناخی خۆیان و ڕابردوویان و بیروباوەڕی ڕاستەقینەیان بشارنەوە و ئاشکرای نەکەن. ئەوان وەک موسڵمانێک پەروەردەیان کرد و بەم شێوەیە هیچی لەبارەی

ئاین و ڕەچەڵەکی خۆیەوە نەدەزانی و تەنانەت ڕقی لە *گاوریش* بوو کە لە قسە و باس چیرۆکەکانی پیاوە بەسالاچووەکانی کوردی ئەو گوندەدا وایان گێڕابووەوە کە کاری خراپ و دزێویان کردووە دژ بە تورک و کورد. دۆزینەوەی بەئازاری ڕاستییەکان دەربارەی دایک و باوکی و ڕابردوویان جیهانێکی نوێی بۆ ئیبراهیم کردەوە. لە تەمەنی نۆ یان دە ساڵیدا، جارێکیان لە کۆڵان لەگەڵ منداڵانی دەراوسێکانی گەڕەکدا دەبێتە شەڕی و ئەوانیش جنێوی ناشیرینی پێدەدەن و بە گاور گاور بانگی دەکەن و نەفرەت لەو ناوەی دەکەن. بۆیە باوکی ناچار بوو دان بەوەدا بنێت کە ڕاستە و ئەوان گاور بوون و بە ڕەچەڵەک ئەرمەنن. دوای ئەوەی ئیبراهیم ڕووبەڕووی ڕاستییەکان بووەوە، باوکی وردە وردە کەوتە ئەوەی متمانەی پێبکات و باسی ڕابردووی لەگەڵدا بکات (ل٣٢٢). ئیبراهیم لە ژێر باری قورس و کاریگەریی ئەو قسە و باسە تۆقێنەر و سامناکانەی کە لە باوکیەوە بیستبووی و دارمانی ئەو خەیاڵی ئاسوودەییەی کە تێیدا دەژیا و لەبەر ئەوە وەک کەسێکی سڵۆک و شەرمن گەورە بوو، هەموو کاتێ دەترسا داکۆکی لە مافی خۆی بکات. ئێستاش لە ئەڵمانیا چیرۆکەکەی باوکی بۆ یاڵچین دەگێڕێتەوە، ئەو چیرۆکە تۆقێنەر و سامناکەی کەوا کردوویەتیە هی خۆی.

شماڤەر (شماڤۆن)ی باوکی ئیبراهیم کوڕێکی منداڵ بوو کاتێ کوشتارەکەی ساڵی ١٩١٥ دەستی پێکرد. خێزانەکەی ئەو بریتیبوو لە شەش خوشک و برا، دایک و باوک، نەنک و باپیر، مام و پوور و لەمانە هەموویان ئەو تاقە کەس بوو لەو کارەساتە دەرباز ببێت کە لە باسکردن نایەت. لە دواییدا خێزانێکی کورد خستیانە لای خۆیان بەڵام نەیتوانی لەوێ و لەو دۆخە قورس و سەختەدا هەڵبکات، بۆیە هەڵهات و پەنای بردە بەر خێزانێکی ئەرمەنی و دالدەیان دا. شماڤۆن وەک کەسێکی پشت بەخۆ بەستوو گەورە بوو و پاشان کچێکی ئەرمەنیی خواست کە ئەمیش وەک خۆی دەربازبووی جینۆسایدەکە بوو. لە

سەرەتای جەنگی جیهانیی دووەمدا قورەی هات و گیرا بە سەرباز لە سوپادا. لێکدانەوەی شماڤۆن وابوو کە حکوومەت متمانەی بە کریستیانەکان نەبوو بەو باوەڕەی کە لە حاڵەتی جەنگ لەگەڵ وڵاتێکی کریستیاندا، ئەمان خیانەت لە تورکیا دەکەن و دەچنە پاڵ دوژمن. لەبەر ئەوە شماڤۆن و ئەرمەنەکانی تریان خستە کەمپ یان سەربازگەکانی کارکردنەوە (*ئیشۆجاغی*) (ل ٣٢٧). بەم پێیە ئایدیای تابووری کرێکاران (*عەمەلە تابووری amele taburi*)ی جەنگی جیهانیی یەکەم لە دوای چارەکە سەدەیەک دووبارە بووەوە، بەڵام ئەمجارەیان چارەنووسی سەربازە کرێکارەکان کوشتن نەبوو بەڵکو تەنها خستبوونیانە ژێر باری قورسی کارکردن و ئەشکەنجەدانەوە. ئەزموونی سەرکیسیش لە ناو سوپای تورکیادا هاوشێوەی چیرۆک و بە سەرهاتی باوکی ئیبراهیم بوو.

شماڤۆن و خێزانەکەی بە هۆی فشار و بێزارکردنی بەردەوامەوە بوون بە ئیسلام و ناوی خۆی گۆڕی بۆ عەلی، بەڵام ئەمە نەیبواردن لە باجی مااڵ و سامان (وارلک وێرگسی *varlik vergisi*) کە ساڵی ١٩٤٢دا بە سەر غەیرە موسڵمانەکاندا سەپێنرا. ئیبراهیم ساڵی ١٩٤٣ لەم خێزانەدا لەدایکبوو. ترس و دڵەڕاوکێ بەردەوام بوو لە گوندە کوردییەکەی توکاریس (ڕۆژهەاڵتی ئەدیامان نزیک بە کەهتا)، هەستێک کە لە کەسایەتیی ئەم کوڕە منداڵەدا چەسپیبوو. ئەو دواتر بۆی دەرکەوت کە باوکی بە نهێنی نوێژ بۆ خودای مەسیحییەکان دەکات، بەڵام بەئاشکرا دڵسۆزانە نوێژە ئیسلامییەکەی (*نەماز namaz*) بە عەرەبی دەخوێند (کە خۆیشی لێی تێنەدەگەیشت)، کە ڕۆژی پێنج جار بەجێیدەهێنا و پاشانیش لە شەودا دەچووە ژوورێکەوە دەرگای لە سەر خۆی دادەخست و بە جۆرێکی تر نزا و نوێژی دەکرد. کاتێ منداڵەکانی کەوتنە پرسیارکردن لەم ڕەفتارە سەیرەی، تەنها زەردەخەنەی دەکرد و دەیگوت: "ئێوە تێناگەن" (یاڵچین، ل٣٢٢)، کاتێکیش کە حاجی ئیبراهیم گەورە بوو و تەمەنی گەیشتە ئاستێک باوکی متمانەی پێبکات ئەوجا ئەم نهێنییەی لا درکاند. ئەمیش مەراق دایگرت و

تـوانی ئەو خێـزانە بە ڕەچەڵەک ئەرمەنـانەی تـر بـدۆزێتەوە کە وەک خێـزانەکەی خۆی بـوون و گـوێی لە چیـرۆک و بەسـەرهاتی ئەرمەنە بەسـاڵاچووەکان دەگرت کە ئەو لێقەومان و دۆخە سـامناکەی سـاڵی ١٩١٥یـان بەسـەرهاتووە (ل٣٣٠). بەو پێیە شوناسە ئەرمەنییەکەی لە خۆڵەمێشی هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەوە سەریهەڵدا.

هێرشـێک بـۆ سـەر دوکـانەکەی عەلـی/ شـماڤۆن کە وێرانیکـرد و سـەرچاوەی بژێویی خێزانەکەی لەناوبرد، بێجگە لە پەرەسـەندنی پێشـوەختەی دژایەتیکردن لە دەوروبەریان، خێزانەکەی ناچـار کرد ئەو گونـدە بەجێبێڵن و بـار بکەن بـۆ کاهتـا کە کۆمەڵێکی بەرچاو لە خەڵکی ئەرمەنی شاراوەی تێدا دەژیـا. ئیبراهیم کە ئێسـتا کرێکارێکی کۆچبەرە لە ئەڵمانیا، هێشتا هەر ناچار بوو ناسـنامەی خـۆی بە نهێنـی بهێڵێـــتەوە. دارتســـاتەکان *dartsatses* (واتە ئەرمەنە بەجێماوەکـــان بە زمـــانی ئەرمەنـی – و) لە تورکیـا، لە پێنـاوی سـەلامەتیی خۆیـان، تکایـان لە خزمەکانیـان دەکـرد لە دەرەوەی وڵات بـۆ ئەوەی بێـدەنگ بـن. "زۆر قورسـە ژیـانێکی دووفـاق بژیت، واتە لە قوواڵایی ناخ و ڕۆحتدا شـتێک بیت و بە ڕووکەش وا خـۆت نیشـان بـدەیت کە شـتێکی تریـت" (ل٣٤٧). ئیبـراهیم کـاتێکی زۆری ویسـت پـێش ئەوەی توانـای ئەوەی هەبێت باسـی ڕەچەڵەکە ئەرمەنییەکەی خـۆی بکـات. ئەو بەشـەی ناسـنامەکەی لە گۆشـەیەکی قـووڵ قـووڵی ناخیـدا شـاراوە بـوو و بە تـرس و شـەرمەوە بەتونـدی سڕپۆشـی کردبـوو، تەنـانەت لە کـۆمەڵگەیەکی ئەوروپیـی دەرەوەی تورکیاشدا. "کاتی وا هەبوو دەمویست قوڕگم بدڕم و پڕ بە دەم هـاوار بـکەم 'مـن ئەرمەنـیم'، بەڵام بێـدەنگ دەبـووم. لە وڵاتێکـی وەک ئەڵمانیاشـدا هەر شوناسی خۆمم لەناو ناخی خۆمدا کڵۆم کردبوو" (ل٣٦٩).

حاجی ئیبراهیم ئاواتەخوازە کە "هەموو کەسێک بتوانێت بە ئازادانە و بێ ترس شوناسـی خـۆی ڕابگەیەنێت" (ل٣٥٤) لە ڕاسـتیدا پیـاوێکی ئـاینیی کـورد بە نـاوی مەلا چەلەبی، هانی دابوو ناسـنامەی ڕاسـتەقینەی خـۆی لە ئەڵمانیـا ئاشـکرا بکـات. لەگەڵ ئەوەشـدا، مەلا چەلەبـی تێگەیشـتنێکی جیـاوازی هەیە بـۆ شوناسـی حـاجی

ئیبراهیم. چونکە بۆ ئەو، ئیبراهیم کوردێکە کە ئاینەکەی ئیسلامە و بنەچەی ئەرمەنی و ئەوەش شتێک نییە بشاردرێتەوە. ئاخۆ چەند کورد یان تورکی بە ڕەچەڵەک ئەرمەن ئاگاداری ڕەگ و بنەچەی خۆیانن و ئامادەن دان بەوەدا بنێن؟ لەوەش گرنگتر چەندن ئەوانەی کە توخمی ئەرمەنی زاڵبێت بە سەر ناسنامەکەیاندا بە ڕادەی پاڵنانیان بۆ خۆناساندن و ئاشکراکردنی خۆیان وەک ئەرمەن، واتە ئەرمەنی موسڵمان؟

بەدەر لەم خێزانانەی کە بووبوونە ئیسلام، وەک کریکۆر جەیهان شایەتیی لە سەر داوە و قسە و باسی لەبارەوە کرا، خێزانی ئەرمەنیش هەبوون کە وەک مەسیحی مابوونەوە، بەتایبەتی لە ناوچەی گەرگەر. ئەم ئەرمەنانەی کە لە ئایندا بە کریستیان مابوونەوە بە تەواوی لە ڕووی کولتووریییەوە تێکەڵی کۆمەڵگە بووبوون و ئاین تاکە توخم بوو کە جیاواز بێت لە شوناسیاندا. دیارە یادەوەریی ڕابردووی ئەوانیش هەر لە زەین و بیریاندا مابووەوە و بۆ نەوە لە دوای نەوەیان دەگوێزرایەوە. گواستنەوەی یادەوەریی مێژوویی لای زۆربەی ئەو ئەرمەنانەی کە بووبوونە ئیسلام یان بە کریستیان مابوونەوە بەردەوام بوو، بەتایبەتی ئەوانەی کە بە تەواوی تێکەڵی شوناسی تورکی نەبووبوون و لە ڕووی سیاسییەوە بە سەریاندا سەپێنرابوو. بەڵام ئەوانەی کە تێکەڵ بوون و گریمانە دەکرێت زۆرینەبن، توانیویانە بە سەرکەوتوویی ڕابردوو بنێژن و وەک زۆرێک لە تورکەکان دەژین، بە دابڕان و بێئاگا لەو ڕابردووە. بێگومان باوباپیرانی ئەرمەنی ئەو خەڵکانە یان زۆر منداڵ بوون و ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٥ و بنەچەی خۆیان بیرنایەتەوە یان یادەوەرییەکەیان بەنهێنی هێشتووەتەوە و نەیانگواستووەتەوە بۆ نەوەی دوای خۆیان یان ئازار و مەینەتییەکەیان باس نەکردووە و لە دڵی خۆیاندا سرپۆشیان کردووە. مێژووی خێزانیی ئەو کەسانەی ئەم جۆرە ڕابردووە نێژراوەیان هەیە لەگەڵ سەردەمی کۆمارییەکاندا دەست پێدەکات.

ڕۆمانی "*زۆڵەکەی ئیستانبوڵ The Bastard of Istanbul*"ی ئەلیف شەفەق، وردەکارییەکانی ئەم بابەتی فەرامۆشکردنە دەخاتە ڕوو لە بەرانبەر بەردەوامبوونی یادەوەریی میژوویی لای ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا. نووسەر چیرۆکی دوو خێزان بەراورد دەکات، یەکێکیان ئەرمەنێکی تورکی موسڵمانە لە ئیستانبوڵ و ئەویتریان ڕزگاربووی جینۆسایدی ئەرمەنە لە سانفرانسیسکۆ. نووسەر چیرۆکەکە لە دیدێکی سیمبۆلییەوە دەبینێت کە ململانێیە لە نێوان لەبیرچوونەوە و یادەوەریدا: لەبیرچونەوەی لایەنی تورکی بۆ ڕابردوو سیاسەتی زاڵی خوێندن و پەروەردە سەپاندوویەتی و بەهێز دەکرێت لە تورکیادا، لە بەرانبەر پێداگریی ئەرمەنی دیاسپۆرا لە سەر یادکردنەوە و گواستنەوەی یادەوەرییەکە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. بە واتایەکی تر، بێئاگایی و فەرامۆشکردنی ئەرمەنی ئاسایی تورکیا بۆ ڕابردووی خۆی – یان زانیاریی هەڵبژێردراوی خۆی – لە بەرانبەر دەستپێوەگرتنی هۆشیارانەی ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا یان تاراوگە بە یادەوەریی بەکۆمەڵی باوباپیرانیانەوە.[٦] ئەوەی لێرەدا و لەم دژبەرییەدا ڕوودەدات ئیفادە و شایەتیی دوو جەمسەریی پێچەوانە بەیەکترن، واتە بیرهێنانەوە و لەبیرکردن. تزڤێتان تیۆدۆرۆڤ لە بواری مافی بیرهێنانەوە و یادکردنەوەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر ئەو ڕووداوانەی تاکێک یان گرووپێک ئەزموونیان دەکەن سروشتێکی نائاسایی یان تراجیدییان هەبێت "ئەوە مافەکە دەبێتە ئەرک: کە بیربهێنرێتەوە و شایەتی و ئیفادەشی لە سەر بدرێت".[٧] دیاسپۆرای ئەرمەن پراکتیزەی ئەم مافە دەکات و ئەرکی خۆی دەبینێت بەرانبەر بە ڕابردووی خۆی. بارودۆخی پێچەوانە لە تورکیادا زاڵە و ئەو ولاتەی شانازیی بە ڕژێمە دیموکراتییەکەیەوە دەکات بەڵام کاتێ دێتە سەر میژووەکەی لە پەیڕەویکردنی تۆتالیتاریزم بەولاوەی نییە. حکوومەتی تورکیا ئەوە باش دەزانێت کە بنیاتنانەوەی ڕابردوو کاری بیرهێنانەوە و یادەوەرییە و ئەوەش جیاوازە لە گێڕانەوەی فەرمی بۆ میژوو، کە لە خۆیدا ئاڵەنگارییە بۆ هێز و دەسەڵاتی تۆتالیتاری.[٨]

ڕۆمانەکەی شەفەق، کە پڕفرۆشترینە لە تورکیادا، وەبەرهێنانێکی بوێرانەیە لە پەیوەندیی تورکی - ئەرمەنیدا و نمایشێکی ڕاستەقینەیە بۆ هەڵوێستی توند و ڕەقی تورکیا لە ئاست مێژووی ڕابردووی وڵاتەکەدا. ڕەخنەی ڕوون و ڕاشکاوانەی نووسەر لەم هەڵوێستە و بوێریی قسەکردنی لەبارەی پرسی ئەرمەنەوە و تەنانەت بەکارهێنانی وشەی "جینۆساید"یش بۆ وەسفکردنی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٥، زیانێکی زۆری دروستکردووە لە ناوەندی ناسیۆنالیستە ڕاستڕەوەکانی تورکیادا. هەر بۆ زانینیش وشەی "جینۆساید" لە ڕۆمانەکەدا لە زاری کاراکتەرێکی ئەرمەنەوە دەرچووە و بە زەروورەت دەربڕین و دید و بۆچوونی نووسەر نییە. لە هەر باریکدا بووبێت بۆ دەربڕینی ئەم سەرنجە لە لایەن کاراکتەرێکی خەیاڵییەوە لە ڕۆمانەکەدا، شەفەق بە "شێواندنی ناوبانگی تورکبوون" تۆمەتبار کرا بە پێی ماددەی ٣٠١ و لە سەر ئەوەش درایە دادگا و سزای بە سەردا سەپێنرا و سێ ساڵ حوکمی بەندکردن درا. ئەگەرچی دواجار تەبریەش کرا، بەڵام دادگایی کردنەکە لەخۆیدا ڕووبەڕووبوونەوەی هەست و سۆزی ناسیۆنالیستە پەرگرەکانی تورکیای دەرخست لە بەرانبەر سنووری خۆ تاقیکردنەوەی ڕووناکبیراندا.

لە ڕۆمانەکەی شەفەقدا ئارمانوش بەردەوامیی یادەوەریی مێژوویی بەرجەستە دەکات لە دیاسپۆرادا. لایەنە ئەرمەنییەکەی خێزانی ئارمانوش دەیانەوێت دڵنیابن لەوەی کە ئەو وەک تۆخم و تۆرەمەی بنەماڵەی چەخماخچییان بەردەوامە لە هەڵگرتن و پاراستنی شوناس و نەریت و کولتوور و مێژووی ئەرمەن. لە کاتێکدا کە بارسام چەخماخچیانی باوکی وا دیارە باکی بەوە نییە کە ڕۆزی ژنەکەی پێشووی پەیوەندیی سۆزداریی هەیە لەگەڵ تورکێکدا و جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە "ئارمانوش باشە و مەترسیی لە سەر نییە" (ل٥٤)، پووڕە سورپونی، کە پرۆفیسۆرێکی فێمینیستی زانکۆ بوو، تووڕەیە و تێناگات بۆچی بارسام مەترسیی دۆخەکە نابینێت و گرنگیی بە بەردەوامیی توخم و ڕەگەز نادات:

ئەگەر قەدرزانیی مێژوو و ڕەچەڵەکت نییە و یادەوەری شکنابەیت و بەرپرسیارێتی لەئەستۆ ناگریت و تەنها لە ئێستادا دەژیت، بە دڵنیاییەوە دەتوانیت ئیددیعای ئەوە بکەیت. بەڵام ڕابردوو لە ئێستادا دەژی و باوباپیرانمان لە ڕێگەی منداڵەکانی ئێمەوە هەناسە دەدەن و تۆش ئەوە دەزانیت .... تا ئەو کاتەی ڕۆز کچەکەی تۆی لابێت هەموو مافێکت هەیە دەستوەردان لە ژیانیدا بکەیت. بەتایبەتی کاتێ کە دەچێتە پەیوەندیی خۆشەویستییەوە لەگەڵ تورکێکدا! (ل٥٥)

نیگەرانییەکە ڕوونە و تایبەتە بە ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا. مەسەلەکە بەردەوامبوونی ڕەگەز و پاراستن و بەرزڕاگرتنی ناسنامەی ئەرمەنییە، کە هەوڵ و کۆششە بۆ بەردەوامیی یادەوەریی مێژوویی، یادەوەریی ئەو برینەی کە تورک کردیە جەستە و ڕۆحی ئەرمەن و ناسنامەی نەوەی سێهەمی ئەو ئەرمەنانەی لە سەر بنیات دەنرێت کە لە دیاسپۆرادا گەورە بوون. پووڕە قارسێنیگ سەرچاوەی خراپەکارییەکە دەستنیشان دەکات و ناسنامەی ئەو "دوژمنە"ی کە هەڕەشە لە یەکگرتوویی ئەرمەنیبوونی ئارمانوش دەکات. "چۆن دەتوانیت گۆشت و خوێنی کچی خۆت بدەیتە ئەوانەی بەرپرسیارن لە کەمکردنی ژمارەی ئێمە و ئێش و ئازارێکی سەختی ئەمڕۆمان؟" (ل٥٥).

نمایشکردنی ئەم گفتوگۆ گەرمە لە لایەن شەفەقەوە، کە چەندین لاپەڕەی ڕۆمانەکەی گرتووەتەوە، تێگەیشتنی قووڵی دەردەخات بۆ پرسەکانی مانەوەی ئەرمەن و بەردەوامیدان بە بوونیان. ئەم ئایدیایە لە دڵەڕاوکێی پووڕە قارسێنیگدا ڕەنگدەداتەوە کە "زیاتر نیگەرانیی پێکهاتەییە، وەک لەوەی سەرەتایی بێت: کە ترسێکە لە مەسەلەی مانەوە" و "بە سادەیی نەیدەویست ئەستێرەی [ئارمانوش] زۆر بدرەوشێتەوە و لە ناو خەڵکدا دەربکەوێت" (ل٩٦). قارسێنیگ ئامۆژگاریی ئارمانوش دەکات کە خۆی ئەوەندە بەرچاو نەخات و هەرگیز بەهرەکانی بە ئاشکرا پیشان نەدات. هۆکاری ئەم ڕێنماییە سەیرە ئەوەیە کە لە کاتی جینۆسایددا، ئەوە سەرکردایەتیی ئەرمەنەکان و ڕۆشنبیران و "ئەقڵە کراوەکان" بوو، کە یەکەمجار پاکتاوکران، دواتریش بنبڕکردنی ئەودوای دانیشتووانی ئەرمەن. لە ڕێگەی دانانی ئەم ئایدیایە لە زەینی یەکێک لە کارەکتەرەکانیدا،

شـەفەق ئامـاژە بەوە دەکـات کە ئەرمەنەکـان لە دیاسـپۆرادا هەرگیـز هەسـت بە ئەمان و ئارامی ناکەن بەڵکو تووشـی تـرس و دڵەڕاوکێ دەبـن "ئەگەر کەسێکیان زۆر لە حـاڵەتی ئاسـایی و بـاو دووربکەوێتەوە" (ل٩٦). بێگومـان هەندێک ڕاسـتی لەم تێگەیشتن و وێناکردنەدا هەیە. چـونکە حکوومەتی تـورکە لاوەکـان سـەرکردە و ڕووناکبیرانی کردبـووە ئامـانج و پاشـان مـامەڵەی لەگەڵ میللەتـی سـەربڕدراودا کـردووە.[٩] لە ڕۆمـانەکەدا، بـاپیرە گەورەی ئارمـانوش لە نـاو ئەو ڕووناکبیرانەدا بـوو کە ڕاپێچکران و گیـران و دەسـبەجێ لەسـێدارە دران یـان دوورخـرانەوە بـۆ ویلایەت و ناوچەکانی ناوەوەی وڵات، بۆ ئەوەی لە ڕێگا لەناویـانببەن. ئارمـانوش وردەکارییەکـانی دەزانێت و دواتـر لە ڕۆمـانەکەدا لە گەشـتێکی سەرسـوڕهێنەردا بۆ ئیستانبوڵ کە لەوێ سەردانی خێزانـی زڕبـاوکە (باوەپیـارە) تـورکەکەی دەکات و لەوێ چیرۆکەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە:

دایکی داپیرەم ئێستا بێوەژن کەوتووە و لەبەر ئەوەی زەحمەت بوو لەگەڵ منداڵەکاندا لە ئیسـتانبوڵ بمێنێتەوە، پەنـای بـردە بەر مـاڵی بـاوکی لە سـیواس. بەڵام هەر بە گەیشـتنیان ڕاگواستن دەستی پێکرد. تەواوی خێزانەکە فەرمانیان پێکرا کە مـاڵ و کەلوپەلەکانیان بەجێبهێڵن و لەگەڵ هەزارانی تردا ڕێ بدەنە بەر بۆ شوێنێکی نادیار. (ل١٦٢)

پاشـــان درێـــژە بە چیـــرۆکەکەی دەدات و ئەو وردەکارییـــانەی کە لە ســـەری ئەرمەنەوەیە لە خێزانەکەی و دەیزانێت دەیگێڕێتەوە و بـۆ یەکەمجـار بـۆ خێزانـی پیاوەکەی دایکی باس دەکات و بە وریـاییەوە چـاودێریی کاردانەوەکانیـان دەکـات. گێڕانەوە کـاریگەرییەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو زامەیە کە هێشـتا ئـازاری دەدات و بە دوای پێچـانەوەی لاپەڕەی ڕابـردووە یـان سـارێژبوونی زامەکەیەتـی لەم شـارە دوورەدا کە ڕابردووی داپیرەیمان بیردەخاتەوە.

پووڕەکـانی ئارمـانوش، کە لە نەوەی ڕزگـاربووانن لە دیاسـپۆرا، ڕاسـتەوخۆ یـادەوەریی ئەزمـوونی تـاڵ و لێقەومـانی دایکیـان گواسـتەوە. ئەوان گـوێزەرەوەی چـالاک بـوون، بەڵام نموونەکەیـان نائاسـاییە. ئەو نەوەیەی لە دیاسـپۆرا لەدایـک بـووە، بە تـایبەتی لە وڵاتـانی ئەورووپـا و ئەمریکـا، بەزۆری دیـد و تێڕوانینێکـی

جیاوازی هەبوو، جیاواز لە نەوەی پێش خۆی و جیاواز لە هاوتاکەی کە لە تورکیا لەدایکبووە و هێشتا هەر لەوێ دەژی. بیرەوەرییە نۆستالجییەکان مانایان لەدەستدابوو بۆ ئەوان، نیشتمانپەروەری بەزەیی ئامێزیان لەلا قبوولکراو نەبوو. چۆن یادەوەریی ئەو دەرد و مەینەتییەی باوباپیرانیان بۆ گوێزراوەتەوە؟ ئایا ئەوان کار و بەرهەمە ئەدەبی و مێژووییەکانیان لە سەر جینۆساید خوێندووەتەوە؟ ئاخۆ بە بایەخەوە گوێدێری چیرۆکی دایک و باوکیان بوون؟ یان بێزارییان دەربڕیوە لە نامۆیی ڕەفتاری باوانیان و مەسەلەکەیان پشتگوێ خستووە و خۆیان لێ کەڕ کردووە و حەز و ئارەزووی ئەوانیان بێدەنگ کردووە بۆ سووککردنی بارگرانیی یادەوریان، بەوەی بە ئاشکرا قسە بکەن و چیرۆک و بەسەرهاتە پڕ ئێش و ئازارەکانیان بگێڕنەوە؟

لە میانەی تێبینییەکانی خۆمەوە دەتوانم بڵێم کە نەوەی دووەمی ڕزگاربووان تا ڕادەیەکی زۆر وەک گوێزەرەوەی بێدەنگ خزمەتیان کردووە و لە هەندێ حاڵەتدا بە شێوەیەکی پاسیڤیش بووە، لە هەندێ حاڵەتی تردا بە دوودڵی وەک پردێک لە نێوان دایک و باوکیان و نەوەی دواتردا خزمەتیان کردووە. کۆمەڵگە یان کۆمیونیتییە ئەرمەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بوون بە مەشخەڵی گڕی ئەرمەنیبوون و لە ڕۆح و ویژدانی گەنجاندا هەڵاواردنێکی بەرچاویان دەچەسپاند. ئاڵەنگاریی مانەوە و بەردەوامی باری شانی ئەوانیشی قورس کردبوو، هەردەم لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوون لەپێناوی پێشکەوتن و سەلماندنی خۆیان لە بەرەوڕووبوونەوەی "شکستی" باوباپیرانیان و لە بەرەوڕووبوونەوەی لایەنگریی پێشوەختە و باودا. بەڵام لێرەدا پرسیاری ئەوە دەکرێت: سروشتی ئەو شوناسە ئەرمەنییە چییە کە پابەند بوون پێیەوە؟ لە کەشێکی دەمارگرژی و جیاکاریدا و ڕووبەڕووبوونەوەی خەباتی ڕۆژانە بۆ مانەوە و سەرکەوتن لە جیهاندا، تا چ مەودایەک بوار بە ئینتیمای ئیتنیکی/ نەتەوەیی دراوە بۆ بەشداری لە گەڵاڵەکردنی شوناسیاندا؟ کار و بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو ماوەیە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە

تەنانەت ئەگەر نەوەی دووەمیش دووری بگرتایە یان خۆی دابڕیبایە لە ڕابردووی پڕ دەرد و ئازاری باوانی، ئەوە ئاسەواری دەروونیی ئەو ڕابردووە کە مۆرک و کاریگەریی خۆی بە سەر باوانەوە جێهێشتبوو هەر کاری خۆیان دەکرد لە ڕێگەی بێدەنگیی تاڵ و خەمناکی باوکەوە یان ئاخ هەڵکێشان و حاڵەتی پڕ لە داماوی و کوڵۆڵیی دایکەوە. بە دڵنیاییەوە هەرچەندە ڕزگاربووان هەوڵیان دابێت نهێنیی ڕابردووی خۆیان لە قووڵایی ناخی خۆیاندا بپارێزن و هەرچەندە کۆششی سەختیان کردبێت بۆ ئەوەی ژینگەیەکی تەندروست و خۆش دروست بکەن، دوور لە گرێ و ئاڵۆزیی ڕابردوویان، لە پێناوی ئەوەی کە منداڵەکانیان لەو ژینگەیەدا گەورە نەبن، بەڵام هەر سەرکەوتوو نەبوون.

لە پاش مردنی دایک و باوک، کوڕ یان کچیان، لە ڕێگەی ئەو شتە بچڕبچڕانەوە کە لێیان بەجێماوە، یان بە هۆی نوێبوونەوەی بایەخپێدان ئەو ڕێز و پیرۆز ڕاگرتنەی دەچێتە دڵی کەسێکەوە سەبارەت بە باوک یان دایکێکی مردوو، پەی دەبات بە تەواوی سەرچاوەی ئازاری باس نەکراویان و حەز و ئارەزووی تەڵخ و لێڵیان و ئەو یادەوەرییە زۆر و زەبەندەی باری شانی ئەوانی تەواو قورس کردبوو. ڤەرجینیا هارۆتونیان ڕەفتاری نامۆی دایکی و هەوڵ و تەقەلای هەموو ژیانی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو دۆخەدا، تەنها بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بزانێت کە ئەوە جینۆسایدە و کاریگەرییە پاشماوەکانی بوو کە ئەو ڕەفتارە نامۆ و نائاساییەی لای دایکی دروست کردبوو، کە ژیانی خۆی و ئەمیشی وێرانکردبوو. یاداشتەکانی ڤەرجینیا *"هەتیوێک لە ناو لمدا Orphan in the Sands"* (١٩٩٥)، چیرۆکی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزە هاوژیانییە symbiotic کە پەیوەست بوو بە گواستنەوەی ناسنامەی ئیتنیکییانەوە و یادەوەریی مێژوویی گەوهەر و ناوەرۆکەکەی پێکدێنێت.

داڤید خێردیان قسە لە سەر هەندێ ئەزموون دەکات لە شیعری "بۆ باوکم"دا و لە شیعرێکی تریشدا بە ناونیشانی "باوکم"دا لە دیوانە شیعری *"ڕێزم بۆ ئەدەنە*

Homage to Adana" (١٩٧٠). ئەمانە و گەلێ لە شیعرەکانی تری خێردیان ڕەنگدانەوەی یادەوەریی ئازاربەخش و لەبیرنەکراوی جینۆسایدەکەن کە لە ڕێگەی باوکیەوە نائاگایانە بۆی گوێزراوەتەوە.

بارگرانیی یادەوەرییە تراجیدییەکان هێشتا هەر کاریگەرانە دەگوێزرێنەوە، بە شێوەیەک کە بە تەواوی وێکدێتەوە لەگەڵ پەیوەندیی ناو کەشی خێزانی و باوان و منداڵدا کە لە لایەن نەوەی لەدایکبووی دیاسپۆراوە ئەزموون دەکرێت بۆ ڕزگاربووانی جینۆسایدەکە. یەکەم نەوە بە زەحمەت جۆری نوێی ئەرمەنیبوونی قبووڵ دەکرد و دووەم نەوە وەریگرت. ئەم ڕزگاربووانەی جینۆساید لەدەستدانی زمانی ئەرمەنی دەگێڕنەوە بۆ منداڵ و وەچەکانی خۆیان کە ڕەخنەیان لە دەست پێوەگرتنی توند و ئاڵۆزی باوانیانە بە "جیهانی کۆنەوە". هاکۆپ کەرەپێنتس لە کتێبەکەیدا "جێفەرسۆن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا" (١٩٧٥) باس لەم بۆشاییەی نێوان نەوەکاندا دەکات.

مارگرێت عەجەمیان ئاهنێرت گوێزەرەوەیەکی چالاک بوو بۆ یادەوەریی دایکی. ئێستەر هەموو نهێنییە خراپ و ناشیرینەکانی ژیانی خۆی پێسپاردبوو، چونکە دەیویست کچەکەی هەموو ئەوانە بزانێت و منداڵەکانی خۆیشی لێ ئاگادار بکاتەوە و گوتبووی: "کاتێ مردم، ڕاستی لەگەڵم دەمرێت. دەبێت تۆ بزانیت و منداڵەکانیشت بزانن کە من چیم بەسەرهاتووە و چۆن ژیاوم"[١٠] ڕاستییەکەی مارگرێت ئەو یادەوەرییەی هەڵگرتبوو کە تێڕوانینی ئەوی بەرانبەر بە تورک و تورکیا داڕشتبووەوە. ئەو هیچ کۆنترۆڵێکی بە سەریدا نەبوو، پێی سەیر بوو و لە دڵی خۆیدا دەیپرسی: "باشە من چیم بەسەرهاتبوو؟ ئاخۆ دایکم ژیانی منی بە پارچە پارچەی چیرۆکەکانی پیس و ئالوودە کردووە؟"[١١] لە ڕاستیدا، چیرۆکی ژیانی ئێستەر نەک تەنها بۆ نەوەکانی بەڵکو دەبێت بۆ هەموو جیهانیش بگێڕدرێتەوە. یادەوەرییەکەی ئەوە بوو بە زیندوویی هێڵراوەتەوە و لە ڕووی فیزیکییشەوە پارێزراوە، لە ڕێگەی نووسراوێکی هەڵکۆڵراوەوە لە سەر دیوارێک

لە دوورگەی ئیڵیس. لەوێ ئەو سێ پشتە کۆبوونەوە، دەستیان لە پیتەکانی ناوەکەی دەدا و هەستیان بە ڕۆحی ژنێک دەکرد کە خەبات و تێکۆشانی کرد و لە کارەساتبارترین و تۆقێنەرترین ئەزموونی مرۆڤایەتی دەرباز بوو:

حکوومەتی تورکیا هەوڵیدا دایکم لەناوببات و لە سەر زەوی بیسڕێتەوە، بەڵام دایکم سەرکەوت و ناوەکەی لە سەر ئەم دیوارە هەڵکۆڵراوە بە تەنیشت ئەلبێرتی [هاوسەرە] خۆشەویستەکەیەوە بۆ هەتا هەتایە. سارای [کچەزای گەورەم] باوەشی پێداکردم و هەستم بە فرمێسکەکانی کرد بە سەرمدا دادەبارین. لین [کچی کچەزاکەم] قۆڵەکانی بە دەوری هەردوکماندا دەسووڕاند. ئێمە بۆ ماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە وەستاین. من هەستم بە ئێستەر دەکرد. "زۆر باشە دایکە، تۆ سەلامەتی، تۆ لە ئەمریکایت و ئێمە لێرەین لەگەڵ تۆدا."[١٢]

وێنە گوێزراوکانی "جیهانی کۆن"، لە پەرۆشی و نۆستاڵجیاوە بۆ چیرۆکە ترسناکەکانی دەستدرێژی و کوشتن، بە شێوەیەکی نائاگایی کاریگەرییان هەبوو لە سەر پێکهاتنی ناسنامەی ئەرمەن لە دیاسپۆرادا و یادەوەرییەکان دەماودەم و پشتاوپشت دەگوێزرانەوە. ئەڵیشا گیراگۆسیان کە باوکی یەکێک بوو لە ڕزگاربووان، دەنووسێت:

... کە ئەرمەنی بیت خولیایەکت هەیە،
بۆ ئەوەی جیهان بزانێت
چەندە قورسە ژیان و هەڵکردن
لەگەڵ یادگارییەکانی ئازیزە بێسەروشوێنەکانماندا
کە هێشتا تەڕ و زیندوون
لە پێچەڵپێچی زەین و مێشکماندا.[١٣]

ئەو ئەرمەنییەش کە لە دیاسپۆرا لەدایک بووە، هەر یەکێکە ڕزگاربووانی ئەو کارەساتە گەورەیە، بە چاوپۆشی لە هەر پەیوەندییەکی خێزانیی بەوانەوە کە فەوتان و لەناوچوون.

گێرارد چاڵیاند دەنووسێت: "من پێم خۆش بێت یان نە، نەوەی گەلێکی کۆمەڵکوژ کراوم". ئەو شەڕ و ململانێیەتی نەک لەگەڵ یادەوەریی لەدەستدان و ئەو یادەوەرییەی کە تێیدا ژیا، بەڵکو ئەوەش کە بە میرات بۆی مایەوە و هەوڵیدا

لەبیری بکات. یادەوەریی منداڵیی ئەو لە میانەی چیرۆک و حیکایەتە ئازاربەخش و خەمناکەکانی داپیرەیەوە: "ئەو پیرەژنانەی کە ڕەشپۆش بوون لە سەردەمی منداڵیی منـدا هەمیشـە لە بیرەوەرییەکانیانـدا دەیـانکۆڵییەوە: ئەو مـردووانەی کە نەنێژران بۆ هەتـا هەتـایە مـردووی ئەوان بـوون".[١٤] دەنگدانەوەی چیرۆکەکانیان ئاسەوارێکی نەسـڕاوەی بەجێهێشت لە زەین و مێشکە بچووکەکەیدا و بەردەوام گوێی لە چرپە خەمناکەکانیان بوو کاتێ گەمەی بە سەربازە یارییەکانی دەکرد لە سەر زەویی هۆدەی دانیشتنەکەیان. لە تەمەنی شـانزە سـاڵیدا، کاتێ کە شوناسـی مرۆڤ دەست دەکات بە دەرکەوتن و لە زەیندا جێی خۆی دەکاتەوە، ئەو ئامـادە بـوو "شـوێنپێی خێـڵ" و "بـازنەی ئەو ژنـانەی لە تـاو خەم و خەفەت دەگـرین و فرمێسـک دەڕێـژن" بەجێبێڵێت و دەسـت بە قۆنـاخێکی نـوێ بکـات.[١٥] ئێسـتا ئەو هەسـتی بە ڕق و کینەیەک دەکرد بەرانبەر بە "پەرسـتنی شـەهیدانی ڕابـردوو، کە ئەوەش بـارگرانییەکی مـازۆخییە بە سـەر شـانی خەڵکی شکسـتخواردووەوە". ئەم دابڕان و جیابوونەوەیە ماوەی چارەکە سـەدەیەک بەردەوام بـوو کە تێیدا هەوڵی ژیـان و هەڵکردنـی دا "لەگەڵ سـەرەڕۆییەکانی هەمـوو مرۆڤـدا". ئەو ناسـنامە ئیتنیکییەشی فرێدا کە بە یـادەوەرییە کارەسـاتبارەکانی ڕابـردووەوە بەسـترابوو و هەوڵی بۆ ئەوە دا ناسـنامەیەک وەربگرێت کە لەگەڵ دیـدگای جیهـانی نـوێی ئەودا بگونجێـت، دوور لە ئـازاری ئەوەی کە "میراتگـری جینۆسـایدێکە و... وەک پـارچەیەکی ڕەق و بەئـازار لە قـورگی گیر بـووە".[١٦] ئەوجـا دوای مردنـی دایک و بـاوکی، وەک حـاڵەتی زۆرێـک لە ڕزگـاربووانی نەوەی دووەم لە دیاسـپۆرادا، ئەو گەڕایەوە بۆ ڕەگ و بنەچەی خۆی، "بۆ ئەوەی کڕنۆش بۆ ئەم مێژووە ڕابـردووە بـبەم کە ڕەتمکردبـووەوە و بـۆ مـاوەیەکی زۆر پشـتگوێم خسـتبوو". خـۆ دوورخسـتنەوە و ڕاکردن هـیچ سـوودێکی نەبـوو، بەڵکـو کەوتە درککـردن بەوەی کە "لە کۆتاییدا، قبوواڵکردنی زامی هەتاهەتایی و داننـان بە ئـازار و مەینەتییەکەیدا ڕەوایە".[١٧] مـاتەمینی وەک کۆتـا فەسـڵی مـامەڵەکردن لەگەڵ زیـان و لەدەسـتدانێکی گەورەدا دەست پێدەکات بۆ ڕزگاربوون لە حاڵەتێکی دەروونیی ئاڵۆز و شێواو.

یادەوەریی باوک گەڕایەوە بۆ یاوەریکردنی کوڕەکەی. باوکی چاڵیاند، کە میژمندالێکی هەتیو بوو لە تەمەنی پانزە ساڵیدا، بە پێیان ڕۆیشت بۆ قوستەنتینییە و بە دوای ئازادیدا دەگەڕا. ئەو لە کۆتاییدا لە فەرەنسا گیرسایەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی تری ڕزگاربووی جینۆسایدەکەدا کرد، بەڵام مەینەتیی ڕابردووی خۆی شاردەوە و هەرگیز وشەیەکی تاڵی لە زار نەهاتەدەر.

لە هەنگاوێکی هۆشیارانەدا بۆ دارشتنی ناسنامەی خۆی لە سەر بنەمای بیرەوەرییەکی هەڵبژێردراو، چاڵیاند توانی قورساییەکە بسڕێتەوە لەو "بارگرانییە مازۆخیستییە" کە خەڵکەکەی هەڵیانگرتبوو و بۆ شانازیی ئەوانە ئاسیمیلە بکات و مامی دایکی لە نێوانیاندا بوو، کە تا دوا فیشەک بەرگریی لە هاجین کرد و هەرگیز خۆی ڕادەستی سوپای تورکیا نەکرد کە گەمارۆی شارۆچکەکەی دابوو. ئەو وریاییەی *فیدایییەکان* fedayees و دەروونگەرمیی جەنگاوەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەڕی نوێ لەپێناوی مانەوەی ئەرمەن و ناسنامەی ئەرمەن لە دیاسپۆرادا.

گەشتە خەیاڵییەکەی چاڵیاند بۆ ڕابردوو هەوڵێکی پێویست بوو بۆ دۆزینەوەی ناسنامەکەی و بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ بارگرانیی ئەو یادەوەرییەی کە هی باوکی بوو و ئێستاش بووە بە هی خۆی. بە پاڵنەرێکی هاوشێوە و بەڵکو لەوەش زیاتر، بۆ بە سەرکردنەوەی ڕەگ و بنەچەی خۆی، ویلیەم سارۆیان بە کردەوە گەشتێکی کرد بۆ بەدلیسی زێدی لەدایکبوونی باوکی. سەردانی سارۆیان بۆ ئارپیار دێر مارکاریان، هاونیشتیمانی باوکی لە ئیستانبوڵ، کە هەردوکیان هێمادار و کاریگەرن. ئارا کارمیریانی زاوای دێر مارکاریان، ئەو ئێوارەیەی بیردێتەوە کە یەکتریان بینی و ئەویش نائومێد بوو بەوەی کە خەزووری بینی وردە وردە بە تێپەڕینی کات دڵگەرمی لەدەستدەدات بە درێژبوونەوەی ئێوارەکە. لەگەڵ شووشە ڤۆدکایەک بە بەتاڵی لە سەر مێزەکە دانرابوو، وەک ئەوە وابوو ئارپیاریش ژیانی لێ بسەنرێتەوە و دوا چۆڕی خۆشی ئەو دەبوو لە حوزووری

میوانە گرنگەکەیدا هەستی پێبکردایە. بیرکردنەوە لە سالانێک دواتر، ڕەنگە دوای مردنی خەزووری بووبێت، ئارا کارمیریان هات بۆ ئەوەی ڕەفتارە سەیرەکەی ڕوون بکاتەوە بەم ڕێگەیە: "لە کاتێکدا سارۆیان شەیدای ئەو پەیوەندییە بوو بەو خاکەی باوکی لە سەری ژیابوو، ئارپیار هایریک (باوکە ئارپیار) خەریکی بیرهێنانەوە و یادکردنەوەی خێزانە گەورەکەی لە سەر هەمان خاک شەهید بوون."[١٨] باوکی سارۆیان بڕیاری دابوو ئەو خاکە بەجێبهێڵێت و بە دوای ساماندا بگەڕێت لە شوێنێکی ئارامتر و سەلامەتتردا، لە کاتێکدا باوکی ئارپیار کە قەشە بوو، لەگەڵ شوێنکەوتە و ڕەعییەتەکەیدا مابووەوە.

بە پێچەوانەی هەستە سەرەتاییەکانی چاڵیاند، دیانا دێر هۆڤانێسیان، یەکێکی تر لە نەوەی دووەمی ڕزگاربووی جینۆساید، هەستی کچی گەلێکی کۆمەڵکوژکراوی لەخۆگرتبوو. بۆ ئەو گرنگ نییە کەوا کەسێکی ئەندامانی خێزانەکەی لە ڕێپێوانەکانی مردندا لەدەست دابێت. ئاماژەی بەوەشکردووە کە "ئێمە منداڵانی دێرەزورین"، دەنووسێت:

هەرچەندە دایکت منداڵێکی ساوا بوو
لە شاری وۆرسێستەر و سەلامەتە و
باوکت سەربازێکی گەنجە لە چیاکانی موراد و
تۆ لە دووریی نەوەیەک لە هاتنە دنیاوە،
. . . . . .
تەنانەت بەبێ تاقە خزمێک
کە بۆ ڕێپێوان ژیا،
بە ڕێپێوانەکەدا تێپەڕیوە.
ئێمە منداڵی دێرەزورین.[١٩]

ئەو کچە کێیە؟ هەستی ئینتیمای بۆ چ شوێنێکە؟ ئەو بە قوواڵی ئاگاداری ئەم تۆخمەیە لە ناسنامەکەیدا و کاریگەریی ژینگەی ئێستا، گرنگ نییە چەندە لە ڕابردوو ئێستایە:

قۆڵی خوێناویم لە بەردەممدا لە سەر زەوی دۆزییەوە
دەنگەکە گوتی: "پێویستت پێی نەبوو".
دەریایەکم لە پەل و لاقی لەتلەتکراو بینی،
لە ئاسۆ و ئەودیوی ئاسۆدا پەرش و بڵاو کەوتبوون.
"بەڕاستی تۆ پێویستت بەم ئێسکانە نەبوو؟"
زەوییەکی بەرفراوانیان داپۆشیبوو،
فشاریان خستبووە سەر ڕابردوو
"ئێوە پێویستتان بەم ویلایەتانە نەبوو، وا نییە؟"
تۆ چی لەو هەموو بەردانە دەکەیت؟
شاخێک لە تەرمی لەتوپەت بەرز بووەوە.
"تۆ پێویستت بە چیای ئارارات نەبوو، وا نییە؟"
هەوڵی قسەکردنم دا، نەمتوانی
زمانم لە گۆ کەوت هەناسەم بەستی.
"تۆ پێویستت بەو زمانە نەبوو، وا نییە؟"
لە خەو هەڵسام و خۆم شۆرد و سەیری ئاوێنەم کرد.
تەنها ئەمریکییەکی تر لەوێ بوو
بە بەرگی پۆشتە و پەرداخەوە.[٢٠]

ئەمە وێناکردنی شیعریی دیانا دێر هۆڤانێسیانە بۆ پێکهاتن و گەڵاڵەبوونی ناسنامەی نەوەی دووەمی ئەرمەن لە دیاسپۆرا. لە کاتێکدا نەوەی یەکەم بە تەواوی ئاوێتە و ئاسیمیلەی ناسنامەی زاڵی وڵاتانی خانەخوێ بوون، یان لە ناو قۆزاخەیەکی دابڕاو لە ناسنامە ئەرمەنییەکەیاندا دەژیان، هەستی جووت ناسنامەیی وردە وردە ڕێی خۆی دۆزییەوە بۆ نەوەی دووەمی ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی ململانێیەکی سایکۆلۆجیی بێ چارەسەر. نوبار ئاکیشیان کۆمەڵێک کاراکتەری ئەرمەنی دیاسپۆرای داهێناوە کە لە گێژاوی جووت شوناسی و هاوسەرگیریی تێکەڵدا گیریان خواردووە و ئەنجام سەردەکێشێتەوە بۆ ئاسیمیلە و تێکەڵبوون. ئەو لە یەکەم کورتە چیرۆکیدا بە ناوی "ماڵە تێکشکاوەکە"وە، نەوەی دووەمی ڕزگاربووانی جینۆسایدەکە شوێنی

لەدایک بوون لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست جێدەهێڵن و بە دوای ژیانێکی باشتردا دەگەڕێن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە ئەنجامە تراجیدییەکانیەوە. لەوێ تەنانەت حەوانەوەی مادی و ئازادییە مۆرالّی و سێکسییەکانی "جیهانی نوێ" نەیتوانی چارەسەری برینە بۆماوەییەکانیان بکات. گێژۆرکی پاڵەوانی چیرۆکەکەی دەڵێ، "ئەگەر ڕاستیتان دەوێ ئێمە دەربەدەرین، لە سەر زەوی و ئاسمان دەرکراوین و تەنانەت لە ژیانیش دەرکراوین. هەڵبەت شتێکی نامۆ هەیە لە بوونی ئێمەدا، شتێکی کاتی. ئێمە سەرگەردانین و لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر دەڕۆین، بەڵام ناتوانین ڕەگێک دابکوتین کە بەهێز و قووڵ و هەمیشەیی بێت".[٢١] دەنگدانەوەی ئەو ئازار و بێزاری و نائومێدییەی کە لە ئەنجامی ململانێی خۆگونجاندن لەگەڵ جووت ناسنامە و گەڕان بە دوای وێنەیەکی ئایدیاڵدا بۆ ئەرمەنی دیاسپۆرا لە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی هاکۆپ کاراپێتسدا هاتووەتە کایەوە. کارەکتەرەکانی ئەو ئەرمەنی ئاسایین لە "جیهانی نوێدا" کە لە هەوڵ و خەباتدان بۆ پاراستنی مۆرالّ و یەکگرتوویی و سەقامگیریی دەروونی. لە یەکێک لە چیرۆکەکانیدا، کاراپێتس باسی پاڵەوانەکەی خۆی دەکات و دەڵێت: "ئەو ئەرمەنە وەک هەر ئەرمەنێکی تر، گەنج بێت و پیر بێت وەک هەر ئەرمەنێکی تر، چونکە گرفتاری هەمان دەرد و ئازار بووە و هەمان تاڵاوی چەشتووە و.... بە پاسیڤی ژیاوە، بێ ئیرادە و بێ هەوڵ، وەک هەر ڕزگاربوویەکی کارەساتەکە."[٢٢]

ڕۆمانی *"گەشتەکانی Voyages"* پێتەر نەجاریان (١٩٧١) شانۆی ململانێ ئازاربەخشەکانە و هەوڵدانە بۆ ئاشتکردنەوەی ڕابردوو لەگەڵ ئێستادا و بە زەحمەت هیچ ئاماژەیەک بە جینۆسایدی هەیە، بەڵام "جینۆسایدی ئەرمەن" وەک هێما و سیمبۆلێکی دەستەجەمعی خۆی خستووەتە ناو تەواوی تانوپۆی ڕۆمانەکەوە".[٢٣] لێرەدا ڕابردووی هەمیشە ئامادە بەردەوام گوشاری خستووەتە سەر ئێستا و هەوڵ و کۆششی هەموو کاراکتەرەکان شکست پێدەهێنێت بۆ ئەوەی زاڵبن بە سەر ناخۆشی و ناڕەحەتیدا و دۆزینەوەی ناسنامەی خۆیان و

خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو وڵاتەدا کە لەخۆیی گرتوون. ڕۆمانەکە بە ڕوونی چارەنووسی وێرانی نەوەی دووەم پیشان دەدات. گەڕانی ئارام تۆماسیانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە بە دوای مانا و بەهادا بەرەو تەنیایی و نامۆبوون لە کۆمەڵگە دەیبات. بە پێچەوانەوە نەوەی یەکەمی ڕزگاربووانی جینۆسایدی ئەرمەن دڵگەرمییەکیان تێدایە بۆ گواستنەوەی یادەوەری بۆ منداڵەکانیان و منداڵی منداڵەکانیان، وەک بەشێک لە نەریتی ئەرمەن. ڤەهرام ڤاهانیان، کە کاراکتەرێکی ڕۆمانەکەی نەجاڕیانە، داوا لە ئارامی کوڕەزای دەکات یاداشتەکانی وەربگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی بۆ ئەوەی منداڵانی نەوەی لە کوڕەزا و کچەزاکانی بتوانن بیخوێننەوە و لەبارەی ڕابردووی ئەرمەنەوە زانیاریی پەیدا بکەن.

ڕۆمانەکەی نەجاڕیان *"کچانی بیرەوەری Daughters of Memory"* (١٩٨٦) گەڕان و سۆراخکردنێکی تڕە بە شوێن ناسنامەدا و هەوڵدانە بۆ زیندووکردنەوە و بە هەتاهەتایی کردنی یادەوەریی جینۆساید. گفتوگۆ و بیرەوەری گێڕانەوە لە نێوان کۆمەڵێک پیرەژنی ئەرمەندا کە لە گەنجییاندا جینۆسایدیان ئەزموون کردووە، پاشخان و شوێنپێ هەڵگرتنی مێژووی جینۆسایدی ئەرمەن دەڕەخسێنێت. ڤاهێ ئۆشاگان، کە نووسەرێکی ڕزگاربووی نەوەی دووەمی ئەرمەنی دیاسپۆرایە، مامەڵە لەگەڵ کاریگەرییەکانی جینۆسایددا دەکات لە ڕێگەی وێناکردن و بەرجەستەکردنی نەوە نامۆ و ئاسیمیلەبووەکەی ئەمریکادا لە بەرنبەر پاشخانێکی نەریت و تراديسیۆنی نەتەوەییدا، بە ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەوە کە بانگەواز بۆ نەوەی ونبوو دەکات. ئەو جموجووڵ دەکات بە ڕاچڵەکاندنی جەماوەری بێباک و کەمتەرخەم، بۆ نموونە، پێشکەشکردنی دیمەنی ڕاچڵەکێن و شۆک ئامێز و نائاسایی و دوور لە نەریت و یان لە ڕێگەی ئیشارەت کردن بۆ تونەدوتیژیی سیاسیی کە بەگشتیی ناپەسەند و قبووڵنەکراو بن. "ئۆدزوم" (بە پیرۆز ڕاگرتن، ١٩٨٨) و "تەلەفۆن" (١٩٨٨) دوو چیرۆکی کورتن کە تێیاندا ئۆشاگان ئەوە پیشاندەدا کە ڕووداوێکی هەژێنەر لە ژیانی کۆمەڵگەی

ئەرمەنیـــدا ســـەرقاپی لەبیرچـــوونەوە و بێبـــاکی لای ئەرمەنە ئەمریکییەکـــان هەڵدەداتەوە و هەستی ماوەیەکی درێژی لەبیرکراوی ئەرمەنیبوون دەوروژێنێت لە هۆشـیاری و ئاگاییانـدا. شـۆک لە "ئـۆدزووم"دا لە کردەوەیەکـی پیسـکردنی پیرۆزییەوە دروست بـووە کە بەئەنقەست لە کەنیسـەیەکی ئەرمەنیدا ڕێکخرابـوو لە لایەن سـێ گەنـجەوە کە سـەر بە تـاقمێکی تیرۆریسـتیی پەڕگـر بـوون. لە چیرۆکی "تەلەفۆن"دا هەواڵی کردەوەیەکی خۆکوژیی گرووپێکی گەنجی ئەرمەن دژ بە باڵیۆزخـانەی تورکیـا لە لیشـبونە بـوو بە هـۆی خـاڵێکی وەرچەرخـان لە هۆشـیاریدا. ئەدەبـی ئۆشـاگان کۆششـێکی چەسـپاو دەستنیشـان دەکـات بـۆ وەرچەرخانی ئاستەنگ و دۆخی سـەختی سـایکۆلۆجیی قوربانییەکەوە، کە زاڵ و باڵادەســـتە لای ڕزگـــاربووانی نەوەی یەکەم و تەنـــانەت دووەمـــیش بەرەو خۆسـەلماندن وەک مرۆڤێکـی کامـڵ و ئـازاد.[٢٤] ئەو دەیەوێـت بگـاتە پێکهـاتەیەکی نـوێ و وێنەیەکـی نـوێی ئەرمەنـی دیاسـپۆرا بە ناسـنامەیەکی نـوێ، بەئاگـا لە ڕابـردوو، خۆتەرخـانکردوو بـۆ ئێسـتا و توانـای سـەرلەنوێ لێکدانەوەی چەمکـی ئەرمەنیبـوونی هەبێت بـۆ داهـاتوو.[٢٥] تـۆ بڵێـی ئەقڵ و وێـژدان باڵادەسـت بێت لە نەوەی ســـێهەمدا؟ ئەگەر نەوەی ســـێهەمی ئەرمەنەکـــانی دیاســـپۆرا بتـــوانن ناسـنامەیەک چێـبکەن کە جەختـی بەهێـز بکـاتەوە لە سـەر تـوخمی ئیتنیکـی و لە هەمـان کاتیشـدا ئاشـتەوایی و ئاسـانکاری بکـات لەگەڵ ناسـنامەی باڵادەسـت و بـاودا، پێـدەچێت ئەم ئەقڵییەتـی ئەرمەنیبـوونە هەماهەنـگ و گونجـاو بێـت لەگەڵ ئەقڵییەتێکی هاوتەریبدا کە لای گەنجانی ئەرمەنی تورکیای نەوەی سێهەمە.

پەراوێزی بەشی ٦: گواستنەوەی یادەوەریی بەکۆمەڵ بۆ نەوەکان

١ ئانێلکا کارمیریان، "هایرز [باوکم]، ئارپیار مارکاریان"، مۆنتریال، ٢٠٠٥، لە دێر مارکاریان، *Ardzagank yev Antsorde* (٢٠٠٦)، ل ٢٢٩.

٢ ئەمە گۆرانییەکی بەناوبانگە دەربارەی کۆچبەران کە بانگی باڵندەی قوڵنگ دەکەن بۆ ئەوەی هەواڵی ئازیزانیان لە دوورەوە بۆ بهێنێت. کۆپلەی یەکەم بەم شێوەیە دەڕوات:

وەرگێڕانێکی هاکەزایی دەکرێت بەم جۆرە بێت، "هۆ قوڵنگ گۆرانی بڵێ هۆ قوڵنگ، گۆرانی بڵێ تا ئەو ڕادەیەی بەهار بێت / خوێن دڵی کۆچبەرانە.... ئاخ، ئەوە خوێنی دڵی منە". لێرەدا خوێن ئاماژەیە بۆ خەم. (قوڵنگ باڵندەیەکی باڵندەیەکی کۆچبەرە و مەودای زۆر دووری نێوان وڵاتان و تەنانەت کێشوەرێش دەبڕێت و لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیشدا هانا بردن هەیە بۆ ئەم باڵندەیە کە هەواڵی ئازیزانی دوور و بێسەروشوێن بگەیەنێت لە ڕووی خەم و سۆزەوە – وەرگێڕ)

٣ کارمیریان، "هایرس، ئارپیار مارکاریان Hayrs, Arpiar Markaryan"، ل ٢٣٢.

٤ هاچیکیان، "*هاوینێک بێ بەرەبەیان A Summer Without Dawn*" (٢٠٠٠)، ل ١٤٢. ڕۆمانەکە لە دەوری زنجیرەیەک کاردانەوەی دەروونی پەرەدەستێنێت، لە بێباوەڕیی بە کردەوەکانی حکوومەتەوە بەرانبەر بە تەواوی ئیتنیک و نەتەوەیەک، تا دەگاتە شۆک و بێهیوایی، کە لە بەرانبەردا ئیرادەیەکی بەهێز بۆ مانەوە دروست دەکات. "ئێمە بەڕاستی خەمی هیچمان نییە. ئەم فەرمانەی ڕاگواستن تەنها ڕێگایەکە بۆ ترساندنمان، ئەوان دەیانەوێت ئێمە بترسێنن تا بتوانن باجێکی قورستر لە سەر مەسیحییەکان دابنێن" (ل٥٤). کاردانەوەی سەرەتایی ڤارتان بەرانبەر بە هەواڵی ڕاگواستنەکان بەم شێوەیە بوو. لەگەڵ پەرەسەندنی پیلانەکەدا، هاجیکیان سوود لە هەموو ئەو تەوەرانە وەردەگرێت کە تانوپۆی وێناکردنی نەوەی یەکەمی جینۆسایدی ئەرمەنەکان پێکدەهێنن: دڕندەیی تورک بە پێچەوانەی نیازپاکی ئەوانەوە بوو، لەگەڵ نموونەی لەخۆبووردوویی تا ئەو ڕادەیەی کە ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە بۆ ڕزگارکردنی دۆستێکی ئەرمەنی، پاڕانەوە و موناجات لەگەڵ خودا و درککردن بە وازهێنانی خودا لە نەتەوە و پاشان گومانکردن لە بوونی و شیکردنەوەی دۆخی سیاسیی تورکیا و ئەو زیانە قەرەبووونەکراوەی کە سیاسەتی قڕکردنی حکوومەت بە دوای خۆیدا هێناوە، تەنها ئەڵتەرناتیڤی بەرخۆدانە لە بەرانبەر ڕێوشوێنە تونددەکاندا و دەرئەنجامە سەخت و ناخۆشەکانی.

٥ تۆماس لە لایەن میسیۆنێرێکی سویسری – ئەڵمانییەوە هێنرایە ئەم دامەزراوەیە کە لە بەغدا بە سەرگەردانی بینیبوی. کاتێ بەڕێوەبەری خانەی هەتیوانەکە ئەم ناوەی بەستەوە بە

ناوی ڤارتان بالیان کە لە ڕۆژنامەیەکی ئەرمەنی لە پاریس وتارەکانی بڵاو دەکردەوە، نامەیەکی بۆ ڕۆژنامەکە نارد. نامەکە نێردرا بۆ کۆمیتەی هاوکاری بۆ قوستەنتینیە و ڕۆژهەڵاتی نزیک، کە لە بەرانبەردا ڤارتانی لە دۆزینەوەی کوڕەکەی ئاگادارکردەوە.

٦ ئەلیف شەفەق لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ خاچیگ موراديان ("گەشتی حیکایەتخوانێک"، ٢٠٠٦) ڕوونی دەکاتەوە، "لە بنەڕەتدا ڕۆمانەکە شایەتحاڵی ململانێی بیرچوونەوە و یادەوەرییە. مامەڵە لەگەڵ ڕابردووی ئازاربەخشدا دەکات چ لە سەر ئاستی تاکەکەسی و چ لە سەر ئاستی بەکۆمەڵ".

٧ واتە: "ئەم مافە دەبێتە ئەرک: یادکردنەوە و شایەتحاڵی. تۆدۆرۆڤ، *Les abus de la mémoire" واتە خراپ بەکارهێنانی یادەوەری"* (١٩٩٥)، ل ١٦. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە تۆدۆرۆڤ پشتگیری لە پابەندبوون بە ڕابردوو و بیرهێنانەوەی ڕابردوو ناکات، مەگەر لە پێناو ئێستا و داهاتوودا نەبێت، واتە ئەو وانانەی کە لە نادادپەروەرییەکانی ڕابردوو و ئەو بەکارهێنانەی کە دەتوانرێت بخرێنە سەریان، وەربگیرێت.

٩ پلانی تورکە لاوەکان بۆ لەناوبردنی دانیشتووانی ئەرمەنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە قۆناخی جیاوازدا ئەنجامدرا. بە سەرباز گرتنی پیاوانی ئەرمەنی بەتوانای تەمەن ٢٠ - ٤٥ ساڵ (دواتر دریژکرایەوە بۆ ١٨ - ٦٠) بۆ ناو سوپای عوسمانی لە مانگی ئابی ساڵی ١٩١٤دا و خستنیانە ناو یەکەی تایبەتی کارکردنەوە و دواتر هەموویانیان کوشتن و سەربڕین، ئەوجا پرۆسەی بەدناوی چەکداماڵینی دانیشتووانی ئەرمەنی بە دوای خۆیدا هێنا، کە هاوشان بوو لەگەڵ تاڵانکردن و کوشتندا. پاشان نۆرەی سەرکردایەتیی ئەرمەن بۆ پاکتاوکردنیان. لە ماوەی دوو شەودا، ٢٣ و ٢٤ی نیسان (١٠ و ١١، ساڵنامەی کۆن) لە ساڵی ١٩١٥دا، ڕۆشنبیران و ڕێبەرانی مەدەنی و ئاینیی ئەرمەن لە قوستەنتینیە و نزیکەی هەموو شار و شارۆچکە و گوندێک لە سەرانسەری ئیمپراتۆرییەتدا دەستگیرکران و دوورخرانەوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات و لە ڕێگادا کوژران. دوا قۆناخ ڕاگواستن و کۆمەڵکوژیی جەماوەری بێدەسەڵات بوو کە زۆربەیان لە ژن و منداڵ و پیاوی بەساڵاچوو پێکهاتبوون. جێگای سەرنجە، لە وتارێکدا سەبارەت بە کۆمەڵکوژییەکانی سربییەکان لە بۆسنە بە ناوی "مرۆڤایەتی، مرۆڤایەتی تا ئەوپەڕ"، ئادەم لێبۆر هاوتەریبییەک دەخاتە نێوان ستراتیجی تورکە عوسمانییەکان کە سەرەتا سەرکردە و ڕۆشنبیرانی ئەرمەن لەناو دەبەن، پێش ئەوەی ئەودوای دانیشتووانەکەی بکوژن و سربەکان هەمان ستراتیجی دووبارە دەکەنەوە بەرانبەر بە موسڵمانانی بۆسنە لە ساڵانی ١٩٩٠کاندا. هەروەها لە سیاقی قسەکانیدا لێبۆر باسی ئەو "تاوانبارانە دەکات کە لە زیندان

ئازادکراون، لە کاتی جینۆسایدی ئەرمەن لە ساڵی ١٩١٥ و... بە ڕەهایی دەستیان والاکردن بۆ کوشتن و دەستدرێژیکردن". پاشان دووپاتی دەکاتەوە کە "زۆرێک لەو میلیشیا سربیانەی کە خراپترین درندەییان لە بۆسنە ئەنجامدا، تاوانباریش بوون و لە لایەن سەرۆکی سربیا سلۆبۆدان میلۆسێڤیچ ئازادکران بۆ ئەوەی پیسترین کاری ڕژێمەکە ئەنجام بدەن." بڕوانە:
The Nation (March 19, 2007), accessed at http://www.thenation.com/doc/20070319/lebor.

١٠ ئاهنێرت، *"لێدانی دەرگا The Knock at the Door"* (٢٠٠٧)، ل ١٠.

١١ هەمان سەرچاوە، ل ١٨٤.

١٢ هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٤.

١٣ بڕگەیەک لە چامەی شیعری "ئەرمەنیبوون"، لە مووسا، *"دەریا پڕ لە زریانەکان ئێمە تەحەدا دەکەین Stormy Seas We Brave"* (١٩٩٨)، ل ١٥.

١٤ جیرارد چالیان، "بیرەوەریی یادەوەریم"، گۆڤاری پێداچوونەوەی ئەرمەنی، *Armenian Review* ٤:١ (بەهاری ١٩٧٨)، ل١، ٥.

ژنە ڕەشپۆشە پیرەکانی سەردەمی منداڵیم بیریان هێنایەوە: ئەو قوربانییە مردووانەی کە گۆڕیان نەبوو، هی خۆیان بوون، هی خۆیان بوون، بۆ هەمیشە و هەمیشە. من لەبیرمە

١٥ چاڵیاند، *"بیرەوەریی یادەوەریم Memory of My Memory"* (٢٠٠٦)، ل ٩.

١٦ هەمان سەرچاوە، ل ١٨.

١٧ هەمان سەرچاوە، ل ٦٥.

١٨ ئارا کرمیریان، "خەزووری ئازیز و بەڕێزم، ئارپیار دێر مارکاریان"، لە دێر مارکاریان، *"ئاردزاگانک یەڤ ئەنتسۆرد Memory of My Memory"* (٢٠٠٦)، ل ٢٣٧.

١٩ دێر هۆڤانسیان، "بۆچی خۆڵ ئەرمەنەکان دەسوتێنێت Why Sand Scorches Armenians "، بەشی دووەمی "تریپتیک"، لە گۆڤاری *"دەربارەی کات About Time"* (١٩٨٧)، ل ١٤.

٢٠ دێر هۆڤانێسیان، "لە خەونمدا In My Dream"، *"چامە شیعرییە هەڵبژێردراوەکان Selected Poems"* (١٩٩٤)، ل ٤٣.

٢١ ئاکیشیان، "ئاوازی باژانڤاتس Bazhanvats tune"، لە *"ماردێ هۆغین ڤرا Marde hoghin vra"* (١٩٨٧) ل ٤٦ لە کە کۆمەڵەیەکی هەشت کورتە چیرۆک و ڕۆمانێکە.

٢٢ کاراپێنتس، "Voreve teghits minchev aystegh"، ل١٥٢ – ١٥٣ لە کۆمەڵە چیرۆکەکەیدا بە ناوی *Antsanot hoginer* (١٩٧٠).

٢٣ بۆ شیکارییەک لەبارەی "*گەشتەکان Voyages*" و "*کچانی یادەوەری Daughters of Memory*"ی پیتەر نەجاریان، بڕوانە شیرینییان، "*ئەدەبیاتی ئەرمەنیی ئەمریکای باکوور Armenian-North American Literature*" (١٩٩٠)، ل١٢٣ - ١٦٠. وەرگرتنەکە لە ل ١٤١.

٢٤ ئۆشاگان Oshagan، "*تاکارتین شورج، ئارتساک گروتیونەر Takartin shurj, artsak grutiunner*" (١٩٨٨).

٢٥ بۆ شیکارییەکی کورتی بابەتیی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە و ئەم نووسەرانەی خوارەوە، بڕوانە پێرومیان، "گۆڕینی ئەرمەنیبوون The Transformation of Armenianness" (١٩٩٢ - ١٩٩٣)، ل١١٩ - ١٤٥.

٧

کاردانەوەی ڕزگاربووانی نەوەی سێیەم

تێڕوانین بۆ ناسنامەی ئیتنیکی یان نەتەوەیی لای سێ نەوەی ڕزگاربووان لە تورکیا یان لە دیاسپۆرادا بە گۆڕانکاریدا تێپەڕی و چەند توخێکی بیانیی تێکەوت و دەستبەردار بوونیش لەو توخمانەی کە هەبوون، بە هۆی پێویستییەکانی سەردەم و بارودۆخی کات و شوێنەوە. لە هەندێک حاڵەتدا ئەم گۆڕانکاریانە لە ڕێگەی گواستنەوەیەکی نەرم و لە سەرخۆوە ڕوویاندابوو. لە هەندێکی تردا دۆزینەوەیەکی شۆککەر گۆڕانکاریی سروشتیی تێکدا و خاڵێکی وەرچەرخانی دیاری کرد.

حاجی ئیبراهیم کەسێکی [ئەرمەنی] سەر بە نەوەی دووەم بوو، لە ڕزگاربووانی بەئیسلامبووەکان لەدایک بووە کە لە تورکیادا مابوونەوە. باوکی ئەمیش وەک باوکی یاکوب[١]، موسڵمانێکی ڕاستەقینە بوو، کە بە تەواوی نکۆڵیی دەکرد یان لانیکەم وا خۆی پیشان دەدا کە نکۆڵی لە هەر ئاسەوارێکی ئەرمەنیبوون دەکات لە شوناسیدا. حاجی ئیبراهیم نهێنیەکانی خۆی بۆ کەمال یاڵچین درکاندبوو کە دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی ئەرمەنییەکەی بەئازار بوو بەڵام ڕاچڵەکێن نەبووە. ئەو زۆر بە خێرایی ئەو توخمەی لە ناسنامەکەیدا وەرگرتبوو

و وردە وردە ڕاهـات بە دانپێـدانان و ڕاگەیانـدنی ڕەچەڵەکـی ئەرمەنیـی خـۆی. سەرەڕای ئەوەش منداڵەکانی وەک کورد پەروەردە کردووە بە زمـان و ئاینەوە. کچەکەی خۆی بە کوردێکی ڕەسـەن و ڕاستەقینە دەزانـی تـا ئەو ڕۆژەی کچێکی ئەرمەن لە پۆلەکەیـدا لە ئەڵمانیـا بە "کـوردێکی پـیس و چەپەڵ" نـاوی بـردووە. ئەمیش بە تـووڕەییەکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە بـۆ مـاڵ و هەستی خراپ و خراپتر دەبێت و کـاتێ دەزانێت کە بـنەچەی خێـزانەکەی کـورد نیـیە و ئەرمەنە دەسـتی کردووە بە گریان و فرمێسک هەڵڕشتن. کچەکە لە ڕووی دەروونییەوە تێکشکاوە و پرۆسـەی دۆزیـنەوەی ئەم تـوخمە نـوێیە لە ناسـنامەکەیدا و گەڕانەوەی بـۆ ئەرمەنیبوون، گێژاو و نارەحەتییەکی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە. ئەو دەبـوو لە موسـڵمانبوونی بـاپیرە و داپیـرەی و وەرگرتنـی شوناسـی کـورد تێبگـات، بە لەبەرچـاوگرتنی ئەوەی کە لەبـارەی هەمـوو ئەو دڕندەییانەی کە تـورک و کـورد بەرانـبەر ئەرمەنەکـان کردبوویـان. لێـرە بەدواوە کەوتە ڕقهەڵگـرتن لە کـورد و تورک و ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە لێیان تا دەهـات زیـادی دەکرد. دایک و بـاوکی دەبـوو ئـارامی بکەنەوە و یـارمەتیی بـدەن کە ئەویـش بە سـەر ئەو هەسـتەدا زاڵ بێت. حاجی ئیبراهیم ئەمـڕۆ دان بەوەدا دەنێت کە نەوەی کۆن زۆر شت لە نـوێ فێربووە، واتە بیرکردنەوە و پرسیارکردن لەو شتانەی کە هەرگیز بە بیری دایک و باوکـدا نەهـاتووە. ئەم نەوە نـوێیەی *دارتسـاتە dartsats* ئەرمەنەکـان کە لە دەرەوەی وڵات دەژیـن، خەریکە لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیـی خۆیدا ڕادێت و فێر دەبێت چۆن بە ئاشتی لەگەڵیدا بژێت، کە تێکەڵەیەکی سـەیرە لە بنەچە و ڕەگەز و ئینتیمای نەتەوەیی نوێ و ئاین و زمان و تـوخمە کاریگەرەکانی ژینگە نـوێیەکەی دەرەوەی تورکیا.

بەریەککەوتنی کچەکەی حـاجی ئیبراهیم لەگەڵ ئەرمەنییەکی دیاسپۆرا یەکێکە لە چەندین نموونەی ئەو جۆرە بەریەککەوتنانەی کە پیشـانی دەدات چـۆن نەوەی سێیەمی ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا دەڕوانـنە تورک و کورد. ئـاخۆ ڕق و کینـەیە؟ یـان

ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە؟ ئایا بارگرانیی یادەوەرییە مێژوویی گواستراوەکانە کە سەررێژ دەکەن و دەتەقنەوە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەم چەشنەدا لەگەڵ "دوژمن"؟ سەبارەت بە ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا کە لە جیهانی ئەمڕۆدا گەورە دەبن، تورک و کورد بوونێکی نادیار و دیارینەکراو نین کە تەنیا لە کتێبەکانی مێژوودا باس دەکرێن. ئەوان بە شێوەیەکی شەخسیی دەیانناسن، قسەیان لەگەڵ دەکەن، بیر و ئایدیا ئاڵوگۆڕ دەکەن و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا هاوبەشیی دەدۆزنەوە کە بە سەر جیاوازییەکانیاندا زاڵ دەبێت. هەرچۆنێک بێت، یادەوەریی جینۆسایدە، وەک گرنگترین ڕووداو لە مێژووی نوێی گەلی ئەرمەندا، هاوێنەیەکە (پریزمێکە) کە لێیەوە بەریەککەوتنەکە هەست پێدەکرێت و ئایندەی ناسنامەی ئەرمەن لە ڕێگەی هەمان ئەم هاوێنەوە دەبینرێت. لە ڕاستیدا، ئەم ستەم و نادادپەروەرییە چارەسەرنەکراوە و ئەم ئازار و ماتەمینییە نەبڕاوە لە ئەنجامی ئەو زیانە گەورەیە، لە دیاسپۆرادا بە پلەی جیاوازی توندی بەردەوامە و بووە بە هێڵی هاوبەش کە ئەدەبیاتی دیاسپۆرا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. گرنگیدان بە ڕابردووی زەبربەخشی گەل و نەتەوەی ئەرمەن لە نەوەی سێیەمدا زیاتر بووەوە یان سەرلەنوێ ژیاوەتەوە. بە دڵنیاییەوە هۆکارەکانی بەشداربووی ئەم دیاردەیە جەختکردنەوەیە لە سەر ڕەوتی گەڕان بە دوای ڕەگ و ڕەچەڵەکدا، کە بە شێوەیەکی تایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا باو بوو. هەڵبەت مەسەلەیەکی قبووڵکراو بوو بە دوای باوباپیرانتدا بگەڕێیت و ڕەگ و ڕیشەی خۆت لە بەشێکی تری جیهاندا هەبێت و کولتوورێکی تەواو جیاوازت بە میرات بۆ مابێتەوە و هێشتا هاوڵاتییەکی باش بیت و ئەندامێکی ڕەوتی سەرەکی و زاڵی وڵاتی ڕەگەزنامەکەت بیت.

فاکتەرێکی تر، بەسیاسیکردنی گەنجانی دیاسپۆرای ئەرمەن و هۆشیاری پەیداکردنیان بوو بە داواکارییەکانی نەتەوە، وەک ئەنجامێکی ڕووداوە بەربڵاوەکانی یادکردنەوەکانی پەنجا ساڵەی جینۆسایدی ئەرمەن لە ساڵی

١٩٦٥دا. ئەم یادی پەنجا ساڵەیە، بە ڕاستی، بەرجەستەی سەرەتایەک بوو بۆ واقیعی نوێی دیاسپۆرای ئەرمەن بە خاسییەتی زیادبوونی چالاکیی سیاسی و پابەندبوونی بەهێزتر و چەسپاو بە دۆزی و ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی/نیشتمانییەوە. چونکە ستەم و ناعەدالەتییەک بەرانبەر بە گەلی ئەرمەن کرابوو کە دەبوو چارەسەر بکرێت و ڕاست بکرێتەوە. لێرە بەدواوە دروشم و فۆرمەلەی "لێخۆشبوون و لەبیرکردن"، چیتر قبوولکراو نەبوو بۆ زۆرێک. هەڵبەت کارێکی بەجێ نییە و هەروەها لەگەڵ سروشتی مرۆڤیشدا ناگونجێت کە لە کارەساتێکی لەو قەبارەیە خۆش بێت، بەتایبەتی لە حاڵەتی جینۆسایدی ئەرمەندا، لە کاتێکدا تاوانبارەکە بەردەوام سوور و پێداگر بێت لە نکۆڵیکردنی ئەوەی هەر کارێکی هەڵەی ئەنجامدابێت.

لێبوردن و لەبیرکردن چەمکێکە کە بە تەواوی پەیوەندیی نییە بە واقیعی جووەکانی دوای هۆڵۆکۆستەوە نییە. لە ڕاستیدا گرنگە ئەوە بزانین کەوا یەکەم ئامانج کە ئیسرائیل چارنی جەختی لە سەر کردبێتەوە لە پێشەکیی کتێبەکەیدا لە سەر وانەوتنەوەی ئەدەبیاتی هۆڵۆکۆست*Teaching Holocaust Literature* بریتییە لە "ڕووبەڕووبوونەوەی قەبارەی ستەم و کوشتاری نازییەکان."[٢] بە هەمان شێوە، دیت پران، کە کتێبێکی کۆکردنەوەی وتارەکانی دانابوو لە سەر ئەزموونی منداڵان لە جینۆسایدی کەمبۆدیادا، دەنووسێت:

بۆ من گرنگە کە نەوەی نوێی کەمبۆدییەکان و ئەمریکییەکانی بە ڕەگەز و بنەچە چالاک بن و بە جیهان بڵێن چی بە سەر ئەوان و خێزانەکانیان هاتووە لە ژێر دەسەڵاتی خمێر ڕوجدا. من دەمەوێت هەرگیز ڕوخساری کەسوکار و هاوڕێکانیان لەبیر نەچێت کە لەو ماوەیەدا کوژراون. مردووەکان هاوار دەکەن و داوای دادپەروەری دەکەن و پێویستە دەنگی ئەوان ببیسترێت. ئەوەش بەرپرسیارێتیی ڕزگاربووەکانە لەجیاتیی ئەوانەی کە ناتوانن قسە بکەن.[٣]

ساڤوت پێن، کە ڕزگاربوویەکی کۆمەڵکوژییەکانی کەمبۆدیا بوو، دەنووسێت، "تەنانەت دوای حەڤدە ساڵ، ئەوەندە دڵنیا نیم کە بتوانم وشەی 'لێبووردن' گۆ بکەم، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەرگیز لەبیرم ناچێت کە خمێر ڕووج چی بە خێزانەکەم و خەڵکی خمێری خۆیان کرد".[٤]

ڕەوتی گەڕان بە دوای ڕەگ و ڕیشەدا و گرنگی پێدانی تۆند بەو ڕووداوە مێژوویییەی کە سەرچاوەی هەموو خراپەیەک بوو بۆ تیشک خستنە سەر یادەوەرییە نەنووسراوەکان یان یاداشتە بڵاونەکراوەکانی باوباپیران کە لە جینۆساید ڕزگاریان بووبوو. کۆمەڵێک بیرەوەری بە زمانی ئەرمەنی و زمانەکانی تری دیاسپۆرا بڵاوکرانەوە. نموونەی ئەم جۆرە لە ئەدەب: بیرەوەرییەکانی کیرۆپ بێدوکیانە بە ناوی *"هەندێک لە ئێمە ڕزگارمان بوو Some of Us Survived"* (١٩٧٩)، ئەڵایس موگەردیچیان شیپلەی *"ئێمە بە پێیان ڕێمانکرد و پاشان ڕامانکرد We Walked, Then Ran"* (١٩٨٣)، جۆن میناسیان *"گرد و چیای زۆر هەبوون کە هێشتا سەریان نەکەوتبووین Many Hills Yet to Climb"* (١٩٨٦)، بێرتا (بێرجوهی) نەکشیان کەچیان *"لە سێبەری قەڵادا In the Shadow of the Fortress"* (١٩٨٨)، هۆڤانێس موگردیچیان *"بۆ ئەرمەنەکان بە خۆشەویستییەوە To Armenians with Love"* (١٩٩٦) نموونەی ئەم جۆرە ئەدەبیاتە، هەریەکەیان ئەرک و پاڵنەرێکی هەیە. میناسیان هەستی بەو ئەرکە کرد کە یادەوەرییەکانی بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێبهێڵێت و نەیدەتوانی ئەو قسانە لەبیر بکات کە کەسێک لە زیندانێکی تورکیادا پێی گوتبوو: "ڕەنگە ئێمە لە ژیاندا نەمێنینەوە، بەڵام نەوەی ئێوە بانگەواز و ئەرکی هەیە."[٥] کەتچییان نووسیویەتی کە "ئێمە – واتە ڕزگاربووان – شایەتحاڵی زیندووی جینۆسایدی ئەرمەنین لە لایەن تورکەکانەوە. ئەوەی لەو دەمەدا بە وێنە و نووسراو بەڵگەدار کرابوو ئێستا نکۆڵیی لێدەکرێت و ڕەتدەکرێتەوە".[٦] بۆیە، ئەو ئەرکێکی هەبوو، ئەو بڕیاریدا شەڕ لە دژی نکۆڵی بکات و بەشداریی خەبات و تێکۆشان بکات لەپێناوی ئەوەدا جیهان ددان بە جینۆسایدی ئەرمەندا بنێت و بیناسێت، بەو بڕوایەی کە "دانپێدانان بە تاوانەکەدا قوربانییەکان ناگێڕێتەوە، بەڵام تاڕادەیەک شتێک لە ئازاریان کەمدەکاتەوە"[٧] کوڕەکەی هۆڤانێس موگردیچیان و بڵاوکەرەوەکە دەیانزانی کە بیرەوەرییەکانی باوکی دەبوو وەربگێڕدرێن بۆ

زمانی ئینگلیزی و ئاماژەی بەوەش کردووە، "ئێمە دەمانزانی کە دەبێت ڤێرژن یان وەشانێکی زمانی ئینگلیزیمان هەبێت لەپێناوی منداڵ و نەوەکانماندا".[٨]

یادەوەریی جینۆساید لە دیاسپۆرادا لە ئەدەبیاتی دیاسپۆرای ئەرمەندا دەنگی دایەوە وەک سەرچاوەیەک بۆ شوناس، یان وەک بیرۆکەی سەرەکی، یان بابەتی شاراوە. نەوە یەک لە دوای یەکەکانی نووسەرانی دیاسپۆرا هەوڵیدا ڕووبەڕووی کارەساتەکە *(ئاغێت Aghet)* ببێتەوە، لێی تێبگات و مامەڵەی لەگەڵ بکات.[٩] ئەم کاردانەوانە – پەخشانی گێڕانەوەبن یان شیعر، یان ئیفادەی شایەتحاڵەکان، یان یاداشت و بیرەوەرییەکان، یان دەقەکانی تر کە ناڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی تەوەری جینۆسایدن – شەبەنگێکی زۆر فراوان دەگرێتەوە و ڕەنگاوڕەنگێکی بێئەندازەن لەو ڕووەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم کار و بەرهەمە ئەدەبییانە لە مەودای کات و شوێنی دووردا، بەبێ ئەزموونکردنی ڕاستەوخۆی جینۆساید، بە پاڵنەری ئازارێکی پشتاوپشت گواستراوە یان لەناکاو دۆزینەوەی ڕابردوو، هەڵگری کاریگەریی هۆکارە کولتووری و ئاینی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە جیاجیاکانن و لە چوارچێوەی ئاستە جیاوازەکانی لێهاتوویی و تێگەیشتندان بۆ شیعرییەتی جینۆساید. ئەم بەرهەمە ئەدەبییانە بە کۆمەڵێکی جۆراوجۆری پاڵنەر و هاندان دەخولقێنرێن.

ڕەنگە نووسەران بە خولقاندنی ئەم بەرهەمانە بە دوای بار سووککردن و ڕەواندنەوەی ئەو ئازارانەدا بگەڕێن کە نەوە لە دوای نەوە دەگوێزرێنەوە. لیۆناردۆ ئەلیشان، کە نووسەرێکی ئەمریکیی نەوەی سێیەمی بنەچە ئێرانی – ئەرمەنی بوو، هەرگیز نەیتوانی ئازاری تراجیدیای نەنکی تێپەڕێنێت، یان باشتر بیڵێین هەرگیز هەوڵی تێپەڕاندنی نەدا، ئازاری ئەو کارەساتەی داپیرەی، کە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا بوو بە چارەنووسی ئەمیش. بەهێزترین داهێنانی ئەدەبیی ئەو لە دەوری "داپیرە" و "شایەتحاڵیی ئازارەکانیدا" دەسووڕێتەوە و هاوبەشی ئازارەکانی ئەو دەکات و بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لێی: "هەوڵدەدەم بینەری ئەو

تراجیدیایەبم کە ساڵی ١٩٧٨ لە ژووریکی نەخۆشخانەدا لە لەندەن گەیشتە لووتکە، کاتێ داپیرە سوارەکانی تورکی بینی لە دەوری جێگای خەوەکەی لە پێش مردنیدا. بەڵام، مخابن من بینەری نەبووم. من کارەکتەرێکی گیرخواردووی ئەو شانۆگەرییەم کە هەرگیز، هەرگیز، هەرگیز ناگاتە حاڵەتی هاوسەنگیی خۆی".[١٠]

ڕەنگە نووسەر هەوڵی هێنانەوەی بەڵگەی ڕاستیی زیاتر بدات بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی نکۆڵیکردن. مای ئێم. دەرداریان لەگەڵ دەنگی نەنکی دەدوێت و خەیاڵ و کارامەیی هونەریی خۆیی بۆ زیاد دەکات لە داهێنانی بەرهەمێکی هونەریدا بە ناونیشانی *"ڤێرگین: ڕزگاربوویەک لە جینۆسایدی ئەرمەن" Vergeen: A Survivor of the Armenian Genocide* (١٩٩٦). مۆتیڤ و پاڵنەرەکەی بەتەنها گێڕانەوەی چیرۆکی داپیرەی نییە، بەڵکو لەوەش تێپەڕێنێت، وەک لە پێزانینەکەیدا ئاماژەی پێدەکات، "بۆ ئەوەی خوێنەر لە چیرۆکەکەیدا نوقم بکات و بۆ پووچەڵکردنەوەی ئیددیعای ئەو پێداچوونەوە مێژووییانەی کە نکۆڵی لە ڕاستییەکانی هۆڵۆکۆستی ئەرمەن دەکەن و دەیشێوێنن".[١١]

لەوانەیە ئەم بەرهەمانە لە ئەنجامی دۆزینەوەیەکی لەناکاوی ڕابردوو و ناسنامەیەک بووبێت کە بۆ نەوەی سێیەم نکۆڵی لێکراوە. کتێبەکەی پێتەر باڵەکیان *"سەگی ڕەشی چارەنووس" Black Dog of Fate* (١٩٩٨)، نموونەیەکی تەواوی گەشتێکە بۆ ڕابردوو دوای دۆزینەوەی نهێنییەکی کوتوپڕی خێزانی کە پەیوەستە بە "جیهانی کۆنەوە". لەمەدا پاڵنەری نووسەر تۆمارکردنی مێژووی جینۆسایدی ئەرمەن بووە. ئەنجامەکەشی بریتییە لە تێکەڵەیەکی تۆکمە و باش نووسراوی بیرەوەری و بەڵگەنامەسازی. وەک نووسەر خۆیشی دەڵێت ئەوە "یاداشتیکی فرە فۆنیکی، فرە چینە" کە تێیدا "دۆزینەوەی کەسی و مێژوو تێکەڵی یەکتر دەبن".[١٢] لەم ژیاننامەیەدا، پێکهاتەی ئەرمەنی وردە وردە لە بۆشاییەکی تەمومژاویی یادەوەرییەوە دەردەهێنرێت بۆ ئەوەی ببێتە ڕەهەندێکی گرنگ لە خودناسنامەی ئەرمەنەکانی دیاسپۆرادا.

گەشتە سەرسوڕهێنەکەی ڤیکی سمیس فۆستۆن بۆ ڕابردووش بە شێوازێکی هاوشێوە نووسراوە و نووسەر دەست دەکات بە پەردەلادان لە سەر نهێنییەکی خێزانیی کە بە باشی پارێزراوە کە ئەویش خۆکوشتنی ڤیکتۆریای داپیرەیەتی (کە هاوناوی خۆیشیەتی) لە پێش نیو سەدەدا. لە ڕەوتی تۆژینەوە قورس و ماندووکەرەکەیدا، فۆستۆن ڕاستییەکی سەرسوڕهێن دەدۆزێتەوە سەبارەت بە بنەچە و میرات و پاشخانی خۆی و بۆی دەردەکەوێت کە باوباپیرانی ئەرمەنی ڕەسەنی مووش بوون و لە چەوساندنەوە و کۆمەڵکوژییەکانی تورکیای سالانی ١٨٩٤ – ١٨٩٦ ڕزگاریان بووە. کتێبی *"نهێنیی ڤیکتۆریا: پیلانگێڕییەک بۆ بێدەنگی Victoria's Secret: A Conspiracy of Silence"* (٢٠٠١) تەنها گێڕانەوەی ڕزگاربوویەکی جینۆساید نییە، بەڵکو چیرۆکی خێزانێکی کۆچبەرە کە تێیدا ململانێی نێوان لەبیرکردنی ڕابردوو و ئاسیمیلەبوون لە ڕەوتی سەرەکیدا دەکەن لە لایەک و دەستگرتن بە ناسنامەی ئیتنیکی و نەریتەوە لە لایەکی ترەوە، ناکۆکی و ململانێی ناو خێزانەکە دروست دەکات کە وردە وردە قوواڵتر دەکاتەوە و سەر دەکێشێتەوە بۆ دابەشبوونیان. هەرچەندە ئاسیمیلە و توانەوە ئامانجی سەرەکییە بەاڵم شانازیی نیشتمانی و هۆشیاریی نەتەوەیی دەربڕی کردەوە و ڕەفتارەکانیانە، لە پرۆژەیەکی خێزانی، یان کارێکی هونەریی بەکۆمەڵ، تابلۆیەکی ڕازاوە بۆ دایکی ئەرمینیا کە لە سەر وێرانەکانی نیشتمان دەگری و دەاڵوێنێتەوە، یان لە دیمەنێکی بە خەڵووز نەخشێنراوی سروشتی ئەرمینیا بە دەرکەوتنی چیای ئارارات.

میشێلین ئاهارۆنیان مارکۆم شتێکی ئەوتۆی لەبارەی خێزانەکەی و مێژووی گەلەکەیەوە نەدەزانی و دەڵێ ئەمە یەکێک بووە لە هۆکارەکانی ئەوەی کە دەستی کردووە بە نووسینی یەکەم ڕۆمانی، *"سێ سێو لە ئاسمانەوە کەوتنە خوارەوە Three Apples Fell from Heaven"* (٢٠٠١). ئەو دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕابردوو کە لێی بێبەشکرا و بۆ دۆزینەوەی ئەو ئەڵقە ونبووەی

شوناسی. "من پێویستییەکی لەڕادە بەدەرم هەبوو بۆ زانینی مێژووی خێزانەکەم، بۆ ئەوەی جێگە و پێگەی خۆم بدۆزمەوە لەم جیهانەدا".[١٣] ئەو دەیویست وێنە ڕاستەقینەکە لە پشت ئەو دەستەواژانەوە پڕبکاتەوە کە لێرە و لەوێ لەبارەی داپیرەیەوە بیستبووی، ئەو ژنە بوێر و ئازایەی کە بە گەشتی ڕێپێوانی مەرگدا ڕۆیشتبوو و خوشکەکەی و سێ برا لە خۆی منداڵترەکەی ڕزگار کرد و لە بەیروت پەروەردەی کردن. ئەو دەیویست زانیاری پەیدا بکات لەبارەی خاربێرت و مەزرەوە کە داپیرەی بە ماڵ و نیشتمانی خۆیی دادەنان. دایکی میشێلین لە بەیروت لە سەر چیرۆک و بەسەرهاتەکانی جینۆساید گەورە بووە، بەڵام بۆ خۆدزینەوە و هەڵهاتن لە ڕابردووی خەمناکی خێزانەکەی هاوسەرگیریی لەگەڵ پیاوێکی ئەمریکیدا کرد و گواستیەوە بۆ ئەمریکا. ئەو وا ڕاهاتبوو کە خۆی لە باسکردنی ڕابردووبدزێتەوە و ئەمەش کاردانەوەیەکی ئاسایی و باو بوو لای نەوەی دووەم. لەگەڵ ئەوەشدا ناوبەناو چەند ڕستەیەکی لە دەم دەردەپەڕی وەک: "تورکەکان نینۆکەکانیان دەردەهێنان، لە بنی پێیان دەدان. سکی ژنە دووگیانەکانیان هەڵدەدڕی و کۆرپەکانیان لە سکیان دەردەهێنا و نەنێ [داپیرەی میشێلین] دەیبینین کە تا مردن ڕێپێوانیان دەکرد".

لە تێکەڵەیەکی کارامەی ڕاستییەکانی جینۆسایدی ئەرمەن، ئەزموونی پڕ لە تراوما و زەبربەخشی نەوەی ڕزگاربوو، خۆشی و سەرنجڕاکێشان و ئەو فرە دەرفەتییەی کە کولتووری ئەمریکی دەتوانێت بیانڕەخسێنێت بۆ هەرزەکارێکی ئەرمەنی نەوەی سێیەم بە ئاشکرا ڕوون و بەرچاوە لە ڕۆمانەکەی کارۆڵ ئێدگاریاندا بە ناونیشانی *"هەڵسانەوەی فورات Rise the Euphrates"* (١٩٩٤) ئەوە دەردەخات کە سەرەڕای ئاسیمیلە و تێکەڵبوونی ئەو نەوەیەی لە ئەمریکا لەدایک بووە لە کولتوور و شێوازی ژیانی زاڵ و باوی ئەوێدا و سەرەڕای دوورکەوتنەوەشی لە ڕابردووە ئەرمەنییەکەشی بەڵام هێشتا هەر ئاسەواری برینەکانی جینۆسایدی هەڵگرتووە.

بە هەموو پێوەر و مەبەستێک، ئەم کاردانەوانانە دەنگدانەوەی دەروونیی بەکۆمەڵی نەتەوە دەردەبڕن کە کاریگەریی تونـدوتیژی و ئازاری ئاوارەیی و دەربەدەری و خۆتۆمەتبارکردن و گەڕان بە دوای ناسنامە و هەوڵدان بۆ گونجان و ڕاهاتن لەگەڵ جووت ناسنامەدا و هەروەها کاریگەریی ڕۆڵی ڕابردوو و ئێستای تاوانباران و تەماشاکەرانی جیهان دەگرێتەوە.

لە کایەی کولتووری میللیدا، تیپی "سیستەم ئۆف داون System of a Down"ی ئەرمەنە ئەمریکییەکان بۆ موزیکی هێڤی مێتاڵ بە باشترین شێوە تێڕوانین بۆ جینۆساید بەرجەستە دەکات لە لایەن لە جینۆساید ڕزگاربووانی نەوەی سێیەمەوە. سێرج تانکیان، یەکێک لە ئەندامانی گرووپەکە، باسی ئەزموونی باپیرەی دەکات لە کاتی کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنەکان و چۆن ئەو ئەزموونەی بۆ گوێزراوەتەوە وەک منداڵێک کە گوێی لە چیرۆکە سامناکەکانی بووە، دەڵێ "کاتێ گوێم لەم چیرۆکانە بوو دڵم کرایەوە و هەستم کرد کە دەگریم. ئەوە شتێکی باوەڕ پێنەکراوە کە مرۆڤ ئەو کارە بە مرۆڤ بکات لە سەدەی بیستەمدا". تیپی "سیستەم ئۆف داون" لە گۆرانییەکانی "P.L.U.C.K" و "چیا پیرۆزەکان"دا ئەم یادەوەرییەی بە نەمری هێشتەوە. تانکیان ئەم گۆرانییانە بە ڕێزگرتن لە جینۆساید و قوربانییەکانی دەزانێت و دەڵێ: "ئەوە بەشێکە لە ژیانمان، بەشێکە لەوەی کە ئێمە کێین".[١٤] بەم بیرکردنەوانە، تانکیان ئەوە ئاشکرا دەکات کە چۆن یادەوەریی میژوویی جینۆساید بەشێکی دانەبڕاوە لە ناسنامەی نەوەی سێیەم. لە کاتێکدا کە نەوەی سێیەمی ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا دەگەڕا بۆ چارەسەرێکی ئەو ستەمەی کە دژی نەتەوە کرا و لەگەڵ توخمەکانی ناسنامەی ئیتنیکیدا لە ململانێدایە بۆ دەستنیشانکردنی شوناسیان، ئەرمەنەکانی تورکیا بەردەوامبوون لەوەی کە ئەزموونی باوک و باوباپیرانیان بژین لە هەمان کەشوهەوای لایەنداری و جیاکاریدا.

ژمارەی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە لە تورکیا دەرچوون و مامەڵە لەگەڵ ئەزموونی ئەرمەنەکانی تورکیا دەکات، بەراورد بە کاردانەوەکانی ئەرمەنی دیاسپۆرا، بچووکە. کتێبەکەی یاڵچین *"ئێوە دڵی من خۆش دەکەن You Rejoice My Heart"* وەک سەرچاوەی سەرەکی بۆ بەراوردکردن دەمێنێتەوە. "بەڕێز میلینێ، نەک تەنها تۆ، بەڵکو منیش دەمەوێت خۆم بناسم" (ل٢٧). بە دەستپێکردنی ئەو گەشتە سەختە بەرەو ڕابردوو، یاڵچین ویستویەتی بزانێت ئەو کێیە، چونکە پێویستی بە دووبارە دۆزینەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ناسنامەی خۆی بکاتەوە و ئەمەش ڕاستییەکە تەنها چەند کەسێک دانیان پێدا ناوە. بێجگە لەوەش یاڵچین نەک هەر دەربڕینێکی هونەریی بەخشیوە بە تا ئێستا خەوتووی یادەوەریی میژوویی لە تورکیا، بەڵکو خزمەتێکی هێجگار گەورەشی کردووە بە ساڕێژکردنی بریندی دەروونیی نەوەگەلێک لە ئەرمەنەکانی تورکیا، مەسیحی بن یان موسڵمان، جا ئەوان بە زمانی ئەرمەنی یان تورکی قسە بکەن. یاڵچین قەناعەتی بەوە هەیە کە "ڕەفتاری ئێمە و شێوازی بیرکردنەوەمان و یادەوەرییەکانی قوڵایی هۆشیاریی بنیاتنانی ناسنامەکەمان و حوکمەکانی پێشوەختەمان و تابووەکانمان، ئەگەر بە هەموو ڕاشکاوییەکەوە دەربڕدرێن، ئەوە ڕۆحمان ئارام دەکەنەوە و یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆماندا" (ل٣٨٩) ئەو بە هەردوو ڕێگاکە کار دەکات. شایەتحاڵیی ئەو کەسانەی کە یاڵچین چاوپێکەوتنی لەگەڵیان ئەنجامداوە بەڵگەی زیاترە بۆ ئەو واقیعە.

نەوەکانی ئۆهان ئۆزانت لە ئیستانبوڵ لەدایک بوون و لە کەشوهەوای ڕەهای ماڵە ئەرمەنی و مەسیحیدا پەروەردە کراون. تەنانەت لە قوتابخانەی ئەرمەنییش خوێندوویانە، بەڵام ئەوان هەمیشە لە ژێر ستەم و سەرکوتدان.

تورکیا نیشتیمانی ئێمەیە. ئێمە لە ئیستانبوڵ لەدایک بووین و گەورە بووین. باشە بۆچی بێزارمان دەکەن؟ ئێمە دەستوەردان ناکەین لە ئاین و باوەڕیان. بەڵام کاتێ جەخت لە سەر شەریعەتەکەیان دەکەنەوە [واتە یاسای ئیسلامی] و ڕایدەگەیەنن کە تورکیا تەنها لە موسڵمانان

پێکهاتووه، کەواتە ئێمەش تۆندتر و گەرمتر بەرگریی لە ئاینەکەمان دەکەین و خاچ دەکەینە ملمان. (یالْچین، لاپەڕە ١١٨- ١١٩)

لە حالەتی نەوەکانی ئۆهان ئۆزانتدا، ئالەنگاریی حکوومەت بە ئاشکرا ئەنجامی پێچەوانەی سەلماند و ترس و ملکەچیی لێنەکەوتەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە هەستی قوولْتری ناسنامەی ئیتنیکیی دروستکرد.

ئەم سۆز دەربڕینە لە بەرانبەر تورکیادا وەک زێد و نیشتمانی ئەرمەن تالەداوێکی ئاسایی و باوە بۆ یەکەوەبەستنی ئەو کەسانە کە یالْچین چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردبوون. ئەوە هەستی ئینتیمای ئەرمەنەکانی تورکیا بوو کە لە تورکیا بەولاوە شوێنێکی تریان نییە. ئارام کە کارەکتەرێکی ڕۆمانەکەی *"زۆڵەکەی ئیستانبوڵ"ی* ئەلیف شەفەقە، ئەم هەست و سۆزە بە جوانی دەردەبڕێت:

ئەم شارە شاری منە. من لە ئیستانبوڵ لەدایک بووم و گەورە بووم. مێژووی خێزانەکەم لەم شارەدا بەلایەنی کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێنجسەد ساڵ و سەرەتا سەرکەوتین و دواتر بە شێوەیەکی خراپ شکستمان هێنا لە پێکەوەژیان.[١٥] **ئێمە ناتوانین جارێکی تر شکست بهێنین.**

وتارێک کە نووسەرەکەی نادیارە بە زمانی تورکی لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت دانرابوو، پاشان وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و لە "هەفتەنامەی ئەرمەنی *Armenian Weekly*"دا بڵاوکرابووەوە، بە باشترین شێوە ئەم هەستە پیشان دەدات. نووسەری کتێبی "ئەگەر ئەرمەنییەک بیت لە تورکیادا" ستەم و زیانەکان، جیاکاری، ترس و تۆقاندن و شەرمەزاری باڵی کێشاوە بە سەر ژیانی ڕۆژانەی ئەرمەنییەکدا لە تورکیا. بەڵام ئەگەر ئەرمەنییەک بیت لە تورکیادا مانای وایە کە "بەیانیانی هەموو ڕۆژێک بە شانازییەوە سروودی مارشی سەربەخۆیی بچڕیت و هاوار بکەیت 'بەختەوەرم کە تورک بم' لە تورکیایەکدا کە تۆ هیچ شتێکت بۆ وتن تێدا نییە... بەڵام کاتێ کە پێت ڕاگەیەنرا 'ئەگەر حەزی لێناکەیت بڕۆ و بەجێیبێڵە'، تۆیش بڵێی 'خۆ ئەمە وڵاتی منیشە'."[١٦]

پەیوەستبوونی قوواڵی لەم چەشنەی کەسێک بە وڵاتی ڕەسەنی خۆیەوە، ئەگەر نەڵێین زێد و نیشتمانی، سەرباری بەردەوامبوونی ستەم و ترساندن لە کۆمەڵگەدا، ناتوانرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت. هرانت دینک ژیانی خۆی لەدەستدا لە کاتێکدا باوەڕی بو بێتاوانیی خۆی هەبوو و باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە هەرگیز "ناوبانگی تورکبوون نازڕێنێت"، نە بە قسەکردنی و نە بە دید و بۆچوونیشی. ئەو هیچ کاتێ بیری لەوە نەکردبووەوە کە خۆی و خێزانی لە وڵاتێکی تر بژین بێجگە لە تورکیا وەک خۆی ڕێکوڕەوان و بە زمانێکی پاراو لە دوا وتاریدا نووسیبووی و لە ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ لە ڕۆژنامەی ئاگۆسدا بڵاوبووەتەوە:

بەڵام ئەگەر ڕۆژێک ناچار بووین بڕۆین... ئەوە ئێمەش ڕێک وەک ساڵی ١٩١٥ بەڕێدەکەوین... وەک باوباپیرانمان... بەبێ ئەوەی بزانین بەرەو کوێ دەڕۆین... بە پێیان ئەو ڕێگایانە دەگرینەبەر کە کە ئەوانی پێدا تێپەڕین... هەست بە ئازار و مەینەتی دەکەین، ئەزموونی ئێش و ئازارەکان دەکەین.... بەو جۆرە سەرزەنشتکردنە نیشتمانمان بەجێبهێڵین و ئەو شوێنە دەڕۆین کە پێیەکانمان دەمانبەن، بەڵام دڵمان لەگەڵ خۆمان نابەین.[١٧]

سوڵتان لە ئەدیامان وەک کچە موسڵمانێک گەورە بووە، بەڵام تەنانەت بۆ دراوسێ تورکەکەی و هاوڕێی یاریکردنی منداڵی ئەو هەر بە *گاور gâvur* تەماشا دەکرا. سوڵتان بیری دێتەوە کە یاریی مێروولەی لەگەڵ کچە موسڵمانەکەی دراوسێی تەنیشتیان کردووە. کچەکە پێی گوتووە: "با مێروولە سوورەکان بکوژین و ڕەشەکان جێبهێڵین، چونکە مێروولە سوورەکان گاورن و ڕەشەکان تورکن". ئەمە یەکەمجار بوو کە سوڵتان وشەی گاوری بیستبوو، بۆیە ئەو پرسیاری کرد مانای چییە، کچەکەش وەڵامی دایەوە: "ئەی تۆ گاور نیت؟" ئەو تووڕە بوو، وای زانی کە گاور وشەیەکی خراپە و بە گریانەوە ڕایکرد بۆ لای دایکی، کە دواتر ناچار بوو دانی پێدا بنێت و بە کچە حەوت ساڵانەکەی بڵێ ڕاستە ئەوان گاور بوون و ڕەچەڵەکیان ئەرمەن بووە، بەڵام ناچار بوون خۆیان وەک موسڵمان پیشان بدەن لە ترسی ستەم و چەوساندنەوە (یاڵچین ل٣٦٠). لەو

کـــاتەوە ئیتـــر ســـوڵتان هەوڵیـــدەدا بـــۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو تـــوخمە نادیـــارەی ناســـنامەکەیدا ئاشـــت بێـــتەوە، توخمێـــک کە وردە وردە لەگەڵ مـــۆتەکەی ئەو چیرۆکـــانەدا گەڵاڵە دەبـــوو کە بـــاپیری بـــۆی گێڕابـــووەوە لەبـــارەی دەرد و مەینەتییەکانیەوە کە لە ساڵی ١٩١٥دا ئەزموونی کردبوو، لەو کاتەدا تەمەنی دە ساڵ بووە (ل٣٥٦ – ٣٥٧).

یادەوەریی مێژوویی گواستراباووەوە بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە ناسنامەی سوڵتان: "ئێمە ئەو کارەساتە ترسناکەمان نەبینیوە"، ئەو ئەمەی بە یاڵچین وت لە چاوپێکەوتنەکەیـــدا لە ئەڵمانیـــا، "بەڵام ئەو مەینەتـــی و ئـــازارە گەورەیە وەک یادەوەرییەک مایەوە... یادەوەریی زۆر دڵتەنگم دەکات. هەرچەندە ئەو ڕۆژگارە تاڵەمان نەبینی و ڕێپێوانەکانی مەرگمان تاقی نەکردەوە، بەڵام ئاسەوارێکی وای بەجێهێشتووە کەوا کاریگەریی لە ســەرمان ناســڕێتەوە" (ل٣٦٧). لە ســەرەتاوە، دوای ئەوەی سوڵتان ڕەگ و بنەچەی ئەرمەنیی خۆی زانی، ئاواتەخواز بوو کە ڕزگاری بێت لە یادەوەرییەکان و ئەویتربوونی و یەکلابێتەوە بۆ یەکێکیان لەگەڵ هـــاوپۆلە تورکەکـــانی کە هەمیشـــە بە گومـــانەوە ســـەیریان دەکـــرد. بیـــری لەوە دەکردەوە کە تەنها ئەو کاتە ئاسوودە دەبێت کە بیدۆزێتەوە و سکاڵای ئەوەی دەکرد کە "نەک پێنج جار تەنانەت پانزە جاریش لە ڕۆژێکدا نوێژەکانمان بکەین، ئـێمە هەر بە *دارتســاتەکان* نـاوزەد دەکـرێین و پێمـان دەوترێـت *گـاور gâvur*" (ل٣٦٥).

ئەو هەمـوو بەیـانییەک لە قوتابخـانە، لەگەڵ هاوپۆلەکانیـدا، بە دەنگێکـی بەرز دووبـارەی کـردەوە، "مـن تـورکم، مـن ڕاسـتگۆم، مـن کۆشـش دەکەم"، بەڵام نەزرەکەی تێکەڵ بە هەستکردن بە گوناە و شـەرمەزاری دەبوو چونکە دەیزانی کە ئەرمەنییە (ل٣٦٢). بەڵام ئەو ئەم هەستی نائارامییەی تێپەڕاند و زیـاتر مەیلی بە لای بنەچەی خۆیەوە بوو و خۆنمایشکردنی لەلا قورس بوو و شـەرمی دەکرد کە وا خـۆی پیشـان بـدات موسـڵمان بێـت و پەیـڕەوی سـرووت و نەریـت و

ڕێوڕەسمی ئاینی ئیسلام بکات. کاتێک سکالاّی ئەمەی لە باوکی کرد، ئەویش دلّنەوایی دایە وتنی: "هەموو شتێک باشە، عیسای پەروەردگار، پێغەمبەرمان، ئێمە دەبینێت و دۆخی نالەباری، ئازارەکانمان دەزانێت" (ل٣٦١) ئەو ئێستا لە ئەڵمانیا خۆی و هاوسەرەکەی وا پێناسەی کرد کە: "ئێمە لە مالاّوە بە زمانی کوردی قسە دەکەین و ئەوە زمانی دایکی ئێمەیە. ئێمە ئەرمەنین، بەلاّم زمانی ئەرمەنی نازانین" (ل٣٦٣). سوڵتان سەر بە گرووپی ئەو ئەرمەنە شاراوە یان خۆحەشاردەرانەن کە دەستبەرداری دەمامکی ڕێوڕەسمی ئیسلامی بوون و گەڕانەوە سەر ئاین و باوەڕی باوباپیرانیان.

یالّچین لە ئیستانبوڵ، کە لەوێ دەژیا، چاوی بە زەکەریا کەوت کە ڕزگاربووی نەوەی سێیەم بوو، پیاوێکی خوێندەوار کە توانای شیکردنەوەی ناسنامەی خۆی هەبوو. ئەو ئەرمەنییە گرفتاری ڕابردووی پڕ ئازار و ستەمکاریی جەنگ بووە. تێڕوانینی ئەو، کە کەسایەتی و ناسنامەی پێکهێنابوو، لە ئارەزوویەکی بێئەندازەدا دەردەکەوت بۆ ئازادی و برایەتی و یەکسانی لە نێوان گەلانی جیهاندا و لە نێوان ئەرمەن و تورکدا بە تایبەتی. زەکەریا لە ساڵی ١٩٥٣دا لە گوندی ئەکرەکی سەر بە شاری قەیسەری لەدایک بووە. ئەو بە باشی بیری دێتەوە کە چەندە سەخت بوو بۆ ئەو ئەرمەنانەی کە لە ناوچەکانی ناوەوەی تورکیادا دەژیان. یادەوەرییەکانی منداڵیی ئەو بەو ئازار و سەختییەی ژیانی داپۆشرابوون. منداڵە تورکەکان لێیاندەدا لەبەر ئەوەی ئەرمەنی بوو، بە شەودا مالّیان بەردباران دەکرد هەر لەو سۆنگەیەوە. شوێنی لەدایکبوونی زەکەریا، پێشتر گوندێکی ئەرمەن بوو کە ٧٥٠ خێزانی تێدا دەژیا و لە ساڵی ١٩١٥دا دەرکران و "پاککرانەوە" و لە ساڵی ١٩٢٤دا پەنابەرە تورکەکانی دانیشتووی یۆنانیان تێدا نیشتەجێ کرد. دوو کەنیسەی تێدابوو ڕووخاندنیان و ئەو چەند خێزانە ئەرمەنییە کەمەش کە لەوێ مابوونەوە بەردەوام تووشی چەوساندنەوە و هەراسانکردن دەبوون تا ئەوانیش گوندەکەیان بەجێهێشت (ل٢٢٩).

ئاڕاستەی سیاسیی زەکەریا چەپ بوو، بەڵام ئەو سەرکۆنەی خۆی دەکات بە هۆی ئەوەی پەیوەندیی بە چەپی تورکیاوە کردووە و بەوەی بەها و میراتی ئەرمەنی لەبیرکردووە. دەمارگرژیی حکوومەت و چەوساندنەوەی بەرەو ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیستیی بردبوو و هاوڕێ تورکەکانی کە بە هەمان شێوە دەچەوسێنرانەوە. ئەو لە ماوەی گەورەبوونیدا، گەڕان بە دوای ناسنامەی ئەرمەنیی خۆی و ناسینی میراتەکەی کایەیەکی قەدەغە و تابوو بوو. پاشان، کاتێ گەیشتە ئەو تەمەنەی کە بتوانێت بڕیار لە بژاردەی خۆی بدات، ئەرمەنیبوونی خۆی پشتگوێ خست و بە لای ئینتەرناسیۆنالیزمدا دایشکاند (ل ٢٤٠).

زەکەریا سوپرایزێکی بۆ خوێنەر پێیە. لە نیوەی چیرۆکەکەیدا و بەو جەختە تونـدەی کە لە سەر ئەرمەنیبوونی خۆی دەیکات، ناسنامەی هاوسەرەکەی ئاشکراشی دەکات، کە کچە تورکێکە و ئەوان هاوڕێ و هاوخەباتی یەکتر بوون لە حیزبێکی چەپدا کە ئیتنیک و نەتەوە ڕەچاو نەکردووە و مەسەلەیەکی گرنگ نەبووە لای. لە ڕاستیدا ئەگەر یەکێکیشیان سازشی کردبێت سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەیی و میرات، ئەوە ژنەکە بووە، کە بە دڵ و گیان نەریتی ئەرمەنی وەرگرتووە و دوو کوڕی ئەرمەنیی بەخێو و پەروەردە کردووە. سەرەڕای ئەوەش، کەنیسەی ئەرمەنی خۆی بەدوور گرتووە لە مەعموودییەتکردنی ئەم دوو کوڕەیان و بەمجۆرە ئەو خێزانەی کە لەگەڵ یەکتردا پێکیان هێنابوو بوو بە هاوبەشییەکی نامۆ و نائاسایی و لە هیچ کامیانەوە وەرنەگیرا، بێئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بێت. (ل٢٥٨).

زەکەریا دان بەوەدا دەنێت کە خۆی و نەوەکەی "ناتوانن ئازارەکانی ڕابردوو، ڕاگواستنەکانی ساڵی ١٩١٥، باجی سەروەت و سامانی (*ڤارلک ڤێرگیسی Varlik Vergisi*) ساڵی ١٩٤٢، پۆگرۆمەکانی (کوشتاری بەکۆمەڵ – و) ساڵی ١٩٥٥ دژی غەیرە موسڵمانان، و هەڵکشانی هەڵمەتی بەتورککردنی ساڵانی ١٩٦٠کان،

لەبیربکەن (ل ٢٤١). ئەزموونی ژیانیشی ئەوە دەگێڕێتەوە کە "توندوتیژی و ترس بیرکردنەوەی دروست پەکدەخات و قەدەغەکردن و تابوو کوێرت دەکات و یادەوەریی [میژوویی] لاواز دەکات". (ل٢٤٠).

جیاکاری تا ئەمڕۆش بەردەوامە، چونکە ئەرمەنەکان لە ئاسیای بچووک منداڵانی کەم تەمەن، لە ناوچەکانی ناوخۆی تورکیا، ڕێگەیان پێنادرێت قوتابخانەی ئەرمەنییان هەبێت، یان بە زمانی خۆیان قسە بکەن، یان پراکتیزەی ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیان بکەن بەوەی کەوا کەنیسەکانیان ڕووخێنراون و وێرانکراون و بەر هەراسانکردن وچەوساندنەوە کەوتوون لە سەر دەکرێت تا ئەو ڕادەیەی کە بە ئاستێک کە ناچار کراون کە ماڵ و حاڵیان بەجێبهێڵن و کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی وڵات یان بچنە ئیستانبوڵ، کە حکوومەت دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ دەکات لە ژیان و چارەنووسیاندا. ئەوەی جێگای سەرنجە، بە مەبەستی ڕزگارکردنی دوا ئەرمەنەکان کە پەرش و بڵاو بوونە ئاسیای بچووک، ئیستانبوڵ ئەرمەنەکان سااڵنە هەڵمەتێکی دامەزراندنی منداڵانی بچووک و هێنانیان بۆ ئیستانبوڵ بۆ پەروەردەی ئەرمەنی. ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ پاراستنی ئەرمەنیبوونی منداڵان. بەڵام لێرەشدا حکوومەت هەموو جۆرە بەربەستێک دروست دەکات بۆ قەدەغەکردنی چوونە ژوورەوەیان بۆ زمانی ئەرمەنی قوتابخانەکان. هەروەها دەستپێشخەرییەکی ئەم دواییە دەستیپێکردووە بۆ هانی ئەو کەسانە بدەن کە هێڵێکی ئەرمەنییان لە ڕەچەڵەکدا هەیە بۆ بێنە پێشەوە و بە دوای خزمە ئەرمەنەکانیاندا بگەڕێن لە تورکیا و دەرەوەی وڵات. دەستپێشخەرییەکە، بە ناوی "گەڕان بە دوای خزمەکەمدا"، لە ڕاستیدا لقێکە لە هەنگاوە هاوشێوەکان کە لە لایەن هرانت دینک لە یەکەم ژمارەکانی ئاگۆسەوە تا ئەو تێڕۆرکردن.[١٨] دەستپێشخەرییەکە بەردەوامە. لە ئەنجامدا، سەدان ژن و پیاوی تورک ورەیان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی بێنە پێشەوە، چیرۆکی دایکە ئەرمەنیەکەیان بگێڕنەوە، باوک، یان باپیر و باپیرە، و داوای یارمەتی بکەن بۆ دۆزینەوەی ئەرمەنیەکەیان خزمەکان.

بەڵام بە ڕاستی شتەکان لە ئیستانبوڵیش قورسن، چونکە حکوومەت ڕێگە بە بیناسازی نوێ نادات، یان تەنانەت چاککردنەوەش بۆ بینا کۆنەکان کە لەیەک دەچن. یالچینیش ئەوەش شایەدی ئەوە دەدات (ل ٢٢٣ – ٢٢٦). زانیارییەکان لە سەر ئەرمەنەکانی ئیستانبوڵ و دۆخی کەنیسە و قوتابخانە ئەرمەنییەکان و چییان تێدا بووە کەم تا زۆر لە ئاشکران لەمڕۆدا و جیهانی دەرەوە ئاگاداری کێشە و زەحمەتییەکانیانن[١٩]. شایانی باسە ئاماژە بەوەش بکەین کە یالچین، وەک تورک، دان بە هەڵەدا دەنێت و سەرکۆنەی دەکات.

لە ڕاستیدا، سیاسەتی دژ و نالێبوردەیی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکان بەرانبەر بە کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان لە تورکیادا بە پێی فەرمانی بالای ساڵی ١٩٣٤ سەبارەت بە تورککردنی ناوی بنەماڵەی غەیرە تورکەکان، کە ستراتیجێکی بەهێز بوو بۆ بەتورککردن و هاوچەشنکردنی کۆمەڵگەی جیاواز و جۆراوجۆرەکانی تورکیا. بە پێی ئەم فەرمانە ڕێگە بە ئەرمەنەکان نەدرا تەنانەت ناوی خۆیشیان بەکاربێنن، چونکە پێشتر دەیانتوانی بە ناوی بنەماڵەکانیان ئیددیعای شوناسی ئەرمەنیبوونی خۆیان بکەن. بە دوای ئەمەشدا بڕیاری باج وەرگرتنی سەروەت و سامانی ساڵی ١٩٤٢ کە بە سەر هاووڵاتیانی غەیرە موسڵماندا سەپێنرا، لەوانەش ئەرمەنانەی کە ئاینیان گۆڕیبوو و بووبوونە موسڵمان، وەک بیانوویەک بۆ ئەوەی هەموو ئەرمەن و مەسیحییەکان ناچاربن دەستبەرداری کاری بازرگانیی خۆیان ببن بە سەپاندنی باجدانی قورس و ناڕێژەیی و جیاکاری و بێبەشکردنیان لە ماڵ و سامانیان. ئەوانەی کە نەیانتوانی پارەی باجی قورس بدەن و زۆرێکیان بە تایبەتی لە ناوچەکانی ناوەوەی تورکیا، دەربەدەر کران و دووچرانەوە بۆ ئۆردووگاکانی کاری بێگاری لە ئاشکالە (ئاشقەلا – و). وەک سەرکیس ڤارپێت دەڵێت، ئەرمەنەکان "ئەمجارەیان بەر پرۆسەی ڕاگواستن نەکەوتن لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، چونکە ژمارەی ئەرمەن و یۆنانییەکان ئەوەندە نەبوو بۆ ئەوەی ڕابگوێزرێن. لەگەڵ ئەوەشدا

هەموو مەسیحییەکان تووشی باجی سەروەت و سامان بوون. ئەمجارەیان، شوێنی مەبەستی دەربەدەری و ئاوارەکردن ئاشکاڵە بوو" (یاڵچین، ل ٢٩٥).

بابا یوسف، کە تورکێکی ئاشکالە بوو، بۆ یاڵچینی گێراوەتەوە کە ئەرمەنەکان کە لە ئۆردووگاکانی کاری بێگاریدا چ مامەڵەیەکی خراپ و پڕ ستەم لە ئاوارە ئەرمەنەکان کراوە و چۆن ڕەتێنراون و لەناوچوون. ئەو هەمیشە ئاواتی بۆ دەرفەتێک خواستووە بۆ گێرانەوەی ئەوەی شایەتحاڵی بووە تا هەموو جیهان بزانێت، بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی تورکیاش ئەو ڕاستییە بزانن، کە بێئاگان لەو تراجیدیایەی کە لە ئاشکالە ڕوویداوە. (ل١٠٢). ئەو هەمیشە ترسی هەبووە، بەڵام ئێستا لە کۆتایی گەشتەکەیدا لە سەر ئەم زەویە، ئامادە بوو بۆ ئەوەی قسە بکات و چیتر نەترسێت. یاڵچین یەکەمجار بوو گوێی لە ئەم کارەساتە مرۆییە بێت، بەڵام دەبوو چیرۆکەکانی ئاشکالە لە کەسانی تریشەوە ببیستێ. بۆ نموونە، ڤەهرام گارابێنت، لە سوپای یەدەکدا خزمەتی دەکرد کاتێ باجی سەروەت و سامان ڕاگەیەندرا و لە ڕێگەی بۆ تێکەوتن و یارمەتیی دۆستێکی تورکیەوە توانی لە ئۆردووگاکانی کاری ئاشکالە ڕزگاری بێت (ل١٤٠).

مرۆڤ پێشبینی دەکات دەنگدانەوەی ئەم ڕووداوە کارەساتبارە لە ئەدەبیاتی ئەرمەنیدا دەنگدانەوەیەکی هەبێت. ئەم باجدانانە قورسە کە نەک تەنها لە ڕووی ماددییەوە بەڵکو لە ڕووی ڕۆحیشەوە کاریگەریی وێرانکردنی هەبووە لە سەر نەوەیەکی ئەرمەنەکان لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتی و تاکەکەس و ناسنامەیان. جێگای ئاماژەیە کە ئەندان ئۆزەر تاکە شاعیری ئەرمەنییە کە دەزانم لە دوو قەسیدەی شیعریدا ئاماژەی بەم ڕووداوە وێرانکەرە دەکات و بە ناونیشانی، "گار و چگار" (هەبوو نەبوو) و "ڤێراتارتس ئەشکالین" (گەڕانەوە لە ئاشکالێ) و هەردوکیانی لە ساڵانی ١٩٤٩ – ١٩٥٠ نووسیوە.

پاشان مەینەتییەکانی (پۆگرۆمەکانی) ساڵی ١٩٥٥ هاتنە ئاراوە، تاڵانکردن و کوشتنی غەیرە موسڵمانان، دەستدرێژیکردنە سەر کچانی گەنج و سووتاندنی

ماڵەکان و لەناوبردنی مۆڵک و ماڵی بازرگانی. چیرۆکەکە سەرەتا لە هەواڵێکی ساختەوە دەستی پێکرد گوایە یۆنانییەکان ئەو ماڵەیان بۆردومان کردووە کە ئەتاتورکی تێدا لەدایک بووە لە سالۆنیکا (سالۆنیکی). موسڵمانەکانی تورکیا هاندرابوون بۆ ئەوەی بڕژێنە سەر شەقامەکان و تۆڵە لە یۆنانییەکان بکەنەوە و ئەوەش سەریکێشایەوە بۆ هێرشکردنە سەر غەیرە موسڵمانەکان و بە تایبەتی ئاڕاستەی ئەرمەنەکان کرا. کیرکۆر جەیهان لە زارای ئیستانبوڵ لەو کاتەدا، دۆخە پڕ ترس و تۆقینەکەی ئەو دوو ڕۆژە بەبیر دێنێتەوە. ئاپۆرای خەڵکە وروژاوەکە هاندران بۆ ئەوەی زیان بە یۆنانییەکان بگەیەنن و ماڵ و دوکانەکانیان تاڵان بکەن و بیانسووتێنن و ژنەکانیان بڕفێنن و پیاوەکان بکوژن. بەڵام کیرکۆر شایەتیی ئەوە دەدات کە لەگەڵ ئەرمەنەکانیش هەمان مامەڵەی دڕندە کراوە (یاڵچین، ل١٨٠). ئەو پێی وایە کە پرسی قوبرس و دوژمنایەتیی حکوومەتی تورکیا بەرانبەر بە یۆنانییەکان سەرچاوەی ئەو خراپەکارییە بوون کە وا گرییان بەردا لە پلێتەی ئاگری ئەو قەتڵوعامەی کە دواتر کۆمەڵگەی ئەرمەنی گرتەوە.

لە لایەکی ترەوە، ڕۆبەر هادێجیان ئەو شۆک و نائومێدییە بیردێنێتەوە ڕۆشنبیرانی ئەرمەن کە بەرۆکی گرتبوون کاتێ کەوتنە دۆزینەوەی دەروویەک بۆ ئەگەڕێکی ئازادی دەربڕین لە بواریکی ئەدەبیی سنووردا. لە ڕاستیدا، بزووتنەوەیەکی ئەدەبیی نوێ هاتبووە ئاراوە و نووسەران و شاعیرانی ئەرمەنی ئیستانبوڵ سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤارە دەورییانە بوون کە ئەم دەربڕینە نوێیەی لەئامێز گرتبوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ماڵ و دوکان و خانەکانی بڵاوکردنەوەش تاڵانکران و لەناوچوون، یەکێک لەوانە چاپخانەی "ڤارۆڵ"ی سەرگیس تەرزیان بوو کە ڕۆژنامەی "سان*San* ی، ئۆرگانی مخیتاری سانوتس میوتیون (کۆمەڵەی خوێندکارانی دەرچووی مخیتاری)"، بوو بڵاوکراوەتەوە. هادێجیان ئەو سەردانەی خۆی و زارێ خراخونی دەگێڕێتەوە ڕۆژێک دوای کوشتارەکە بۆ ئەم دوکانە کردیان و باس لە دیمەنە ترسناکەکەی پلێتە

شکاوەکان و پیته کانزاییەکانی ژمارەی ڕۆژی داهاتووی ڕۆژنامەکه دەکات که له سەر زەوی پەرش و بڵاو بوونەوه و هەروەها چاپخانه وێرانبووەکەش. بەڵام ئەوەی زیاتر ئازاربەخش بوو و هاوکات بوو لەگەڵ ئەو وێرانکارییەدا، تێکشکانی هیوا و خەونەکانیان بوو بۆ داهاتوویەکی باشتر له تورکیادا.[٢٠]

دواتر بۆ دووركەوتنەوه له ئاکامی سیاسی، سەرکردەکانی هەڵمەتەکەی شەقام دەستگیرکران و دادگایی کران و دوای سەپاندنی سزای سووک به سەریاندا ئازاد کران. شیاوی باسە ئۆکتای ئێرگین، که یەکێک بوو له بەشدارە سەرەکییەکانی کوشتارەکه دواتر بەرز کرایەوه بۆ پۆستی حاکمی نەقشەهر. بەڵام ڕێکخەرانی سەرەکی ئەم پۆگرۆمانه (کوشتار، لێقەومان و مەینەتی – وەرگێڕ)، عەدنان مەندەریسی سەرۆک وەزیران و حکوومەتەکەی بوون و دوای ڕووخانی ئەم حکوومەته له ساڵی ١٩٦٠دا، ئەو و هاوکارەکانی دادگایی کران و سزا دران. ئەڵفرێد دی زایاس، نووسەری بابەتێکی تۆێژینەوەی گرنگ به ناوی "پۆگرۆمی ئیستانبوڵ له ٦ – ٧ی ئەیلوولی ١٩٥٥. له بەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا"، داخی خۆی دەربڕیوە بۆ نەبوونی ڕاپۆرتێکی فەرمی تا ئێستا له حکوومەت یان پۆلیسەوه له سەر ڕووداوەکان، چونکه دادگاییکردنەکه مەندەریس و حوکمدانی مردن به سەریدا پەیوەندیی نەبوو بەم کوشتاره و ئەو وێرانکارییه هێجگار گەورەیه گیانلەدەستدانی بێئەژمارەوه که بەرپایان کرد، بەڵکو بەپێی بنەمای تاوانەکانی تر بوون لەوانه "خراپ بەکارهێنانی سامانی گشتی". هەروەها دی زایاس بەداخه لەوەی که نەوەی نوێ له تورکیا زۆر کەم دەزانێت لەبارەی کارەساتی کوشتارەکەی ساڵی ١٩٥٥وه و که حکوومەته یەک له دوای یەکەکانی دواتر ڕێزیان له یادی مەندەریس گرتووه و له دوای خۆی چەندین قوتابخانه و دامەزراوەیان کردووه به ناویەوه.[٢١]

هەنگاوی دواتری بەتووركردنی ڕەها له لایەن کۆمار و حکوومەتەوه و پێشێلکردنی کەمینه ئیتنیکییەکان هەڵمەتی سالانی ١٩٦٠کان بووه دژ به بەکارهێنانی هەر زمانێکی تر بووه بێجگه له زمانی تورکی.[٢٢]

تۆمارکردنی یاڵچین بۆ ئەم نموونانەی جیاکاری و چەوساندنەوە بێلایەنانە بووە و بێگومان بۆ گەلێ لەو تورکانەی کتێبی "ئێوە دڵی منتان خۆشکرد"یان خوێندووەتەوە و باوەڕیان بە ڕاستگۆیی و ئەمانەتی هەیە. ئەی. عومەر تورکەش لە پێداچوونەوەی بەم کتێبەدا باس لەوە دەکات کە هەر کەسێک کتێبەکە بخوێنێتەوە هەست بە تووڕەبوون و پەستی دەکات بە حەقیقەتی ئەوەی کە ئێش و ئازارەکانی ساڵی ١٩١٥ لە سەردەمی کۆماریدا چارەسەر نەکراون، بەڵکو بە باجی سامان و خاوەندارێتیی ساڵی ١٩٤٢ و کوشت و کوشتارەکانی ساڵی ١٩٥٥ و هەڵمەتی "بەتورکی قسە بکە"ی ساڵانی ١٩٦٠کان زەقکراوەتەوە و جەختی لە سەر کراوەتەوە. تورکەش لە سەری دەڕوات و ئەوەی بۆ زیاد دەکات کە تەنها ماوەیەک کەوا ئەرمەنەکان بە یەکسانی مامەڵە کرابێتن، ژووڕەکانی ئەشکەنجەدان لە پاش کوودەتاکەی ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ بووە لە تورکیادا.[٢٣] ستەم و چەوساندنەوەکان بەردەوام بوون، بەڵام یادەوەریی یادەوەریی ستەمکارییەکانی تورکیا وابوو، تەنانەت ئەگەر چیرۆکەکەش پێچەوانە بکرێتەوە. کارەکتەرێک لە ڕۆمانی "بەفر"ی ئۆرهان پەموکدا (٢٠٠٤) باس لە کەنیسەیەکی ئۆرسۆدۆکسی دەکات لە قارس کە بەشێکی کراوەتە مۆزەخانەیەک[٢٤] و تێبینی دەکرێت کە "بەشێکی هەمان مۆزەخانە تەرخان کراوە بۆ زیندوو ڕاگرتنی یادی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان (بە شێوەیەکی سروشتی، وەک ئەو وتی، هەندێ گەشتیار بە چاوەڕوانییەوە هاتبوون پاشماوەی کۆمەڵکوژیی تورکەکان بۆ ئەرمەن ببینن، بەڵام بە کوتوپڕی ئەوە دەردەکەوت کە چیرۆکەکە لەم مۆزەخانەیەدا پێچەوانەیە)" (ل٣٢).[٢٥] یادەوەری میژوویی تورکیا بەو ئەندازەیەی حکوومەتەکانی تورکیا دەیانەوێت نەسڕاوەتەوە.

چیرۆکەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەرمەن لەو شوێنانەدا بڵاوبوونەوە کە ئێستا بە تەواوی گوندەکانی کوردن. هەروەها زەکەریا ئەو چیرۆکانەی لەبیرە لەبارەی گوندی لەدایکبوونی خۆیەوە لە ئێکرێک، چیرۆکی ئەو ئەرمەنانەی

سەردەبڕان و فڕێدەدرانە ناو ڕووبارەکەوە. پاشان بێدەنگیی خەڵکی گوندەکان بیر دێنێتەوە سەبارەت بە ڕەگی ئەرمەنییان: "من باپیرەم ئەرمەن بوو. باپیرانمان ئەرمەن بوون بەڵام بوون بە موسڵمان... داپیرەم ئەرمەن بوو، کە لە سەر ڕێگەی ڕاگواستن و ئاوارەبوون لە دەست خێزانەکەیان سەندووە و بردوویانە ... با ئەو تورکانە قسە بکەن و دەتوانن زۆر شتت پێبڵێن" (یاڵچین، ل ٣٦٠). ئەم جۆرە بیرەوەرییانە ڕێگەی خۆیان بۆ هونەر و وێژە دۆزییەوە. لە ڕۆمانی "بەفر"دا، کە ڕووداوەکانی لە ژینگەیەکی تەواو هاوچەرخدا دەسووڕێتەوە، ئۆرهان پاموک دووبارە و سێبارە ئاماژە بە بوونی چڕی ئەرمەن لە کارس دەکات سەد ساڵێک لەمەوبەر. ئاماژەی بەوەش کردووە، "کۆمەڵگەیەکی گەورەی ئەرمەنی هەبووە، بەڵام چیتر بوونی نەماوە". کا، پاڵەوانی ڕۆمانەکە و هاوڕێی شاعیر پاموک ئەوە بیردێنێتەوە، "بەڵام کەنیسەکانی کە هەزار ساڵ تەمەنیانە هێشتا بە هەموو مەزنی و جوانیی خۆیانەوە دەدرەوشێنەوە" (پاموک، ل ٢٠). پاموک دەست دەخاتە هەموو دەرفەتێکەوە و هەموو گۆشە و قوژبنێکی شارەکە وەسف دەکات: "بینا سێ نهۆمییە ئەرمەنییەکەی ئێستا بووە بە بارەگای ئەنجومەنی شار (ل ١٦٣)، "ئەو خانووە ئەرمەنییە یەک نهۆمییە ئەرمەنییانەی هەشتا ساڵە کەسیان تێدا ناژی" (ل٥٤)، "ئەو دەرگا ئاسنە سەرەکییەی [بەشی ناوخۆیی قوتابخانەی ئامادەیی ئاینییە]، کەوا کە دروستکراوێکی جوان دەستڕەنگینی ئەرمەنی بوو تا ئەمڕۆش وەک خۆی ماوە و بەرچاوە" (ل ١٦٩)، "سەد ساڵی نامۆ و ناهەموار تێپەڕین و ئەو تەلارە ئەرمەنییە درێژە بینای نەخۆشخانەیەکی ئەرمەنییە" (ل ١٨٠) و ئێستا بنکەیەکی پۆلیسە لەگەڵ چەند ژووڕێکی بەندیخانە لە ژێرزەمینەکەیدا. ئەو لەبیریشی نەچووە ناوی ئەو ئەرمەنییانە بێنێت لە ناو دانیشتووانی فرەئیتنیکی قارسدا " ئەوانە کە ئەم شارەیان کردە مەڵبەندێکی پۆشتە و پەرداخی شارستانییەت ئێستا ڕۆیشتوون و نەماون" (ل ١٣٢). ئەو تەنانەت ئەوەشی بیردێتەوە کەوا "کچە ئەرمەنییە ڕۆمانسی و داماوەکان تەنها

دەیانتوانی هەرزانترین بلیت دابین بکەن بۆ بینینی تیپەکانی شانۆگەری و ئەکرۆبات و گرووپەکانی چەمبەری مۆسکۆ" کاتێ وەسفی هۆڵە شڕ و چاکنەکراوەکەی شانۆ دەکات لە قارس. پاشان وەسفی کۆبوونەوەیەکی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکات بۆ فۆرمەلەکردنی ڕاگەیاندنێکی هاوبەش کە لە لایەن خەڵکی قارسەوە بنێردرێت بۆ ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی، کە لە لایەن حکوومەکەیانەوە سەرکوت کراون. لێرەدا لە ناو هەندێ وەرگرتنی کاردانەوەدا پاموک ئەمانە تۆمار دەکات، "یەکێک لە ڕەشبینانی ناو ئاپۆرەکە زیرەکانە پرسی، 'باشە ئەو ملیۆنان ئەرمەنە چییان بە سەرهات کە لە سەروەختێکدا لە سەرتاپا ئەنەدۆڵدا دەژیان، بە قارسیشەوە؟'....

پێم خۆشە وا بیربکەمەوە کە بڕینێکە لە ڕۆحی هەر تورکێکدا کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕابردوو، کە یادەوەری ڕابردووی بە سەر ترسەکانیدا دەسووڕێتەوە و هیواکانی ئێستا. لە وتارە جوڵاوەکەیدا لە کاتی خەڵاتکردندا مەراسیمی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب لە ساڵی ٢٠٠٦، پاموک ئەو شەرەفەی قبوڵ کرد کە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنەکەی لە کردەی نووسین و بیرکردنەوە لە ڕۆڵی نووسەر و ئەو ئەدەبیاتەی کە بەرهەمی دەهێنێت. هەروەها وتی:

بۆ من نووسەر بوون دانپێدانانە بە برینە نهێنییەکان کە لە ناو خۆماندا هەڵیدەگرین، ئەو برینانەی ئەوەندە نهێنین کە ئێمە خۆمان بە زەحمەت ئاگادارياننین و بۆ ئەوەی بە سەبرەوە لێیان بگەڕێین ئەوان، بیاننناسن، ڕووناکیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی خاوەنی ئەم ئازار و برینانە بن و بۆ ئەوەی بیانکەین بە بەشێکی هۆشیار لە ڕۆحەکانمان و نووسینەکەمان.[٢٦]

حەز دەکەم لە نێو ئازار و ترسە پەنهانەکانی تری کۆمەڵگەدا کە پاموک بەو شێوە لێزانانە وێنای دەکات و هەست بە هاوسۆزی دەکات لەگەڵیدا، باوەڕم بەو ئێش و ئازارەش هەبێت کە برینی ڕابردووی چاک نەبووەوە و دانپێدانەنراوی یەک ملیۆن و نیو هاووڵاتیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییە. بە تیشک خستنە سەر یادەوەریی بوونی ئەرمەن لە قارس و بەشداریکردنیان لەو کولتوورە ناوازەیەی کە خەسڵەتێکی تایبەت و جیاکاری دا بە قارس لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا،

پاموکیش ئامانجی ئەوەیە گرنگیی کۆمەڵگەیەکی فرە ڕەنگ و ڕەهەند دەربخات، کۆمەڵگەیەک لەو کەسانە پێکهاتبێت لە نەتەوە و ئایینی جیاواز و دید و بۆچوونی جیاواز و شێوازی ژیانی جیاواز پێکهاتبێت، کۆمەڵگایەک پێکهاتبێت لە کەسانێک کە دەیانتوانی پێکەوە بژین و داهێنان بکەن. ئەمەش ئەوەیە کە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا هەوڵی کوشتنیان داوە لە تورکیا. پاموک بۆ "دوو ڕۆحی تورکیایە"، وەک لە چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاندووە کە یەکەمجار ساڵی ٢٠٠٥ لە گۆڤاری وەرزیی دید و بۆچوونی نوێ *New Perspectives Quarterly - NPQ* بڵاوبووەوە:

لێرە ساڵانێکە زۆرێک لە سیاسەتمەداری دەسەڵاتخواز و تاکڕەو هەوڵی سەپاندنی یەک ناسنامە و یەک ڕێگە و شێوازی ژیانیان بە سەر تورکیادا سەپاندووە. هەندێکیان دەیانویست سێکولاریزمی ڕۆژئاوایی بە ڕێگەی سەربازی بسەپێنن، لە کاتێکدا هەندێکی تریان دەیانویست تورکیا بۆ هەتاهەتایە نەریتی و ئیسلامی بێت. ئەم ڕێبازە دیموکراسیی لەناوبرد لە تورکیادا و ئەم بیر و ئایدیایانە بەردەوام لە دیالۆگ و شەڕدان لەگەڵ یەکتر و یەکتریش دەگۆڕن.[٢٧]

خەم و بایەخپێدانی پاموک لە ڕۆمانەکەیدا "بەفر" بەرگریکردنە لە هەردوک ئیسلامییەکان و بەڕۆژئاواییبووەکان لە قارسدا و هەوڵ دەدات دیدگا و بۆچوونی هەردوو لایان تێبگات. ئەو پێی وایە بەتایبەتی کە تووڕەیی و ناڕەزایی ئیسلامییەکان بەرانبەر بەڕۆژئاواییبووەکانی هاووڵاتیانی تورکیا، یان "سێکولارە لیبرالەکان" لە نائارامی و ترسیانەوە سەرچاوە دەگرێت.

هەروەها ئەلیف شەفەق دوودڵ نییە لە نووسین لە سەر ئەزموونی ئەرمەنی لە تورکیا. تەحەدای ئیدیعاکانی حکوومەتی تورکی دەکات لە سەر هاوچەشنی و یەکسانیی کۆمەڵگەی تورکی. ئەم نووسەرە لە ڕۆمانەکەیدا دەنگێکی زۆر دەهێنێتە پێشەوە کە باسی هەوڵی بێهوودەی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکان دەکەن، لەوانەش کۆمەڵکوژییەکان و ڕاگواستن و شکستهێنانیان لە دروستکردنی ئەو کۆمەڵگە یەکسان و هاوچەشنە و سڕینەوەی یادەوەریی بەکۆمەڵ. لە ڕۆمانەکەیدا بە ناوی *"زۆڵەکەی ئیستانبوڵ"* (٢٠٠٧)،[٢٨] دیکران ستامبوڵیان، کە

ئەرمەنێکی ڕزگاربووە و لە ئەمریکا دەژی، هەست بە نیگەرانی دەکات لەبارەی ناسنامەی کچە برازیەکیەوە، کە لە لایەن دایکە ئەمریکییەکەیەوە پەروەردە دەکرێت دوای جیابوونەوەی لە هاوسەرە ئەرمەنیەکەی، کە براکەی ئەمە و ئێستا هاوسەرگیریی لەگەڵ تورکێک کردووە. ستامبوڵیان بە تووڕەییەوە ڕایدەگەیەنێت:

ئەو بەرخە بێگوناهە کاتێ گەورە دەبێت چی بە هاوڕێکەی بڵێت؟ باوکم بارسام چەخماخچیانە، دیکران ستامبوڵیان مامی گەورەی منە، باوکی ئەو ڤارڤانت ئیستانبوڵیانە، من ناوم ئارمانوش چاخماخچیانە، درەختی بنەماڵەکەم هەر هەموو شتێکیانێکیان پێوەیە (مەبەست ناوە ئەرمەنییەکەیانە – و) و منیش نەوەیەکی ڕزگاربووانی ئەو جینۆسایدەم کە هەموو کەسوکارەکانیان ساڵی ١٩١٥ لە سەر دەستی قەسابە تورکەکان لەدەستداوە، بەڵام من خۆم هەم مێشکم شۆردراوەتەوە بۆ ئەوەی نکۆڵی لە جینۆسایدەکە بکەم چونکە من گەورە بووم لە لایەن بنەماڵەیەکی تورکەوە بەخێوکراوم بە ناوی مستەفا! ئەوە چ جۆرە گاڵتەجارییەکە؟... *ئاە، مارنیم خەلاسیم!* (ل٥٣ – ٥٤)

بەڵام ئارمانوش ئاگاداری ڕابردووی ئەرمەنە. ئەو چیرۆکەکانی ڕزگاربووانی لە لایەنی ئەرمەنیی خێزانەکەیەوە بیستووە و بەشداری لەو بۆنە و چالاکییانەی ئەرمەنەکاندا کردووە بۆ بەهێزکردنی بەردەوامیی یادەوەرییەکانی ڕابردوو و چاندنی گیانی ئەرمەنیبوون لای نەوەکانی گەنجان. بێجگە لەوەش، ئەندامی کۆمەڵگەیەکی ئۆنلاینە کە زۆربەیان ئەرمەنەکانی دیاسپۆران بە ناوی کافێ کۆنستانتینپۆلیس و بەشی ڕووناکبیرییەکەی، درەختی ئانوش، پێنج ئەندامی ئەرمەنی و دوو ئەندامی یۆنانیی لەخۆدەگرت. بابەتەکانی گفتوگۆکانیان لە دەوری "مێژوو و کولتووری هاوبەشیان" دەسووڕایەوە و وشەی " 'هاوبەش' فرەجار بە واتای 'دوژمنی هاوبەش' دەهات، واتە تورکەکان". لێرەدا شەفەق پەلە دەکات بۆ ئیزافەکردنی ئەم جۆرە پەیوەندییانە، لەگەڵ بوونی دوژمنێکی هاوبەش لە ناوەڕۆکی پەیوەندییەکەدا، کە ئەمەش پەیوەندییەکی ڕاگوزەر و لەرزۆکە (ل١١٣). بەڵکو تا ئەو شوێنەش دەڕوات کە ئایدیای ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەم

دوژمنە هاوبەشە پایەی هاوپشتی ئەرمەنەکانە و بەهێزتر دەبن بە شەڕەکەیان بۆ ئەوەی تورکەکان دان بە جینۆسایدەکەدا بنێن. جێگای سەرسوڕمانە، بە دەنگی بارۆن باغداساریان، ئەندامی شەرەف لە درەختی ئانوش، شەفەق ئاوەای بۆدەچێت کە:

هەندێک لە ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا هەرگیز حەزیان نەدەکرد تورکەکان دان بە جینۆسایدەکەدا بنێن.[٢٩] چونکە ئەگەر وا بکەن، ئەوە فەرشەکە لە ژێر پێمان دەکێشنەوە و بەهێزترین پەیوەندی هەڵدەوەشێننەوە کە یەکمان دەخات. هەر وەک چۆن تورکەکان کردبوویانە خووی نکۆڵیکردن لە کارە هەڵەکانیان، ئەرمەنەکانیش خوویان بە هەستی چێژوەرگرتنەوە گرتبوو بۆ ئەوەی هەمیشە ڕۆڵی قوربانی ببینن و لە قۆزاخەی قوربانیبوون دەرنەچن. پێدەچێت هەندێ خووی کۆن هەبێت کە پێویستیان بە گۆڕین هەبێت لە هەردوو لاوە. (ل٢٦٣)

ئارمانوش نوقمی ئەم فەزا ئەلیکترۆنییەیە و بەردەوام سوودمەندە لەو زانیارییانەی کە تێیدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت. بەم زانیارییە و بە حەزی ڕووبەڕووبوونەوەی تورکێک دەڵێت:

چەند جارێک هەوڵی دابوو لەگەڵ [مستەفای زڕباوکی یان باوەپیارەی] قسە بکات لەبارەی ساڵی ١٩١٥ و ئەوەی تورکەکان بە سەر ئەرمەنیاندا هێنابوو. بەڵام مستەفا بە نەرمی و خۆ نەبانکردن لە قسەکەی ئەو وەڵامی دابووەوە "من زانیارییەکی ئەوتۆم نییە لەبارەی ئەم شتانەوە و ئەمە هەمووی میژووە و پێویستە لەگەڵ میژوونووسان قسە بکەیت". (ل١٠٤)

مامەڵەی مستەفا لەگەڵ ئەم بابەتە نوێنەرایەتیی مامەڵەی زۆرینەی نەوەی ئیستایە لە تورکیا، بەڵام ئەویش یەکێکە لەوانەی کە زیاتر باروزرووفەکە لەبەرچاو دەگرن. کاتێ ئارمانوش گەشت دەکات بۆ تورکیا، چاوی بە تورکەکانی تر دەکەوێت کە بە ڕەهایی نکۆڵی لەو مەسەلەیە دەکەن و پێداگریی لە سەر چیرۆکی پێچەوانە دەکەن. ئەمە زیاتر هذا وەڵامێکی ستێریۆتایپە لە "سیناریۆنووسێکی نانەتەوەیی فیلمە نەتەوەییە تونددڕەوەکانەوە دێت" لە کەشوهەوای کافێ کوندێرا کە بارێکە لە ئیستانبوڵ زۆرجار ئاسیای کچە خوشکەزاکەی زڕباوکەکەی و کۆمەڵێک لە تورکە مۆدێرنیستەکان، بوونگەراییەکان و بیرمەندە ئازادەکان سەردانی دەکەن.

بەڵام دەبێت تێبگەیت کە ئەوە سەردەمی جەنگ بووە. خەڵک لە هەردوو لا مردن. ئایا هیچ بیرۆکەیەکت هەیە کە چەند تورک بەدەست ئەرمەنە یاخیبووانەکان کوژراون؟ ئاخۆ هەرگیز بیرت لە دیوەکەی تری چیرۆکەکە کردووەتەوە؟ گرەو دەکەم کە تۆ نەتکردووە! ئەی چی دەڵێی لە سەر ئازاری خێزانە تورکەکان؟ بە هەموو پێوەرێک ئەوە کارەساتە، بەڵام پێویستە لەوە تێبگەین کە ساڵی ١٩١٥ ساڵی ٢٠٠٥ نەبووە. ئەو دەمە دۆخەکان جیاواز بوون. تەنانەت دەوڵەتێکی تورکییش ئەو کاتەدا نەبووە، بەڵکو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوو، خودایە! سەردەمی پێش مۆدێرن و تراجیدییە پێش مۆدێرنەکانی. (ل٢٠٩)

سیناریۆنووسە نانەتەوەییەکە بە متمانەوە باس لە بیر و ئایدیای خۆی دەکات، وەک کەسێک کە لێکۆڵینەوەی چڕی کردووە لە سەر بابەتەکە و وەڵامەکانی دەزانێت. ئارمانوش بەتەواوی شکستی هێنا و تەنانەت بەوەش تۆمەتبار کرا کە مێشکی شۆردرابێتەوە و یاریی بە ئەقڵی کرابێت. ئەنجامگیرییەکەی سیناریۆنووسە نانەتەوەییەکە "ئیددیعای ئەرمەنەکان لە سەر زیادەڕۆیی و شێواندن بنیاتنراوە.... تۆ بەردەوام گوێ لە یەک چیرۆکی دیاریکراو دەگریت و شتەکەی تر کە تۆ دەبێ بیزانی ئەوەیە کە تەواوی گێڕانەوەکەت وەرنەگرتووە" (ل ٢١٠ – ٢١١). ئارمانوش ئەوە دەزانێت کە ئەگەر بارۆن باغداساریان لێرە بووایە لەگەڵ ئەو بیروڕایە کۆک نەدەبوو، چونکە ئەو "وایدەبینێت کە هەڵکشانی گرژی یارمەتیدەر نابێت بۆ دانپێدانان بە جینۆسایددا" (ل ٢١٢). خۆشبەختانە بۆ ئارمانوش، بابەتەکە گۆڕا بۆ هێرشکردنی شەخسی بە سەر ئاسیای زۆڵەکەی ئیستانبوڵدا. شەفەق لە بەرگریکردن لە ئاسیادا دەمەقاڵێ و گرژی دروست دەکات. بەڵام ئەمە کافێی فیکری و ڕۆشنبیرییە و "شوێنێک نییە بۆ شەڕی سەرخۆش و بەدمەستان" و زۆری نەبرد کافێ کوندێرا گەڕایەوە بۆ باری ئاسایی خۆی وەک گۆشەیەکی ئاسوودەیی و خەمناک بۆ ئەو ڕووناکبیر و خوێندەوارانە.

ئەلیف شەفەق سوپرایزێکی گەورەی بۆ خوێنەر پێیە و لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ئاشکراکردنی ئەوەی کە نەنکی مستەفا قازانچی کچێکی هەتیوی ئەرمەنی بوو بە

ناوی شوشان و دواتر بووە بە شەرمین. پاشان شۆکێکی تر دێتە پێشەوە: هەمان شوشان داپیرەی ئارمانوشیش بوو. ڕۆمانەکەی شەفەق پڕە لە گرێکوێرەی ئەم گۆڕانکاری و زنجیرە ململانێیانەی کە لە دواییدا دەکرێنەوە. ئارمانوش لە دۆخێکی دژواردا گەورە بووە کە "بەردەوام لە نێوان خێزانێکی ئەرمەنی شانازیی بەخۆوەکردوو و کاریگەر بە زەبر و تراوما و دایکێکی تا ئاستی هیستێریا دوژمن بە ئەرمەن، ئەمسەر و ئەوسەر دەکات" و بە هۆی ئەم کاریگەرییە دژبەیەکانەوە لە پەروەردەکردنیدا، بڕیار دەدات "گەشتێک بۆ ڕابردوو" بکات بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی خۆی و ناسینی هەستی ئەرمەنیبوونی (ل١١٩). لەبەر ئەوە بە نهێنی پلانی گەشتەکەی بۆ ئیستانبوڵ و مانەوەی لە ماڵی باوک و دایکی مستەفادا دادەنێت.

ڕەهەندەکانی لێکچوونی کولتووری و ئاینی و مێژوویی نێوان ئەرمەن و تورکەکان و بەتایبەتی بەراوردکردنی یادەوەریی مێژوویی ئەرمەن و تورک، بە ڕوونی لەوەدا دەردەکەوێت کاتێ ئارمانوش دەگاتە ماڵی قازانچی لە ئیستانبوڵ و هاوڕێیەتی ئاسیای خوشکەزای مستەفا دەکات، کە زۆڵەکەی ئیستانبوڵە. ئەوەی هاوسەر و کوڕەکەی شەرمین قازانچی هەوڵی سڕپۆشی ڕابوردووە ئەرمەنییەکەیان دابوو کە بە پەنهانی بمێنێتەوە بۆ لەبیربردنەوەی، ئێستا نەوەکەی شوشان بۆ بنەماڵە حەپەساوەکەی قازانچی دەیگێڕێتەوە و لە دووداڵی و گوماندا دەیانهێڵێتەوە. ئارمانوش چیرۆکی نەبیستراوی قوربانییە ئەرمەنەکانی درندەییەکانی تورکیان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەوان یەکەم کاردانەوەیان بۆ ئەمە باوەڕ نەکردنە: ئاخر کێ دەتوانێت ئەم درندەییانە ئەنجام بدات و بۆچی؟ پاشان، هەستکردنیان بە دابڕانی تەواو لە ئەنجامدەرانی ئەو جۆرە تاوانانە، هەرچەندە ئەوانیش تورک بوون وەک ئەمان. شەفەق بە شێوەی گێڕانەوەیەکی زیرەکانە ڕۆڵی مامۆستایەکی مێژووی تورک بە یەکێک لە ژنانی قازانچی دەدات، کە جوەیرییەی پووری ئاسیایە و لە ماوەی بیست ساڵی وانە وتنەوەی مێژووی نیشتمانیی تورکیا فێربووە چۆن:

سنووردێکی جیاکەرەوەی تۆکمە و تووندوتۆڵ بکێشێت لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا، کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە کۆماری تورکیای مۆدێرن جیابکاتەوە... ئەو لە ڕاستیدا تەواوی چیرۆکەکەی وەک هەواڵێکی خەمناکی وڵاتێکی دوور دوور بیست. دەوڵەتی نوێی تورکیا ساڵی ١٩٢٣ دامەزراوە و ئەوە تا سەرەتای ئەوپەڕی مێژووی دروستبوونی ئەم ڕژێمەیە و ئەوەی ڕوویداوە یان ڕووینەداوە لە پێش ئەم مێژووەدا پرسی سەردەمێکی تر و خەڵکێکی تر بووە. (ل ١٦٤).

بەم جۆرە ئارمانوش بێهوودە چاوەڕێی داخستنی لاپەڕەی مێژوو، یان داوای لێبوردن، یان لانی کەم دانپێدانان بە گوناە تاوانە. بەڵام وەک شەفەق ڕوونی دەکاتەوە، "ئەوان هیچ پەیوەندییەکیان لە نێوان خۆیان و ئەنجامدەرانی تاوانەکاندا نەبینی. ئەویش (واتە ئارمانوش – و) وەک ئەرمەنییەک بەرجەستەی ڕۆحی نەوە لە دوای نەوەی گەلەکەی دەکرد، لە کاتێکدا تورکێکی ئاسایی هیچ بیر و تێگەیشتنێکی لەو شێوەیەی لەبارەی بەردەوامیی بنەچەیەوە نەبوو لەگەڵ باوباپیرانی" (ل١٦٤). ڕاستییەکەی ڕەنگە تورکێکی ئاسایی، کە مێژوویەکی تووندی ناسیۆنالیستیی پێدەدرێت، ڕەنگە تەنانەت بە بوونی ئەرمەنیش نەزانێت وەک گەلێکی ڕەسەنی تورکیای ئەمڕۆ. ئەوەی لە قوتابخانە فێری بووە ئەوەیە کە کۆچی تورکەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ئەنەدۆڵ و داگیرکردنی ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتین، پاشان شکۆمەندییەکانی تورکە عوسمانییەکان و کولتوور و شارستانییەتەکەیان و دواتر ڕووخانی ئیمپراتۆرییەت و لەدایکبوونی کۆمار. تورکێکی ئاسایی فێری ئەوە بووە شانازی بە میراتەکەیەوە بکات، وەک ڕابردوویەکی ئەفسانەیی و سانسۆرکراو و هیچ پرسیارێک نەکات و بێگومان خێزانی قازانچییش لەوە بەدەرنین.

پلانەکەی ئارمانوش کاری خۆی دەکات و خەریکە ڕەگ و ڕیشەی خۆی لە شاری ئیستانبوڵی ئێستای تورکیا دەدۆزێتەوە. لە یەکێک لە پۆستەکانیدا بۆ "کافێ کۆنستانتینۆپۆلیس" دەنووسێت: "هەرگیز لە ژیانمدا وەک ئێستا هەستم بە ئینتیمای خۆم نەکردووە بۆ ئەرمینیا. وەک ئێوە دەبینن و بۆ ئەوەی بە تەواوی

ئەزموونی ئەرمەنیبوونی خۆم بکەم، پێویست بوو بێم بۆ تورکیا و چاوم بە تورکەکان بکەوێت" (ل١٨٢). ئەو کچێکی ئەرمەنیە لە تورکیا و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ تورکەکان هەیە، یان لانیکەم ئەو خێزانەی کە لەگەڵیان دەمێنێتەوە. بەڵام کاردانەوەی بارۆن باغداساریان شۆکئامێز دەبێت و دەڵێت: "تۆ کاتێ هاوڕێ و دۆستی ئەوانی تەنها تا ئەو ڕادەیەی کە نکۆڵی لە ناسنامەکەی خۆت دەکەیت، چونکە بە درێژایی مێژوو ئەمە حاڵی تورک بووە" (ل١٨٤). جارێکی تر دیسانەوە شەفەق درک بە ڕاستییەکانی مێژووی سەدان ساڵەی پەیوەندیی تورک و ئەرمەن دەکات، یان لانیکەم تێگەیشتنی ئەرمەن لەو پەیوەندییە.

بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی پێش سەدەی نۆزدەهەمی مێژووی عوسمانی، دەبینرێت کەوا ئەرمەنەکان وەک *فەلاحی* گوێڕایەڵ یان هاوواڵتیانی پلە دووی ئیمپراتۆرییەت بە مافی سنووردارەوە، هەمیشە لە لایەن ئاغا کوردەکانیان و بەرپرسە تورکەکانیانەوە چەوسێنراونەتەوە. ئەوان ئەو باجدەرانە بوون کە پرسیاریان نەدەکرد سەبارەت بە یاساییبوونی ئەو باج و جزیانەی کە بە سەریاندا سەپێنرابوو. ئەوان *میللەتی سادیق sadık milleti* و هاوڕێ (یان خزمەتکار) بوون تا ئەو کاتەی کە قووڵ نەدەبوونەوە لە مەسەلەی ناسنامەیاندا. ئەمەش لە پێش کاریگەریی شەپۆلی ئایدیاکانی ڕێنێسانسدا کە هەستی ناسنامە و شانازیی بەخۆوەکردنیان تێیاندا جووڵاندووە وەک بوونەوەری مرۆڤ و وەک ئەرمەن. تورکیای عوسمانی ئامادە بوو بۆ سزادانی هەموو هاوواڵتییە ئەرمەنەکانی، لە جووتیاری سادەوە تا ڕۆژئاواییترین و خوێندەوارترین ڕۆشنبیر، بۆ کپکردنی هەر دەنگێکی جیاواز لە ناو کۆمەڵگەی "هاوچەشن و یەکگرتوو"دا کە سوڵتان حەزی دەکرد حوکمی بکات.

تورکە لاوەکان هەڵوێستێکی تونددتریان لە سیاسەتی بەتورککردنی ئیمپراتۆرییەت وەرگرتووە کە بە هۆی قڕکردنی تەواوی دانیشتووانی ئەرمەن بەدیهاتووە، بە مەبەستی بێدەنگکردنیان بۆ هەتاهەتایە. هەنگاوی دوای ئەوەش

نکـۆڵیکردن و ڕەتکـردنەوەی تـاوانەکە بـوو، ئەو تـاوانەی بەرانـبەر ئەرمەنەکـان ئەنجامدرا، بوو بە پێشەکی، ئەگەر ئەو مۆدێلە نەبێت، کە زاراوەی جینۆسـایدی لە سـەر بەنـدە و بەردەوام بەو شـێوەیە وەسـف کـراوە کە قۆنـاخی کۆتـایی تـاوانی جینۆسـایدە. ئیلـی ڤایسـڵ، نووسـەر و جـووی ڕزگـاربووی هۆڵۆکۆسـتە، ڕاسـتی دەکـرد کە ئەم دوا قۆنـاخە، واتە نکـۆڵیکردنی تـاوانەکە، بە "کوشـتنی دووڵایەنە" بشـوبهێنێت. بێگومـان پەیوەنـدیی تـورک و ئەرمەن کـاریگەریی قورسـی هەیە لە سـەر ناسـنامەی هەردوو لایـان. وەک تـانەر ئـاکچەمی نووسـەر و مێژوونووسـی بـوێری تـورک لە کتێبـی *"یاسـایەکی شـەرمەزارکەر A Shameful Act"*دا(٢٠٠٦)، دەڵێـت، ناسـنامەی تـورکی لە سـەر نکـۆڵیکردن لە جینۆسـایدی ئەرمەنەکـان بنیاتنراوە. یان، وەک سابرینا تاڤەرنیس و شەبنەم ئارسـو ڕوونـی دەکەنەوە، کەوا "ئەو ناسنامەیەی [تورکێک] لە سـەر بناغەیەکی پڕ لە ئـازار بنیـاتنراوە، چـونکە لە پـاڵ جینۆسـایدی ئەرمەنـدا، کە تێێـدا ١,٥ ملیـۆن ئەرمەن لە ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا کـوژران، ڕاگواسـتنی بەکـۆمەڵی یۆنانییەکـان و لەسـێدارەدانی سـەرکردە ئیسلامییەکان و ناسیۆنالیستە کوردەکانیش ئەنجامدرا".[٣٠]

سـەبارەت بە ناسـنامەی ئەرمەن، بـارۆن باغداساریان، ئەو ئەندامەی "دەختی ئانوش" کە ئارمانوش زۆرترین شانازیی پێوە دەکات، مەرجەکانی ئەو پەیوەندییە و کاریگەرییە دەروونییەکانی لە سەر ئەرمەنەکان دەخاتە ڕوو:

تەنها شتێک کە ئێمەی ئەرمەنەکان داوای دەکەین دانپێدانانە بەوەی کە لەدەستمان دا و ئازارمان تێدا چەشت، کە بنەڕەتیترین مەرجە بۆ گەشەکردنی پەیوەندییە مرۆییە ڕاستەقینەکان. ئەمەیە کە ئێمە بە تورکەکانی دەڵێین: بڕوانن، ئێمە لە ماتەمداین و ئێستا نزیکەی سەدەیەکە ئازێتبارین، چونکە ئازیزان و خۆشەویستانی خۆمان لەدەستداوە، لە ماڵەکانمان دەرکراوین، لە خاکی خۆمان دوورخراوینەتەوە، وەک ئاژەڵ مامەڵەمان لەگەڵدا کرا و وەک مەڕ سەربڕاین و بگرە مردنێکی شایستەشمان پێ ڕەوا نەبینرا. تەنانەت ئەو ئازار و مەینەتییەش کە بە سەر باب و باپیرانماندا سەپێنرا هێندەی نکوولێکردنە سیستماتیکییەکەی کە بە دوایدا هاتووە ئازاربەخش نییە. (شەفەق، ل١٨٤)

کەمال یاڵچین پێی وایە کە ڕاشکاوانە و بێ نێوەندگیری دەربڕینی نارەزایەتی و لە ستەم و چەوساندنەوە و بێبەشبوون لە هەردوو لایەنەوە دەتوانن ڕۆح و دەروون ئارام بکەنەوە و یارمەتیدەرمان بن بۆ ئاشتبوونەوە "لەگەڵ خودی خۆمان" (ل٣٨٩). کەم کەس لە تورکیادا باوەڕیان بەم ئەزموونی چارەسەرە هەیە، یان لە ڕاستیدا، هەست بە پێویستیی ناکەن. ئەوە زەحمەتە تەواوی قەناعەتە کۆنەکان بشکێنرێن و سەرلەنوێ دەست پێبکرێتەوە بەبێ کەڵەکەبونی تووڕەیی و نائومێدی و ئەم دوو خەسڵەتە هی ئەو قۆناخەیە کە ئێستا زۆرێک لە تورکەکان پێیاندا تێپەڕ دەبن. سەبارەت بە ڕزگاربووانی ئەرمەن لە دیاسپۆرا و نەوەکانی کە لەوێ لەدایک بوون، دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە ئەم ئەزموونی پرۆسەی ڕۆح هێورکەرەوەیە پراکتیزە بکەن. ئەی لەبارەی ئەو ئەرمەنە موسڵمان یان مەسیحییانەی، کە بەردەوام بوون لە ژیان لە تورکیادا لە دوای ساڵی ١٩١٥ چی بکرێت؟ بە قسەکردن لەگەڵیان و تۆمارکردنی ئەزموون و ئیفادەی شایەتحاڵەکان، یاڵچین توانیویەتی یارمەتییان بدات بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و ئازارەکانیان. وشە یارمەتییان دەدا بۆ دۆزینەوەی مانای ڕاستەقینەی خۆی لە دەربڕینی ئەزموونەکەیاندا. فەتحیە چەتین، نووسەری کتێبی چیرۆکی داپیرە ئەرمەنەکەی، *ئانێنێم Anneannem*، لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا سەردانێک بۆ لای پیاوێکی ناسیاوی کۆنی ئەنجامداوە، کە زانیبووی دایکی ئەویش لە جینۆسایدی ئەرمەن ڕزگار بووە. دوای ئەوەی پیرەمێردەکە بۆ چەتین ئاشکرای کردبوو کە بە ڕەچەڵەک ئەرمەنە و دوای ئەوەی باسی ئەزموونی خۆی کردبوو لەگەڵ دایکە ئەرمەنەکەیدا، هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشابوو و دانی بەوەدا نابوو کە "ئەمشەو دەتوانم بە باشی بخەوم".[٣١] لێرەوە ئیتر پرۆسەی ئارامکردنەوەی ڕۆح و دەروون لە ژیانی ئەم پیرە پیاوەدا دەستی پێکردبوو.

لە شیکارییەکەیدا بۆ بیرەوەرییەکانی ئاوشڤیتزی شارلۆت دێڵبۆ، لۆرەنس لانگەر ئاماژە بەو "چاڵە قوواڵە دەکات کە وشەکان جیادەکاتەوە لەو ڕووداوانەی

که هەوڵـی بەرجەسـتەکردنیان دەدەن" و دەگـاتە ئەو ئەنجـامەی کە نووسـەر هەوڵـدەدات ئەو چـاڵە بەرتەسـک بکـاتەوە، لە کاتێکـدا لە ئیفـادە و شـایەتحاڵیی زارەکیدا "شایەتحاڵەکان قوڵتر دەبنەوە و تەنانەت سەرکێشیی هەڵاتن دەکەن"[٣٢]. سـوڵتان، ئەو ژنە کرێکـارە ئەرمەنە تەمەن نـاوەنجییەی کەوا کەمـال یـاڵچین لە ئەڵمانیـا چـاوپێکەوتنی لەگەڵ کـردووە، هـاوار دەکـات و دەڵێـت: "ئاشـتیم دەوێ و نامەوێت وەک ڕیسـوایەک بە دۆنمە *dönme* یـان *گـاور gâvur* سـەیر بکرێم. مـن نامەوێت خۆم وا پیشان بدەم کە ئیسـلامم لە کاتێکدا بـاوەڕم پێی نییە. نامەوێت ناسـنامەی ئەرمەنیم بشـارمەوە، نە لە ئەڵمانیـا و نە لە ئەدیامـان، دەمەوێت خـۆم چۆنم ئاوها قبوڵ بکرێم" (یاڵچین، ل ٣٦٨).

لە کاتێکـدا کەمـال یـاڵچین فـاکتەرێکی هانـدەرە بـۆ دەرکەوتنـی یـادەوەرییە ئازاربەخشـەکان، بەڵام فەتحـیە چەتـین کـاراکتەرێکی گیـرۆدەی شـۆک و حەپەسـاوی دۆزینـەوە و ئاشـکرابوونی ناسـنامەیەکی تەمـومژاوییە. سـەحەر/ هێرانـوش، لە ڕێـگەی گێـڕانەوەی چیـرۆکەکەیەوە بـۆ نەوەکەی، بـارگرانیی یـادەوەریی خـۆیی بـۆ نەوەیەکـی بێگونـاە گواسـتەوە. لەگەڵ ئەو یادەوەرییەشـدا، ناسـنامەیەکی شـۆکهێنەر و نـاڕوون و شـێواوی بـۆ گواسـترایەوە کە تەحەدای وەرگرەکەی کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا. لە دژواربیەکی زەق و ئاشکرادا دۆزینەوەی ڤیکی سمیس فۆستۆن بۆ ڕەگ و بنەچەی خـۆی لە مووشـی ڕۆژئـاوای ئەرمینیـا و باوبـاپیرانی ئەرمەنـی کە لە تـاو زوڵـم و سـتەمی تورک و کۆمەڵکوژییەکانی ساڵانی١٨٩٤ - ١٨٩٦دا هەڵاتبوون بۆ ئەمریکا، مـایەی شـۆک و ڕاچەنـین بـوو، بەڵام ئەو ڕاسـتییەی کە دۆزیبـوویەوە هەڕەشـە یـان ئاڵەنگـاریی دروسـت نەکـرد بـۆ ناسـنامەکەی. ئەو دەیتـوانی بە ئاسـوودەیی پەنجەرەیەک زیاد بکات و بە ناسنامەیەکی ئەرمەنی - ئەمریکی بژی. لە ڕاستیدا، گەشتکردنی ئەو بۆ ڕابردوو وەک ئەو کەرەستە خاوە بوو کە شاکارەکەی خـۆی بە ناوی *"نهێنیی ڤیکتۆریا Victoria's Secret"* پێ داهێنـا. بەڵام لە حـاڵەتی چەتینـدا،

دۆزیـــنەوەکەی بەئـــازار بـــوو و هەوڵ و تەقەلایەکـــی زۆری دا بـــۆ ئەوەی یادەوەرییەکانی داپیرەی بۆ قووت بچێت کە ئێستا بوون بە هی خۆی.

بە زەحمەت دەمتوانی جڵەوی خۆم بکەم و بە پاکردن نەچمە سەر شەقامەکان و بە دەنگی بەرز هاوار نەکەم و نەگریم. ئەگەر داپیرەی خۆم نەبوایە کە هەموو ئەمانەی پێوتم، باوەڕم نەدەکرد. ئەوەی بیستم بە تەواوی دژوار و پێچەوانەی ئەوە بوو کە من دەمزانی. تێگەیشتنم بۆ شتەکان ڕێک سەرەوخوار بوونەوە. لە بەرانبەر ئەو شتانەدا کە بیستم هەموو بەهاکانم تێکشکان و پارچە پارچە بوون. مێشکم ئازاری دەدام و لە تاو ئەو ئاژاوە و پشێوییەی تێیدا جێگیر بوو خەریک بوو بتەقێ. من بە تەواوی ترسم لێنیشتبوو. هەموو ئەو شتانەی لە ناخمدا کەڵەکە بوون، وا دیار بوو دەیانەوێت هەموو شتێک و هەموو کەسێک لەناوببەن و بیسڕنەوە. قەسیدە و شیعرە خۆش و وروژێنەرەکان سەبارەت بە "ڕابردوی پرشنگدار" کە من بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە دەمگوتنەوە، لە بەر چاوی منداڵە تۆقیوەکاندا تێکدەشکان و پەراش پەراش دەبوون، سەری منداڵان خنکاو بە سەر ئاوەوە بوو، ڕووبارەکە بۆ ڕۆژگارێک هەر خوێناوی پێدا دەڕۆیشت. (چەتین، ل ٦٢ – ٦٣)

ئەم وێنانە بەس بوون بۆ ئەوەی چەتین بۆ ساڵانێک سەرسام بکات، تا لەدایکبوونی بیرەوەری – ڕۆمانە شاکارەکەی و تێڕوانینی بۆ خودی خۆی گۆڕانکاری بە سەرداهات وەک ئەوەی بە تەواوی نە ئەرمەن، نە کورد، نە تورک، نە ئەمریکی بێت، بەڵکو وەک تێکەڵەیەکی (*مەلەز*)ی لێهات. بەڵام فەتحیە ئازا و بوێرە و ئەو دەزانێت کە "دانپیانان بە ڕەچەڵەکی ئەرمەنی بە واتای لەدەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆت"، وەک لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا دان بەوەدا دەنێت.[٣٣] زۆر کەس بوێریی ئەوەیان نییە کە جارێ لە ناسنامەی نهێنیی خۆیان بدەن کە بۆ چەندین دەیە هەوڵیان دەدا بیشارنەوە، یان تەنانەت ئەو ناسنامەیەش دواتر پێیانزانیبوو. سەرەڕای ئەوەش، لە نێو ئەوانەی کە پێیانوایە باپیرە یان نەنکێکی ئەرمەنیان هەبێت، ڕەوتێکی نوێ هەیە بۆ گەڕان بە دوای ناسنامەی ئیتنیکی/ نەتەوەیی ڕاستەقینەی خۆیاندا. هەروەها لە ناو ئەرمەنە شاراوەکاندا بەئاگابوونەوەیەک پەیدا بووە و ئەوانەی بە ڕەچەڵەکی ئەرمەنیی خۆیان دەزانن و دانی پێدا دەنێن و ناسنامەی خۆیان ئاشکرا دەکەن.

چەتین ڕایگەیاند کە کتێبەکەی ئالّەنگارییە بۆ ناسنامەی ئیسلامیی نەتەوەی تورک. چونکە ئەو و هەزارانی تری وەک ئەو کە ڕەچەلّەکی ئەرمەنییان هەیە پێویستیان بە دووبارە چاوگێڕانەوەیە بە تۆخم و پێکهاتەی ناسنامەکەیان و دووبارە دارشتنەوەی لە ڕێگەی هەلّبژاردن و ڕەچاوکردنی کەسییەوە. ئاخۆ دۆخی کۆمەلّایەتی و سیاسیی ئێستای تورکیا ڕێگە بەوە دەدا؟ هرانت دینک بە هۆی هەلّمەتەکەیەوە کە تورکەکانی هاندا بۆ دۆزینەوەی ڕەچەلّەکی ئەرمەنیی خۆیان، تێڕۆر کرا. ئەو پێیوابوو کە لە کاتێکدا نزیکەی ٧٠ هەزار هاوڵاتی تورکیا هەیە کە خۆیان وەک ئەرمەن دەناسێنن، زیاتر لە ملیۆنێک کەسی تر هەن کە ڕەگ و بنەجەی ئەرمەنییان هەیە، واتە باپیرە یان داپیرەیەکیان ئەرمەنە. ئەمەش تەحەدایەک بوو بۆ ئەوانەی بە گریمانە پێکهاتەی کۆمەلّگەی تورکیایان بە هاوچەشن (متجانس) دەزانی و ئەمەیان پێ قووت نەدەچوو. ئەگەر ژمارەکان گرنگ بن لە دەربڕینی فرەیی لە ناسنامەی نەتەوەیی/ ئیتنیکی و جۆراوجۆریی کولتووری لە تورکیادا و ئەگەریش، وەک فاتمە موگێ گوێچەک دەلّێت: "ئەو تەحەدایەی کە ئەرمەنەکانی تورکیا دروستی دەکەن لە سەر دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا کەمی کردووە بە هۆی ئەو ژمارە کەمەی ئەرمەنەکانەوە کە لە تورکیادا نیشتەجێن"[٣٤]. لەبەر ئەوە ئەم بایەخدانە نوێ و هەلّکشاوە بۆ ئارەزووی دۆزینەوەی بنەچە و گەڕانەوە بۆی ڕەنگە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەم وێنەیەی ئێستای هاوچەشنیی نەتەوە بگۆڕێت.

پەراوێزی بەشی ٧: کاردانەوەی ڕزگاربووانی نەوەی سێیەم

١ چیرۆکی یاکوب لە بەشی پێنجەم (ل١٤٠ - ١٤١)ی ئەم کتێبەدا باس کراوە.

٢ چارنی (٢٠٠١)، ل ٧.

٣ پران، "*منداڵانی کێڵگەکانی کوشتاری کەمبۆدیا* Children of Cambodia's Killing Fields" (١٩٩٧)، ل ١٠.

٤ هەمان سەرچاوە، ل ٤٩.

٥ میناسیان، "*هێشتا زۆرێک لە چیا و گردەکان ماون بۆ سەرکەوتن* Many Hills Yet to Climb" (١٩٨٦)، ل٣ - ٤.

٦ کەچیان، "*لە سێبەری قەڵادا* In the Shadow of the Fortress" (١٩٨٨)، ل ١١.

٧ هەمان سەرچاوە، ل ١٠.

٨ موگردیچیان، "*بۆ ئەرمەنەکان بە خۆشەویستییەوە* To Armenians with Love" (١٩٩٦)، وەرگیراو لە پێشەکییەکەی پۆڵ مارتن، ل ١٢ - ١٣.

٩ بڕوانە پێرومیان، "*کاردانەوە ئەدەبییەکان بۆ کارەساتەکە* Literary Responses to Catastrophe" (١٩٩٣)، کە تێیدا وەڵامە ئەدەبییەکان بۆ کارەساتە مێژوویییەکان کە بە جینۆسایدی ساڵی ١٩١٥ گەیشتوونەتە لووتکە شی دەکرێنەوە. هەروەها بڕوانە idem ئیدەم، "ئاڕاستە نوێیەکان لە کاردانەوە ئەدەبییەکان New Directions in Literary Responses" (٢٠٠٣)، کە تێیدا وەڵامەکانی نووسەرانی نەوەی دووەم و سێیەم دەکۆڵرێتەوە.

١٠ ئەلیشان، "ڕاهێنانێک لە سەر ژانرێک An Exercise on a Genre" (١٩٩٢)، ل ٣٥٢.

١١ دەرداریان، "ڤێرگین" (١٩٩٦).

١٢ باڵەکیان لە "*ڕەوشی خوێندنی باڵا* Chronicle of Higher Education" وەرگیراوە (١٢ی حوزەیرانی ١٩٩٨، ل B7).

١٣ ئەم گواستنەوەیە و ئەوانەی دوای خۆی لە تێبینییەکانی مارکۆم وەرگیراوە لە "*بڵاوکراوەی هەواڵنامەی ئەرمەنی* Armenian Alumni Newsletter" زانکۆی کالیفۆرنیا لە بێرکلەی بە بۆنەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەیەوە.

١٤ لە لایەن لاین ئەبراهامیانەوە لە کتێبی "قسەکردن لەگەڵ تورک و ئەرمەنەکان سەبارەت بە جینۆساید Talking with Turks and Armenians about the Genocide"، گۆڤاری *Reader's Digest Canada* (ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦) وەرگیراوە.
http://www.readersdigest.ca/mag/2006/10/genocide.php

١٥ بێگومان ئەمە تێڕوانینی ئەلیف شەفەقە بۆ سەدەکانی پێکەوەژیانی تورک و ئەرمەن، کە لە لایەن کارەکتەرێکی ئەرمەنیەوە لە ڕۆمانەکەدا دەربڕدراوە. بەڵام ئەمە چیرۆکی تەواوی بارودۆخی ئەم پێکەوە ژیانە نییە (بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە سەرەوە، بەشی ٥، تێبینی ٩ بکە). لە ل ٢٥٤ وەرگیراوە.

١٦ بۆ وەرگێڕانی ئینگلیزی ئەم وتارە بڕوانە هەفتەنامەی ئەرمەنی *Armenian Weekly* (١٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٧).

١٧ وتارەکەی هرانت دینک کە لە بنەڕەتدا بە زمانی تورکی بڵاوکرایەوە، وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی و بە ناوی "نائارامیی ڕۆحی ناوەوەم کە هاوشێوەی کۆترە The Pigeon-like Unease of My Inner Spirit" لە لایەن فاتمە موگن گوێچەکەوە و لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧، ڕۆژێک دوای تێرۆرکردنی لە ئینتەرنێتدا بڵاوکرایەوە.

١٨ پڕۆژەی "بە دوای خزمەکەمدا دەگەڕێم Looking For My Relative" لە ساڵی ٢٠٠٦ بە ماوەی تاقیکردنەوەیەک لە ناوچەی گەڵەتە لە ئیستانبوڵ دەستپێکرد و بەردەوامە لە فراوانکردنی دەستڕاگەیشتنەکەی. بڕوانە http://www.akrabamiariyorum.com

١٩ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دامەزراوە ئاینییەکان سەرپەرشتیی هەموو موڵک و چالاکییەکان دەزگا و دامەزراوە ئاینییە غەیرە موسڵمانەکان ڕێکدەخات. لە ساڵی ١٩٣٦دا حکوومەت هەموو دامەزراوە ئاینییەکانی پابەند کردووە کە سەروەت و سامانی خۆیان ڕابگەیەنن. پاشان لە ساڵی ١٩٧٤دا و لەگەڵ بەرزبوونەوەی گرژییە سیاسییەکان لە سەر قوبرس، حکوومەت کڕینی موڵک و ماڵی لە لایەن ئەم دامەزراوانەوە قەدەغەکرد و ئەوەی لە دوای ساڵی ١٩٣٦ بەدەستیان هێنابوو، دەستی بە سەردا گرت. لە ساڵی ٢٠٠٢ یاساکە هەموارکرایەوە، بەڵام تا ئێستاش حکوومەت مافی دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی هەیە لەو شوێنانەی کە ژمارەی دانیشتووانی غەیرە موسڵمان بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە. بۆ ئەمە و سنووردارکردنی دیکەی کەمینە ئاینییەکان و پێشێلکردنی ئازادی ئاینی، بڕوانە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ مافی مرۆڤ و گەشەپێدان، "تورکیا" (٢٠٠٧).

بۆ باسێکی ورد لە دۆخی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی غەیرە موسڵمان لە تورکیا و سیاسەتەکانی حکوومەت کە بوونیان یان گەڕانەوەی موڵک و ماڵی خۆیان دەخاتە مەترسییەوە، بڕوانە تالین سوچیان، "مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوەکان لە تورکیا مەترسی لە سەر مانەوەی کۆمەڵگە غەیرە موسڵمانەکان دروست دەکات"، پەیامنێری ئەرمەنی *Armenian Reporter* (١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧، ل A3). هەروەها بڕوانە ئێتیان مەحجوبیان بکە، "هەڵاواردن و

جیاکاری له دژی دامەزراوەکان دەبێته یاسا"، ڕۆژنامەی *تودەی زەمان* *Today's Zaman* (٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧). مەحجوبیان لەبارەی یاسای دامەزراوەکان ژمارە ٥٥٥٥ دەنووسێت کە لە ٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ لە لایەن پەرلەمانی تورکیاوە پەسەندکرا، بەڵام ئەحمەد نەجدەت سێزەر سەرۆکی ئەوکاتەی تورکیا ڤیتۆی لە سەر دانا، یان وەک لە ماددەکەدا هاتووە گەڕاوەتەوە پەرلەمان بۆ پێداچوونەوەی زیاتر.

٢٠ هادێجیان، گۆڤاری هوشاتێتر *Hushatetr* – ١٥ (١٩٩٩)، ل ١٦٠ – ١٦١.

٢١ دی زایاس، "پۆگرۆمی ئیستانبوڵ "Istanbul Pogrom (٢٠٠٧).

٢٢ ئەم هەڵمەتە ڕەگ و ڕیشەی لە دروشمی "ڤاتەنداش، تورکچە کۆنوش!" (هاووڵاتی، بە تورکی قسە بکە!). جێگای ئاماژەیە کە لە ساڵی ١٩٦٥ەوە دامەزراوەی ئاماری دەوڵەت ئەو پرسیارەی لە سەرژمێرییەکەدا سەبارەت بە زمانی دایکی کەسێک لابرد.

٢٣ ئە. عومەر تورکەش، پێداچوونەوەی کتێبەکەی یاڵچین "ئێوە دڵی من خۆش دەکەن *Seninle Güler Yüreğim*". بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:

http://www.pandora.com.tr/turkce/elestiri.asp?yid=251

٢٤ ئەو کەنیسە ئۆرسۆدۆکسەی کە پاموک باسی دەکات لە ڕاستیدا تا ساڵی ١٩٨٥ وەک مۆزەخانە کاری کردووە و دوای ئەوە کراوە بە مزگەوت، بەبێ گۆڕانکاری گەورە. لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە نۆژەنکردنەوەیەکی بەرفراوان لە ئارادایە، کە بریتییە لە لابردنی هەموو فرێسکۆی دیوارەکان بۆ ئەوەی بە مۆتیفی ئیسلامی بگۆڕدرێن، هەروەها لەناوبردنی هەر شتێک کە بنەچەی مەسیحی بیناکە بەبیر بهێنێتەوە. کارەکە بە پاڵپشتی ڤاکفلەر گێنێل مودورلوغو Vakıflar Genel Müdürlüğü (بەڕێوەبەرایەتیی دامەزراوە خێرخوازییەکان) ئەنجام دەدرێت.

٢٥ حاڵەتێکی هاوشێوە مۆزەخانەی وانە، کە بەشێکی تایبەتە بە دڕندەییەکانی ئەرمەنەکان دژی موسڵمانان لە ساڵی ١٩١٥دا. ئەوە تاکە باسی ئەرمەنەکانە لە نوێنەرایەتیکردنی مۆزەخانەکەدا بۆ مێژووی دوور و درێژی وان.

٢٦ ئەم گواستنەوەیە لە دەقی وتارەکەی نۆبڵی ئۆرهان پاموک وەرگیراوە، "جانتاکەی باوکم My Father's Suitcase"، کە لە ٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ پێشکەش کراوە. http://nobelprize.org. لە ١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ وەرگیراوە.

٢٧ ئەم لێوەرگرتنە (إقتباس) لە بەشێکی چاوپێکەوتنەکەی ساڵی ٢٠٠٥ وەرگیراوە کە لە ژێر ناونیشانی "دوو ڕۆحی تورکیا "The Two Souls of Turkey چاپکراوەتەوە، NPQ 24:3 (هاوینی ٢٠٠٧)، ل ١١.

٢٨ وەرگێڕانە تورکییەکە وەک "*بابا و پیچ* *Baba ve Pic*" چاپکراوە (ئیستانبوڵ: مێتیس، ٢٠٠٦).

٢٩ لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە دوای خوێندنەوەی وردی ڕۆمانەکەی شەفەق، ئەوەم بەمێشکدا هات کە هۆکاری تۆمەتبارکردنی سووکایەتیکردن بووە بە تورکبوون و بەپێی مادەی ٣٠١ی یاسای سزادانی تورکیا دادگایی کرا. دەبێ داواکارانی گشتی دەستیان بە بەکارهێنانی وشەی "ڕەگەزپەرستی"یەوە گرتبێت (بەبێ گوێدانە ئەو ڕاستییە، یان ڕەنگە تەنانەت ئاگاداری ئەو ڕاستییەش نەبن کە لە لایەن کارەکتەرێکی ئەرمەنی دیاسپۆراوە گوتراوە نەک لە لایەن شەخسی نووسەر/ گێڕەرەوە). کێشەکە بە بڕوای من بەراوردێکی هاوسەنگە لە هەردوو دیدگای ئەرمەن و تورکەوە. ئەو کێشەیە زیاتر لەوەی کە لایەنی تورکی چیرۆکەکە دووپات بکاتەوە، دۆزی ئەرمەنەکان بەهێزتر ناکات و جەخت لە سەر خۆڕاگریی تورکەکان ناکاتەوە لە بێباکییان بەرانبەر بە ڕابردوو و ئامادەنەبوونیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، زیاتر لەوەی هێما بۆ ئەوە دەکات، کە لە زۆر بۆنەدا، ئەرمەنەکان کە لە ڕابردوودا دەژین و خۆیان لە دەرفەتەکانی داهاتوو بێبەش دەکەن.

٣٠ سابرینا تاڤێرنیسە و سێبنەم ئارسو، "لە ناو دەروونی تورکیدا: پرسە زەبربەخشەکان هەستی ناسنامەی نەتەوەیەک تووشی کێشە دەکەن Inside the Turkish Psyche: Traumatic Issues Trouble a Nation's Sense of Identity"، ڕۆژنامەی *نیویۆرک تایمز* *New York Times* (١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧)، لە:

www.nytimes.com/2007/10/12/world/europe/12genocide.html

٣١ لە لایەن ئالّتیناوە وەرگیراوە، "گەڕان بە دوای باپیرانی بێدەنگکراودا In Search of Silenced Grandparents" (٢٠٠٦)، ل ١٢٩.

٣٢ لانگەر، "ئیفادە و شایەتییەکان لە سەر هۆلۆکۆست *Holocaust Testimonies*" (١٩٩١)، ل ٤٢.

٣٣ "ئەرمەنە شاراوەکانی تورکیا Turkey's Hidden Armenians"، کە لە *فرانس ٢٤* ڕیپۆرتس *France 24 Reports* پەخشکراوە (٢٧ی نیسانی ٢٠٠٧).

٣٤ گوێچەک، "بێدەنگییەکان لە ڕابردووی کۆمارییەکانی تورکیادا Silences in the Turkish Republican Past" (بێ مێژوو).

ئەنجام

سیاسەتەکانی ناسنامە و یادەوەری لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەیی ئەرمەنەکان لە دیاسپۆرای دوای جینۆسایددا تێکەڵاو بوون، لە سەر بنەمای یادەوەرییەکی بەکۆمەڵ کە جینۆساید وەک ڕووداوێکی مێژوویی سەرەکیی سەیر دەکات لە ناوەرۆکیدا. گۆڕانکارییەکان لەم سیاسەتانەدا کاریگەرییان لە سەر تێڕوانینەکانی ڕابردوو هەبووە، کە لە بەرانبەردا بە تێپەڕبوونی کات بە هۆی داواکارییەکانی ئێستاوە لە قاڵب دراون. لە ئەنجامدا ناسنامەی ئەرمەنی وەک بنیاتێکی دینامیکی پەرەی سەندووە، کە بە هۆی گێڕانەوەی مێژوویی پڕن لە توخمە کولتووری و سیاسی و ئایدیۆلۆجییەکان، کە بەئەنقەست جەختیان لە سەر کراوەتەوە بۆ پاراستنی یادەوەریی بەکۆمەڵ. دامەزراوەکانی دیاسپۆرا ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕاوە لە بەرهەمهێنان و بەرەوپێشبردن و بڕەوپێدانی ئەم گێڕانەوانە، هەمیشە بە ئامانجی پاراستنی ناسنامەیەکی ئەرمەنی کە توانای بەرگەگرتنی کاریگەرییە کولتوورییە بیانییەکان و شەپۆلە هەڕەشەئامێزەکانی ئاسیمیلەکردنیان هەبێت. هەروەها ئەم گێڕانەوانە بۆ پەروەردەکردنی هەستێکی هاوبەشی سەربەخۆیی لە نێو ئەو کەسانەدا داڕێژراون کە بەرگەی مێژوویەکی تراجیدییان گرتووە، هەروەها هەستێکی ناسیۆنالیستیی سەربەخۆیی بۆ نیشتمانێک، هەرچەندە هەستێکی ونبوو و خەیاڵییە. بەم پێیە، ئەم خواستە

نەتەوەیـیە لەگەڵ هەسـتکردن بە ئینتیمـا و دەوڵەمەنـدییەکی زۆر لە زانیـاریی مێژوویی کە بـۆ نەوەکانی دیاسپۆرا دابینکراوە، وەک پەیوەندییەکی یەکخستنی ئەندامانی کۆمەڵگا ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا و دارشتنی ناسنامەیان کاری کردووە.

ناسـنامەی ئیتنیکی/ نەتەوەیـی ئەرمەنەکـان لە تورکیـادا بە هـۆی هەڵاواردن و ڕای پێشـوەختەوە لە قاڵـب درا کە هەردوک ئەرمەنـی مەسـیحی و موسـڵمانیان لە کـۆمەڵگەی زاڵ و سـەرەکیی تورکیـا دابڕانـد. ئەگەر بنەمـاڵە موسـڵمانەکان بە تەواوی لە کۆمەڵگەکـانی تـورک و کـوردا وەربگیرانـایە، بە ئاسـانی ئاسـیمیلە دەبوون، بەبێ ئەوەی هیچ تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەیان هەبێت. ئەوان دەبـوونە یەک لەگەڵ "ئەویتر"، کە نـاو و نازناوی بنەمـاڵە و زمـان و ئـاین و داب و نەریتی خۆیان لەخـۆدەگرت. لەگەڵ قەدەغەکردنـی گواستنەوەی یادەوەرییەکـانی ڕابـردوو بـۆ کەسـانی بەسـاڵاچوو، یـادەوەریی مێژوویـش بچـڕا و هـیچ ڕۆڵێکـی نەبـوو لە دارشـتنی ناسـنامەی نەوەی ڕزگـاربووان. بـوونی ژمـارەیەکی بەرچـاوی ئەم تورکانە – کە پێشتر لە بنەچەدا ئەرمەن بوون – ئەگەرێکی زۆر بەهێـزە کە نابێت ڕەتبکـرێتەوە. بەڵام دوژمنـایەتی تورکیـا بەرانـبەر ئەو ئەرمەنـانەی کە چـوونەتە سـەر ئـاینی ئیسـلام هەرگیـز نەوەسـتا، بەڵکـو لە هەمـوو دەرفەتێکـدا دەکـرا و شـەپۆلی تێـرۆر و چەوسـاندنەوەیان بـڵاو دەکردەوە. ئەرمەنەکـان پێیـان دەگـوترا *"گـاوران gâvurs"* و نەوەکانیشـیان بە *"گـاوری کـوڕی گـاور gâvur oğlu gâvur"* ناودەبران. لەوەش خراپتـر، ئەرمەنەکـانی نیشـتەجێی تورکیـا بە "لە دەمـی شمشـێر مـاونەتەوە leftovers sword" دادەنـران (چەتـین، ل٢١٥).[1] ئەم دەربـڕینە ڕەنگدانەوەی خواستی گشتییە بۆ ئەوەی هـیچ ئەرمەنییەک بە زیندوویی نەمێنێت و ئەم *"گاورانە"* ئێستا بڕیاریان داوە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیـان وەربگرنەوە. چەند ئەرمەنی خۆیان حەشارداوە، جا موسڵمان بن یـان مەسیحی و چەندیان لە تورکیـا خۆیـان حەشـارداوە و تـا چەنـد مەترسـیدارن بـۆ ئیـددیعای یەکسـانی نەتەوەیـی و ئـاینیی تورکیـا؟ پێشـبینیکردنی ئەمە ئەسـتەمە، چـونکە تـوێژینەوە

جیاوازەکان ژمارەیەکی جیاواز پێشکەش دەکەن، لە چەند سەد هەزارێکەوە تا چەند ملیۆنێک. بۆ نەتەوەیەکی پارچەپارچەکراوی وەک ئەرمەن، ڕەنگە ئەم ژمارانە زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوە بن. بەڵام بەبێ گوێدانە ژمارەیان، ئەگەر ئەزموونی بووژانەوەیەکی نەتەوەیی دەکەن و بە دوای ڕەگ و بنەچەی خۆیاندا دەگەڕێن، ئەوا هەوڵەکانیان پێویستی بە پشتیوانیی گەرموگوڕ هەیە.

هەڵوێستی دژە ئەرمەنی حکوومەتی تورکیا هیچ مەیلێک بۆ گۆڕانکاری پیشان نادات. بە پێچەوانەوە، بە سیاسەتی پەروەردەیی و کولتووری کە بە وردی داڕێژراون، بەهێزتر دەکرێت.[٢] جیاکاری بەردەوامە و لە ڕاستیدا بۆ نموونە "بچێتەوە سەر ڕەگەزی تورک" وەک مەرجێک دەمێنێتەوە بۆ وەرگرتن لە ئەکادیمیا سەربازییەکان و دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا.[٣] لە سەر بنەمای تێگەیشتنێکی قوڵ لە گرنگیی مێژوو لە بنیاتنان و پێکهێنانی ناسنامەی تورکیدا، ئەنجومەنی هەماهەنگی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیددیعای بە ناو جینۆساید، کە بەشێکە لە وەزارەتی خوێندن و پەروەردەی نیشتمانیی تورکیا، جەخت لە سەر گرنگیی ڕا دەربڕین دەکات، لە هەموو بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و "لە ڕێکخستنی چالاکییە پەروەردەیی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا" کەوا ئەوە ڕاستییەی کە:

تورکەکان ڕێزیان لە ئاین و کولتووری کەمینەکان گرتووە و لێبوردەییان پیشانداوە. لە مێژووی تورکدا و لە نەریت و کولتووری ئەواندا، هەرگیز ڕەگەزپەرستی و ڕق و کینە نەبووە کە ببێتە هۆی جینۆساید و ئاسیمیلەکردنی زۆرەملێ، وەک ئەوەی لە جیهانی ڕۆژئاوادا ڕوویداوە. زۆر گرنگە هاوپێشە و هاوکاران کاردانەوەیان هەبێت بەرانبەر بە توێژەران و زانایان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە بە شێوەیەکی بابەتیانە مامەڵە ناکەن سەبارەت بە ئیددیعاکانی جینۆساید.

ئەو بەڵگەنامەیەی پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەشڵێت "ئەرمینیا بەرهەمە کولتوورییەکانی تورکیای لەناوبرد و دانیشتووانی تورکیا لە ئەرمینیا دەربەدەر کران و لەناوبران".[٤] لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧، ئاژانسی هەواڵی ئەرمینی

"نۆیان تاپان *Noyan Tapan*" ڕاپۆرتی داوە کە ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری چوکورۆڤا شانۆگەرییەکی بەناونیشانی "هاواریک: چیرۆکی بەناو جینۆسایدی ئەرمەنی" لە زیندانێکدا لە ئەدەنە نمایش کردووە. بەپێی ڕاپۆرتەکە، نوێنەری ئەو ناوەندە نیازی خۆی بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو نمایشە لە چەند گوندێکی تورکیا ڕاگەیاندووە.

سەروەختێک هەبوو کاتێ کە بابەتە ئەرمەنییەکان لە هیچ کتێبێکی قوتابخانە یان دەزگایەکی کولتووریدا مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکرا و زۆربەی کات گەلی تورکیا هیچ بیرێکیان لەوە نەدەکردەوە کە ئەرمەنەکان لەبارەی چییەوە قسە دەکەن. ناسنامەی ئەوان لە سەر ئەو مێژووە بنیاتنرابوو کە لە قوتابخانەدا دەخوێنرا: واتە مێژووی نوێی تورکیا لەگەڵ ناسیۆنالیزم وەک فاکتەر و پێکهاتەیەکی سەرەکی و پیرۆز ڕاگرتنی جەنگی سەربەخۆیی و دامەزراندنی کۆمار (کە هۆکاری بوون و مانەوەی گەلی تورکیایە) و دیاریکردنی لەبیربردنەوەی پەیوەست بە ڕابردووی تاوانکاریی سەرکردە کۆچکردووەکانی عوسمانی، کە بوون بە دامەزرێنەری تورکیای نوێ و ئەو خوێنەی کە لە بنیاتنانی کۆماردا ڕژا. ناسنامەی تورکیا، وەک پێشتر باسی لێوە کرا، لە لایەن دەوڵەتەوە دەستنیشان کراوە و بنەمای ئەو ناسنامەیە "لە ڕێگەی خوێندن و فێرکردنەوە" بووە بە یادەوەریی بەکۆمەڵ.

لە پاش چەندین ساڵی فەرامۆشکردن و بێئاگایی لە مەسەلەی ئەرمەنی، کۆمەڵگەی تورکی لەناکاو بەرەوڕووی خەباتی چەکداریی ئەرمەنی بووەوە لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا و تێیدا دیپلۆماتەکانی تورکیا بەر گوللە دران و دەزگا و دامەزراوەکانی تورکیا لە جیهاندا هێرشیان کرایەسەر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی بە لای ستەم و ناعەدالەتیی چارەسەر نەکراو لەدژی ئەرمەنییەکان.[٥] بەو هۆیەوە حکوومەتی تورکی ناچار بوو ڕوونکردنەوە بداتە هاوواڵاتییەکانی و پرسی ئەرمەن بە هاوواڵاتییەکانی خۆی "بخوێنێت" و لە هەمووشی گرنگتر، ئەو

ڕاپۆرتانە ڕەتبکاتەوە کە لە میدیا بیانییەکانەوە بڵاو دەکرانەوە و لایەنی مەسەلەی ئەرمەنییان دەگرت و داوایان لە حکوومەتی تورکیا دەکرد دان بنێت بە جینۆسایددا. دوابە دوای ئەوە بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی کەرەستە و بابەتی نکۆڵیکردن، کە یەکەمجار سەرەتایی و ناپڕۆفیشناڵ بوون و پاشان کتێب و بابەتی باش و پیشەیی هاتنە بڵاوکردنەوە، کە زۆربەیان نووسینی مێژوونووسانی غەیرە تورک بوون. لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠کاندا، لەگەڵ بەرتەسکبوونەوەی بۆشایی زانیاری لەبارەی جینۆسایدی ئەرمەنەوە لە نێوان کۆمەڵگەی تورکی لەلایەک و دیاسپۆرای ئەرمەنی و ئەودوای جیهان، ئەم دابەشبوونە بەرەو ئاستێکی مەترسیدارتر پەرەی سەند.

جەیمس وێرش باس لە پرۆسەیەکی هاوشێوە دەکات لە مێژووی سۆڤییێتدا، ئەویش ڕێبازێکی هەڵبژێردراوە کە تیشکی دەخستە سەر هەندێک ڕووداو و لە هەمان کاتدا هەندێکی تریان لادەبرد و بەکارهێنانی ئەم مێژووە لە پەروەردەدا بۆ چاندنی یادەوەرییەکی یەکگرتووی بەکۆمەڵ و لە ئەنجامدا شوناسێکی یەکگرتووی سۆڤییێت. وێرش بۆ بەدوادچوون ئەم پرۆسەیە دەکات تا ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییێت: "ئەو گۆڕانکارییەی کە ڕوویدا هێجگار بە ئازار بوو، چونکە لە ژێر کۆنترۆڵی تۆندی دەوڵەت بە سەر یادەوەریی بەکۆمەڵدا دەستی پێکرد و پاشان گواستیەوە بۆ دۆخ و سیاقێک کە لە پلەی یەکەمدا بێسەروبەر بوو"[٦]. تورکیا بە ناساندنی تێڕوانینێکی نوێ لە گێڕانەوەی خۆی بۆ مێژوو، داڕشتنەوەی گێڕانەوەیەکی تری هێنابووە ئاراوە بۆ یادەوەری. بەڵام چی ڕوودەدات ئەگەر حکوومەت شەرعییەتی خۆی بە تەواوی لەدەست بدات؟ دوور نییە ڕۆشنبیرانی لیبراڵی تورک کە لە ئێستادا تەحەددای گێڕانەوەی فەرمیی مێژووی تورکیا دەکەن و بەگومانەوە لێی دەڕوانن داوای ئاشتەوایی لەگەڵ ڕابردوو دەکەن، بتوانن کۆمەڵگای تورکیا لەم جۆرە تێکدان و بێسەروبەرییە ڕزگار بکەن. ئەو کاتە گواستنەوە بۆ کۆمەڵگا و حکوومەتێکی دیموکراتیی پڕ لە ئاڵنگاری دەبێت، بەڵام بێسەروبەر و پڕ لە پشێوی نابێت. دانوستاندن لە سەر داڕشتنەوەی

یادەوەری بەردەوامە. ئەمڕۆ هاوواڵاتییانی تورکیا بە "ئیددیعاکانی ئەرمەن" ئاشنا دەکرێن و ئەرمەنەکان بە خیانەتکار وێنا دەکرێن کە لەگەڵ دوژمن پیلانیان بۆ ڕووخاندنی ئیمپراتۆرییەت دارشتووە و چاویان بڕیوەتە خاکی تورکیا. ئەمە تەنها لە کتێبەکانی مێژوودا نادۆزرێتەوە. هەر جارێک لە ناوەوە ڕەخنە لە سیاسەتەکانی حکوومەت دەگیرێت، هەر جارێک حکوومەت هەست بە هەڕەشە دەکات، یان کاتێک وڵات لە لێواری هەڵچوونی سیاسیدایە، ئەوە کەمینەکانن کە تاوانبار دەکرێن و سزا دەدرێن و تۆمەتی ئەوەیان دەدرێتە پاڵ کە "ئەرمەنەکان دەستیان کردووە بە ڕێکخستن"، "گاورەکان بەتەمان کەنیسەکانیان بکەنەوە"، "ئەرمەنەکان داوای گەڕاندەوەی مواڵک و ماڵی باوباپیرانیان دەکەن".[٧] هەڵبەت ئەم گەمە سیاسییانەی هەموو جارێک لەگەڵ گەلی تورکیادا کراون و بە بەردەوامی سەرکەوتوو بوون لە هەڵنان و وروژاندنیان دژ بە خەڵکی ئەرمەن. بەم دواییە ئاڕاستەیەک لە ناو ئەرمەنە بەئیسلامبووەکاندا هەیە – واتە ئەو ئەرمەنانەی بە فەرمی دەستبەرداری ئاینی خۆیان بوون بۆ گەڕانەوە بۆ مەسیحییەت – کە زیادەڕەویی تێدا دەکرێت و وەک بزووتنەوەیەکی خیانەتکار وێنا دەکرێت و وەک هۆشدارییەک لە لایەن نەتەوەپەرستە پەڕگرەکانەوە لەقەڵەم دەدرێت گوایە هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر گەلی تورکیا. ئەم دیاردەیەش بەتایبەتی پەیوەستە بە سێکوالار کردن و بەڕۆژئاوایی کردنی وڵات لە ژێر فشاری یەکێتی ئەورووپادا، کە نەتەوەپەرستە پەڕگرەکان بە توندی دژایەتی دەکەن.

لە هەر حاڵەتێکدا گەلی تورکیا فێردەکرێن کە نکۆڵی لە هەر نادادپەروەرییەکی ڕابردوو بکەن و بە ڕەهایی نکۆڵی لە جینۆسایدی ئەرمەن بکەن. ناسنامەی نیشتمانیی ئەوان، یان باشتر بڵێین ناسنامەی نەتەوەییان، لە سەر نکۆڵیکردنی جینۆسایدی ئەرمەن بنیات نراوە و ئەم نکۆڵیکردنە کە دەوڵەت پاڵپشتیی دەکات، کۆمەڵگای تورکیا زیاتر و زیاتر بەرەو ڕێگەیەکی داخراو دەبات و تووندترین سزا بۆ ئەو کەسانە دانراوە کە ئەم نکۆڵیکردنە دەخەنە ژێر پرسیارەوە. بەڵام ئەم سیاسەتە کە کاریگەریی لە سەر بنیاتنانی ناسنامەی تورکی هەیە و ئیرادەی

حکـوومەتە یەک لە دوای یەکەکـان بـۆ سـەرکوتکردنی یـادەوەریی هەر سـتەم و نادادپەروەرییەک پێش سەردەمی کۆماری و بۆ بنیاتنانی یادەوەرییەکی مێژوویی لە سـەر بنەمـای جەنگـی قارەمانـانەی سـەربەخۆیی، پێویسـتیی بە لێکـۆڵینەوەی وردە.

مێژووی جینۆسایدی ئەرمەن بەشداریی دانیشـتووان، چ تـورک و چ کـورد، لەو کۆمەڵکـوژییەدا بەبەڵـگە دەکـات. هەروەهـا بـاس لە "*چەتە chete*" دەکـات، ئەو تاوانبارانەی کە لە زیندان ئازاد کرابـوون بـۆ لەناوبردنی ئەرمەنە ڕاگوێزراوەکان. ئەگەر ئەمـڕۆ یـادەوەریی مێژوویـی لە نـاو تـورک و کـوردا زیندوو بـوایە، ئەگەر یـادەوەریی ئەو هەمـوو دڕنـدەییانەی ئەنجامـدراون بگـوازرایەتەوە، ڕەنـگە نەوەی نوێ پرسیاری بکردایە. تـورکی شـانازیی بەخـۆوەکردوو، لە نەوەی قارەمانەکـانی شەڕی سـەربەخۆیی، خـۆی وەک نەوەی تاوانبار، بکـوژ، دەسـتدرێژیکار، تـالانچی دەبینێت. لەم حاڵەتەدا ڕەنگە نکـۆڵیکردنی ڕەهـا و ڕاسـتەوخـۆی هەر کـارێکی هەڵە بەسـوودتر بێت. بێجگە لەوەش گەلی تورکیا وەهمـی ئەوەیـان لا دروسـت دەکرێت باوەڕیـان بەوە هەبێـت کە شـوناسـی ئەرمەنـی دیاسـپۆرا لە سـەر دوژمنـایەتیی تورک بنیاتنراوە. لە ڕاستیدا، ئەلیف شـەفەق لە ڕۆمانەکەیـدا "*زۆڵەکەی ئیستانبوڵ*" وا وێنـای ناسـنامەی کۆمەڵێـک ئەرمەن و یۆنـانیی دیاسـپۆرا دەکـات کە هەمـوو شـەوێک لە فەزای ئەلیکترۆنیـدا کـۆدەبنەوە بـۆ گفتوگـۆکردن لە سـەر بابەتەکـانی پەیوەسـت بە مێـژوو و کولتـووری هاوبەشـیان، کە زۆرجـار وشـەی "هـاوبەش" پەیوەسـتی "دوژمـن" دەکرێـت و مانـا زیمنیـیەکەی ئەوەیە کە تـورک دوژمنـی هاوبەشـی هەردوولایـانە. دەشـڵێت: "هـیچ شـتێک خێراتـر و بەهێزتـر مرۆڤەکـانی کـۆنەکردووەتەوە لە سـەر ئەو دوژمنـی هاوبەشـە – هەرچەنـدە بە ڕاگـوزەریش دەربـبڕێت. (ل١١٣). جێگـای سـەرنجە کە چـۆن شـەفەق وشـەی "هـاوبەش" لەگەڵ "دوژمـن" جـووت دەکـات. لێـرەدا مانـای ناڕاسـتەوخـۆ ئەو تێـڕوانینەی تـورک کە دوژمنایەتی کردنی تورکەکان بناغەی ناسنامەی دیاسپۆرای ئەرمەنییە. سـەبارەت بە ڕەوینـەوەی ئەو پـێکەوە گرێـدانە لە سـەر چەمکـی دوژمنێکـی هـاوبەش، مـن

پێموایە ئەوە یادەوەریی ڕابردووی کارەساتبار و ئازارە سارِێژنەبووەکان و بەرینە سارِێژ نەبووەکەیە کە ئەرمەنەکانی دیاسپۆرا بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ناسنامەیان گەڵاڵە دەکات، نەک دوژمنایەتی بەرانبەر بە تورک. لە دوای پێشنیازی ناساندنی جینۆسایدی ئەرمەن لە کۆنگرێسی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٧دا، لە شێوەی بڕیارنامەی ١٠٦ی ئەنجومەنی نوێنەران و بڕیارنامەی ١٠٦ی ئەنجومەنی پیرانی هاوبەش، میدیای تورکیا پڕ بووە لە بابەتگەلێکی پڕ لە ڕق و کینە و دوژمنایەتی. بەڵام لە نێو ئەمانەشدا ڕەنگدانەوەی وریایی و ئامادەیی بۆ تێگەیشتن لە پرسی ئەرمەن و دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لە زمانی ڕەق و بەرتەسکی نکۆڵیی حکوومەت دەبینینەوە. دۆغۆ ئێرگیل لە یەکێک لە وتارە تێڕامانەکانیدا هەوڵدەدات لە پاڵنەرەکانی پشت بەدواداچوونی دیاسپۆرای ئەرمەنی بۆ ئەم دانپێدانانە تێبگات. ئەو دەڵێت ئەم دانپێدانانە، یان "چەسپاندن"، "هێندەی تر ناسنامەی بەکۆمەڵیان بەهێزتر دەکات، کە بە هۆی هەستکردن بە قوربانییبوونەوە لە ئەنجامی 'زەبرێکی هەڵبژێردراو'ەوە هاتووەتە ئاراوە [ئاماژە بە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٥]"[٩]

لە درێژەدا پرۆسەی گواستنەوەی یادەوەریی ئەو زەبر و زەنگە لە ڕزگاربووە ڕەسەنەکانەوە بۆ نەوەکانی کە تێیدا لەدایک دەبن، بە تایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە ناتوانرێت ئاسەواری تراومای ڕابردوو تێپەڕێنرێت و تاوانبارانیش نکۆڵی لە هەڵەیان بکەن. ئەرگیل ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەرمەنی دیاسپۆرا نەیانتوانیوە بگەنە ئارامیی دەروونی و (ئاشتەوایی لەگەڵ ڕابردوو) بەدەست بهێنن و بەو ئەنجامە دەگات کە "تورکەکان هێشتا زۆر شت ماوە بیکەن بۆ هێورکردنەوەی میشک و ڕۆحی ئەرمەنەکان لە ڕێگەی دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی ڕابردووی هاوبەشیانەوە". [١٠]

لە سایەی ئەو دۆخ و ئەقڵییەتە زاڵەوە لای تورکیا و دیاسپۆرای ئەرمەن دیواری لێکدابڕان و گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هاوبەش لە میژوو بە کردەوە مەحاڵە. بەڵام سەرەڕای ئەم جەمسەرگیرییە لە تێڕوانینەکانی تورک و

ئەرمەنەکان بۆ یەکتر و کورتکردنەوەی ئەم دیاردەیە بۆ دوانەیەکی دژبەیەک، سادەکردنەوەیەکی زۆر دیاردەکەیە بۆ ڕەش یان سپی، چونکە هزر و تێڕوانینی هەردوو کۆمەڵگەی ئەرمەنی و تورکی بە گشتی، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی تورکیا، لە ئەرمینیا و دیاسپۆرادا، دووڕە لە هاوچەشنی و یەکسانی. دەتوانرێت جیاوازی لە ڕێبازەکاندا بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتن لە یەکتر بەدەستبهێنرێت، کە لە بنەڕەتدا چەمک و تێگەیشتنی ناسنامەی نەتەوەیی هەر لایەک دەگۆڕێت.

گۆڕانکاری لە تورکیادا دەبێت لە ناو خودی کۆمەڵگای تورکیاوە سەرچاوە بگرێت. بزووتنەوە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێستا – بۆ ئیسلامی، میانڕەو، مۆدێرنیستی و ئەوانیتر – هەروەها سەرهەڵدانەوەی پرسی کورد، ئاماژە بەم ئەگەرە دەکەن و تورکەکان خۆیان هەست بە پێویستیی ئەوە دەکەن کە قوواڵ ببنەوە لە ڕابردووی خۆیاندا و تا ئەودیوی سەردەمی کۆماریی تورکیا بڕۆن. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ خاچیگ مورادیان، ئەلیف شەفەق جەخت لە سەر گرنگیی ئەم گۆڕانکارییە ناوخۆییە دەکاتەوە و پێشنیازی چۆنێتی بەدیهێنانی دەکات:

سەدان هەزار کچی ئەرمەن لە دوای ساڵی ١٩١٥ هەتیو کەوتن و بەشێکی زۆریان لە تورکیا مانەوە، ئایینی خۆیان گۆڕی و بوون بە موسڵمان و بەتورک کران. لێرە خەڵکێکی زۆر نەنکی ئەرمەنییان هەیە بەڵام بێئاگان لێی. گرنگە تیشک بخرێتە سەر ئەم چیرۆکانە لەبەر ڕێزگرتن لەم ژنانە، و لەبەر ئەوەی ڕەنگە سنووڕە نەتەوەییەکان لابەن و پردێک لە نێوان هەردوو بەرەی دابەشبوودا دروست بکرێت. ناسیۆنالیستە تورکەکان کە لە لێکۆڵەرانی "دەرەکی" تووڕەن، ڕەنگە گوێیان لێبگرن کاتێ هەمان چیرۆک لە داپیرەکانی خۆیانەوە دەبیستن، لە "ناوەوە".[١١]

لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم چیرۆکانە، ئاخۆ تورکی تری بە ڕەچەڵەک ئەرمەن و ئەوانەی خۆیان بە "ڕەگەزی پوخت" دەزانن، بوێریی ئەوەیان دەبێت کە بێنە پێشەوە و داخ و پەشیمانیی خۆیان بۆ ڕابردوو دەربڕن؟ وەک چۆن فەتحیە چەتین لە کتێبەکەیدا کردوویەتی "*نەنکم دایکمەوە My Maternal Grandmother*" و "لە کاتێکدا گوڵم لە سەر گۆڕی [باپیرانم] دادەنا، بە ناوی خۆم و هەموو ئەو

کەسانەی کە بوونە هۆی ئەم ئازارە باوەڕپێنەکراوە داوای لێخۆشبوونم لەوان و لە داپیرەم دەکرد" (ل١٢٥). وەک چۆن کەمال یالچین لە کتێبەکەیدا *"ئێوە دڵی منتان خۆشکرد You Rejoice My Heart"* کردوویەتی.

من بە ڕێزەوە کرنۆش دەبەم بۆ یادەوەریی کۆمەڵکوژییەکان- گەورەترین ئازاری سەدەی ئێمە، کە پەڵەیەکە بە نێوچەوانی مرۆڤایەتییەوە - ئەو ئەرمەن و ئاشووریانەی کە گیانیان لەدەستدا لە ماوەی ڕاگواستن و دەربەدەر کردنیاندا بە پلانێکی کوشتن و سەربڕینی پێشوەختە. من دەرد و ئازاری ئێوە بە هی خۆم دەزانم. وەک نووسەرێکی تورک، داوای لێبووردن لە ئێوە و مرۆڤایەتی دەکەم. (ل ١٥)

لە وتارێکی چێژبەخش و سەرنجڕاکێشدابە ناونیشانی "جینۆساید و مردنی کۆمەڵایەتی"[١٢]، کلۆدیا کارد پەرەی بە تیۆریی مردنی کۆمەڵایەتی داوە وەک بەرهەمی جینۆساید، بەتایبەتی کاتێ قوربانییەکان بەر ئەشکەنجە و بەرکەوتنی دووبارەدرێژی فاکتەرە دەرەکییەکان و بێبەشی و زەلیلکردن و سووکایەتی پێکردن و دامالێنیان لە چالاکیی کۆمەڵایەتی لە پێش مردندا. بە پێی کارد، پرۆسەی کوشتنی بەکۆمەڵی جینۆسایدی چالاکیی کۆمەڵایەتیی گرووپەکە لەناوەبات، واتە پەیوەندیی هاوچەرخ و ترانس نەوەکان، یان پەڕینەوە لەم پشت بۆ ئەو پشت، کە توخم و ڕەگەزی گرنگن لە پێکهێنانی ناسنامەدا کە مانا بە ژیان دەدات. بەم ڕەنگە، ئاسەواری گواستنەوەی پشتاوپشت و زیانی سەرەکیی چالاکیی کۆمەڵایەتی لەدەستدانی ناسنامە و پاشانیش لەدەستدانی مانای ژیانە. ئەوجا کاتێ گرووپێک تێکدەشکێنرێت کە خاوەنی شوناسێکی کولتووریی تایبەت بەخۆیەتی، ئەوە ڕزگاربووان میراتی کولتوورییان لەدەست دەدەن و تەنانەت ڕەنگە پەیوەندیی نێوان نەوەکانیش لەدەست بدەن. ڕزگاربووان مردووی کۆمەڵایەتین و ناتوانن نەریتی خۆیان دامەزرێنن و پەرەی پێبدەن و بەردەوامیی بە پەرەسەندنی کولتوورییان بدەن کە لە پێش جینۆسایدا بااڵدەست بووە. بێگومان ئەم تیۆریی مەرگی کۆمەڵایەتییە بە سەر قوربانییانی جینۆسایدی ئەرمەندا دەسەپێت، کە نەک گیانی خۆیان لەدەستدا، بەڵکو کارایی و چالاکیی

کۆمەڵایەتیشیان. بە پێی ئەم تیۆرییە، ڕزگاربووان بە مردووی کۆمەڵایەتی دادەنرێن و نەوەکانیشیان بە "نامۆی خۆڕسکی" دەژمێردرێن. لێرەدا کارد زاراوەکانی ئۆرلاندۆ پاتێرسۆن بەکاردەهێنێت بۆ وەسفکردنی بێتوانایی نەوەکانی ڕزگاربووان لە گواستنەوەی نەریت و زمان و چالاکییە کۆمەڵگەییەکان کە ناسنامەی گرووپەکەی لە پێش جینۆسایددا بەهێزکردووە و بنیاتی لە سەرناوە. ئەم پشێوییە بە شێوە و ڕێگەی جیاواز کاریگەریی کردووە لە سەر هەریەک لە لەو ڕزگاربووانەیەی ئەرمەن کە پەنایان بردووەتە بەر دەرەوەی تورکیا و لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بڵا بوونەتەوە و ئەوانەش کە لە تورکیادا مانەوە. ئەمە ئاڵەنگارییەکی هێجگار گەورە بوو بۆ نەوەی یەکەمی ڕزگاربووانی دیاسپۆرا بۆ زاڵبوون بە سەر بەربەستە کۆمەڵایەتی و کولتووری و زمانەوانیدا و مکوورپبوون لە سەر هەوڵ و کۆششی ڕۆژانە بۆ مانەوە و نەخستنەوەی نەوەیەکی نامۆ بە خۆڕسکی.

بێگومان لێرەدا قوربانی چەمکی ئەرمەنیبوون دەگرێتەوە، واتە خودوێناکردن بۆ ناسنامەی ئەرمەن. لە لایەکی ترەوە، سەبارەت بەوانەی لە تورکیادا مانەوە، مردنی کۆمەڵایەتیی دژ بە ئەرمەنە شاراوەکان ئاڕاستە کرابوو، نەک دژ بەو ئەرمەنانەی کە بووبوونە ئیسلام، چونکە ئەمان بەتەواوی نوقمی کولتوور و ئاینی باڵادەست بوون و تێکەڵی کۆمەڵگە بوون. دەکرێ ئەو نەوانەی لەم ئەرمەنە موسڵمانانە کەوتوونەتەوە بە تورکی ڕاستەقینە دابنرێن ئەگەر بارودۆخ نەشێوێت و ئەگەریش حکوومەت باوباپیرانی موهتەدییانی *mühtedi* بیر نەخاتەوە. سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە ناوی ئەرمینیا و گەشتی جیابوونەوەی لە شوناسێکی سۆڤیێتییەوە – واتە شوناسێک کە ڕۆڵی ئیتنیکی / نەتەوەیی و هەستکردن بە سەربەخۆیی نیشتمانێکی نەتەوەیی لە پێکهاتنیدا ڕەتکردەوە – بەرەو بووژانەوەی ناسیۆنالیزم، واقیعێکی نوێیە. لەم گەشتەدا مرۆڤ دەتوانێت شاهیدی تەقینەوەی یادەوەریی میژوویی سەرکوتکراو بێت بە

ئاشکرا و دۆزینەوەی ڕێگەی خۆی بۆ ناو ئەفراندنە ئەدەبییەکان. بەڕاستی گرنگیدانێکی نوێ بە چیرۆکی داپیرە و باپیرە و باپیرە گەورەکان سەبارەت بە نیشتمان هەیە و هۆشیارییەک لە دیاسپۆرای ئەرمەن و ململانێی بەردەوامی لەگەڵ ڕابردوودا هەیە و هەوڵەکانی بۆ دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەو ڕابردووە.

مەیلی جەماوەری بۆ کەمکردنەوەی جینۆسایدی ئەرمەن بە بەراورد لەگەڵ ستەم و چەوساندنەوەی سۆڤییەت، تەنانەت لەگەڵ بوونی نموونە هاوچەرخەکانی پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ، وردە وردە کاڵ دەبێتەوە و جێگەی خۆی بۆ گرنگیی خەبات بۆ دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە جینۆسایدەکە دەدات. لە لایەکی تریشەوە، هەستی ئینتیما و شانازی لە ناو ئەرمەنەکانی دیاسپۆرادا بەرانبەر بە دەوڵەتی نوێی ئەرمینیا پەرەدەستێنێت، هەستێک کە دەتوانێت چەمکی "بوون بە قوربانی" هەڵبگێڕێتەوە و دیاسپۆرای ئەرمەن نزیک بکاتەوە، کە لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە دوورن لە تورکیا و تورکەکان و نزیکایەتییەکی دەروونی و جوگرافی بڕەخسێنێت. لەم دۆخ و سیناریۆ گریمانەییەدا، هەرچەندە جێی متمانەیە، دەتوانین باوەڕمان بەوە هەبێت کە ئەرمەنەکان لە سەرانسەری جیهاندا چیتر وەک دیلەکانی ڕابردوو نامێننەوە، کە بە هۆی هەستی قوربانیبوونیانەوە بەسترابوونەوە و دەتوانن ئەو ڕابردووە بەکاربهێنن، وەک تزقێتان تیۆدۆرۆڤ بۆی دەچێت، بۆ خزمەتکردنی ئێستا. پاشان، دەتوانین شانبەشانی تیۆدۆرۆڤ ڕایبگەیەنین کە "دەبێت یادەوەری و لەبیرکردن بۆ خزمەتکردنی دادپەروەری بەکاربهێنرێت".[١٣] دەوڵەتی نەتەوەیی نوێی کۆماری ئەرمینیا، دەتوانێت ببێتە نیشتمانێک بۆ هەموو ئەرمەنەکان، هەروەک چۆن ئیسرائیل سەرکەوتوو بوو لە ئەنجامدانی لەگەڵ جووەکاندا. ئێمە ئەو جوانەی ئەسیوپیامان لەبیرە کە حکوومەتی ئیسرائیل ڕزگاری کردن و بۆ ئیسرائیلیان هێنان. گومانی تێدا نییە کە خەڵکی ئیسرائیل هەستیان بە ناڕەزایی کردووە لە ئاسیمیلەکردنی ئەم جووە ڕەشپێستانە کە زیاتر لە ئەسیوپییە ئاساییەکان

دەچوون، زیاتر لە جووە ئاساییەکانی کۆمەڵگەی ئیسرائیلی.[١٤] سەرەڕای ئەوەش، هەوڵی هاوبەش و سەرومڕ دەدرێت بۆ پەروەردەکردن و ڕاهێنان و تێکەڵکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا. ئایا دەوڵەتی نوێی ئەرمینیاش ڕۆڵێکی هاوشێوە دەگێڕێت؟ ئایا دەبێتە پارێزەرێک تەنانەت بۆ ئەرمەنەکانی نیشتەجێی تورکیاش – ئەوانەی لە ترسی ستەم و چەوساندنەوە ناسنامەی خۆیان دەشارنەوە، یان تەنانەت ئەوانەی دەستبەردارببوون لە ئاین و باوەڕی مەسیحیی خۆیان لە تورکیا؟ واقیعێکی نوێ خەریکە شێوەی خۆی وەردەگرێت. ڕەنگە ئەرمەنەکان ببنە نەتەوەیەک کە لە ڕووی جوگرافییەوە گەلەکەی لە یەکتر دابڕاون، نەتەوەیەکی هەمەجۆری ئاینی و کولتووری و زمانەوانی. ئاخۆ ئەم ڕەوشە نوێیە کاریگەریی لە سەر ناسنامەی ئەم گەل و نەتەوە لەتوپەتە هەیە؟

پەراوێزی ئەنجام

١ دەستەواژەی هاوتا کە لە وەرگێڕانی "گوڵی هەنار Pomegranate Flowers"ی محەمەد ئۆزوندا بەکارهاتووە، "لە دەمی شمشێر بەجێماوە"یە. لە ئەدەبیاتی ئەرمەنیدا، دەستەواژەکە هەمیشە سوریتس پاخاتسە *surits pakhats*، واتە (لە شمشێر دەربازبوو).

٢ هەڕەشە لە دژی ئەرمەنەکان و کەمینە غەیرە موسڵمانەکان لە هەڵکشاندایە. قوتابخانە و کەنیسە و شوێنە بازرگانییەکانی ئەرمەن بەردەوام هەڕەشەیان لێدەکرا و سکاڵا تۆمارکردن لە پۆلیس و داوای پاراستن هیچ ئەنجامێکی نەبوو. کاتێ پاتریارکی ئەرمەنی ئیستانبوڵ نامەیەکی بۆ والیی ئیستانبوڵ نارد و داوای پاراستنی کرد، وەڵامەکە ئەوە بوو کە ویلایەتی ئیستانبوڵ توانای تێچووی ئەو جۆرە پاراستنەی نییە. بۆ باسێکی ورد لە پێشێلکردنی مافی کەمینەکان لە تورکیا و سیاسەت حکوومەت کە پشتگیریی لەم هەڵسوکەوتە پڕ لە جیاکاری و سەرکوتگەرانە دەکات، بڕوانە گرووپی نێودەوڵەتیی مافی کەمینەکان، "بەدواداچوون بۆ یەکسانی *A Quest for Equality*" (٢٠٠٧).

٣ هەمان سەرچاوە، ل ٧.

٤ ئەم فەرمانە فەرمییە نهێنییە کە لە لایەن بەڕێوەبەری پەروەردەی یارێزگاکانەوە واژۆ کراوە و لە ڕۆژی ٧ی ئازاری ٢٠٠٧دا نووسراوە، لە ٢٥ی نیسانی ٢٠٠٧دا لە ماڵپەڕی (armworkshop@umich.edu)دا بڵاوکراوەتەوە.

٦ وێرش، *"دەنگەکانی یادەوەریی بەکۆمەڵ Voices of Collective Remembering"* (٢٠٠٢)، ل ١٧٣.

٧ ئەمە ستراتیجێکە کە زۆرجار لە شیکارییە سیاسییەکاندا باسی لێوە دەکرێت. لە کتێبی *"ئێوە دڵم خۆش دەکەن You Rejoice My Heart"* لە نووسینی یاڵچین، ئەوە حاجی ئیبراهیمە کە باسی دۆخەکە دەکات. بڕوانە ل ٣٤٠.

٨ ڕوبێن میلکۆنیان بە لێکۆڵینەوە لە سەرچاوە تورکییەکان، قسەکانی ئێرهان باشرویت و هاکان جیوگن دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی نموونەی موسڵمانانی بەڕەچەڵەک ئەرمەنی کە گەڕاونەتەوە بۆ ئاینی مەسیحی و ناو و ناوی بنەماڵەی ئەرمەنییان وەرگرتووە. بڕوانە میلکۆنیان:
"'Tsptial' hayeri kronadartsutiune," *Hanrapetakan* 3 (2007), and "'Tsptial' hayeri het kapvats," *Hanrapetakan* 4 (2007).

٩ ئیرگیل، " حاڵەتی دەروونیی ئەرمەنی The Armenian Psyche" (٢٠٠٧).

١٠ هەمان سەرچاوە.

١١ هەفتەنامەی ئەرمەنی، مالپەڕی http://www.armenianweekly.com (٢٣ی ئەیلوولی ٢٠٠٦).

١٢ کارد، "جینۆساید و مردنی کۆمەڵایەتی Genocide and Social Death" (٢٠٠٣). سوپاسی دکتۆر سیما ئەبراهامیان دەکەم کە سەرنجی منی بۆ ئەم بابەتە ڕاکێشا.

١٣ "بیرەوەری و لەبیرکردن دەبێ بخرێتە خزمەتی دادپەروەرییەوە". بڕوانە تیۆدۆرۆف، *Les abus de la mémoire* خراپ بەکارهێنانەکانی یادەوەری (١٩٩٥)، ل ٦١.

١٤ بۆ چەندین سەدە جووەکانی ئەسیوپیا بۆ پاراستنی نیمچە سەربەخۆیی و ئازادیی خۆیان لە پراکتیزەکردنی کولتوور و نەریت و ئاینەکەیاندا دژی سەرکوتکردنی سەپێنراو لە لایەن حکومەتەوە شەڕیان دەکرد. سەرەڕای هەستی دژە جووەکانی دانیشتووانی ئەسیوپیا، خەباتیان دەکرد بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆیان. دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، پرسی جووەکانی ئەسیوپیا بە شێوەیەکی سیستماتیکی سەریهەڵدا بەڵام بە هۆی تێکچوونی پەیوەندییە سیاسییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ ئەسیوپیا وەلانرا، کە لە ساڵی ١٩٨٤ دەستی پێکرد و بە ئۆپەراسیۆنێکی گەورە کە لە ساڵی ١٩٩١ ئەنجامدرا گەیشتە لووتکە و نزیکەی هەموو جووەکانی ئەسیوپیا هێنرانە ئیسرائیل.

سەرچاوەکان

Adak, Hulya. “Identifying the ‘Internal Tumors’ of World War I: Tâlât Paşanın Hateraları [Talat Pasha’s Memoirs], or the Travels of a Unionist Apologia into ‘History’.” In *Räume des Selbst: Selbstzeugnisforschung transkulturell*, ed. Andreas Bähr, pp. 151 – 69. Cologne: Böhlau Verlag, 2007.

ئـــاداک، هولّیـــا. "دەستنیشـــانکردنی 'وەرەمە ناوخۆییەکـــان'ی جەنگـــی جیهـــانی یەکەم: بیرەوەرییەکانی تەڵعەت پاشا، یان گەشتەکانی بەرگریی لە ئیتتیحادییەک لە 'میژوو'دا". لە کتێبی، *"فەزای خود: گەڕانێکی خۆ دۆزینەوە لە ناو کولتوورەکاندا"* .....

Ahnert, Margaret Ajemian. *The Knock at the Door: A Journey Through the Darkness of the Armenian Genocide*. New York: Beaufort Books, 2007 .

ئـاهنێرت، مارگرێـت عەجەمیـان. *"لە دەرگـا دان: گەشـتێک بە نـاو تـاریکیی جینۆسـایدی ئەرمەندا"* .....

Akçam, Taner. *From Empire to Republic: Turkish Nationalism and the Armenian Genocide*. London: Zed Books, 2004. ئـاکچەم، تـانەر. *"لە ئیمپراتۆریەتەوە بۆ کۆمار: ناسیۆنالیزمی تورک و جینۆسایدی ئەرمەن"* .....

_____ *A Shameful Act: The Armenian Genocide and the Question of Turkish Responsibility*. Trans. Paul Bessemer. New York: Metropolitan Books, 2006.

----- *"کردەوەیەکـی شـەرمەزارکەر: جینۆسـایدی ئەرمەن و مەسـەلەی بەرپرسـیارێتیی تورکیا"* .....

Akishian, Noubar. *Mardĕ hoghin vra* (The man on the soil). Yerevan: Sovetakan Grogh Press, 1987.

ئاکیشیان، نوبار. *"ماردێ هۆغین ڤرا"* (پیاوی سەر زەوی) .....

Alishan, Leonardo. “An Exercise on a Genre for Genocide and Exorcism.” In *The Armenian Genocide: History, Politics, Ethics*, ed. Richard G. Hovannisian, pp. 340 – 354. New York: St. Martin’s Press, 1992.

ئەلیشان، لیۆناردۆ. "ڕاهێنان لە سەر ژانرێکی جینۆسساید و دەرکردنی جنۆکەدا". لە کتێبی *"جینۆسایدی ئەرمەن: میژوو، سیاسەت، ئێتیک"*، نووسینی ڕیچارد ج. هۆڤهانیسیان،.....

Altınay, Ayşe Gül. “In Search of Silenced Grandparents: Ottoman Armenian Survivors and Their (Muslim) Grandchildren.” In *Der Völkermord an den Armeniern, die Türkei und Europa: The Armenian Genocide, Turkey and Europe*, ed. Hans-Lukas Kieser and Elmar Plozza, pp. 117 -32. Zurich: Chronos Verlag, 2006.

ئالتینای ئایشەگوڵ. "گەڕان بە دوای باپیرانی بێدەنگکراودا: ڕزگاربووانی ئەرمەنی عوسمانی و نەوە (ن). لە کتێبی، *"جینۆسایدی ئەرمەنەکان، تورکیا و ئەوروپا"*، ....

Baghdoyan, Setrak. *Erb drakhtë dardzav dzhokhk’… Arhavirk’i eot’ë tariner, 1915 – 1922* (When paradise became hell… Seven years of calamity, 1915 – 1922). Ed. Marc Nichanian. Los Angeles: Abril Publishing, 2007.

بەغدادیان، ستراک. (کاتێک بەهەشت ڕووی لە دۆزەخ کرد... حەوت ساڵ کارەسات، ١٩١٥ – ١٩٢٢). لە لایەن مارک نیکانیانەوە دەستکاری کراوە....

Bauman, Zygmunt. *Liquid Life*. Cambridge, UK: Polity, 2005.

باومان، زیگمۆنت. ژیانی ناجێگیر (دەکرێت بە کوردی بڵێین مەمرە و مەژی – وەرگێڕ) .....

Card, Claudia. “Genocide and Social Death.” *Hypatia* 18:1 (Winter 2003): 63 – 79.

کارد، کلۆدیا. "جینۆساید و مردنی کۆمەڵایەتی".....

Çetin, Fethiye. *Mets mayrs* (My grandmother). Trans. of *Anneannem* (Istanbul: Metis, 2004) by Ruben Melkonian. Yerevan: Paruyr Sevak Press, 2006.

جێتین، فەتییە. میتس مایرس (داپیرەم). ئەنیانیم، وەرگێڕانی ڕوبێن میلکۆنیان ....

Chaliand, Gérard. *Memory of My Memory*. Trans. Tito Cohen and Juliet Kepl. London: Gomidas Institute Books, 2006.

چالیاند، جیرارد. یادەوەریی یادەوەریی من. وەرگێڕانی تیتۆ کۆهین و جولیێت کێپڵ .....

Charny, Israel W. Foreword to *Teaching Holocaust Literature*, ed. Samuel Totten. Boston: Allyn and Bacon, 2001.

چارنی، ئیسرائیل، پێشەکییەک بۆ فێرکردنی ئەدەبیاتی هۆڵۆکۆست، لە لایەن ساموێل تۆتنەوە سەرپەرشتی کراوە....

Cheviron, Nicolas. “Turkey Begins Self-Reflection Over Armenia.” Agence France Presse. Armeniapedia.org, n.d.

شێڤرۆن، نیکۆلاس. "تورکیا پێداچوونەوەیەک بەخۆیدا دەکات لەبارەی ئەرمینیاوە"....

Condapa, Pamela de. “Destroying Material Culture, Destroying Identity?” Paper presented at the seventh biennial meeting of the International Association of Genocide Scholars, Sarajevo, July 9 – 13, 2007.

کۆندا‌پا، پامێلا دی. "لەناوبردنی کولتوری ماددی، لەناوبردنی ناسنامە؟" بابەتێک کە لە حەوتەمین کۆبوونەوەی دوو ساڵەی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی زانایانی جینۆساید، سەرایڤۆ، ۹ – ۱۳ی تەممووزی ۲۰۰۷ پێشکەش کرا.

Dadrian, Vahakn N. *The History of the Armenian Genocide: Ethnic Conflict from the Balkans to Anatolia to the Caucasus*. Providence, RI: Berghahn Books, 1995.

دادریان، ڤاهاکن ن. "مێژووی جینۆسایدی ئەرمەن: ململانێی نەتەوەیی لە باڵکانەوە تا ئەنەدۆڵ و تا قەوقاز".....

.Der Hovanessian, Diana. *About Time*. New York: Ashod Press, 1987

دێر هۆڤانێسیان، دیانا. دەربارەی کات.....

_____*Selected Poems*. Riverdale-on-Hudson, NY: Sheep Meadow Press, 1994.

--- چامە شیعری هەڵبژاردە.....

Der Markaryan, Arpiar. *Ardzagank’ yev Ants’ordě, patmvatsk’ yev husher* (Echo and The passer-by: Stories and memoirs). Istanbul: Aras Yayıncılık, 2006.

دێر مەرکاریان، ئارپیار، "دەنگدانەوە و ڕێبوار: چیرۆک و بیرەوەری".....

Der Yeghiayan, Zaven (Armenian Patriarch of Constantinople, 1913 – 1922). *My Patriarchal Memoirs*. Trans. Ared Misirliyan. Barrington, RI: Mayreni Publishing, 2002.

دێر یاغییان، زاڤێن (پاتریارکی ئەرمەنی قوستەنتینیە، ١٩١٣ – ١٩٢٢). "بیرەوەرییەکانی پاتریارکیم".....

Edgarian, Carol. *Rise the Euphrates*. New York: Random House, 1994.

ئێدگاریان، کارۆل ، "هەڵسانەوەی فورات" .....

Ergil, Doğu. “The Armenian Psyche: Transgenerational Transmission.” *Today’s Zaman*. October 28, 2007.

ئیرگیل دۆغو، "باری دەروونیی ئەرمەن: گواستنەوەی پشتاپشت یان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەک" .....

Farhi, Moris. *Young Turk: A Novel*. London: Saqi Books, 2004.

فەرهی، مۆریس، "تورکی لاو: ڕۆمانێکە" .....

Friedman, Jonathan. “History and the Politics of Identity.” In *Cultural Identity and Global Process*, pp. 117 – 46. London: Sage Publications, 1994.

فریدمان، جۆناسان "مێژوو و سیاسەتی شوناس". لە ناسنامەی کولتووری و پرۆسەی جیهانی.....

Göçek, Fatma Müge. “Silences in the Turkish Republican Past: An Analysis of Contemporary Turkish–Armenian Literature.” Unpublished paper.

گوێچەک، فاتمە موگێ. "بێدەنگی لە ڕابردووی کۆماری تورکیا: شیکارییەک بۆ ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئەرمەنی تورکیا". توێژینەوەیەکی بڵاونەکراوەیە.

Goldenberg, Myrna. “Sexual Violence and the Holocaust: An Interim Analysis.” Paper presented at the Conference of the International Association of Genocide Scholars (IAGS), Sarajevo, 2007.

گۆڵدنبێرگ، میرنا. "توندوتیژیی سێکسی و هۆڵۆکۆست: شیکارییەکی سەرەتایی." بابەتێک کە لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی زانایانی جینۆسایدIAGS)، سەرایيڤۆ، پێشکەش کرا، ٢٠٠٧).

Gutman, Matthew. “The Secret Jews of Remote Turkey.” *Jewish Telegraphic Agency*, March 4, 2003.

گوتمان، ماتیۆ، "جووە نهێنییەکان لە ناوچە دوورەدەستەکانی تورکیادا" ئاژانسی تەلەگرافی جوولەکە، ٤ی ئازاری ٢٠٠٣.

Hacikyan, Agop J., and Jean – Yves Soucy. *A Summer Without Dawn*. Trans. Christina Le Vernoy and Joyce Bailey. London: Saqi Books, 2000.

هاجیکیان، ئاگۆپ ج.، و جان ئیڤس سۆسێ، "هاوینێکی بێ بەرەبەیان" وەرگێڕانی کریستینا لی ڤێرنۆیل و جۆیس بەیلی.....

Haddejian, Rober. *Hushatetr – 15, Grakan havak'uyt' Suatiyei mer partēzin mej* (Diary #15: Literary gatherings in our garden in Suadiye). Istanbul: Dizgi ve baskı, 1999.

هادێجیان، ڕۆبەرت. ڕۆژنامەی هوشاتێتر ژمارە ١٥: کۆبوونەوە ئەدەبییەکان لە باخچەکەمان لە سوادیە.

Harutiunian, Avag, ed. *Aylakhos ev ayladavan hayer* (Armenians with a different religion and language). Yerevan: “Hayrenik” Akumb Publication Series 6, 2007.

هاروتیونیان، ئاڤاگ، "ئەرمەنەکان کە ئاین و زمانێکی جیاوازیان هەیە".....

Hikmet, Nazim. *Things I Didn't Know I Loved: Selected Poems of Nâzim Hikmet*. Trans. Randy Blasing and Mutlu Konuk. New York: Persea Books, 1975.

حیکمەت، نازم، "ئەو شتانەی نەمدەزانی خۆشم دەوێن: شیعرە هەڵبژێردراوەکانی نازم حیکمەت. وەرگێڕانی ڕاندی پلاسینگ و موتلو کۆنوک.....

Hilsenrath, Edgar. *The Story of the Last Thought*. Trans. of *Das Märchen vom letzten Gedanken* (Munich: Piper, 1989) by Hugh Young. London: Scribners, 1990.

هیلسنراث، ئێدگار، "چیرۆکی دوا بیرکردنەوە".....

Hocking, Joseph. *The Path of Glory*. London: Hodder and Stoughton, 1917.

هاوکینگ، جۆزێف، "ڕێگای شکۆمەندی" .....

Hovannisian, Richard G. “Intervention and Shades of Altruism during the Armenian Genocide.” In *The Armenian Genocide: History, Politics, Ethics*, pp. 173 –207. New York: St. Martin’s Press, 1992.

هۆڤانیسیان، ڕیچارد ج. "دەستێوەردان و سێبەری خۆبەخشی لە کاتی جینۆسایدی ئەرمەندا"، لە کتێبی جینۆسایدی ئەرمەن: میژوو، سیاسەت و ئەخلاق.....

_____ “The Armenian Question in the Ottoman Empire.” In *The Armenian People from Ancient to Modern Times*, vol. 2, pp. 203 – 238. New York: St. Martin’s Press, 1997.

"پرسی ئەرمەنی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا". لە کتێبی گەلی ئەرمەن لە سەردەمی کۆنەوە تا مۆدێرن، بەرگی یەکەم....

_____“Bitter-Sweet Memories: The Last Generation of Ottoman Armenians.” In *Looking Backward, Moving Forward: Confronting the Armenian Genocide*, pp. 113 – 124. New Brunswick, NJ: Transaction Publishers, 2003.

"بیرەوەری تاڵ و شیرین: دوا نەوەی ئەرمەنی عوسمانی". لە کتێبی ئاوڕدانەوە لە دواوە، هەنگاونان بۆ پێشەوە: ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان.....

Jacobson, Maria. *Diaries of a Danish Missionary: Harpoot, 1907 – 1917*. Trans. Kristen Vind. Ed. Ara Sarafian. Princeton, NJ: Gomidas Institute Books, 2001.

جاکۆبسۆن، ماریا. ڕۆژنامەیەکی میسیۆنەریی دانیمارکی: هاربوت، ١٩٠٧–١٩١٧. وەرگێڕانی کریستین فایند. لە لایەن ئارا سەرافیانەوە دەستکاری کراوە.....

Kalfayan, Hilda. *Polsahay nor banasteghtsut’ivnĕ* (The Istanbul Armenian new poetry). Antelias, Lebanon: Catholicosate of Cilicia Press, 1998.

کاڵفایان، هیلدا شیعری نوێی ئەرمەنی لە ئیستانبوڵ".....

Karapents, Hacop. *Antsanot’ hoginer* (Unfamiliar souls). Beirut: Atlas Press, 1970.

کارابینێتس، هاگۆپ. "ڕۆحە نامۆکان"....

_____“Jeferson, AMN” (Jefferson USA). In *Nor ashkharhi hin sermnats’annerĕ*. Beirut: Atlas Press, 1975.

جێفرسۆن، ئەی. ئێم. ئێن. (جێفەرسۆن، ئەمریکا). "لە بەر ڕۆشنایی ئەشخاری"....

Ketchian, Bertha Nakshian. *In the Shadow of the Fortress: The Genocide Remembered*. Cambridge, MA: Zorian Institute, 1988.

کەچیان، بێرتا ناکچیان، "لە سێبەری قەڵادا: یادکردنەوەی جینۆساید"....

Kherdian, David. *Homage to Adana*. Fresno, CA: Giligia Press, 1970خێردیان، دەیڤید، "ڕێز بۆ ئەدەنە.... .

King, William C. *Complete History of the World War: Visualizing the Great Conflict in All Theatres of Action, 1914–1918*. Massachusetts: The History Association, 1922.

کینگ، ویلیام سی، "مێژووی تەواوی جەنگی جیهانی: وێنەی ململانێی گەورە لە هەموو شانۆکانی ئۆپەراسیۆن، ١٩١٤ – ١٩١٨....

Köker, Osman. “Ermeni Kadın ve Çocuklarının Müsülmanlara Verilmesi Bir Istisna Değil, Devlet Politikasiyedi” (Giving Armenian women and children to Muslims is not an exception, but government policy). Unpublished work, 2007.

کۆکەر، عوسمان. واتە: پێدانی ژن و منداڵی ئەرمەن بە موسڵمانان ڕێزپەڕ نیە، بەڵکو سیاسەتێکی حکوومەتە"....

Kouyoumjian, Dickran. “The Destruction of Armenian Historical Monuments as a Continuation of the Turkish Policy of Genocide.” In *A Crime of Silence: The Armenian Genocide*, ed. Gérard Libaridian for the Permanent People’s Tribunal, pp. 173 – 185. London: Zed Books, 1985.

کویومجیان، دیکران. "لەناوبردنی شوێنەوارە مێژوویەکانی ئەرمەن وەک درێژکراوەی سیاسەتی جینۆسایدی تورکیا"، لە کتێبی تاوانی بێدەنگی: کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان، کە لە لایەن جیرارد لیپاردیان لە دادگای هەمیشەیی گەلەوە سەرپەرشتی کراوە.....

Lambert, Rose. *Hadjin and the Armenian Massacres*. New York: Revell, 1911.

لامبێرت، ڕۆز. هادجین و کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەن....

Langer, Lawrence L. *Holocaust Testimonies: The Ruins of Memory*. New Haven: Yale University Press, 1991.

لانگەر، لۆرەنس ل. شایەتحاڵییەکانی هۆڵۆکۆست: وێرانەکانی یادەوەری....

Lee, Roy S., ed. *The International Criminal Court: Elements of Crime and Rules of Procedure and Evidence*. Ardsley, NY: Transnational Publishers, 2001.

لی، ڕۆی، "دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان: توخمەکانی تاوان، پەیڕەوی ناوخۆ و بەڵگە. ئاردسلی، نیویۆرک: دەزگای بڵاوکردنەوەی نێودەوڵەتی، ٢٠٠١.

Liebrecht, Savyon. "Hayuta's Engagement Party." In *Apples from the Desert*. Trans. Marganit Weinberger-Rotman. New York: Feminist Press, 1998.

لیبرێخت، ڕزگارکەر، "ئاهەنگی دەستگیرانی هیۆتا" لە فیلمی سێو لە بیابانەوە. وەرگێڕانی مارگانیت واینبێرگەر- ڕۆتمان.....

Margosyan, Migirdic. *Tigrisi ap'erēn* (From the banks of the Tigris). Istanbul: Aras Yayıncılık, 1999.

مارگۆسیان، میگیردیچ "لە کەنارەکانی دیجلەدا".....

_____ *Mer ayd koghmerě* (In those places of ours). 5th ed.Istanbul: Aras Yayıncılık, 2005.

(لەو شوێنانەی کە هی ئێمەن). چاپی پێنجەم. ئیستانبوڵ: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٥.

Mashoyan, Rupen. *Ev ayspēs aprets'ank'* (And this is how we lived). 1st ed. Istanbul: Aras Yayıncılık, February 1998.

ماشۆیان، ڕۆبن. (بەم شێوەیە ژیاین). چاپی یەکەم. ئیستانبوڵ: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شوباتی ١٩٩٨.

Melkonian, Ruben, trans. "Hrand Dink'i spanut'yunĕ 'tsptyal hayeri' hamar haytnut'yun ēr" (The assassination of Hrant Dink was a revelation for "hidden Armenians"). Interview with Salim Cöhce. *Hanrapetakan*, no. 2 [= 44] (2007): 8 - 12.

میلکۆنیان، ڕۆبن، وەرگێڕ. "هراند دینک" (تێڕۆری هرانت دینک ئاشکراکردنی ئەرمەنییە شاراوەکان بوو). چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلیم کۆهجی.....

Melkonian, Ruben. “’Tsptyal’ hayeri kronadardzut’yunĕ” (The reconversion of hidden Armenians). *Hanrapetakan*, no. 3 [= 45] (2007): 5 – 10.

میلکۆنیان، ڕوبێن، "سەرلەنوێ گێڕانەوەی ئەرمەنە شاراوەکان بۆ مەسیحییەت".....

_____ “’Tsptyal’ hayeri het kapvats nor iroghut’yunner” (New realities in relation to hidden Armenians). *Hanrapetakan*, no. 4 [= 46] (2007): 1 – 5.

"ڕاستییە نوێیەکان سەبارەت بە ئەرمەنییە شاراوەکان".....

_____ “Kronakan halatsank’neri nor alik’ T’urk’yayum (Malat’iayi spandi shurj)” (A new wave of religious persecutions [on the murders in Malatya]). *Hanrapetakan*, no. 5 [= 47] (2007): 11 – 16.

"شەپۆلێکی نوێی گۆشەگیری ئایینی" [لە کوشتنەکانی مەلاتیادا].....

“Hay erekhaneri islamats’umĕ hayots’ Ts’eghaspanut’yan _____ Tarinerin” (The Islamization of Armenian children during the years of the Armenian Genocide). *Hanrapetakan*, no. 6 [= 48] (2007): 4 – 8.

"ئیسلامکردنی منداڵانی ئەرمەن لە ساڵانی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکاندا".....

_____ “Kan hamshents’iner, hatkapes eridasardneri mej, voronk’ irents’ bats’ahayt hay en hamarum” (There are Hamshentsis, especially among the young, who openly consider themselves Armenians). Interview with Kayel Margaroğlu. *Hanrapetakan*, no. 7 [= 49] (2007): 43 – 48.

"هامشێنەکان بەتایبەت لە نێو گەنجەکانیاندا بە ئاشکرا خۆیان بە ئەرمەن دەزانن".....

———. “Arabats’ats hayer T’urk’iayum” (Arabized Armenians in Turkey). *Hanrapetakan*, no. 8 [= 50] (2007): 5 – 9.

"ئەرمەنە بەعەرەبکراوەکان لە تورکیادا".....

_____ “20-rd dari enich’erinerĕ, Kheghvats chakatagir” (Twentieth-century Janissaries: Tampered fate). *Hanrapetakan*, no. 9 [= 51] (2007): 5 – 10

"یەنیچەری (ئینکیشاریی) سەدەی بیستەم: چارەنووسی دەستکاریکراو). گۆڤاری هانراپیتاکان، ژمارە ٩ [= ٥١] (٢٠٠٧): ٥ – ١٠.

Miller, Donald E., and Lorna Touryan Miller. “Women and Children of the Armenian Genocide.” In *The Armenian Genocide: History, Politics, Ethics*, ed. Richard G. Hovannisian, pp. 152 – 72. New York: St. Martin’s Press, 1992.

میلەر، دۆناڵد ئی. و لۆرنا توریان میلەر. "ژن و منداڵانی جینۆسایدی ئەرمەن"، لە کتێبی "جینۆسایدی ئەرمەنەکان: میژوو، سیاسەت، ئەخلاق(ئێتیک).....

_____ *Survivors: An Oral History of the Armenian Genocide*.Berkeley: University of California Press, 1993.

ڕزگاربووان: میژوویەکی زارەکی لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان. بێرکلی: چاپخانەی زانکۆی کالیفۆرنیا، ١٩٩٣.

Minassian, John. *Many Hills Yet to Climb: Memoir of an Armenian Deportee*. Santa Barbara, CA: Jim Cook, 1986.

میناسیان، جۆن. "هێشتا زۆر گرد و چیا ماون بۆ سەرکەوتن: بیرەوەرییەکانی ڕاگوێزراوێکی ئەرمەنی.....

Minority Rights Group International. *A Quest for Equality: Minorities in Turkey*. MRGI, 2007.

گرووپی نێودەوڵەتیی مافی کەمینەکان. "گەڕان بە دوای یەکسانیدا: کەمینەکان لە تورکیا". گروپی نێودەوڵەتی مافی کەمینەکان، ٢٠٠٧.

Mintzuri, Hagop. *Givghĕ k’apri im mējs* (The village lives in my heart). 2nd ed. Istanbul: Aras Yayıncılık, 2005.

مینتزوری، هاگۆپ. "گوند لە دڵمدا دەژی".....

Moranian, Suzanne Elizabeth. “Bearing Witness: The Missionary Archives as Evidence of the Armenian Genocide.” In *The Armenian Genocide: History, Politics, Ethics*, ed. Richard G. Hovannisian, pp. 103–28. New York: St. Martin’s Press, 1992.

مورانیان، سوزان ئیلیزابێث. "شایەتحاڵی: ئەرشیفی میسیۆنەری وەک بەڵگەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان"، لە کتێبی جینۆسایدی ئەرمەن: میژوو، سیاسەت، ئەخلاق".....

Morgenthau, Henry. *Ambassador Morgenthau's Story*. Memorial Edition. Plandome, NY: New Age Publishers, 1975.

مۆرگێنتاو، هێنری. "چیرۆکی باڵێۆز مۆرگنتاو. چاپی یادەوەری"...

Mouradian, Khachig. "A Storyteller's Quest: A Great Turkish Author." *Asbarēz*, Special Commemorative Issue, April 22, 2006, p. 10.

مورادیان، خاچیگ. "گەشت و گەڕانی چیرۆکنووسێک: نووسەرێکی گەورەی تورک".....

Moussa, Helene, comp. *Stormy Seas We Brave: Creative Expressions by Uprooted People*. Geneva: WCC Publications, 1998.

مووسا، هێلین، "دەریا زریاناوییەکان کە بەرەوڕوویان دەبینەوە: دەربڕینە داهێنەرەکانی خەڵکانێک کە ڕەگیان هەڵکێشراوە".....

Mugrditchian, Hovhannes. *To Armenians with Love: The Memoirs of a Patriot*. Hobe Sound, FL: Paul Mart, 1996.

موگریدیچیان، هۆڤانێس. "بۆ ئەرمەنەکان بە خۆشەویستییەوە: بیرەوەریی نیشتمانپەروەرێک".....

Naim Bey. *The Memoirs of Naim Bey*. Comp. Aram Antonian. 2nd printing. Newtone Square, PA: Armenian Historical Research Association, 1965.

نەعیم بەگ، "بیرەوەرییەکانی نەعیم بەگ. لە لایەن ئارام ئەنتۆنیانەوە دەستکاری کراوە"، چاپی دووەم.....

Najarian, Peter. *Daughters of Memory*. Berkeley, CA: City Miner Books, 1986.نەجارپیان، پیتەر. "کچانی یادەوەری".....

Olick, Jeffrey K., and Joyce Robbins. "Social Memory Studies: From 'Collective Memory' to the Historical Sociology of Mnemonic Practices." *Annual Review of Sociology* 24 (1998): 105 – 40.

ئۆلێک، جێفری ک. و جۆیس ڕۆبینز. "تۆێژینەوەکانی یادەوەریی کۆمەڵایەتی: لە 'بیرەوەری بەکۆمەڵ'ەوە بۆ کۆمەڵناسیی میٚژوویی پراکتیکەکانی بیرهێنانەوە".....

Oshagan, Hagop. *Mnats'ordats'* (Remnants), 2 vols. in 3. Cairo: Tparan Husaber, 1932 – 1933.

ئۆشاگان، هاگۆپ. مناتسورداتس (ئاسەوارەکان)، ٢ بەرگ.....

_____ *Kayserakan haght'ergut'ivn* (Imperial song of triumph). Antelias, Lebanon: Librairie du Catholicossat Arménien, 1983 .. "گۆرانی سەرکەوتنی ئیمپراتۆری".....

Oshagan, Vahé. *T'akart'in shurj, ardzak grut'ivnner* (Around the snare: Prose writings). New York: Voskedar Press, 1988.

ئۆشاگان، ڤاهێ. "لە سەر تەڵەکە: نووسینە پەخشانییەکان".....

Pamuk, Orhan. *Snow*. Trans. Maureen Freely. New York: Alfred A. Knopf, 2004.

پاموک، ئۆرهان. "بەفر". وەرگێڕانی مۆرین فریلی....

Parmelee, Ruth A. *Pioneer in the Euphrates Valley*. Princeton, NJ: Gomidas Institute Books, 2002.

پارمێلی، ڕوت ئەی. "پێشەنگ لە دۆڵی فوراتدا".....

Peroomian, Rubina. "The Transformation of Armenianness in the Formation of Armenian-American Identity." *Journal of the Society for Armenian Studies* 6 (1992 – 1993): 119 – 45.

پێرۆمیان، ڕوبینا. "گۆڕینی ئەرمەنییبوون لە پێکهێنانی ناسنامەی ئەرمەنی – ئەمریکیدا"، گۆڤاری کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەکانی ئەرمەن.....

_____ *Literary Responses to Catastrophe: A Comparison of the Armenian and the Jewish Experience*. Atlanta, GA: Scholars Press, 1993.

"کاردانەوە ئەدەبییەکان بۆ کارەساتەکە: بەراوردێک لە ئەزموونی ئەرمەن و جووەکان".....

_____ "New Directions in Literary Responses to the Armenian Genocide." In *Looking Backward, Moving Forward: Confronting the Armenian Genocide*, ed. Richard G. Hovannisian, pp. 157 – 180. New Brunswick, NJ: Transaction Publishers, 2003.

ئاڕاستە نوێیەکان لە کاردانەوە ئەدەبییەکاندا بۆ جینۆسایدی ئەرمەن"، لە: "ئاوڕدانەوە بۆ دواوە، هەنگاونان بۆ پێشەوە: ڕووبەڕووبوونەوەی جینۆسایدی ئەرمەن"، تەحریری ڕیچارد ج. هۆڤانیسیان.....

_____ "The Truth of the Armenian Genocide in Edgar Hilsenrath's Fiction." *Journal of Genocide Research* 8:2 (2003): 281 – 292.

"ڕاستیی جینۆسایدی ئەرمەن لە چیرۆکی خەیاڵیی ئەدگار هیلسنراتدا". گۆڤاری تۆێژینەوەی جینۆسایدی.....

_____ "When Death Is a Blessing and Life a Prolonged Agony: Women Victims of Genocide." In *Genocide Perspectives II: Essays on Holocaust and Genocide*, ed. Colin Martin Tatz, Sandra Tatz, and Peter Arnold, pp. 315 – 32. Sydney: Brandl & Schlesinger with the Australian Institute for Holocaust & Genocide Studies, 2003.

"کاتێ مردن نیعمەتێکە و ژیان ئازارێکی دوور و درێژە: ژنانی قوربانیی جینۆسایدی". لە: دیدگاکانی جینۆسایدی دووەم: وتارەکان لە سەر هۆڵۆکۆست و جینۆسایدی، تەحریری کۆڵن مارتن تاتز و پێتەر ئەرنۆڵد..... سیدنی: براندێل و شلیسینگەر بە هاوبەشی لەگەڵ پەیمانگای ئوسترالی بۆ لێکۆڵینەوەکانی هۆڵۆکۆست و جینۆسایدی، ۲۰۰۳.

Pran, Dith, comp. *Children of Cambodia's Killing Fields*. Ed. Kim DePaul. New Haven: Yale University Press, 1997.

بران، دیس، "منداڵانی مەیدانەکانی کوشتن لە کەمبۆدیا". لە لایەن کیم دیپۆلەوە دەستکاری کراوە.....

Scheissl, Christoph. "An Element of Genocide: Rape, Total War, and International Law in the Twentieth Century." *Journal of Genocide Research* 4:2 (2002): 197 – 210.

شایسل، کریستۆف. "توخمێکی جینۆساید: دەستدرێژی، جەنگی گشتگیر و یاسای نێودەوڵەتی لە سەدەی بیستەمدا". گۆڤاری تۆێژینەوەی جینۆسایدی....

Schilling, Peter. "Is It Still Genocide If Your Allies Did It?" Interview with Taner Akçam. *Minnesota Law and Politics*. http://www.lawandpolitics.com/minnesota/Is-It-Still-Genocide-if-Your-Allies-Did-It/cef7381e-fe46-102a-aeb9-000e0c6dcf76.html. Accessed March 6, 2008.

شیلینگ، پێتەر. "ئایا هێشتا جینۆسایدە ئەگەر لە لایەن هاوپەیمانەکانتەوە ئەنجام بدرێت؟" چاوپێکەوتن لەگەڵ تانەر ئاکچەم. یاسا و سیاسەتی مینیسوتا.....

Sevan, Sevda. *Rodosto, Rodosto*. Trans. M. Terzian. Yerevan: Sovetakan Grogh, 1989.

سێڤان، سێڤدا. "ڕۆدۆستۆ، ڕۆدۆستۆ".....

Shafak, Elif. *The Bastard of Istanbul*. New York: Viking, 2007.

شەفەق، ئەلیف. "زۆڵەکەی ئیستانبوڵ".....

Shirinian, Lorne. *Armenian – North American Literature, a Critical Introduction: Genocide, Diaspora, and Symbols*. Lewiston, NY: Edwin Mellen Press, 1990.

شیرینیان، لۆرن. "ئەدەبیاتی ئەرمەنی ئەمریکای باکوور: پێشەکییەکی ڕەخنەگرانە بۆ جینۆسایدە و دیاسپۆرا و سیمبۆڵەکان".....

_____ "Survivor Memoirs of the Armenian Genocide as Cultural History." In *Remembrance and Denial: The Case of the Armenian Genocide*, ed. Richard G. Hovannisian, pp. 165 – 174. Detroit, MI: Wayne State University Press, 1998.

"بیرەوەریی ڕزگاربووانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان وەک مێژووی کولتووری" لە "بیرهێنانەوە و نکۆڵیکردن: دۆسێی جینۆسایدی ئەرمەن"، تەحریری ڕیچارد ج. هۆڤانیسیان.....

_____ *Writing Memory: The Search for Home in Armenian Diaspora Literature as Cultural Practice*. Kingston, Ontario: Blue Heron Press, 2000.

"یادەوەری نووسین: گەڕان بە دوای نیشتمان لە ئەدەبیاتی دیاسپۆرای ئەرمەنیدا وەک پراکتیزەکردنێکی کولتووری".....

_____ *Memory's Orphans*. Kingston, Ontario: Blue Heron Press, 2002. .....هەتیوەکانی یادەوەری"

Sicher, Efraim, ed. *Breaking Crystal: Writing and Memory after Auschwitz*. Urbana: University of Illinois Press, 1998.

سێچەر، ئەفرایم، "شکاندنی بلوری: نووسین و یادەوەریی دوای ئاوشڤیتز".....

Simonian, Hovann, ed. *The Hemshin: History, Society and Identity in the Highlands of Northeast Turkey*. London: Routledge, 2007.

سیمۆنیان، هۆڤانیسیان، "هەمشین: مێژوو، کۆمەڵگە و ناسنامە لە بەرزاییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا".....

Sivakumaran, Sandesh. "Sexual Violence Against Men in Armed Conflict." *European Journal of International Law* 18: 2 (2007): 253 – 76.

سیڤاکوماران، ساندێش. "تونەدوتیژیی سێکسی دژی پیاوان لە شەڕ و ململانێی چەکدارییەکاندا". گۆڤاری ئەوروپی بۆ یاسای نێودەوڵەتی.....

Staub, Ervin. "Healing and Reconciliation." In *Looking Backward, Moving Forward: Confronting the Armenian Genocide*, ed. Richard G. Hovannisian, pp. 263 – 74. New Brunswick, NJ: Transaction Publishers, 2003.

ستاوب، ئێرڤین. "چارەسەر و ئاشتەوایی". لە "ئاوڕدانەوە بۆ دواوە، هەنگاونان بۆ پێشەوە: ڕووبەڕووبوونەوەی جینۆسایدی ئەرمەن"، لە لایەن ڕیچارد ج. هۆڤانیسیان .....

Svazlian, Verjiné. *The Armenian Genocide in the Memoirs and Turkish – Language Songs of the Eye –Witness Survivors*. Trans. Tigran Tsullikian. Yerevan: "Gitut'iun" Publishing, 1999.

سەڤازلیان، ڤێرجین. "جینۆسایدی ئەرمەن لە بیرەوەری و گۆرانییەکانی شایەتحاڵانی ڕزگاربوو بە زمانی تورکی". وەرگێڕانی تیگران تسۆلیکیان.....

_____ *Hayots' Ts'eghaspanut'yun, Akanates veraproghneri vkayut'yunner* (The Armenian Genocide: Testimonies of eye-witness survivors). Yerevan: "Gitutiun" Publishing, 2000.

"جینۆسایدی ئەرمەنەکان: شایەتحاڵی ڕزگاربووان".....

Teodik. *Azgĕ ch'ē meDŽats ev anhnar ē vor meDŽni, Banti ev ak'sori tariner* (The nation has not died and it is impossible that she die: Days of prison and exile). Antelias, Lebanon: Catholicosate of Cilicia Press, 1985.

تیۆدیک. ئازگە "نەتەوە نەمردووە و نامرێت: ڕۆژانی زیندانیکردن و دەربەدەری"....

Todorov, Tzvetan. *Les abus de la mémoire*. Paris: Arléa, 1995.

تۆدۆرۆڤ، تسۆیتان. "خراپ بەکارهێنانی یادەوەری".....

Toranian, Toros. *Istanbulahayerĕ kĕ kanch'en* (The Istanbul Armenians are calling). Istanbul: Aras Yayıncılık, 1997.

تۆرانیان، تۆرۆس. "ئەرمەنەکانی ئیستانبوڵ هاوار دەکەن).....

Tsovak, V. S., Vardan Komikian, and R.ober Haddejian, eds. *Hamaynapatker hanrapetakan shrjani Istanbulahay grakanut'ean* (A panorama of the Istanbul Armenian literature of the Republican era). Istanbul: Aramian "Sanouts" Miutiun, 1957.

تسۆڤاک، ڤاردان کۆمیکیان و ڕۆبەر هەدێجیان، "پانۆرامای ئەدەبیاتی ئەرمەنی ئیستانبوڵ لە سەردەمی کۆمارییەکاندا"....

United States Department of State, Bureau of Democracy, Human Rights, and Labor (USDOS BDHRL). "Turkey." In *2007 Report on International Religious Freedom*.

http://www.state.gov/g/drl/rls/irf/2007/90204.htm.

وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بیرۆی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کار). "تورکیا" لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٧ سەبارەت بە ئازادیی ئاینیی نێودەوڵەتی.....

Uzun, Mehmed. "The Pomegranate Flowers." Trans. Suzanne Baudin. *International Journal of Kurdish Studies* 17 (January 2003): 35 – 64.

ئۆزون، محەمەد. "گوڵە هەنار". وەرگێڕانی: سۆزان باوەدین. گۆڤاری نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە کوردییەکان، ژمارە ١٧ .....

Walker, Christopher, J. "World War One and the Armenian Genocide." In *The Armenian People from Ancient to Modern Times*, ed. Richard G. Hovannisian, vol. 2, pp. 239 – 273. New York: St. Martin's Press, 1997.

واکەر، کریستوفر، "جەنگی جیهانیی یەکەم و کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان"، لە کتێبی گەلی ئەرمەن لە سەردەمی کۆنەوە تا سەردەمی مۆدێرن".....

Weine, Steven M. "Artists Witnessing 'Ethnic Cleansing'." In *Genocide, War, and Human Survival*, ed. Charles B. Strozier and Michael Flynn, pp. 243 – 55. Lanham, MD: Rowman & Littlefield, 1996.

واین، ستیڤن. "هونەرمەندان کە شایەتحاڵی 'پاکتاوی ئیتنیکین' " لە کتێبی "جینۆساید، جەنگ و مانەوەی مرۆڤ".....

Werfel, Franz. *The Forty Days of Musa Dagh*. Trans. Geoffrey Dunlop. 3rd printing. New York: Viking Press, 1934.

ڤێرفێڵ، فرانز. "چل ڕۆژەکەی مووسا داغ"، وەرگێڕانی جیۆفری دانلۆپ. چاپی سێیەم.....

Wertsch, James V. *Voices of Collective Remembering*. Cambridge, UK: Cambridge University Press, 2002.

وێرش، جەیمس "دەنگەکانی یادکردنەوەی بەکۆمەڵ".....

Yalçın, Kemal. *Hogis k'ezmov kĕ khayta* (You rejoice my heart) Trans. of *Seninle Güler Yüreğim*, 2nd ed. (Cologne: Yazarın kendi yayını, 2001), by Archbishop Karekin Bekjian, Primate of Armenians in Germany. Yerevan: Zangak 97 Press, 2003.

یاڵچین، کەمال "ئێوە دڵی من خۆش دەکەن" .....

Zayas, Alfred de. "The Istanbul Pogroms of 6 – 7 September 1955 in the Light of International Law." *Genocide Studies and Prevention* 2:2 (August 2007): 137

زایاس، ئەلفرێد. "پۆگرۆمەکانی ئیستانبوڵ لە ٦ – ٧ی ئەیلوولی ١٩٥٥ لە بەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا.....



کورتە ژیاننامەیەکی نووسەر

ڕوبینا پێرومیان، دکتۆرا لە زمان و کولتوورەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە زانکۆی کالیفۆرنیا - لۆس ئەنجلس UCLA. پێشتر وانەبێژی تـوێژینەوەی ئەرمەنـی بـووە لە زانکـۆی UCLA. لە ئێستادا، تـوێژەرێکی سـەربەخۆیە. ئەو بە شـێوەیەکی بەرفراوان وتـاری پێشکەش کردووە و لە سیمپۆزیۆمی نێودەوڵەتیدا سـەبارەت بە جینۆسـایدی ئەرمەن و چەندین بابەتی تـوێژینەوەی لە گۆڤارە زانسـتییەکاندا بڵاوکردووەتەوە. پێرومیـان تـوێژەرێکی ئەدەبیی بااڵدەسـتە و نووسـەری چەنـدین لێکـۆڵینەوەیە لە سـەر جینۆسـایدی ئەرمەن. بوارەکـانی نووسـینی جۆراوجـۆرن لە ڕۆمانەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، زمان، مێژوو و بوارەکانی سۆسیۆلۆجیا. کتێبەکانی لە ئەرمینیا و ئێران و لوبنان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شوێنانی تر چاپ و بڵاوبوونەتەوە.

ڕوبینا پێرومیان ساڵی ١٩٣٦ لەدایک بووە و ساڵی ١٩٦٩ کۆڵێجی ئەندازیاریی زانکۆی تارانی تەواوکـردووە. سـاڵی ١٩٧٨ کـۆچی کـردووە بـۆ ئەمریکـا و لە بەشـی زمانەکـانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست لە زانکـۆی کالیفۆرنیـا وانەی وتـووەتەوە. لە کتێبە بەرچاوەکـانی: مێـژووی ئەدەبـی ئەرمەنی لە تاراوگە (دیاسپۆرا) و ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئەرمەن لە ئەدەبدا. کتێبێکی گرنگی قوتابخـانەی بە زمـانی ئەرمەنـی نووسـیوە بـۆ پۆلەکـانی خوێنـدنی ئامـادەیی لە سـەر پرسـی جینۆساید و مێژووی ئەرمەنی بە ناوی "جینۆسایدی ئەرمەن، ١٩١٥ - ١٩٢٣: ڕێبەری مامۆستا و قوتابیان" (١٩٨٨) و لە قوتابخانە حکوومییەکانی ویلایەتی کالیفۆرنیادا دەخوێنرێت. بێجگە لە

کتێبێکی ڕێبەری تایبەتی خوێندن و فێرکردن بۆ مامۆستایان و ئەمانە بە شێوەی ئۆنلاینیش بەردەستن.

مۆنۆگرافیاکانی نووسەر لە سەر جینۆساید بریتین لە:

- کاردانەوە ئەدەبییەکان بۆ کارەسات: بەراوردێک لە نێوان ئەزموونی ئەرمەن و جووەکان.
- ئەوانەی لە دوای ساڵی ١٩١٥ لە تورکیا بەردەوام بوون لە ژیان.
- جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە ئەدەبدا، تێڕوانینەکان بۆ ئەوانەی لە ساڵانی کارەساتەکەدا ژیاون.
- جینۆسایدی ئەرمەن لە ئەدەبدا، کاردانەوەکانی نەوەی دووەم.